# هەزار مێرد

ژمارە (٢٠)
ساڵی پێنجەم
حوزەیران ٢٠٠٢
جۆزەردان ٢٧٠٢

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت




حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات



دەرگای پەرستگای لالش - دهۆك

بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی
ژمارە /
بەروار / /
کتێبخانە

ژمارە ٢٠
سالی پێنجەم
حوزەیران ٢٠٠٢
جۆزەردان ٢٧٠٢

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت
وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان
دەری دەکات

# هەزارمێرد

ژمارە ٢٠
سالی پێنجەم
حوزەیران ٢٠٠٢
جۆزەردان ٢٧٠٢

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە
لە شوێنەوار و مێژوو و کەلەپووری کوردستان دەدوێت
وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز
وەزارەتی رۆشنبیری

سەرنووسەر
د.ئەبەز مەجید ئەمین

سکرتێری نووسین
رافیدە عەبدوڵلا قەرەداخی

دەستەی نووسەران
پەخشان عەبدوڵلا محەمەد
وەفا خەلوق سەعید
نەسرین خواکەرەم
هاشم حەمە عەبدوڵلا
کەمال رەشید رەحیم

راوێژکاران
د. حسام الدین نەقشبەندی
د. کەمال عەلی
د.دلێر ئەحمەد

سەرپەرشتیاری کۆڤار/ محەمەد عەبدولکەریم سۆلەیی

چاپی کۆمپیوتەری : چەم
نەخشەسازی بابەتەکان : ئەهلە رۆکس
بەرگ : ئاشنا عەبدوڵلا
چاپ : چاپخانەی شڤان
تیراژ: ٥٠٠ دانە

بەرگی یەکەم: نەخشەکەی دەربەندی گاور ـ قەرەداغ / کۆتایی هەزارەی سێهەمی پێش زایین.

بەرگی دووەم : گۆڕی بنەماڵەی سولتان حسین وەلی / ئامێدی

ناونیشان: سلێمانی، وەزارەتی رۆشنبیری/ بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە.

## پێرستی ناوەڕۆکی بەشی کوردی


| بابەت | | نووسەر/ وەرگێڕ | لاپەڕە |
| --- | --- | --- | --- |
| شۆڕشی شێخ مەحمود | | عەبدولخالید سابیر | ٧ |
| شاکانی ماد | | و/ حەسەن عەبدولکەریم | ١٣ |
| میترا | | و/ دلێر میرزا | ٢٠ |
| هیندو ئیرانییەکان | | و/ محمەد حمە سالح تۆفیق | ٣٤ |
| مرۆڤی نیاندەرتاڵ | | و/ کاروان عەبدولڕەحمان | ٤٤ |
| ڕەچەڵەکی کورد | | و/ هەژار محەمەد محەمەد ئەمین | ٦٠ |
| مادەکان | | و/ دەروون عومەر | ٩٩ |
| بنەڕەتی کۆمەڵگا | بەشی یەکەم | و/ تەحسین تەها محەمەد | ١٠٦ |
| وڵاتەکانی دەوروبەری ئیلامونیا | | و/ فاضل قەرەداخی | ١٢٧ |
| بیبلوگرافیای ژمارە (١ ـ ١٢)ی گۆڤاری هەزارمێرد | | ئا/ شوان سلێمان | ١٣٢ |


## محتويات القسم العربي


| الموضوع | الكاتب | الصفحة |
| --- | --- | --- |
| موجز عن واقع اهتمام المستشرقين بتأريخ الكرد | د/ ياسين سەردەشتی | ١٩٥ |
| انقاذ منحوتة دربند باسرة | كمال رشيد رحيم | ٢٠٨ |

# وتەی ژمارە

ئاشکرایە دەرکردنی گۆڤاری ( هەزارمێرد )،کەگۆڤارێکی زانستی تایبەتە، بە شوێنەوارو مێژوو و کەلە پووری کوردستان، بەشێوەیەکی وەرزیو بەبێ دواکەوتن، لەبارو دۆخی کوردستانی ئەمڕۆدا، نەك تەنها کارێکی ئاسان نیە، بەلکو کارێکی پڕ زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك لەبیبلۆگرافیای ژمارەکانی پێشوودا، ( کەلەم ژمارەیەدا بلاوکراوەتەوە ) دەردەکەوێت چەندین لێکۆلینەوەی زانستیو بابەتی بە پێزو سوودمەندی، سەبارەت بەمێژووی میللەتەکەمانو شوێنەوارەکانیو هەروەها زانستی شوێنەوار ناسی بلاوکردۆتەوە، هەرچەندە هەموو ژمارەکان لەیەك ئاستدا نین، بەلام بەگشتیو بە پێی هەلسەنگاندنی خەلکی پسپۆڕو پەیوەندیدار، بەباش لەقەلەم دەدرێت، بۆخۆشمان تائێستا ( هەزار مێرد ) لەئاست ویستو خواستەکانماندا نیە.

گرفتو زەحمەتی دەرکردنی گۆڤارێکی لەم چەشنە، بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تەگەرانە :

١- کەمی کادری شوێنەوارناس لەکوردستاندا، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی ژمارەیەکیانو، دەستبەرداری ژمارەیەکی تریان لەم کارە، ونەبوونی بەشی شوێنەوارناسی لەزانکۆکانی کوردستاندا، ئەگەرچی سێساڵە، ئەم بەشە لەزانکۆی صلاح الدين لەهەولێر کراوەتەوە، بەلام خوێندکارەکانی هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە .

٢- لەبەر هۆی یەکەم، ئەو کۆمەلە کادرەی کەهەیە، سەرقاڵی ئیشو کارێکی زۆرن لەکارە رۆتینیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانیو فەرمانگەکانیو مۆزەخانە، کەبواری ئەنجام دانی لێکۆلینەوە، کەمتر دەکاتەوە.

٣- ئەنجام نەدانی پرۆسەی گەڕانو پشکنین بۆ ژمارەیەکی زۆری ناوچە شوێنەواریەکان، ئەویش بەهۆی کەمی خەلکی شارەزا لەو بوارەدا، لەلایەكو کەمی دەرامەتو بودجەی ئەم کارە، لەلایەکی ترەوە.

٤- دابڕانی شوێنەوار ناسەکانمان لەتیۆرە نوێکانی ئەم بوارە، بەهۆی کەمی سەرچاوەی نوێو زەحمەتی بەدەست خستنی، ئەگەرچی لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بەشێك لەم کێشەیە چارەسەرکراوە، بەلام وەکو پێویست نیە.

لەبەر ئەم هۆیانە، وچەندین هۆی تر کەلاوەکین، ئێمە لەبەرنامەمان دایە هەلوەستەیەکی جدی بکەین، لەسەر چۆنیەتیو میکانزمی دەرکردنی ئەم گۆڤارە،وبۆ ئەم مەبەستە، چەندین پێشنیارو بۆچوونمان هەیە، کەلەدوای دەرچوونی ئەم ژمارەیەوە، لەگەڵ راوێژکارە بەڕێزەکانو دەستەی نووسەران؛ لەکۆبونەوەیەکدا گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین، ئەم گۆڤارە هەنگاوێکی تریش بەرەو پێش ببەین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بدەم، لەئەنجام دانی چەندین کاری گرنگ بۆ خزمەتکردنی شوێنەوارەکانمان، بەتایبەتی کۆپی کردنی چەند پەیکەرێکی گرنگ لەشوێنە جیاجیاکان و تەواو کردنی ئامادەکارییەکانی مۆزەخانە بۆ پێشوازیکردنی لەخەڵك، وچاپکردنی سێتێکی پۆستکارت بۆ شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی سلێمانی.

ئومێدمان هەیە، کەبەهاوکاری خەمخۆرانی ئەم بوارە، بتوانین ئاستی گۆڤاری ( هەزارمێرد ) بەرزتر بکەینەوەو خزمەتێکی باشتری شوێنەوارەکانیشمان بکەین..

وەزیری رۆشنبیری

# شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید

# لە دوو توێی نامە ڕامیارییەکانی

# خاتوو (بیل)دا

ئامادەکردنی
عەبدولخالید سابیر

خاتوو (بیل)[1] لە کاتی داگیرکردنی عێراق لە لایەن بەریتانیاوە هەروەها لە کاتی دروست کردنی دەولەتی عێراق و هەلبژاردنی شا فەیسەلی یەکەم بۆ فەرمانڕەوایی کردنی عێراق و تاکاتی مردنی، گەلێک نامەی گرنگ و بایەخی لە ڕووی ڕامیارییەوە بۆ باوکی ناردووە کە لە بەریتانیا ژیاوە. ئەو نامانە باس لە ڕووداوی گرنگ دەکەن لە مێژووی عێراق بە گشتی و لەو ڕووداوانەی کە ئەوکاتانە لە کوردستانی عێراقدا ڕوویانداوە بە تایبەتی. لە چەندین نامە و لە چەند سالی جیاوازدا باسی بارودۆخی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری دەکات لە دوای گەڕانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لە دەست بەسەری لە هندستان. ئەو نامانە بەرگێکی تر بەسەر ڕووداوەکانی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود دا لەبەردەکات و پەردە لە ڕووی هەندێک ڕووداو هەلدەمالێت کە مێژوو نووسان و سیاسەتمەدارانی ئەو سەردەمە باسیان نەکردووە[2].

لە خەیالمدا بوو ڕۆژی ٢٩ی ئایاری سالی ١٩٢١ بڕۆم بۆ شاری سلێمانی و لەوێ چەند ڕۆژێک بمێنمەوەو پاشان بچم بۆ شاری کەرکوک و لەوێش دوو شەو بمێنمەوە، بەلام بیرم گۆڕی کە نەچم بۆ سلێمانی، چونکە لەوێ پرۆسەی دەنگدان ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی ئەو شارە بخرێتە سەر حکومەتێکی عەرەبی، ئەگەر چی لەکاتی ئێستادا دەولەتێکی کوردی بچوکەو (سێر پێرسی کۆکس) سەرۆکایەتی دەکات. شارەکە هەموویان کوردن و دانیشتوانەکەی دەلێن (ئێمە نامانەوێت ببینە بەشێک لە دەولەتی عەرەبی). من ئەو شارەم لەوەوپێش نەدیبوو، بەلام زۆر جار ناوەکەیم بەرگوێ دەکەوت لە لایەن (فەرمانگەی مەندوبی سامی)ەوە. وێڕای ئەوەی کە زۆر عەودالی بینینی ئەو شارە بووم ئەشم ویست لە هەست و نەستی دانیشتوانەکەشی تێبگەم.

بارودۆخی سلێمانی لە مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٢١دا بەرەو ئالۆزی دەچوو، لەو

ماوەیـەدا کارەسـاتێکی گـەورە لـە سـوپای ئێمـەدا ڕوویـدا ئـەوەش بـە کوژرانـی دوو ئەفسەرمان بە دەسیسەی یەکێك لە ئاغاکان، ڕووداوەکەش بەم جۆرە بوو، کە ئاغایەك ویستبووی فەرمانبەرێکی کورد بکوژێت،[٣] لەو کاتانەدا ئەو دوو ئەفسەرە هاتبوون بۆ ناوبژیوانی، بەڵام لە ناکاو ڕووی چەکەکان کرایە ئەو دوو ئەفسەرەو دەست بەجێ کوژران، دوو ئەفسەرەکەش کابتن (مارکانت) و کابتن (بۆند) بوون، من کابتن (مارکانت)م زۆر خۆش دەویست، لەبەرئەوەی پیاوێکی ڕاستگۆو ئازا بوو هەروەها دلسۆزیش بوو لە کارەکانیدا.

هەر لەم کاتانەدا سوپای تورك لە شاری (وان) هێزی کۆکردبووەوە و لەلایەکی تریشەوە چەند ئەفسەرێکیان ناردبوو بۆ شاری (ڕەواندن) بۆ ڕازی کردنی تیرە کوردەکانی ناوچەکە. ئەو بارودۆخە ئێمەی جەنجاڵ کردبوو جگە لەوەی کە ئێمە لەوکاتانەدا سەرگەرمی دەست گیر کردنی بکوژی دوو کاپتنەکە بووین.[٤]

پاش چەند ڕۆژێك (مێجەر بۆردیون)مان نارد بۆ سلێمانی بۆ ئەوەی لەگەڵ کارگێڕی ڕامیاری (مێجەر گۆلد سمیس)دا کۆببێتەوە دەربارەی کوشتنی دوو ئەفسەرەکەو بارودۆخی ناوچەکەش. کارگێڕی ناوبراو ڕای وابوو کە کارێك ئەنجام بدرێت دەربارەی سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستە بەپەلە پەیوەندیمان بە سەرکەشی بە توانا (سەید تەها)[٥] وە کرد بۆ ئەوەی بیکەین بە حاکمی ڕامیاری سلێمانی و ڕەواندزو لە ژێر سەرپەرشتی خۆشماندا کارەکان ئەنجام بدات. من ئەو کارەم ناونا بە (بازێکی ترسناك لە تاریکیدا)، دوای ماوەیەك وەڵاممان لە ناوبراوەوە بۆ هاتەوەو ئەو پێشنیازەی ئێمەی قبوڵ نەکرد ئەگەرچی من وای بۆ نەدەچووم. پاشان بیرو بۆچوونەکانم لەگەڵ شازادە (فەیسەڵ)دا لێکدایەوە دەربارەی دانانی یەکێك لە شاری سلێمانیدا. ئێمە لەو لایەنەوە زانیاری زۆرمان لەلابوو کە چۆن بتوانین خەڵکی ئەو شارە ڕازی بکەین بەوەی کە ئێمە بتوانین سەربەستییان لە ئیشکردندا بدەینێ. پاش گفتوگۆ کردنم لەگەڵ شا فەیسەڵدا، بە خەم ساردییەکەوە ڕووی کردە من و وتی (من زۆر جیاواز نیم لە ئاغایەکی کوردی). گەرچی لەو قسانەیدا ڕاستیەك هەیە، بەڵام ڕای من وابوو کە ئەو زۆر جیاوازە لەگەڵ ئاغا کوردەکاندا.

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٢دا هەندێك هەواڵی دڵخۆشکەرمان لە سلێمانییەوە بۆ هات، ئەویش ئەوەبوو کە ئەو هێزانەی لەوێ بوون داوای ناردنی فڕۆکەو ئەو هێزانەیان دەکرد کە هەمیشە ئامادەبوون بۆ حاڵەتی نائاسایی، لەو کاتەدا زۆرم لە (سێر پێرسی کوکس) کرد کە ڕێگا بدرێت بە شا فەیسەڵ تا بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەو بارەیەوە دەربخات، چونکە ناوبراو بیرو بۆچوونی باشی هەبوو لەو بارەیەوە، بەڵام ئێمە لەو دەمەدا تیرێکی وامان نەبوو کە بەباشی ئەو کارەی پێ ببێکین. من هەر لەو بڕوایەدا بووم کە دەرفەتێکی باش و لەبار ڕەخساوە بۆ ڕزگارکردنی شاری سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری، بەڵام ئەگەر نەمان توانی ئەوە

بکەین، ئەوا تورکەکان لە ناوچەکەدا دەسەلاتیان زیاد دەکەن و چی ئەفسەریشمان لە سلێمانی هەیە دەکوژرێن. هەر لەو کاتانەدا چەند سەرەك هۆزێکی کورد و چەند کاربەدەستێکی کەمالیەکان(٦) ڕێکەوتبوون بۆ ئەوەی بتوانن شارۆچکەی رانیە لە سلێمانی دابڕن، وە لەبەرئەوەی ئێمە نەمانتوانی پارەیەکی باش و هەلومەرجێکی باش بۆ لایەنگرانمان بڕەخسێنین، ناچار فەرمانبەرەکانمان لە سلێمانی کشانەوە، کەمالیەکانیش پەیتا پەیتا پڕوپاگەندەکانیان لەناو کوردەکاندا زیاتر دەکرد بۆ ئەوەی لایەنگری زیاتر بۆ خۆیان پەیدا بکەن لە دژی ئێمە. ئەم کارەش بۆیە ڕوویدا، چونکە لەو کاتەی کە ئێمە لەگەڵ تورکەکاندا حاڵەتی هێورکردنەوەمان ڕاگەیاند ئەو مەسەلەیەمان بە باشی نەبرد بە ڕێوە ئەگەرچی هەر یەکێك لە ئێمە دەیزانی کە پەیمانی (سیڤەر) هەڵوەشێنراوەتەوە تورکەکان ئەو بارودۆخەیان قۆزتەوە ولەو کاتانەدا بە تۆپ و ئازوقەی چاکەوە کە فەرەنسیەکان دایان بوونێ سوپای ئێمەیان تۆپ بارانکرد، بەلام لە ناوچەی هەڵەبجەدا بارودۆخ ئارام بوو. (مێجەر نوئیل) کە فەرمانڕەوای ئەوێ بوو سوور بوو لەسەر مانەوەی پلەکەی و ئەشی وت کە لەتوانایدایە هۆزەکانی ئەو ناوە ڕازی بکات. ناوبراو پیاوێکی لێهاتوو بوو لە توانایدا بوو کۆمارێك لە شاری سلێمانیدا بە ڕابەرایەتی خۆی پێك بهێنێت.

دوای چەند ڕۆژێك (ئەدمۆندز)م لە بەغدا بینی، ناوبراو پێش ماوەیەك لەمەوبەر فەرمانڕەوای شارۆچکەی رانیە بوو. بە دوو قۆڵی نانی نیوەڕۆمان خوارد و بەدەم قسەکردنەوە ئەو وای پێشنیار کرد کە (شێخ مەحمود) بگەڕێنینەوە شوێنەکەی خۆی، بەلام لە ژێر سەرپەرشتی خۆماندا بێت و ڕێگاشی پێ بدەین کە ئەو فەرمانڕەوای تەنها ناوچەیەکی وەك سلێمانی بێت و وەکو ئەفسەرێکیش پەیوەندیمان پێوە بکات و خۆی لە کاروباری تر هەڵنەقورتێنێت، ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە ئەگەر کارێکی وەها ئەنجام بدەین و بەپێی تواناش یارمەتی و هاوکاری ئەو بکەین کە ناوچەی سلێمانی لە ژێر دەسەلاتیدا بێت ئەوا ئەو کاتە ئەو دەبێتە دیوارێك لە نێوان عێراق و تورکیادا. من بە ئەدمۆندزم وت (بە ڕای تۆ شێخ مەحمود چ بالا دەستیەکی دەبێتە سەر ئەو ناوچەیەدا کە ئەو لە ڕووی سەربازییەوە ناسراوەو هەروەها لە ڕووی ئایینیشەوە (پیاوێکی پیرۆزە) لە ناوچەکەدا، بەلام پێویستە لەسەر تۆ کە ئەوە بزانیت کە ئاغا کوردەکان دەسەلاتێکی تەواویان بەسەر هۆزەکانیاندا هەیە). پاشان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلولدا شێخ مەحمود گەیشتە بەغدا(٧)،بەم هاتنە مێجەر نوئیل زۆر پەشۆکاو بوو ڕازی نەبوو و پێی وا بوو کە شێخ کاروباری سلێمانی نەگرێتە دەست و هێمنی ناوچەکە بەو شێوەیەی جاران بێت ـ کاتێ کە شێخی لێ نەبوو و دوور خرابووەوە بۆ هندستان ـ. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی ٧ی تشرینی یەکەمدا لە بەغدا نانی نیوەڕۆم لەگەڵ (مێجەر نوئیل)دا خوارد ئەو باسی ئەوەی بۆ کردم کە چۆن

ژیانی خۆی هەندێك جار دەخاتە مەترسییەوە بە مەبەستی ئەوەی لەو بوارەدا شارەزایی پەیدا بكات. لە ڕاستیدا ئەو لە بواری كێشەی كورد شارەزا بوو جگە لەوەی كارەكانی چاو نەترسانە ئەنجام دەدا. دوای نان خواردنمان ئەو لە ژوورەكەمدا هەنگاوی درێژی دەنا و بەخێرایی دەهاتوو دەچوو وە لەبەر خۆیەوە ئەم چەند وشەیەی دووبارە دەكردەوە (خەڵكی سلێمانی بە حەماسەت و گیانی نیشتمانییەوە پێشوازییان لە شێخ مەحمود كرد). پاشان ناردم بۆلای (مەندوبی سامی)و نامەیەكیشم دا پێی و تیایدا نووسیبووم (هاوكاری هەڵگری نامە بكەن و چی ویست بۆی دابین بكەن و پارێزگاریشی بكەن بە هێزی سەربازی لە ناوچەكەی خۆیدا). پاش چەند ڕۆژێك پەیوەندیمان لەگەڵ شێخ مەحمودا تێكچوو، بەمە شێخ خۆی ئامادەكرد بۆئەوەی هێرش بكاتە سەر كەركوك، بەلام هەندێ لە هۆزەكانی ناوچەكە یارمەتییان نەدا، ئەو حكومەتەی كە ئەو دایمەزراندبوو لە سلێمانی زۆربەی وەزیرەكانی لە كەس وكاری خۆی بوو. بۆ ئەم مەبەستە ناچار بووین بە فڕۆكە بۆردومانی سلێمانی بكەین، گومانی تیا نیە كە بۆردومانی فڕۆكە چەندە ترسناك و توندە، بەلام هێزی پیادەمان لەولاوە وەك پەیكەرێك مابووەوە، بۆ ئەم مەبەستە چووم بۆلای شا فەیسەڵ و لە باخچەی كۆشكدا بە دەم چا خواردنەوە لەسەر باروودۆخی سلێمانی قسەمان كرد، دیار بوو لەو كاتانەدا كارەكانمان ڕووی لە باشی دەكرد، لەلایەك توركەكان داوای ئاشتییان لە ئێمە كردو لەولاشەوە كار لەوەدابوو كە بتوانین شێخ لە سلێمانی دەربكەین و بیریشمان لەوە دەكردەوە كە كێ بخەینە شوێنەكەی. من لەو بوارەدا شارەزاییم پەیدا كردبوو، لەبەرئەوەی لە دانانی هەندێك كەس لە ناوچەكانی عێراقدا بۆچوونی خۆمم پێشكەش كردبوو. بۆ ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی ئازاری ١٩٢٣ بانگهێشت كرام بۆ نان خواردنی ئێوارە لەلایەن (ئاهەنگ گێڕێكی ماسۆنی) لە بەغدا. دوای نان خواردنەكە زۆر بە بڕواوەو زیاد لە جاران باوەڕم بەوە هێنا كە ماسۆنیەت زۆربەیان هەڵەوەڕو بێ كەڵكن. لە دوا قسەماندا (سێر پێرسی كوكس) ڕای وابوو كە بۆمبابارانی سلێمانی بكرێت، چونكە وای لێكدایەوە كە شێخ مەحمود پەیوەندی لەگەڵ توركەكاندا كردووە[٨]. ڕۆژی ٣١ی كانونی یەكەمی ساڵی ١٩٢٣ سێر پێرسی كۆكس سواری فڕۆكەیەك بوو بەسەر ئاسمانی سلێمانیدا لە بەرزی ١٥٠ پێ سووڕایەوە كە ڕێكەوتی جەژنی لە دایك بوونی ئاوبراوی دەكرد، ئا لەو كاتانەدا شێخ مەحمود لە ناو ماڵەكانی سلێمانیدا بوو كاتێك كە فڕۆكەكان چەند بۆمبایەكیان كێشا بەسەر سلێمانیدا، پاش بۆردومانەكە سێر پێرسی زۆر بە دڵخۆشییەوە گەڕایەوە بۆ بەغداو وای هەست كرد كە شێخی لە ناو بردووە، بەلام بۆ ڕۆژی دوایی بروسكەیەك گەیشتە بەغداو تیایدا هاتبوو كە شێخ هیچی لێ نەهاتووەو تەندروستیشی زۆر باشە. ئا لەو ساتەدا من بیرم لەوە دەكردەوە كە بۆچی بۆمبابارانی سلێمانیمان كرد. لەو ڕۆژە بە

دواوە کێشەی شاری سلێمانی ئاڵۆزتر دەبوو، ئەوە بوو لە ٣٠ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٤دا بڕیارماندا کە شێخ دەستگیر بکەین و رەوانەی دەرەوەی وڵاتی بکەین، بۆ ئەم مەبەستە سوپای سواری عێراقیمان نارد بۆ سلێمانی وە بەبێ بەرەنگاری چوونە شارەکەوە، بەڵام شێخ مەحمود کە دووسەد کەسی لەگەڵدا بوو پەنای بردە بەر چیاکانی ناوچەکە[9]. شەوانە هەندێك لە پیاوەکانی هەڵیان دەکوتایە ناو شاری سلێمانی و تەقەیان لە سەربازانی سوارەی ناو شارەکە دەکردو تەنگە تاویان کردبوون و شەوانە خەویان لێنەدەکەوت، بەڵام بە رۆژ بۆ سوسە کردن دەردەچوون. وام هەست کرد کە شێخ بەرەو تورکیا بکەوێتە رێ و بە ئاسانیش بگاتە ئەوێ. ئێمە لەو کاتەدا نەمان دەتوانی کارێکی وەها ئەنجام بدەین کە لەناو چیاکاندا دەستگیری بکەین، لەبەرئەوە بڕیارماندا هەرچۆنێك بێت بیگرین یان بیکوژین، ئەگەرچی کاتی خۆی کە بەدیلی گرتمان چەندین سکاڵا نامە پێشکەش کرا بۆ ئازاد کردنی هەتا ئەوانەش کە بەدڵ خۆشیان نەدەویست. چونکە لەوە دەترسان کە ئەگەر سکاڵا نەنووسن کە شێخ ئازاد کرا ئازاریان دەدات. لە رۆژی ٣٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٢٤ (لۆرد تۆمسن) بە فڕۆکە بەسەر شاری موسڵ و سەر سنوری باکوری عێراقدا سوڕایەوە، پاشان چوو بۆ هەولێرو شەو لە کەرکوك مایەوە، بۆ رۆژی دوایی بە فڕۆکە بەسەر شاری سلێمانیدا سوڕایەوە و پاش نیشتنەوەی، دوو کاتژمێر لە شارەکە مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ بەغدا. لە کۆشکی شاهانە نانی ئێوارەمان بە کۆمەڵ خواردو ئەو باسی ئەوەی کرد کە خەڵکی سلێمانی بە گەرمییەوە پێشوازیان لێکردووە و گەلێك لە سەرەك هۆزە کوردەکانی ناوچەکە بە خۆیان و دەست و پێوەندەکانیانەوە لەو پێشوازییەدا بەشداربوون، ناوبراو لەو کاتانەدا وا خۆی دەهاتە بەرچاو کە وەك ئیمپراتۆری رۆما وابووە. لە رۆژی ٤ی ئازاری ساڵی ١٩٢٥دا لیژنەی سنوور بەرەو سلێمانی بە رێکەوت و لەوێ لەسەر ئەوە رێکەوتن کە ئەوەی دەیکەن بۆ بەرژەوەندی عێراق بێت، بەڵام شێخ مەحمود لەو پرۆسەی سنوورەدا بەشداری نەکردو لەسەر سنوورەوە چووە ناو ئێرانەوە نەوەکا ئێمە دەستگیری بکەین.

**پەراوێزەکان/**

١- (گرترود بیل لە ساڵی ١٨٦٨ لە ناوچەی (یورکشایر)لە بەریتانیا هاتۆتە دنیاوە. کچی (سێر هیوبل)ە لە ژنی یەکەمی و نەوەی ( سێر ئیسحاق لۆبیان )ی بەرەچەڵەك ئەسکۆتلەندیە. لەکۆلێژی ( شاهانە) لە لەندەن خوێندویەتی و لە کۆلێژی (مارگریت) لەئۆکسفۆرد خوێندنی تەواو کردووە. لە ساڵی ١٨٨٧دا بڕوانامەی بەرزی لە مێژوودا وەرگرتووە. جگە لە زمانی ئینگلیزی زمانی فەرەنسی و ئەڵمانیشی زانیوە. لە ساڵی ١٨٩٢دا چووە بۆ ئێران و لە شاری تاران ماوەیەك ماوەتەوە و لەوێ فێری فارسی بووە ئەو کاتە لای خالی بووە (سێر فرانك کاڤندش لاسلن). لە ساڵی ١٨٩٩ بەدواوە ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ گەشت کردن بۆ وڵاتانی عەرەب. لەم بوارەدا بە

دووەم ئافرەتی گەشتکەری ئەوروپی دادەنرێت لە دوای خاتوو (ئان بلنت). لە ساڵی ١٩٠٩دا هاتۆتە عێراق وەك گەڕیدەیەك، بەڵام لە ١١ی مارتی ١٩١٧دا لەگەڵ سوپای بەریتانیا هاتەوە عێراق و لە گەڕەکی (سنك) لە بەغدا خانووی (موسا پاچەچی) بە کرێ گرت. لە ڕۆژی ١٢ی تەمموزی ساڵی ١٩٢٦دا دلی لە لێدان دەکەوێت و لە گۆڕستانی (باب الشرقي)دا دەنێژرێت.

٢- نووسەر لەبەرئەوەی بەشداری لە دانانی دەوڵەتی عێراقدا کردووە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆشکی شاهانەی بەریتانیاوە هەبووە، ئاگای لە زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو کاتەی عێراق بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی هەبووە.

٣- بە داخەوە ناوی ئەو ئاغا کوردەی لە هیچ کتێبێکیدا نەهێناوە.

٤- لە هەندێك شوێنی باسەکەدا، نووسەر وشەی ئێمەی بە کارهێناوە، کە مەبەستی کاربەدەستانی باڵا دەستی بەریتانیای ئەو کاتەیە لە عێراقدا.

٥- سەید تەها کوڕی شێخ محەمەد سدیقە و کوردی تورکیایە.

٦- کەمالی، مەبەستی دەوڵەتی تورکیایە کە لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە لایەن (کەمال ئەتاتورك)ەوە دامەزرا.

٧- بە پێی کتێبی (چیم دی) کە لەلایەن مێژوونووس (ئەحمەد خواجە)وە نووسراوە، شێخ مەحمود گەرچی لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە بانگهێشت کراوە بۆ بەغدا، بەڵام ناوبراو نەچووە.

٨- شێخ مەحمود لەدوای بەدیل گرتنی لە دەربەندی بازیانەوە بڕوای بە تورك نەبووە و هەمیشە لەو بڕوایەدا بووە کە تورك هیچ بۆ کورد ناکات.

٩- چیای جولندی بوو لە زنجیرە چیاکانی سورداش و لە یەکێك لە ئەشکەوتەکانی ئەو چیایە (ئەشکەوتی جاسەنە) ماوەیەك مایەوە و ڕۆژنامەی (ئومێدی ئیستقلال)ی لەوێ دەرکرد.

١٠- لەدوای ئەم دێڕەوە، نووسەر باسی شێخ مەحمود و بارودۆخی سلێمانی ناکات، ئەگەرچی بارودۆخی سلێمانی ئارام ببووەوە، بەڵام ئینگلیزەکان هەمیشە لە مەترسی ئەوەدا بوون کە شێخی ئەمر جارێکی تر بێتەوە ناوچەکە و ڕزگاری بکات.

باسەکەی سەرەوە بۆ یەکەم جارە بکرێت بە کوردی و لە کتێبی (العراق في مسائل المس بل)ەوە وەرگیراوە کە (جعفر الخياط) گۆڕیونتی بۆ عەرەبی و لە ساڵی ١٩٧٧دا چاپ کراوەو پاش چەند ڕۆژێك لەلایەن میریەوە قەدەغە کراوە.

هەروەها سوودیشم لەم دوو کتێبەی نووسەر وەرگرتووە:

١- (فصول من تأريخ العراق القريب ١٩١٤-١٩٢٠) ترجمه (جعفر الخياط). الطبعة الثانية ١٩٧١، بيروت.

٢- (خلق الملوك). ترجمة (عبدالكريم ناصري) ١٩٧٣ بيروت.

# شاگانی ماد

## بەو شێوەیەی هیرودۆت باسیکردووە

و/ حەسەن عەبدولکەریم
بەشی چوارەم لە کتێبی (ئاری و مادەکان)

١/ دیوکس بەقسەی هیرودۆت یەکەم پاشای ماد بووە کەبەهۆی یەکخستنی شەش تیرە سەرەکییەکەی مادەکانەوە ماوەی (٥٣) ساڵ فەرمانڕەوایی کردووە بەسەر مادەکاندا. هیرودۆت (دیوکس)ی بەپیاوێکی بەویژدان و داد پەروەر و هێمن باسکردووە، ئەم رەوشتە چاك و بەرچاوانەی ئەو بەرادەیەك سەرنجی خەڵکەکەی راکێشابوو پشتگیرییان لێ ئەکردو لەناو ئەندامانی تیرە و خێڵەکانی تردا کەباش نەیان ئەناسی ناساندیان و خەڵکیان هان ئەدا بۆ ئەوەی وەك پاشا و فەرمانڕەوا هەڵیبژێرن، دیوکس هیچ کاتێك فەرمان و بریارێکی ناڕەوای دەرنەئەکرد لە کاتێکدا کە لەسکاڵای خەڵك ئەکۆڵییەوە و بۆ باڵادەست بوونی یاساو داد لە کۆمەڵگادا زۆر هەوڵی ئەدا و رابەرایەتی هەر شەش تیرەکەی مادی گرتبوە ئەستۆی خۆی و هەموو مادەکانی گوێڕایەڵی خۆی کردبوو دەسەڵاتێکی بێەنوچوونی بەسەریاندا هەبوو. دیوکس کوڕی (فرائورتس)ەو کوڕەکەشی کە دووهەمین پاشای مادو جێنشینی خۆی بوو هەر بەو ناوەوە ناسراوە، لەهەمان کاتدا هەڵسوکەوتەکانی دواتری دیوکس کە زۆرتر باسی ئەوەیان لێدەکرێ هەڵسوکەوتێکی دیکتاتۆریانە بووە و گوێی بۆ خەڵك رانەگرتووە، پاش ئەوەی هەڵبژێردرا وەکو پاشای مادەکان دەستی پێکرد. وادێتە پێش چاو کە رابەر و پاشای مادەکان بەهۆی ئەو پلە و پایەوە کەبەدەستی هێنابوو خۆی لێگۆڕابێ و خۆی بە زیاتر دانابێ لە خەڵکەکەی تر، ئەم دەسکەوت و خۆ بەگەورەتر زانینەی خۆی وای لێکرد فەرمان دەرکا بۆ ئەوەی کۆشکێکی تایبەتی بۆ دروست بکرێ و خۆی لە خەڵك دوور بخاتەوە و بەتەنیا ژیان بەرێتە سەر لە کۆشکەکەیدا.

دیوکس پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتە دەست لەگەڵ ئەو هەموو ئازادیخوازی و دادپەروەرییەی کەپێشتر لێی دەرکەوتبوو نەیئەتوانی کۆمەڵگای ماد لەو رووەوە بگەیەنێتە رادەی پێویست. دیوکس هەر

بەوەوە نەوەستا کەبووە فەرمانڕەوای مادەکان، وەك هیرودۆت دەیگێڕێتەوە یەکسەر دەستی کرد بەدامەزراندنی دەزگایەکی سیخوڕی کەڕێی تێدەچێ بە هاوکاری (موغ)ەکان بووبێت. هەرچەند دیوکس هەندێ لەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دژ بە خەڵکی مادەی لە دەربارو ڕێو ڕەسمی وڵات بەڕێوەبردنی ئاشوورییەکانەوە فێر بوو بوو، بەڵام ئەو شێوە ڕەفتارکردنە لەگەڵ خەڵکدا بووە یەکەم خشتی بناغەی ساختمانێك کەپاشتر و لەسەردەمەکانی تری مێژووی ئێرانی کۆندا هەرمایەوە. مانەوەی سیستمی سیخوڕی شاکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (داریوش)ی یەکەمدا (٥٢٢ ـ ٤٨٦)ی پێش عیسا، کە ئەو سیستمە وەکو چاو و گوێی شاکانی لێهاتبوو، ئەبێ بەچاولێکەری ئەم کردەیەی (دیوکس)ی دابنێین.

دیوکس خۆی لە کۆشکەکەیدا گۆشەگیر کرد و خۆی بەیەکێکی گەورەتر لە کەسانی تر سەیردەکردو بەم هۆیەوە نەیدەویست لە هەمووکاتێکدا و بۆ هەرکەسێك خۆی دەربخا یا بکەوێتە بەرچاو خەڵك، ئەم ڕەوشتەی دواییان دەبێ هەر بە هی خۆی بزانین و وای دانەنێین کە چاوی لە شاکانی تر کردبێ، چونکە هیرودۆت وای باس نەکردووە کە لە خاك و وڵاتێکی ترەوە ئەمە فێربووبێ.

٢- (فرائورتس)ی کوڕی دیوکس پاش مردنی باوکی کە ٥٣ ساڵ پاشای مادەکان بوو فەرمانڕەوایی گرتەدەست و دوای ئەوەی شوێنی خۆی قایم کرد، بەفەرمانڕەوایی کردنی مادەکانەوە ڕانەوەستا و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی هێرشی کردە سەر پارسەکان و مل کەچی خۆی کردن و بەم هێرشە سەرکەوتووەی خۆی پارسەکانی وەك یەکەمین نەتەوە خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەمە یەکەمین جوڵانەوەی سەربازی ئەو و یەکەمین هێرشی بوو بۆ سەر نەتەوەیەکی تر، ئەم مل کەچ پێکردنەی پارسەکان بوو بەهۆی زیاتر بەهێز کردنی مادەکان و ئەو بوێری و چاونەترسییەی بۆ فرائورتس هێنایە ئاراوە کە ئاسیاش گوێ ڕایەڵی خۆی بکات، پاش ئەمە دەستی کرد بە هێرش کردنی یەك لەدوای یەك بۆ سەر میللەت و نەتەوەکانی تر و هەموویانی ناچار کرد کە یا مل کەچ ببن یا هاوکاری بکەن و هەلی بۆ خۆی ڕەخساند کە هێرش بکاتە سەر دەولەتە بەهێز و خاکە دەولەمەندەکان کە لەنێوانیاندا خاکی وڵاتی ئاشوور و ئیمپراتۆرییەتە بەربڵاو وبەتواناکەیان، فرائورتس هێرشی کردە سەر ئاشوورییەکان و ڕووی کردە شاری نەینەوا کە پایتەختی ئاشوورییەکان بوو. ئەم ئاشوورییانە پێشتر گەلێك نەتەوە و میللەتی تریان خستبوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بەڵام لەو سەردەمەی هێرشی مادەکاندا بە تەنها مابوونەوە، چونکە هاوپەیمانەکانیان لێیان جیابووبوونەوە.

هیرودۆت دەڵێ: هێرشەکەی فرائورتس بۆ سەر ئاشورییەکان هیچ لێ بەرهەم نەهات و بەشێکی زۆری سوپاکەی لەم هێرش و نەبەردەدا تیا چوو. فرائورتس کە دووهەمین پاشای مادەکان بوو، بیست و دوو ساڵ پاشایەتی کرد و بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی

کەلە سەرچاوەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە پێمان گەیشتووە ئەو بەدەستی (ئاشوور پانیپاڵ) کەکەمێك لەوە پێشتر وڵاتی عیلامی داگیر کرد بوو و پاشاکەی کەناوی (خوم بان کالداش) بوو بەدیل گرتبووی، کوژرا هیرۆدوت دەربارەی کوژران و مردنی فرائورتس هیچی نەوتوە.

٣- کیاکسارس: پاش مردنی فرائورتس (کیاکسارس)ی کوڕی بوو بە جێنشینی، وادیارە کیاکسارس گەلێ لە باوك و باپیری شەڕەنگێز تربووە. ئەو یەکەم کەس بووە لە ئاسیادا کە جەنگاوەرانی لەسەر بنەمای سیستمی پۆلبەندی تایبەت دابەشکرد، ئەو بوو فەرمانی دەرکرد کە جیا لەیەك بژین و کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. رم هاوێژ، کەوان بەدەست، جەنگاوەری سوارە، پێشتر لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بوون و بێ سەر و بەر بوون و لەیەکتری جیانەئەکرانەوە، هەر ئەویش بوو لەگەڵ (لیدی) یەکاندا کەوتە نەبەردو شەڕەوە، هەر لەکاتی ئەم جەنگ و نەبەردەدا خۆر گیرا و ڕۆژ بوو بەشەو و هەر لەسەردەمی ئەودا بوو سەر تاسەری ئاسیای تا بەشی ژووروی ڕووباری هالیسی خستە ژێر دەستی خۆیەوە دوای ئەوە کە ئەوانەی دوای کەوتبوون هەمووی کۆکردنەوە خەیاڵی نەینەوا کەوتە سەری و هێرشی کردە سەر نەینەوا، هۆی هێرشەکەشی ئەوە بوو کەتۆڵەی باوکی خۆی و مادەکان لە ئاشوورییەکان بکاتەوە و نەینەوا خاپوور بکا. لەوکاتەدا کە ئەو سەرکەوت بەسەر ئاشوورییەکاندا و شاری نەینەوای خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، (سکا)کان کەوتنە شەروشۆڕ لەگەڵیاندا سوپای سکاکان بەرەو خاکی مادەکان سەراوژێر بوونەوە.

(مادیاس)ی پادشای سکاکان خۆی فەرمانڕەوای سوپاکەی دەکرد، مادیاس کوڕی (پرۆتوتیاس) بوو، سوپاکەی مادیاس هاتنە ناو ئاسیای بچووکەوە پاش ئەوەی کە (کیمری)یەکانیان دوور خستەوە و راویان نان ئەنجا هاتنە ناو خاکی مادەکانەوە. ئەم سکایانە پاش ئەوەی لەناکاو هاتنە ناو خاکی مادەکانەوە دەستیان کرد بە راوڕوت و تاڵان کردن و ئاژاوە نانەوە و مادەکانیش لە توانایاندا نەبوو ڕوبەڕویان بووەستنەوە و دەریان بکەن. بەگوێرەی گێڕانەوەی هیرودۆت بیست و هەشت ساڵی تەواو ئەو (سکا)یانە لەو ڕۆژگارە دا فەرمانڕەواییان دەکرد لە ئاسیادا و لە ئەنجامی توندو تیژی و ڕەفتاری درندانەی ئەوانەوە وڵات هەمووی وێران و چۆڵ و هۆڵ بوو بوو، ئەمانە بەجیا لە هەموو تیرە و خێڵێك باج و سەرانەیان وەرئەگرت و خەڵکیان ناچار ئەکرد کە بەرێکوپێکی سەرانە بدەن، جگە لەمەش ئەمانە هەموو دارایی و سامانی ئەو نەتەوانەی کەلە ژێر دەستیاندا بوون تاڵان ئەکرد. پاشان کیاکسارس و مادەکان لە میوانداریییەکدا کە بۆ سکاکانیان کردبوو هەموویان سەرخۆش کردن ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و خۆیان لەژێر دەستی ئەوان رزگار کردو ئەنجا ئەمان بوون بە فەرمانڕەوای ئەوانەی تا دوێنێ سەرانەو باجیان لێ ئەسەندن.

هیرودۆت ئەڵێ: مادەکان نەینەوایان

داگیرکردو هەموو خاکی ئاشوور جگە لەو بەشەی کەوتبووە خاکی بابلییەکانەوە کەوتە ژێر دەستیانەوە. پاش ئەمە و دوای ئەوەی کیاکسارس چل ساڵ فەرمانڕەوایی مادەکانی کرد لە دنیا دەرچوو، ئەم چل ساڵەی فەرمانڕەوایی کیاکسارس ئەو ساڵانەشی لەگەڵدایە کە سکاکان خاکی مادەکانیان داگیرکردبوو. ئەم (کیاکسارس)ە کە لەنەوەی (دیوکس)ە بەهاوکاری مادەکان لەگەڵ (ئەلیاتس)ی پادشای لیدی‌یەکاندا کەوتە جەنگەوە و دەولەتی مادەکان لەسەردەمی (ئاستیاگ)ی کوڕی کیاکسارس دا لەلایەن (کۆرش)ی کوڕی (کامبیز) روخێنرا و بەدوای ئەوەدا دەسەڵاتی پارسەکان روو لە زیادی بوو، لەم سەردەمەدا (وێزوس)ی پاشای لیدی‌یەکان پێی وابوو کە ئەتوانێ ئەم هێز و توانا روو لە زیادبونەی پارسەکان لەناوبەرێ، بەڵام لە گۆڕەپانی نەبەردا سەرنەکەوت.

هەروەها هیرۆدوت دەربارەی کیاکسارس داستانێکی تر دەگێڕێتەوەو دەڵێ: کاتێك کە کیاکسارس بەسەر (سکا)کاندا سەرکەوت و چاك دەیزانی کە ئەمانە لە هونەری جەنگدا، لە سواری و راوکردندا زۆر لێهاتوون بریاری دا کە کوڕەکانی خۆی بسپێرێ پێیان بۆ ئەوەی زمانی سکای و هونەری شەڕیان لێوە فێربن. کیاکسارس شەیدای تیرهاویشتنی (سکا)کان بوو، هەر بەو بۆنەیەوە کوڕەکانی خۆی پێ سپاردن بۆ راهێنانیان. پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك، ئەم سکایانە، کە هەموو جارێك لە راو ئەگەڕانەوە ئاژەڵێك یان زیاتریان راوکردبوو، ئەم جارەیان بەدەستی بەتاڵ گەڕانەوەو هیچ ئاژەڵێکیان راونەکردبوو، ئەمە بووە هۆی تووڕەبوونی کیاکسارس و بەتوندی لەگەڵیان جوڵایەوە، سکاکان کە ئەم هەڵوێستەیان بینی، ویستیان بێزاری و نیگەرانی خۆیان دەرببڕن بەرامبەر بەو زوڵم و زۆر و ستەمەی شای مادەکان، بڕیاریان دا یەکێك لە کوڕە بچوکەکانی کیاکسارس بکوژن و بیکەن بە کەباب و دەرخواردی بدەن، بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان کوڕەکەیان کوشت و کردیان بەکەباب و وەك جاران کە لە راو ئەهاتنەوە سینیە کەبابیان خستە بەردەم کیاکسارس و میوانەکانی و ئەوانیش خواردیان. ئەوانەی بەم کارە هەڵسابوون بەهەڵەداوان وڵاتی مادیان بەجێهێشت و پەنایان بردە بەرشای لیدیەکان و لە (ئالیاتس)ی کوڕی (سادیاتس) داوای پەنابەرێتییان کرد.

کیاکسارس کەزانی سکاکان کەبابی گۆشتی کوڕەکەیان دەرخواردی خۆی و میوانەکانی داوە زۆر تێکچوو ناڕەحەت بوو داوای لە ئالیاتس کرد کە ئەو سکایانە بداتەوە دەستی، بەڵام ئالیاتس داواکەی رەتکردەوەو سکاکانی لای خۆی گلدایەوەو پەنای دان، ئەمەش هۆیەك بوو بۆ ئەوەی رێگاخۆشکەرێ بۆ پەرپابوونی جەنگێك لەنێوان ماد و لیدییەکاندا.

٤- ئاستیاگس: پاش ئەوەی کیاکسارس چل ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، لەدنیا دەرچوو (ئاستیاگس)ی کوڕی کیاکسارس لەجێی باوکی دانیشت و کاروباری ئیمپراتۆریەتەکەی گرتە ئەستۆی خۆی.

ئاستیاگس کچێکی هەبوو ناوی (ماندانە)ی لێنابوو، ئەم کچە خەوێکی بینیی بوو، لەو خەوەدا ئاو هەموو شارەکەی داپۆشیبوو، هەموو ئاسیای گرتبۆوە لە شێوەی لافاوێکدا، کەخەوەکەی گێڕایەوە بۆ ئەوانەی خەولێکدەدەنەوە، کەوەڵامەکەیانی بیست کەوتە نارەحەتییەوەو ترس هەموو گیانی داگرت. هەر لەبەرئەو ترسەش بڕیاری دا کاتێك کچەکەی گەورەبوو نەیدا بەهیچ پیاوێکی مادی، بەتایبەتی ئەو پیاوانەی کە پەیوەندی خزمایەتیان هەبێت لەگەڵیدا.

ئاستیاگس کچەکەی دا بە (کامبیز) ناوێکی پارس کەلە بنەماڵەیەکی پاك و جێی متمانەبوو وەلەسەر خۆ بوو، ئاستیاگس وەك یەکێکی مادی لەبنەماڵەیەکی ناسراوی مامناوەندی سەیری ئەم پیاوەی ئەکرد. کاتێك (ماندانا) شوی کرد بە کامبیز، هەر لەیەکەم ساڵدا ئاستیاگ خەوێکی تری بینی، خەوەکەش ئەوەبوو کە دار مێوێك لە سکی کچەکەیەوە سەوز بووە هەموو ئاسیای داپۆشیوە، پاش ئەوەی کە خەوەکەی گێڕایەوە بۆ ئەوانەی خەو لێك ئەدەنەوەو وەڵامەکەیان دایەوە، یەکسەر مەندانەی کچی کەسکی پڕبوو لە خاکی پارسەکانەوە هێنایەوە پایتەختی ماد و کچەکەی خستە ژێر چاودێری تەواوی خۆیەوە بۆ ئەوەی کە هەر مندالەکەی ئەبێ خێرا بیکوژێ، چونکە ئەو (موغ)انەی خەوەکەیان بۆ لێکدابوویەوە پێیان گوتبوو کە کچەکەی کوڕێکی ئەبێ، ئەو کوڕە ئەبێ بە پاشاو لەجێی ئەو دائەنیشێ دیارە ئاستیاگ هیچ کات نەیدەویست شتێکی وا رووبدات و ئەم خەوە بێتە دی.

لەبەر ئەوە ئاستیاگ بە هەڵەداوان (هارپاگوس)ی بانگ کردە لای خۆی کە پیاوێکی خزم و جێبەجێکەری هەموو کارو بارەکانی بوو، وەدەستی کرد بە قسەکردن لە گەڵیدا بەم شێوەیە: هارپاگوس، ئەو کارەی کە من دەمەوێ بەتۆی بسپێرم بەهیچ شێوەیەك نابێ وەك کارێکی لاوەکی و ئاسایی سەیری بکەی، وام لێمەکە کەبەچاوێکی بەدبینەوە سەیرت بکەم و خۆشت تووشی مالوێرانی مەکە، چونکە ئەگەر وابێ کەسانی تریش تووشی ئەو چارەنووسە کارەسات بارەی خۆت ئەکەی و لەناویان ئەبەی. ئەو کوڕەی کە مەندانە بوویەتی هەڵیگرەو بیبەرە ماڵی خۆتان بیکوژە و بیخەرە ژێر خاك بەهەر شێوەیەك کەخۆت بەباشی ئەزانی. هارپاگ وەڵامی دایەوە: پاشا، تا ئێستا لە لایەن ئەم بەندەوە هیچ کارێکی پێچەوانەی ئارەزووی خۆتت نەدیوەو ئێمە زۆر ئاگاداری ئەوەین کە لە ئایندەشدا هیچ کارێك بە پێچەوانەی خواستی ئێوە روونەدا، ئەگەر ئێوە وا حەز ئەکەن و ئارەزووی شتێکی واتان هەیە کەمن ئەنجامی بدەم، ئەوا لەسەرم پێویستە بە وەفادارییەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم. لێرەدا ئەبێ ئەم گفتوگۆیەی نێوان هارپاگ و ئاستیاگ بەشێوەیەکی کاتی بخەینە لاوەو هەم زیاتر هارپاگ بناسین و هەم شارەزای هەڵوێستی هارپاگ بین بەرامبەر پەیوەندی و رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ دوایین پاشای مادەکاندا، چونکە پەیوەندی ئەم دوانە بەیەکەوە بەتایبەتی ئەو ڕابردووەی کە هەیان

بوو بەیەکەوە زۆر چارەنووس ساز و بەتایبەتی لەم مەسەلەیەدا کەچارەنووسی ئیمپراتۆریەتی مادی دیاری ئەکرد.

هارپاگ پاش ئەوەی وەڵامی پاشای دایەوەو دوای ئەوەی کۆرپەکە ئامادە کرا کە دەبوا لە ناوی بەری و بیکوژی بە گریان بەرەو ماڵی خۆیان کەوتە ڕێ. پاش ئەوەی گەیشتە ماڵەوە چی گفتوگۆی نێوان خۆی و ئاستیاگ هەبوو گێڕایەوە بۆ خێزانەکەی، خێزانەکەی دەستی بە قسەکردن کردو پێی گوت: تۆ فکری چیت هەیە خەیاڵی چی ئەکەیت؟ ئەتەوێت چی بکەیت؟ هارپاگ گوتی: نە بەوجۆرەی ئاستیاگ فەرمانی داوە و تەنانەت ئەگەر خەیاڵی لەوە خراپتری لە مێشکدا بێت و زیاتر لەوەش بڕوا کە ئێستا ڕۆیشتووە من هاوخەیاڵ وهاوفکری ئەو نابم وهیچ یارمەتیەکیشی نادەم کە ڕێگە خۆش بکات بۆ کوشتنی ئەو منداڵەو بەهیچ شێوەیەك ئەم کارە ئەنجام نادەم ویارمەتی هیچ کەسێکیش نادەم لەکوشتنی ئەم منداڵەدا، چونکە ئەم کوڕە منداڵە لەلایەکەوە خزمی منە ولە لایەکی ترەوە ئاستیاگ پیر بووە ونێرینەی نیە ئەگەر بمرێ ناچار کچەکەی ئەبێت بە جێنشینی ودەسەلات ئەکەوێتە دەست ئەو کچەی کە ئێستا کوڕەکەی بە هاوکاری ویارمەتی من دەکوژرێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەترسیەکی گەورە ڕوویکاتە من، بەلای تۆوە وانیە؟ دیارە بۆ ئەوەی من پارێزراو بم دەبێت ئەم کوڕە بکوژرێت بەڵام نەك بە دەستی من وەك بەدەستی یەکێك لەدەست و پێوەندو دەوروبەری ئاستیاگ یاخود یەکێك لەخزمەکانی خۆی نەك یەکێك لەوانەی پەیوەندییان بە منەوە هەیە. هارپاگ لای وابوو کە دەبێت کوشتنی کۆرپەکە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی نەبێت بەوەوەو دەستی بە خوێنی ئەو منداڵە سوور نەبێت ئەو بیری لەوە کردەوە کە دەبێت یەکێك پەیدا بکات بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە مەترسی دارە لەلایەك لەلایەکە تریشەوە هارپاگ بیری لەوە دەکردەوە کە ئاستیاگ جێنشینێکی نێرینەیە ومەندانەی کچی لەبەرنەبوونی کەسێکی تر ببێتە جێ نشین، لەم حاڵەتەدا مەندانەکە بەدەستی من یا بەهاوکاری من کوڕەکەی کوژراوە، گەورەترین مەترسی ڕووئەکاتە من، وانییە؟ دیارە کە پاشا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی خستووە سەر شانی من و توانای ئەوەم نییە خۆم دەرباز بکەم لەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکەو لەبەرئەوەی خۆم پارێزراو بم لەپاشە ڕۆژدا، دەبێ ئەم منداڵە بکوژرێ بەڵام نەك لەرێگەی منەوە، هارپاگ لەگەڵ خێزانەکەیدا زۆر بەگەرم و گوڕی باسی ئەم مەسەلەیان دەکرد. ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە یەکێك پەیدا بکا کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی لەگەڵ خودی ئەودا نەبێ. بەڵکو دەیویست یەکێك لەخزمانی نزیك بەبنەماڵەی پاشا بێ.

لەولاشەوە ئاستیاگ چاوەڕوانی ئەوە بوو کە ئەم ئەرکە بەوردی و بەتەواوی لەلایەن هارپاگەوە ئەنجام بدرێ، هارپاگیش نەتوانای ئەوەی هەبوو سەرپێچی لەفەرمانی پاشا بکات و نەئەشی ویست خۆی یا یەکێکی نزیك بەو ئەو کارە ئەنجام بدەن و بەتەواوی چووە سەر

ئەو رایە کە ئەم دەبێ بەدەستی کەسێکی نزیک لەئاستیاگ یا خزمێکی نزیکیەوە جێبەجێ بکرێ.

**شاکانی ماد بەگوێرەی گێڕانەوەی کتزیاس**

کتزیاس (کتسیاس) پزیشکی دەربارەی (داریوش)ی دووەم و (ئەردەشێر)ی دووەمی

دیارە لێرەدا خشتەی شاکانی ماد جیاوازە لەوەی هیرۆدوت، وەك لەسەرەوە باس کرا هیرۆدوت شاکانی مادی بەچوار کەس داناوەو ماوەی فەرمانڕەواییەکانیانی بە ١٥٠ ساڵ.

(تیودۆر نۆلدگە) زاناو شارەزای مێژووی ماد لەو باوەڕەدایە کە کتزیاس ئەم زانیارییانەی لەدەمی خودی مادەکانەوە وەرگرتووەو ئەوان

| ژمارە | ناو | ماوەی فەرمانڕەوایی |
| --- | --- | --- |
| ١ | ئارباکیس | ٢٨ ساڵ |
| ٢ | مائوداکس | ٥٠ ساڵ |
| ٣ | سوسارمس | ٢٨ ساڵ |
| ٤ | ئەرتیکاس | ٥٠ ساڵ |
| ٥ | ئەربی یانیس | ٢٢ ساڵ |
| ٦ | ئەرتایس | ٤٠ ساڵ |
| ٧ | ئەرتی نیس | ٢٢ ساڵ |
| ٨ | ئەس تی براس | ٤٠ ساڵ |
| ٩ | ئەسپینداس | ٢٥ ساڵ |

کوڕ و جێنشینی ئەو، بەسوود وەرگرتن لەبەڵگەنامەکانی ناو ئەرشیفی دەربار، لە بەرهەمە بەناو بانگەکەی خۆیدا بەناوی (پەرسیکا)وە، شاکانی مادی بە دە کەس و ماوەی فەرمانڕەواییەکانیانی بە ٣٤٠ ساڵ داناوە. ئەم دە پاشایەی مادەکان بەگوێرەی قسەکانی ئەو بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ویستویانە بەم هۆیەوە درێژە بەماوەی فەرمانڕەواییەکان بدەن. بەلەبەرچاوگرتنی ماوەی درێژی فەرمانڕەوایی هەندێ لەپاشاکانی ماد، وا دێتە پێش چاو، هەندێ لەو پاشایانە فەرمانڕەوای ناوچەیەك بوون کەلەهەمان کاتدا جڵەوی کاروباری چەند ناوچەیەکی تریشیان لەدەست دا بووە.

# میترا (میهر)

(١-٢)

وەرگێڕانی لەفارسییەوە
دلێر میرزا

یەسنا بریتیە لە ڕێورەسمی پەرستن لە ئایینی زەردەشت و بەچەقی ئاینی زەردەشتییەکان ئەژمار دەکرێت. یەسنا بەلای زەردەشتییەکانەوە، وەکو ڕێورەسمی (نانی شێوانی پیرۆز) عەشای ڕەببانی وایە بەلای کاسۆلیکەکانەوە. هەروەکو چۆن ڕێورەسمی عەشای ڕەببانی، نەک تەنیا لە یادی کەسایەتییە پیرۆزەکان، بەڵکو لەیادی کەسانی نەناسراوی وەکو مارسلنیۆس و فلیسیتی و پیرپتوا ساز دەکرێت، بەو شێوەیەش یەسنا نەک تەنیا یەزدانە سەرەکییەکان، بەڵکو یەزدانە پلەدووەکانیش پیرۆز رادەگرن، ئەو یەزدانانەی کە پێویستە لەو ڕێورەسمانەدا ناویان بهێنن، یەکێکیان هوم و ئەویتریان سرووشە کە هەریەکە بە قوربانیی (یەزشی) تایبەتی خۆیان پیرۆز دەکرێن و ئیتر هیچ یەزدانێکی تر لەم کۆمەڵەیە (یەسنا) بەو جۆرە پیرۆز راناگیرێن.

## یەشتەکان

تاقمێك لە یەشتەکان لەئاوێستادا هەن کە گەلێ گرنگن و لەسۆنگەیەکی ئەدەبییەوە، گرنگترین بەشی ئەو کتێبە پیرۆزەن و ژمارەیان دەگاتە (٢١) یەشت، کە بێگومان لە درێژی و بایەخ و گرنگییەوە، لە دیدگای مێژووی ئایینەکاندا یەکسان نین. ئەم تاقمە بەراشکاوی، لە سەرچاوەی نا زەردەشتییەوە سەریهەڵداوە، چونکە یەشتی تایبەتی خوای پایەبەرز - ئاهورامەزدا- هەندێ بەر لە ژماردنی ناوەکانی خوداوەندو لە مێژووی کۆنیدا، هەندێ لە یەشتەکان نوێترەو هیچ جۆرە ئاکارێکی خۆیەتی نییە. لە نێوان حەوت یان شەش ئەمشاسپەند، لە حاڵێکدا کە مینۆی پیرۆز لەگەڵ سەروەری دانادا دەبن بەیەك، ئەشە (- راستی) و خورداد بەجیا دەبن بە یەزش. لەم رووەوە ئەوانی تر دەبێ بە یەشتێکی هاوبەش لەو حەوت ئەمشاسپەندە قانیع بن و پەسەندی بکەن، یەشتێك کە تێدا، هاوڕێی ژمارەیەکی زۆر لە یەزدانەکان دەبن کە تەنیا لە ڕێگەی ناونیشانی هەمیشەیی ئەمشاسپەند دەناسرێن، ئەو ناونیشانەی کە یەزدانەکان کە بە ڕەچەڵەك دەگەڕێنەوە بۆ ئایینی کۆن، ناتوانن تێدا بەشدار بن.

لە کۆی ئەو یەشتانەی ماونەتەوە، تەنیا هەشت یەشتیان بایەخێان هەیە و لەم ژمارەیە، یەشتی دەیەم - کە تایبەتە بە میهر - سەرنج راکێشترینیانە. ئەو یەشتانەی لە پلەی دووەمدان: فەرەوەشییەکان (١٣-Yt)،

فـــــەرره (Xvardnah)، (کامـــــــەرانی و خۆشبەختی Xt-١٩ )، ئوردویسور ئاناهیتا، خواژنـی ئاوەکـان ، (Yt-٥ )، ئەشـی (asi)، خواژنـی سـامان (Yt-١٧ )- لـە سـۆنگەی مێژووی ئایینییەوە، ئەو یەشتانەی تایبـەتن بە بەهرام (وەرهـەران) (خواوەندی سەرکەوتن Yt-١٤ )و خواوەندی با ، (وای)، (Yt-١٥ ) سەرنج راکێشن، ئەمە لە حاڵتێکدا کە یەشتی تایبـەت بـە ئەسـتێرەی تیشـتەر (Yt-٨ ) لەدیدگـــەی ئەدەبییـــەوە، لەهـــەموویان کوشـندەترە- ئەگـەرچی ئـەم پۆلێنکردنـە، لەدیدگەی گەشەکردنی ئایینی زەردەشتی، لە قۆناغی سـەرەتاوە بـۆ قۆنـاغی سـەرتاپاگیری ،رۆڵێکی لاوەکی هەیە. میهر فەرەوەشییەکان، فەرره ، ئۆردیویسور ئاناهیتـا، وای و بـەهرام هـەر هـەموویان زەمینـەیان خۆشـتر کـردووە، تاوەکو ئایینی زەردەشت سەربامرت بە یەکتا کردنی پێغەمبەر ، هاوکات لەگـەڵ پەرستنی بەشێوەیەکی گشـتگیر، لـە ئاوێسـتادا رەنـگ بداتەوە. هەر هەموویان (- یەزدانەکان) ئەگەر چی بەچاوێکی سووک تەماشا دەکران،بەڵام بە پشـتگیریی دووبـارەی سـەروەری دانـا- کـە خـۆی نیشـــانەی ســـەرهەڵدانی ســـەردەمی ساسانییەکان بوو- درێژەیان بەژیانی خۆیان دا و مانـــەوە. لـــە راســـتیدا ، میـــهر لـــە رێورەسمێکـی پەرسـتندا، پێگـەی بـەهێزی خۆی بە سرووش دا بـەڵام تـا ئـەمڕۆش ئـەم یەزشە لە دەرگای میهردا، ئەو شـوێنەی کـە ئـاگری پـیرۆزی پێغەمبـــەر بەبـــەردەوامی دەسووتێ بەرپایە. فەرەوەشییەکان و فەرره - ئەم بیرۆکەیە سەرسوڕهێنەرەی کە تا ئێستا بەمانای شکۆمەندی لێکدراوەتەوە، بەڵام بەم

دواییانـــە، بەشـێوەی ســـادە یەکســـانەبە خۆشـبەختی - هـەردووکیان ، لـە سـەردەمی پۆلێنکردنـی یەشـتەکان (و فەرەوەشـییەکان لەسەردەمی گاسای حەوت وەرزەرە) تا ئەمڕۆ لـە ئـایینی زەردەشـتی جیانەبونەتـەوە. هیـچ کـاتێکیش بەتـەواوی ئۆردویسـور ئاناهیتـا لەگەڵ ئایینی زەردەشتی گشتگیردا تەبانەبوو. ئەم هەستکردنە لە مرۆڤ نابێتەوە. ئەگەر چی یەشـــتی تایبـــەت بـــەو، ئـــەم مەســـەلەیە دەسەلمێنێت کە رۆژهەڵاتی ئێران سەرزەمینی ئەم خواژنەبووە- ئەو شوێنەی کە رەنگە ئەو زیـاتر لـە یـەزدانی ئامودەریایـان سـەیحون و جەیحون نەبوو بێت- بەڵام گەورەترین چالاکی ئەو، لە رۆژئاوای ئێراندا بووە. ئـەم خواژنـە لەلایـەن ئەردەشـێری دووەم ستایشـــکراوە و هێرۆدۆتس بەبێ هیچ بەڵگەیەکی دیـایکراو، بەمیترای لێکداوەتەوە بەهەڵە و وەکو یەزدانێك نـاوی دەبـات، و ئیتر ئـەوەی کـە ئایینەکـەی دوابـەدوای کۆچکردنـی موغانـە نارازییـەکان بـەرەو ئاسـیای بچووک، لەسەرانســەری ئـەو ناوچەیـەدا، تەشـەنەی کـرد (وای) کـە خـوای هـەواو بـابوو، و لەراسـتیدا نـەك ئاهورایـەك، بەڵکو دێو بوو، لە بەراورد لەگەڵ یەزدانەکانی تـردا، رووبـەڕووی چارەنووسـێکی سـەیرو ســـەمەرە بـــووەوە. لـــەو رووەوە کـــە بەشکۆمەندیی خۆیەوە ، نەیدەتوانی تەنانەت لەگـــەڵ ئـــایینی زەردەشـــتیدا تـــەبابێت. بەناچارییەوە بووبە دووبەشەوە:

(وایـی بـاش) و (وایـی خـراپ). یـەکێکیان چالاکیی بۆ سپەندمینۆ دەنواند و ئەوی تریان لە خزمـەتی ئـەنگرەمینۆدابو. دوای ریفۆرمـی ئـــایینی ساســـانییەکان، قەڵـــەمڕەو و

بۆشاییەکانی گۆڕی؛ ئەو بۆشاییەی بەر لە دەستپێکردنی کات، قەڵەمڕەوو حکومەتی رووناکیی بێ کۆتایی‌کە لەژێر کۆنترۆڵی سەروەری دانا بوو- لە قەڵەمڕەوی تاریکیی بێ کۆتایی - ئەو شوێنەی کە مەنزڵگەی ئەنگرەمینۆ بوو- جیاکردەوە. بەهرام خوای سەرکەوتن کە خوای جەنگ و شەڕوشۆڕ بوو، توانی لە ریفۆرمکارییە ئاییەنەکانی سەرەتای سەردەمی ساسانییەکان، پێگەیەك بۆ خۆی دەستەبەر بکات و ئەگەر چی رەنگە لەبیری زاڵی ئایینی‌لە کتێبەکانی پەهلەویدا بەشانۆ شەوکەت لەقەڵەم درابێت، بەڵام رۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێت، بەڵام دیارە بەلای شاکانی ساسانییەوە سەرنج راکێش بووبێت،چونکە زۆربەیان جەنگ و شەڕیان بەسیستمێکی سروشتی بارودۆخەکان لێکدەدایەوەو، لەم رووەوە، لانی کەم پێنج لەو شایانە، ناوی بەهرامیان بۆ خۆیان هەڵبژرادوە.

## مهری ئێرانی و میتراسی رۆمی

هەر چۆنێك بێت، ئێستا دووبارە میهر لەنێوان خودایانی زەردەشتیدا گشتگیر بووە کە سەرنجمام بەلای خۆیدا رادەکێشێت. لەنێوان خوداکانی ئێراندا، تەنیا میهرە کە کاریگەریی راستەخۆی لەسەر جیهانی رۆژئاوا هەیە، چونکە تەنیا خواوەندی میهرەکە لە کۆچی رەهای خۆی لەسەر خاکی ئێران، گۆڕابە سەنتەرێکی ئایینی پڕ لە رازو هێماو بەشێوەیەکی گشتگیر لەلایەن هێزەکانی رۆماوە، لەسەرانسەری ئەو ئیمپراتۆرییەدا، پیادەکرا؛ ئەو ئایینەی کە تاماوەیەکی زۆر، شتێکی لە ئایینی مەسیحی نەوپا کەمتر نەبوو. بەڵام میترای رۆما بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگەڵ ئەو میهرەی ئێمە لە ئاوێستادا دەیناسین، جیاوازیی هەیە، چونکە میترای رۆما، بەپلەی یەکەم بکوژی گای قوربانییەو بەم کارەش، ژیانێکی نوێی پێشکەش بە جیهان کرد، لەکاتێکدا کە میهر لە ئاوێستادا، وەها رۆڵێك ناگێڕێت- ئەو زیاتر بایەخ بە پاراستنی ژیانی گاو کێڵگە بەرینەکان دەدات، میترای رۆمی خواوەندێکی رەهایی ئازادی بەخشە کە رۆحی مرۆڤ لە لەمپەرەکانی ژیانێکی کتومت ماددی رزگار دەکات کە لەژێر کۆنترۆڵی ناوچەی بورج و هەسارەکاندا؛ چارەنووسێکی پێشبینی نەکراوی لەگەڵ فاکتەرو کاربەدەستاندا هەیە، لەکاتێکدا میهر لە ئاوێستاو کتێبە پەهلەوییەکاندا ، گوزارشت لە پیرۆزیی پەیمانەکانە و لەم سۆنگەیەوە، داوەرێکی عادیلە کەلەگەڵ هاوکارەکانیدا، واتە رەشەن و سرووشدا، دەست دەداتە داوەریکردنی دەروونی مرۆڤ، لەسەر بنەمای کارو رەفتارەکانی. جیاوازیی نێوان میهری رزگار کەر کە رەنگە پاراستنی جیهانی رۆژئاوا بۆ خۆی مسۆگەر کردبێت و میهری داوەر- کەلە ئێراندا دوای سەروەری دانا، لەپلەی دووەمدایە- گەلێ زۆرە، بەڵام دەهێنێت لەنێوان ئەم دوانەدا پردێك دروست بکەیت.

## میهر بەر لە زەردەشت

لەم ساڵانەی دواییدا، ئیدعا ئەو مەسەلەیە کە گوایە لە سەردەمی زەردەشت پێغمبەردا، ئاینێکی تایبەتی (میهری) لە ئارادا بووبێت، باس وخواسی لەسەر دەکرێت، و ئەوەی

کەلەم ئایینەدا، قوربانیکردنی گاو ڕێورەسمی هوم باو بوویێت. و دەڵێن گوایە ئاییني دێوپەرستەکان بوو کە کەوتە بەر پەلامالاری زەردەشت. ئێمەی پێشتر هەوڵمان داروونی بکەینەوە کەبەر لە زەردەشت، دوو جۆر بێ ئاییني، لەپاڵ یەکتردا لە ئارادا بوونە. یەکێکیان ئاییني ئاهورا و ئەوی تریان ئاییني دێو یان یاسای دێوان و ئاهوراپەرستەکان، دێوەکانیان بەوەی بوونەوەری ناشایستەن ئەفەرۆز دەکرد.دێوپەرستەکان نەک تەنیا ئاهوراکان، بەڵکو دێوەکانیشیان پیرۆز رادەگرت و ئاهورایان بەبالادەست لێکدەدایەوە کە بە پێغەمبەریان دەزانی. رەنگە دواتریش ئاوێستا هەمان بابەت بەدەستەوە بدات.

بۆیە، لە میهری یەشت، سوپاپەیمان شکێنەکان- ئەوانەی کە پەیمانەکانی خۆیان دەشکێنن و لەو رێگەوە لەگەڵ میهردا درۆدەکەن ( چونکە زاراوەی میهر لە خۆدا، بەمانای پەیمانە) - دەکەونەبەر پەلامارو هەڵمەتی میهر و هەردوو هاوپەیمانە بەوەفاکەی: سرووش و رەشەن، بەڵام پەیمان شکێنان بەبێ گوێدان بە نیشانەی تورەیی خواوەند، سکالاّپێشکەش دەکەن کە (ئەسپە بەتاوەکانیان لە میهر دوور دەکەونەوە). ئەم رستەیە بەو مانایەیە کە لە حاڵەتێکدا ئەمان بەرێورەسمی خۆیان ستایشی میهر دەکەن، چاوەروانی ئەوە بوون کە بگەیەنرێنە لای خواوەندەکەیان، نەک بکەونە بەر شالاّوی شمشێری هاوپەیمانانی بەهەمان شێوە خودی میهر ئارەزوو دەکات بزانێت بەندە راستەقینەکانی کێن:

ئەو کێیە کەمن بەخواوەند بزانێت لە رێگەی ستایشکردنی منەوە، و ئەوەی کە بەباشە باسی من ناکات؟

ئەم رستەیە، ئەو مانایە بەدەستەوە دەدات کە (( کێیە ئەو کەسەی بەراستی ستایشی من دەکات، وەکو خواوەندێک و ئەوەی کە بەنابەدڵی ستایشی من دەکات)) بەم شێوەیە، زەردەشت پێغەمبەر لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێت کە ناهیدی خوا ژن دەپرسێت:

((چی بەسەرهومیدا هاتووە کە لەلایەن دێوپەرستەکانەوە، لەکاتی ئاوا بوونی خۆردا پێشکەش بەوەدەکرێت؟)) یەزدان بانو وەڵام دەداتەوە کە (ئەوانە دوورن تا لە لایەن ئەوەوە پیرۆز بکرێن؛ ئەوان تەنیا لە خزمەتی بەرز راگرتنی دێوەکاندان و ئەو هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە)لەم دوونمونەیە - ئەڵبەتە نموونەی تریش زۆرن- دادەردەکەوێت کە دێوپەرستەکان ستایشی (ئاهوراکان) یشیان دەرکرد، چونکە میهرو ناهید، هەردووکیان سەر بە ئەم چینەی خودایان بوون.

## میهر، پەیمان و یەزدانی جەنگ

دوای گوزەر بەسەر میهریەشتدا، پێویستە لە خۆمان بپرسین، ئایا یەزدان هەروەکو لە یەشتەکاندا، ناوی دەردەکەوێت، لە هەموو لایەنەکانیەوە هەمان یەزدانی میهرەکە زەردەشت ناسیویەتی یان نەیناسیوە. بێگومان میهر دێونەبوو، بە پێچەوانەوە، تابەر لە ریفۆرم کارییەکانی زەردەشت، ئەو بەهاوبەشی تاج و تەختی ئاهورا ئەژمار دەکرا و بەشێوەی پێکهاتەیەک و دوو هاوسەری (میترا - ئاهورا) لە یەسنا- کە بەبەردەوامی

داوای پارمەتییان لێدەکرێت- دەردەکەون. ئەگەرچی لە میهریەشتدا، میهر نەک تەنیا بەرجەستە کردنی پیرۆزیی پەیمانەکان و دوژمنی سەرسەختی ئەوانەن کە پەیمان شکێنن، بەڵکو بەخواوەندی جەنگیش لە قەڵەم دەدرێن. خوداوەندێک کە رەفتاری توندی لەگەڵ دوژمناندا، ئەو توندو تیژییە لە بیرەوەرییەکاندا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە کە لەلایەن زەردەشتەوە دراوەتە پاڵ پەیرەوانی درۆ. هۆکاری سەرەکی ئەم تۆڵەسەندنە، وەهران (بەهرام)ە کە بەشێوەی یەکانەیەکی ئاڵۆزو تورە، دەکەوێتە لێپچینەوەی پەیمان شکێن و سزای دەدات:

میهری خاوەن لەوەرگە بەرینەکان ستایش دەکەم، کە لەپێشیەوە بەهرام، ئاهورای خولقێنەر، لە بزاوتدایە بەشێوەی بەرازێکی هەڵمەتبەر، شفرەی تیژ، کوشندە بە گورزێک، بەرازە بێ هاوتاکە کە تەوێڵێکی خاڵدارو بەهێزی هەیەو خاوەنی چوارپەل و کلکێکی کانزاییە، لەکاتێکدا بەرەو پێشەوە هەڵمەت دەبات و بەتوانایی و هێزەوە، چاونەترسانە لەشەڕدا دوژمنان دەشکێنێت (بەهیچ شێوەیەک بیر لەوەناکاتەوە کە شکستی بەکەسێک دابێت)، لەکاتێکدا لەو بڕوایەدا نییە کە شکێنەر، تا ئەوەی بەرامبەرەکەی دەشکێنێت، ئێسکی پشت (- بازو)، مێشک (کەللە سەر)، پایەکانی ژیان، سەرچاوەکانی ژیان هەموو پارچە پارچە دەکات، ئەو یەکسەر ئێسک و پروسک و موو و مێشک و خوێنی پەیمان شکێنەکان بەسەریەکدا تێکەڵ دەکات.

ئەم کوشتارە دڕندانەیەی دوژمنان (کە هەلی تۆبە کردنیشیان پێدراوە) لە راستیدا کاری بەهرام (وەهران)ە، کە پێشتر ئاماژەیان بەوە کرد کە بەرەچەڵەک دێوە.

بەڵام ئەم کارە، نەک بەناوی خۆیەوە ، بەڵکو بەناوی میترای سومبلی پەیمانەوە دەبێت. بینیمان ئەوەی کە زەردەشت، سەبارەت بەدێوو دێوپەرستەکان، گلەیی و سکاڵای لەدەستی دەکرد، کینەو تورەییان بوو: ئەوان لەگەڵ ئەشە - کە جگە لە راستی، رێکخستنێکی گونجاوو ئاسایی مەسەلەکانیشە- داتەبانین ودەیشێوێنن، و تەنانەت، وەکو دوژمنانی میهر، یان یەزدانی پەیمان، پەیمان شکێنی دەکەن. هەرچۆن بێت ئەوەی کە میهر پەرستان و بەهرام پەرستان، کەلە بەرجەستەکردنیدا، لە شێوەی یەکانەیەکدا، لێرەدا ئەنجام دەدەن، بەخشینی شێوازەکانی توندوتیژییە بەخواوەندەکان، تاوەکو ئەوەی بەنارەوای بزانن، سەرکوتی بکەن. ئەمەش کتومت ئەوشتەیە کە دەبوا دێوپەرستەکان ئەنجامیان بدایە، چونکە لەو سۆنگەیەوە بوو کە زەردەشت چاونەترسانە، وەکو پەیرەویکەرانی درۆ، هەموویان وەلاوەنا. کەواتە ئەوانیش دەبوا پەنابەئەشەببەن و خۆیان بەلایەنگرانی ئەو بزانن. جارێکی تر، لە میهریەشتدا، بەهرام وەکو بازووی هەڵسوڕاوی میهرو رەشەن دەردەکەوێت:

بەهرام خولقێنراوی دەستی ئاهوراستایش دەکەین کەلەگەڵ میهرو رەشەن لەنێوان ریزەکانی جەنگدا ئامادە دەبن و دەپرسن کە (چ کەسێ) درۆی لەگەڵ میهردا کردووە؟ (دەپرسێت) کە (چ کەسێک) پشتی لە رەشەن کردووەو بە (چ کەسێک) دەبێ تاڵاوی مەرگ

ببەخشم؟

گومان لەوەدانییە، ئەم ڕەفتارە توندە، تایبەت بە ڕێورەسمی دێوەکانە کە زەردەشت هیوادار بوو هەموویان سەرکوت بکات و لەناویان ببات. ئەڵبەتە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بیرکردنەوەی پێغەمبەردا یەکناگرێتەوە، ئەو بیرکردنەوەیەی کە مەرگ نەک بەکاری سەروەری دانا یان سپەمینۆ و یان ئەمشا سپەندان، بەڵکو بەکاری ئەنگرە مینۆ دەزانێت. و ئەوەش بەدیییەکی ڕەهایە. ڕەنگە خوڵقێنەری ژیان، بەهۆی عەدالەت و ڕاستییەوە، ناچار بێت خوڵقێنراوەکانی خۆی دووچاری ئەشکەنجەی هەمیشەیی بکات، بەڵام ئەو ڕۆح و جەستانەی کە خوڵقاندوونی، نابووت ناکات. بەهرام بەنوێنەرایەتیلەلایەن میهرەوە، بەم جۆرەکار دەکات– و نەک تەنیا بەهرام، بەڵکو میهریش هەروەهایە، چونکە خۆی دەڵێت:

باشتروایە، ئەو کەسەی کە دەتوانم تووشی دەردو مەرگی بکەمەوە، بیبەخشم ولێی ببورم، نەک ئەوەی بە گورزێك نابووتی بکەم.

ڕەنگە میهر لە ڕێگەی خۆیدا، هەنگاوی ڕاست و دروست هەڵنێت، بەڵام شێوازەکانی ئەو، دەربارەی لێدان و سەرکوتکردنی بەدکاران، شێوازەکانی توندوتیژی، بێ بەزەییانەیە. ئەم کردارانە لەگەڵ ناخی خودی ئەودا، کە نەتەنیا (پەیمان) بەڵکو میهرەبانی و دۆستییە، یەکناگرنەوە، چونکە ئەم مانایە لە دەستەواژەی میهر (Mitra -Mithra) لە هەردوو سوننەتی هیندی و ئێرانیدا، پشتگیریی دەکرێن. لەزمانی سانسکریتدا، میترا (Mitra) (– نێر) بەمانای دۆستە ، لەکاتێکدا لە فارسیی میانەدا، میهر (Mihr)، (لە میتراوەوە وەرگیراوە)، بەمانای (ئەوین)و (دۆستی)یە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە دەستەواژەی وەرگیراوی میهرەبان (ئەوکەسەی ڕەچاوی میهر دەکات) تا ئێستا زاراوەیەکی کارپێکراوەلە چەند بەشێکی میهریەشتدا، ئەگەر چی میهر خاوەنی دەسەڕێکی زۆرە، بەڵام بەدژواری بە میهرەبان بەرجەستە دەبێت، لە پارچەیەکی تردا کە بەزۆری لە یەشتدا دەگێردرێتەوە، ئەو وەکو بوونەرێکی گەڵ شەڕانی وەسف دەکرێت:

تۆ ئەی میترا، خراپترین و باشترین بوون سەبارەت بە سەرزەمینەکان، تۆ ئەی میترای خراپترین و باشترین بوون، سەبارەت بە خەڵکی، تۆ ئەی میترا کە ئاشتی و جەنگی هەموو سەرزەمینەکان لە ژێر کۆنترۆڵی تۆدان.

بەهەموو ئەمانەشەوە، هەڵەیە ئەگەر وابیر بکەینەوە کە میترا بەدڵخوازی خۆی روو لەکاری خراپە و باشە دەکات، بەڵکو ئەو خراپترینە کەشایانی لێدان و سزادان بێتو کە پەیمان شکێنی دەکەن. ڕاستی ئەوەنییە کە میترا وەکو شەڕەنگێزێك وەسف بکرێت کە لە بەرامبەر فێرکارییەکانی زەردەشتدا، سەرپێچی بکات، چونکە ئەو تەنیا بۆ ئەوانە شەڕەنگیزە کە پەیمانەکانیان دەشکێنن، واتە ئەوانەی خیانەت لە میهر– کە نموونەی پەیمانە– دەکەن . لەکاتێکدا ئەو بۆ ڕاستگۆیان گەڵ پاك و پیرۆزە، بۆ ئەو پیاوانەی لەوتەی خۆیاندا ڕاستن. لە ڕاستیدا، ئایا خودی زەردەشت بەلایەنگرانی فرمانی نەدابوو، لەگەڵ ڕاستگۆیاندا دۆست و لەگەڵ درۆزناندا دوژمن بن؟ ئەوەی لەگەڵ

زانیارییەکانی زەردەشتدا ناتەبایە، ئەو توندوتیژی و چاونەترسییەیە کە میهر لە بەچۆکدادانی دوژمنان دەریدەخات:میهر لە سەرەتادا، هیچ هەوڵێکی ئاشتییانە، بۆ گۆڕینی بڕوای ئایینییان نادات. لەلایەکی دیکەوە، زەردەشت، گۆڕینی جیهان بە ئارمانی پەیامەکەی خۆی دەزانی. پێویستە دەرفەت بدرێت بە پەیڕەویکەرانی درۆ، تاوەکو بڕوا بە ئایین بهێنن، و نابێ بەخێرایی و لەرێگەی پەنابردن بەشەڕوخوێن رشتن پاکتاو بکرێن: میترا، وەها دەرفەرتێك بۆ ئەوانەی کەیاساکەی دەبەزێنن، نادات.

بەهەر شێوەیەك بێت، ئەم لایەنی توندوتیژییە لەناخی میهردا، لەگەڵ کارکردی سەرەکیی خۆیدا، لە چاودێریی لە پیرۆزیی پەیمانەکان و لەگەڵ کارکردی دادوەری و ناوبژیوانی کە بڕیاربوو دواتر لە ئەستۆی بگرێت، ناگونجێت؛ بەو ئەندازەیەی کە ناچارین بەو ئاکامە بگەین کە ئەم تایبەتمەندییە دێوئاسایانە، لە سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە وەرگیراوە.

## ***میترا و ئیندیرا***

ماوەیەکی دوورودرێژە کە ئەم باوەڕە رەواجی پەیدا کردووە کە زۆربەی تایبەتمەندییە شەڕئەنگێزەکانی میهر – بەوجۆرەی کە دەردەکەوێت لەگەڵ ناخی راستەقینەیدا ناکۆکبن – نەلە میترا ڤیدایی، بەڵکو لە ئیندیرای ڤیداییەوە سەرچاوە دەگرێت. چەکی خودیی میترا، گورزەکەیەتی کە هێندە پیرۆز بەرچاو دەکەوێت کەلە خۆیدا، شایستەی رێزو بەرز راگرتنە. بەم جۆرەیە چەکی ئیندیرا، واتە (VIJRA) (- کە جێگۆڕکێی ( JوZ)یە لە زمانی هیندی و ئێرانیدا) کە دواتر وەکو یەك دەبینرێن. هەردوو یەزدان، گەردوونەسوار (Rabaestar - rathesoa)،بەهێز (ojasvant aojah)، بازووی بەهێز (ugrabahu - Uyrabazu) و دواتر، هەردوکیان خاوەنی ئەسپی رەخشن (svasva - Hvaspa). هەردووکیان وەکو یەزدانی جەنگ کەلایەنگرانی خۆیان بەرەو پیرۆزی رێنموون دەکەن، پەیدا دەبن. مەسەلەی بەهرام (Vardoragna) تەنانەت لەمەش رۆشنترە، چونکە ناوی ئەو لەگەڵ نازناوی ئیندیرا لە ریگ ڤودا– واتە (-Vrtva han ) (ڤیراترا – هەن) بەمانای کەسێکە کە بتوانێت بەرگری بکات، یان کەسێك کە بتوانێت بەسەر تورەیی دوژمنی خۆیدا زاڵ بێت– یەکێکە . راستە لە راپۆرتی ڤودایی ، ئیندیرا بەشێوەیەکی جێگیر پەیوەندییبە فەرجووی کوشتنی ئەژدهاکانەوە هەیە کە ناوی جۆراوجۆریان هەیە وەکو (ڤورترا) یان ئەهی (Ahi) (ئەژدیها، مار)، یان ڤالا (vala) و لەئاوێستادا، ئەم فەرجوویانە، نەك تەنیا بۆ بەهرام یان میترا، بەڵکو بۆ زۆر لە قارەمانە ئەفسانەییەکان روودەدات، بەڵام موسا خورنی مێژووناسی ئەرمەنی، پێمان رادەگەیەنێت کە (ڤەهاگن Vahagn) (- بەهرام Vardoragna) لەگەڵ ئەژدیهادا شەڕی کردو شکاندی. قارەمانەکانی تەنانەت پێش (هەرقل Heracles)یش دەکەون و لەو میلەیەی کە لەگەڵ پەیکەرەکەی بەهرامدایە و لەسەردەمی ئانتیۆخۆسی یەکەمدا دروستکرا، لەگەڵ هەرقل یان ئەریس (Ares)دا، بەیەکێك

مەزەندە دەکرێت: ئەویش قارەمان و خواوەندی جەنگە. و ئەمەش بەجۆرێکی یەکسان سەبارەت بە ئیندیرای ڤوداییش هەر راستە.

لە ئەفسانەکانی ڤوداییدا، دلێری و نەبەزیی ئیندیرا لە کوشتنی ئەژدیهادا، بە ئازادکردنی گای زیندانی کراولە چنگاڵی ئەژدیهادا، درێژەی دەبێت وە جاروبار وەکو ئاویان رووبار، ئاماژە بەم گایە دەکرێت. لەریگ ڤودادا، ئیندیرا رۆڵێکی دووفاقەیی دەگێرێت: یەکەم ئەوەی کە قارەمانێکە کە ئارياييەکان لە جەنگ دژی داسیۆس یان داساس (-Dasyus dasas) سەر دەخات، دووەم ئەوەی کە خواوەندێکە کە ئاوەکانی یان گازیندانییەکە ئازاد دەکات. لە رۆڵی دووەمدا ئەو خواوەندێکی تورەیە، بەڵام ئەگەر ئەم لایەنەی ئەو، لایەنێکی سەرەتایی بێت، ئەوا مایەی سەرسوورمانە کە ئێمە سەبارەت بە پەیوەندیی ئەو بە باران هیچ ئاگادارییەکمان لە بەردەستدا نییە. گەڵێ ئاسایی‌تر دەبێت ئەگەر ئازادکردنی گا لەلایەن ئەوەوە، بە وەرگێرانێکی پیتی راڤەبکەین. ئەو هەربەو شێوەیە ئازاد دەبێت کە ئەمرۆ گەلان سەرفراز دەبن- ئەوان دەشکێن و لەلایەن دوژمنەوە بەدیل دەگیرێن، هەربەو جۆرە لە ئاوێستادا، بۆ رزگارکردن و ئازار کردنی گا ، پەنابە میهر دەبات.

کە کۆیلە (-کەسی بەدیل گیراو) لەکاتێکدا دەستی خۆی درێژکردووە، داوادەکات کۆمەکی گایەلەکە بکرێت، کێ (چ کەسێك ، چ پیاوێك، یا قارەمانێك) دەبێت بەفریادرەس ، لەدواوە لە میهر خاوەنی لەوەڕگای بەرینە، کەی ئێمە بخاتەوە سەر رێگەی راست، لەکاتێکدا خراوینەتە سەر رێگای چەوت.

بۆیە، میهرو بەهرام رەفتارگەلێکیان هەیە، کە هەمووی لە تایبەتمەندییەکانی خواوەندی جەنگ، ئیندیرا، لە ریگ ڤودا سەرچەشمە دەگرن. ئەگەر چی ، لە ئاوێستادا ئیندیرا وەکو دێوێك دەردەکەوێت و لەبۆچوونی کەسێکی زەردەشتیدا، بە دێو بوونە. بەهەر حاڵ، مەسەلەی بەهرام، سەرسوڕهێنەر تر لە خواوەندی ڤای (Vayu) نییە کەخۆی ئەگەرچی لە راستیدا دێوبوو نەك ئەهورا، بەڵام بەدەستی ئایینی زەردەشتی گشتگیر، بوو بە دوو بەشەوە. بەشێکیان کۆمەکی سپەندمینۆ دەکات و، نیوەکەی تری لە خزمەتی ئەخشەو پیلانەکانی ئەنگرە مینۆدا دەبێت. بەهەمان شێوە سەبارەت بە (ئیندیرا – بەهرام)یش ئیندیرا بەمانای تەواوی وشە، دەبێت بەدێو، لەکاتێکدا بەهرام واتە نازناوەکەی، دەبێت بەخواوەندی پیرۆزو سەرفرازی زەردەشتییەکان. مەسەلەی بەهرام کەمتا زۆر سەرسوڕهێنەرتر لە هوم نییە.

## دێوپەرستەکان و میترا

بۆیە ئیلیا شویچی نووسەری بەناوبانگی میهریەشت ئەوە دەردەخات کە زانیاری و ئاگاییەکی کەمی دەربارەی راستییەکانی مێژوو هەیە، کاتێك ئەم رستانەی خوارەوە دەنووسێت:

((ئەم بۆچوونە – کە زۆر جاریش دەخرێتە روو- کە میهری ئاوێستا، جگەلەوەی بەرجەستە کردنی میترای هندییە، هەروەها واریسی ئیندیرا، خواوەندی جەنگی

ڤوداییشە، خۆی لە خۆیدا بەمانای کردنەوەی دەرگایەکی ناشییانەیە دەربارەی ناسینی ئەو خواوەندانەی کە هیچ کاتێك پەیوەندییان بەیەکترەوە نەبووە. بۆیە، خۆخستنە نێو گێژاوەوەیە، دەربارەی مێژووی ئایینی هندوئێرانییەکان، ئەگەر میترا لە ئاوێستادا،جاروبار بەشێوەیەکی تەماوی وەکو ئیندیراش دەردەکەوێت، لەو رووەوەیە کە میترا لەریگ ڤودا بەهەمان ئەندازەی پەیوەندیی ئیندیراوەیە بە ڤرۆنە))

ئەم جۆرە رەخنە گرتنانە، کەلە خۆیدا بەهۆی ناشیبوونە لە زەردەشت ناسیی هاوچەرخ ، بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر بێ کەڵکە. ئەم راستییە بەهۆی ئەوەوەیە کە تایبەتمەندییەکانی ئیندیرای ڤودایی، نەك تەنیا بەهرامی ئاوێستایی، بەڵکو لەخودی میترایشدا دووبارە دەردەکەوێتەوە؛ و ئەمەش بەومانایە نییە، کە هەر شتێك بەشتێکی ترەوە پەیوەندیی هەیە. بلان با (کردنەوەی دەرگای ناشییانە سەبارەت بەناسینی خواوەندەکان) وەلا بنێین و بگوزەرین، چونکە ئەمە پێویستی بە روونکردنەوەو راڤەکردنی زۆر هەیە. ئەگەر ئەم مەسەلەیە راست بێت کەبەر لەسەرهەڵدانی زەردەشت، دووتاقم لە ئارادا بوونە کە تاقمێکیان ئاهوراکانیان ستایش کردبێت و ئەوەی تریان ئاهوراکان و دێوەکانیان ستایش کردبێت، کەواتە دەبێ لە خۆمان بپرسین کە دوای ریفۆرمکارییەکانی زەردەشت کە تەنیا یەك ئاهورا وەکو خواوەند پەسەند دەکاتو ئەوانی تر وەلاوە دەنێت، چی بەسەر خواوەندکانی تردا هاتووە؟ چونکە ئەو پێغەمبەرە لەرێگەی ئەزموونی دەوڵەمەندی خۆیەوە، گەیشتبووە ئەو ئاکامەی کە تەنیا خواوەندێك هەیە، بۆیە، ئەو خواوەندە وەکو سەروەر (- ئاهورا) پەسەند دەکات، لەکاتێکدا ناچار بوو، چاوێکی لە میترایش بێت، ئەو میترایەی لە نزیکانی ئاهورا بووە و ئێمە لەو بڕوایەدا بووین کە گەورەترین و باشترین خواوەندەکانی بەر لە زەردەشت بووبێت. دەتوانین وادابنێین کە ئازارو ئەشکەنجەی دێوپەرستەکان کاتێ دەستی پێکرد، کە زەردەشت لەژێر چەتری پارێزگاریی بنەماڵەی ویشتاسبدا بوو. بۆیە، بەسوودی زەردەشتیەکان تەواو بوو، ئەگەر سازشیان لەگەڵ مێملە پێشینەکانی خۆیان بکردبا، ئەو مێملانەی کە تەنیا ستایشی ئاهوراکانیان دەکرد و میترایان دوای ئاهورا، واتە گەورەترین خواوەند، لە پلەی دووەم لە گرنگیدا دادەنا. هەر چۆن بێت بەگۆڕینی ناوی (ئاهورای پایەبەرز) بە (ئاهورای مەزدا) یان سەروەری دانا، لەلایەن زەردەشتەوە، شتێکی ئاسایی بوو، تا ئاهورای کۆنتر بەهۆی ئایینێك کە بەئەنقەست بەدەوری (مەزدا)دا دەخولایەوە، لە پەیوەندیی نزیکی خۆی لەگەڵ میهردا، چاوپۆشی بکات. بەبڕوای بەندە، میهریەشت تێکەڵەیەکە لە بڕوای دێوان لەگەڵ میهر پەرەستیدا، خواوەندی پەیمان و رووناکی. بۆیە، نەك تەنیا سازدانی بەهرام- ئەڵبەتە نەك بەوشێوە ڤێزەون ئەنگێزەی ئیندیرا- پابەندانی میهر زیاتر دەبن، بەڵکو کەسایەتیی ئەو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی ئەو شەڕەی لە هەمان دێوەوە وەریگرتبوون و ، تا ئەو کاتەی بەدەستی نەهێنا بوون، کاملتر دەبوو. لە راستیدا، ئەگەر بڕیاربێت

ناوەڕۆکێکی سەرەکی لە میهر یەشتدا هەبێت، هەمان ناوەڕۆکە.

## جودایی میترا لە ئاهورا

لەسایەی ریفۆرمکارییەکانی زەردەشت کە میترای لەهاوبەشە باشترەکەی ئاهورا جیاکردبۆوە، میترا لەدرێژەی رەوتی خۆی، گۆڕانکاریی بەسەردا هات، بەڵام دوای مەرگی پێغەمبەر ، هەردوو لایەن ئەوەیان دەرخست کە هێندە لەو جوداییە رازی و دڵخۆش نەبوون، چونکە لایەنگرانی زەردەشتیش هەرگیز نەیانتوانی دیدگای یەکریزیی پێغەمبەری خۆیان بکەن بە نموونەی کارەکانیان. لەم رووەوە، هەر لە سەرەتاوە، گاسای حەوت وەرزی دوو پاسەوان – خوڵقێنەر کە بێگومان هەمان جووتی (میترا– ئاهورا)یە، جارێکی تر دەردەکەوێت؟ لەکاتێکدا کەلە میهریەشتدا، ئەم ئاهورا (مەزدا) یەیە کە جارێکی تر پەرستنی میهر لە سەر داوای ئەو، دێتەوە ئاراوە. و ئاهورا مەزدا، نەك تەنیا ئەم کارە ئەنجام دەدات، بەڵکو هوم بەموبەدی گەورە دادەنێت و لەم رێگەیەوە میتراش وەکو سرووش بەناوبژیی نێوان یەزشی زەمینی و دەسەڵاتی ئاسمانی خۆی دادەنێت. لەکۆتایی ئەم یەشتەدا، دوو خواوەندەکە جارێکی تر دەبن بەهاوڕێ و جارێکی تر وەکو پێشوو، پێکەوە ستایش دەکرێن، ئێستا بۆشایی نێوان سەروەری دانا، ( گەورەترین و باشترینی خواوەندەکانی) و میترا، پاسەوانی (پەیمان و بەڵێن) نامێنێت.

ئێستا ماوەتەوە کە ئێمە میهر یەشت لەو وردەکارییەکاندا، بخەینە ژێر شیتەڵکاری و توێژینەوەوە.

ئاهورا مەزدا دەڵێت:

کاتی میهری خاوەن لەوەرگە بەرینەکانمان خوڵقاند، ئەوسا ئەوم خوڵقاند، بەوئەندازەیە شیاوی پەرستن و شیاوی ستایش بێت کە خۆم هەم.

بەم خاڵە میهریەشت دەست پێدەکات و لەم رێگەیەوە ئاشکرا دەبێت کە میترا ئەوشتەیە کە رەسەن نییە و لەرێگەی هێزی داهێنەرو میهرەبانیی خواوەندی، سەروەری دانا پەیدا دەبێت. زۆر جار ئاواخراوەتەوە روو کە ئەم بەشەی، سەرەتا لەلایەن زەردەشتییەکان– کاتێ کە میترا یان دووبارە وەکو کەلە راستیدا ئێمە شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نازانین، میترا خۆی بەخوڵقێنەر ئەژمار کراوە. جگە لەمە، چەند خاڵێکی ناپەسەند خراوەتە سەر ئەم دیدگایە ناماقوڵە، چونکە میترای رۆمی، هەوەکو لەلایەن (پۆرفری Porphgry)یەوە رادەگەیەنرێت، جیهانی خوڵقاندووە، و ئیتر بەم هۆیەوە کەلە دەقەکانی مانەوی فارسیدا کە هەر هەوڵێك ئەنجام بدرێت، تاوەکو گەردووناسییەکەی بەرەوشی زەردەشتی بەرجەستە ببێت، رۆحی زیندوو– کە لەئایینی مانەوەی خواوەندی داهێنەرە– وەکو خواوەند، میهر (Mihryazd) دەردەکەوێت، بەڵام دژی ئەم تیۆرە دەبێ دەستەواژەی (خولقێنەران–پاسەوانان) بەرز بکەینەوە کە بێگومان دەبێ (ئاهورا میترا) بێت کە لە نێوان ئەم دووانەدا، یەکەمیان بەپێی پەهلەوی دەقە ئاوێستاییەکان، پاسەوان و، دووەمین بە خوڵقێنەر هەژمار دەکرێت. هەر چۆنێك بێت، ئەگەر هەوەکو باسمان کرد، کە ئاهورا (مەزدا)

و میترا بۆ ماوەی دوای ریفۆرمکارییەکانی زەردەشت پێکەوە پەیوەست بن، بە ئاستێکی بێ بایەخ دابەزی، بۆیە رەنگە ئەم میترایە بووبێت کە ئەرکی خۆڵقاندنی هاوبەشەکەی خۆی لە ئەستۆ گرتبێت. لە راستیدا وادێتە بەرچاو کە هیچ بەڵگەیەك نەبێت، تا بڵێین کارکردن (میهر) لە ئایینی کۆندا- کە تێدا ئاهورای گەورە واتە ئاهورا- میترا جووتێکی لێکدانە براویان پێکدەهێنا- بەشێوەیەکی هەستیار لەگەڵ سپەندمینۆ، خوازیاری خوڵقاندن دەبێت، بەهەمان شێوەیش گەورەترین و باشترین سەروەر، لە رێگەی میتراوە دەست بەخوڵقاندن دەکات. تێکڕای ئەم مەسەلانە دوورنین لە بیرکردنەوەی مەسیح، سەبارەت بە خوڵقاندنی خودا و باوك لەرێگەی کوڕ- خوڵقاندنی راستەقینە بەباوك، رزگار کردن بەندە بە کوڕەوە. بۆیە ئێمەش ئەگەر بمانەوێت، دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە خوڵقاندن بەندبێت بەگەورەترین سەرورەو، پاسەوانیش بەمیتراوە، ئەگەرچی هەریەکەیان دەبێ لە چالاکی ئەوی تردا بەشداریی کردبێت. ئەگەر وابێت، مرۆڤ بەخوێندنەوەی میهریەشت بەهۆی ئەوبۆشاییەی کە خاڵی یەکەم لە خاڵەکانی تر جیادەکاتەوە، سەرسام دەبێت، چونکە ئەوەی کە بەدوادا دێت، دەستوورێکی روونە بۆ پەشگەر کە هەرگیز پەیمان نەشکێنێت (زاراوەی میترا نەك بەمانای خواوەندێ کە دەبێ وەکو خودی سەروەری دانا ستایش بکرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی سادە بەمانای پەیمانی رەسمییە کەلە نێوان دووکەسدا دەبەسترێت) کەواتە، خاڵی یەکەم هەر لەسەرەتاوە، ئەوەمان پێدەڵێت کە ئایینی زەردەشتی گشتگیر، وەکو پەیوەندیی سەروەری دانا، لەگەڵ میترای مەبەستە. سەروەری دانا. تەنیا خوڵقێنەرە. بەڵام ئەو میهری یەکسان بەخۆی خوڵقاندووە. لەشێوێنێکی تردا، میترا فەرزەندییەتی، رێك وەکو چۆن لە ئەشە (=راستی) لە گاساکاندا وەکو فەرزەندی سەروەری دانا باسی لێوە دەکرێت، یان ئەوەی ئەو بەدەستی سەروەری دانا خوڵقێنرابێت.

**شیتەڵکردنی میهر یەشت.**

میهریەشت دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە:

(١) ٢-٣: پیرۆزەکان و پەیمانەکان

(٢) ٦-٤: خواوەندپەرست پەیمان دەبەستێت کە ستایشی میهر بکات.

(٣) ١١-٧: میهر لەلایەن گالیسکەسوارە چەکدارەکان وەکو خواوەندی جەنگ ستایش دەکرێت

(٤) ١٦-١٢: پێشڕەوی و بزاوتی سەرکەوتوانە لە رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا، کەلەوێدا، پێش خۆریش دەکەوێت.

(٥) ٢٧-١٧: ئازایی میهر لەجەنگداو سەرکوتکردنی بێ ئامانیان کەلەگەڵیدا درۆدەکەن و پەیمانەکانیان دەخەنە ژێری پێیانەوە.

(٦) ٣٤-٢٨: میترا وەکو بەخشندەی سەرکەتوو و چوستی و بیر بەلایەنگرانی ئەشە (=راستی).

(٧) ٤٣-٣٥: میترا سەروەری خواوەندی سوپاکان و راگری سەربازەکان و لێپێچەرەوەی سامداری ئەوانەی کە جورئەتی ئەوە دەکەن، پەیمانەکانی خۆیان

بشکێنن، خواوەندێك کە خۆی لە تورەییەکی خوێناویدا دەخاتە روو.

(٨) ٤٦-٤٤: میترا سەروەری لە خشتە نەبراو، خاوەنی دەهەزارچاو، ئەو کەسەی کە هەموو زەوی مەنزڵگەی ئەوەو ئەو کەسەیە کەس ناتوانێت لە خشتەی ببات.

(٩) ٤٨-٤٧: جارێکی تر، تۆڵەسەنێکی سامناك.

(١٠) ٥٢-٤٩: سەروەری دانا و ئەمشاسپەندان بۆ ئەو (میترا) خانوویەك بونیات دەنێت، تاوەکو بتوانێت هەموو جیهان بخاتە ژێر چاودێریی خۆیەوە.

(١١) ٦٠-٥٣:یەکەمین سکاڵای میهر لای سەروەری دانا ئەوەیە کەئەو وەکو خواوەندەکانی تر، ستایش ناکرێت.

(١٢) ٦٦-٦١: میترا بەرەکەت بەجیهان دەبەخشێت، لەرێگەی ئاوەکان لەبزاوتدان و گیاکان دەروێن. میترا سەروەت و سامانی ماددی وەکو مێگەل و دەسەڵات و فەرزەندو ژیان دەبەخشێت، ئەو کەلەخۆدا پشتیوانی گەورەو بەهێزی ئایینە.

(١٣) ٧٢-٦٧: گالیسکە (- گەردوونی) میهر، سەروەری تورە، کەلەلایەن ئەسپگەلێکی سپییەوە رادەکێشرێت: رارەوەکەی لەلایەن مەزدیسنییەوە بە فەرش راخراوە، و بەهرام وەکو یەکانە لە پێشیەوە لە بزاوتدایە، و هەموو ناحەزانی خۆی وردو خاش دەکات.

(١٤) ٨٧-٧٣: دووەم داواکاری و پارانەوەی میهر لە سەروەری دانا، ئەم جارە نەك مێگەلێك و سکاڵایەك، بەڵکو دەرخواستێکی دڵخۆشکەر کە خۆی دەزانێت سەروەری دانا، داواکارییەکەی رەتناکاتەوە.

لایەنگرانی ئەشە، میترایان بەلاوە وەکو لەناوبەری دوژمنان، لایەنگرو پاریزەری هەژاران و گاوایە: ئەوان لە رێگەی قوربانی (یەزش)ەوە، دڵخۆش دەکەن.

(١٥) ٩٤-٨٨: هوم ستایشی میهر دەکات. لەم کارەدا، ئاهورامەزدایش لەگەڵیدا، بەشدارو هاوبەش دەبێت. ئەم (شێوازە نوێیە لە) ئایینی میهر، لەلایەن سەروەری داناو ئەمشاسپەندانەوە، پشتگیری و پەسەند دەکرێت.

(١٦) ١٠١-٩٥: میهر لەگەڵ سرووش و رەشەندا، دەمەو ئێواران لەم سەرزەمینەدا دەگەرێن. ئەنگرە مینۆ تورەدەبێ دێوو درنجەکان لە بەرامبەریان رادەکەن، هەردەم نزاوتکا دەکەن کە نەکەونەبەر تورەیی میهرەوە.

(١٧) ١٠٣-١٠٢: سەروەری دانا، میهر دەکاتە پارێزەرو چاودێری جیهان.

(١٨) ١١١-١٠٤: میهری دوور لە هەڵە، دەکەوێتە گەران و هەموو ئەوانە سەرکوت دەکات کە پەیمان دەشکێنن (چونکە ئەو لە درۆ بێزارە) و هەر لەبەر ئەمەیە کە بەباشی رەها ئەژمار دەکرێت. ئەو سوورە لەسەر ئەوەی رزگار بووەکان دەوڵەمەند بکات، بەڵام بۆ دوژمنانی - ئەوانەی کە بەجوانی ستایش و قوربانییەکانی جێبەجێی ناکەن- رووبەرووی مەرگ دەکاتەوە.

(١٩) ١١٤-١١٢: نابوتکردنی هەموو ئەوانەی دەست دەدەنە قوربانی قورس.

(٢٠) ١١٨-١١٥: جۆرەکانی پەیمان: میهر پەیمان دەدات تا ئەئەنگرە مینۆ نابوت بکات.

(٢١) ١٢٢-١١٩: سەروەری دانا، رێورەسم و

دابونەریتی ئایینی میهر پەرستی بونیات دەنێت.

(٢٢) ١٢٤-١٢٣:سەروەری دانا، میهر لە ئاسمان (گروتمان) و خانووی (- مان) رووناك دەكات.

(٢٣) ١٣٥-١٢٤: میترا ئاسمان (گروتمان)دا بەرەو پێشەوە دەڕوات، لەكاتێكدا كە گالیسكەكەی لەلایەن چوار ئەسپی سپییەوە رادەكێشرێن. ئەو لەلایەن راستگۆترین چیستاوە، هاوڕێیەتی دەكرێت، تاوەكو ئایینی بەرزی مەزدیسنییە و لەلایەن ئاگرەوە كە سومبلی دەسەلاتی شاكانە (Kavaem xvardno). وەسفكردنی چەكەكان و لەنابردنی ئەنگرەمینۆ و لانگرانی و، نزاوتكا بۆ ئەوەی میترا، بەتوڕە بوون و رق، بەندەو پەرستكار سەركوت نەكات.

(٢٤) ١٣٦: چوارچەرخە (گەردوونە)ی یەك چەرخ و زێڕینی ئەو.

(٥٢) ١٣٩-١٣٧: بەزەیی خێروبێری میهر بۆ ئەو كەسانەی دابونەریت و ڕێورەسمی قوربانی (یەزش) بەباشی بەڕێوە دەبەن: و ناڕەزامەندی ئەو لە پیاوێكە كە پەیڕەوی راستی نەبێت، ئەگەر چی ڕێورەسمی نزاو تكا بەباشی جێبەجێ بكات، بەلام ڕەزامەندی و پشتگیری سەروەری دانا، ئەمشاسپەندان و میترا بۆ لای خۆی رادەكێشێت.

(٢٦) ١٤١-١٤٠: میترا وەكو خواوەندی باش و وەكو چوارچەرخەرانێكی بەهێز، بەبەزەیی و لە خشتە نەبراو ستایش دەكرێت.

(٢٧) ١٤٤-١٤٢: میترا وەكو رووناكییەك كە هەموو جیهان رۆشن بكاتەوە، ستایش دەكرێت.

(٢٨)١٤٥: لەرێگەی (بەرسەم)وە ئاهورا- میهر ستایش دەكەین؛ هەموو سەروەرانی بۆڵندپایەی راستی، بۆ هەمیشە (ستایش دەكەین) ئەستێرەكان، مانگ، خۆر، میهر، سەروەرو سەرزەمینەكان ستایش دەكەین).

## میهر وەكو پەیمان و شەهریار

كۆمەڵگەیەی ئێران وەكو كۆمەڵگە خوشكەكەی لە هێند، بەشێوەیەكی بەرچاو، دەكرێت بە (٣) چینی سەرەكییەوە: موبەدەكان، جەنگاوەرەكان (چوارچەرخە سوارەكان - rAOAESTAR ) و كۆمەلانی جووتیارو وەرزێر. بەلای لایەنگرە توندڕەوەكانی پێغەمبەرەوە، خودی زەردەشت سەركردەی ئەم (٣) چینەیە، بەلام لە میهریەشتدا، ئاشكرایە كە (میترا) جگە لە خواوەندی جەنگ، پۆستی موبەدی ویالانی كەم ئەركی داوەریش بەخۆی رەوا دەبینێت كەلەم ئەركەدا، ئەو نەك ئەركی رێزنان لە پەیمانە مرۆڤایەتییەكان دابین دەكات، بەڵكو لە رێگەی خۆیەوە، دەریدەخات كە تێكرای ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بنەمای پەیمان بەندن، هەڵناوەشێنرێنەوە. هەروەها لەم یەشتەدا دەردەكەوێت كە ئەو چاودێری هەموو كۆمەڵگەی جوتیاران و خۆشگوزەرانی تێكرای كۆمەڵگە دەكات و باران دەبارێنێت.و لە رێگەیەوە گیاكان دەڕوێن (٦١)؟ هەروەها لە رێگەی بەخشینی مێگەلەوە، خەڵكی چالاك دەبن و ژیان گەشە دەكات (٦٥)؟ بۆیە ئەو خواوەندەی میللەتی ئێرانە- واتە موبەدان و جەنگاوەران تا دەگاتە جووتیاران و وەرزێران- كە زەوی دەكێڵن - تا دەوڵەت و

دەوڵەتداران. (١٤٥-): ئەو وێنەی خواوەندی شاهی شاهانی هەخامەنشینە. و هەروەها قەڵەمڕەوی کاری وەکو سرووش، سەرانسەری ئەم گۆی زەوییە: (کەسێك کە مەنزڵەکەی بە پانتایی زەوی لە جیهانی ماددیا بونیات نرابێت، پانتاییەکی پان و بەرینە و لەهیچ کەمی نییە رووناك و هەموو شوێنێك دەگرێتەوە) (٤٤): بۆیە ئەو سەروەریشەو دادوەریشە، واتە ئەو سەروەری دونیا وسەروەری غەیرە دونیای ئەم جیهانە ماددییەش (٩٢) وەکو لێکچوونی مرۆڤانەی خۆی، لەم سەرزەمینەدا، هەزار گوێ و دەهەزار چاوی هەیە (§١٤١) کە لە رێگەیانەوە ئاگاداری هەموو شتێك دەبێت و لە ئاکامدا، هیچ کەسێك ناتوانێت لە خشتەی ببات و گزی لێبکات. چاوەکانی، بەوشێوەیەی کەمەزەندە دەکرێت، ئەستێرەکانی ئاسمان نین، بەڵکو چاوەکان و گوێکانی پاشان کە ئەوانیش هەموویان جاسوسی شان. ورێك وەکو تۆڕێکی جاسوسی (- هەواڵ چن) کەشای شایان لە کارە چەوتەکانی کاربەدەستانی ئاگادار دەکاتەوە، میتراوەکو پاشا لەکاربەدەستانی خۆی پشتگیری دەکات، راستی و دروستیان بەدیاری بۆ دەهێنێت، بەڵام رێك وەکو ئەوەی لە هیندا ئەم مەسەلەیەکە بەشێکە لە ئەرکەکانی شا کە نەك تەنیا لایەنگرانی خۆی بپارێزێت، بەڵکو دژی هاوسێکانی شەڕ بەرپا بکات، بەهەمان شێوە ئەمە لەئەستۆی میهردایە کە دژی پەیمان شکێنان- کەدان بەبالآ دەستی خواوەندادا نانێن- بکەوێتە شەڕەوە. بەلای زەردەشتەوە درۆ وەکو کارێکی هەڵە و قوربانی نادروست وابوو کە بەلای ئەشە - کە هاوئاهەنگیی جیهان دەپارێزێت- بەدوژمن ئەژمار دەکرێت. بەلای میهر پەرستەکانەوە، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی تایبەت بەشکاندن هەڵوەشاندنەوەی پەیمان و رەتکردنەوەی خواوەند - کە سومبلی ئەم پەیمانەیە- لە قەڵەم دەدرێت. ئەشەلە ئاییني زەردەشتی کۆندا، هەمان پێگەی میترای هەیە لە میهریەشتدا: تورەکردنی میهر، تورەکردنی ئەشەیە.

**سەرچاوە**

**کتێبی (طلوع و غروب زردشتی گری)**

# هیندۆ ئێرانییەکانی چیای زاگرۆس

لێکۆڵینەوەی : جۆرج کامیرۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمە سالح تۆفیق

تائەو ئاستەی باس و لێکۆڵینەوە لە قۆناغە بەراییەکانی مێژوو کرابێت، وا دەردەکەوێت کە دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس بچنەوە سەر کۆمەڵێکی نەژادی کە پێیان دەوترێت قەوقازی. ئێمە ئیلامیو کاشی و گۆتی و چەند کۆمەڵە دانیشتوانێکی دیکەی خودموختاری ئەم بەرزاییانە دەبەینەوە سەر ئەم گرووپە. پەیوەندییەکی دووری زمانەکەیان لەگەڵ دیالێکتەکانی تامیلدا لە هندستان بەزۆری ئەوە دەگەیەنێت کەوا تەواوی بانی ئێران نیشتەجێی خەڵکانی سەر بەم گرووپە بووە.

هاتنی کاشییەکان بۆ بابل، بە لە بەرچاوگرتنیان لەدیدی مێژووییەوە خۆی لە خۆیدا سەلماندنێکە بۆ هاتنە کایەی رەگەزێکی تری خەڵك، کە هیندۆئێرانین، بۆ ئەم ناوە. ئەگەر چی کاشییەکان خۆیان لەم نەژادە نین، بەڵام وادیارە ئەزموونی مامەڵە و پەیوەندییان بووبێت لەگەڵ هیندۆ ئێرانییەکاندا، چونکە گەلێ باوەڕو بۆچوون لەمەڕ خوداوەندو پەرستن تێکەڵ بەبیروهزریان بووە وئەو ناوچەیەش کەوا ئەم ئاوێتە بوونەی تێدا هاتبێتە ئاراوە دەبێ ئێران بێت و تێڕوانین و تێفکرین لە چۆنێتی ئەم ئاوێتە بوونە گران نیە. هەر لە پێدەشتەکانی باکووری قەوقازو دەریای قەزوێنەوە بەسەر دەشتایی و بانەکانی تورکستاندا، سەرۆك خێڵە هیندۆ ئێرانییەکان و جەنگاوەرە ئەسپ سوارەکانیان روویان کردووەتە ئێران و لە نزیکەی سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاینەوە بەشێکیان بەرەو هندستان ملیان نا، لە باشووری خۆرهەڵاتەوە، لەوێ فەرهەنگ و زمانی خۆیان سەپاند بەسەر خەڵکە ژێردەستەکاندا و ئەمەیان دواتر زمانی سانسکریتی لێکەوتەوە. بەشەکەی تریان کە بچوکتر بوون، هاتنە خۆرئاوای ئێرانەوە، لەم بەشەدا کاشییەکان ئاشنابوون بە خواوەندی رۆژ، (سووریا)، خواوەندی درم و پەتا،(ماروت) ، خواوەندی زریان، (بوریا). هەروەها ئەوەشیان دۆزییەوە کەوا ئەسپ وەك

گیاندارێك بۆ جەنگاوەر زۆر نایاب و دەست باڵایە، بێجگە لەوەش زۆر لە گاو کەر باشترە بۆ راکێشان.

لاباڵە رۆژئاواییەکەی داگیرکەرانی هیندۆئێرانی هەر بەچیاکانی زاگرۆسەوە نەوەستا، بەڵکو سەرۆکەکانیان بەرەو خۆراوا داکشان بۆ کەوانەی فورات ولەوێ لەسەر خاکی میتانی جێگیر بوون، پاش کۆچێکی پڕ لە شەکەتی و ماندووبوون لێرە حەسانەوەو مەملەکەتێکی گەورەیان دامەزراند. ئەمانە ناوەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی هیندۆ ئێرانین و داماڵراون لەو ناوانەی کە رۆژگارێك هی نیشتمانی زێدیان بووە و دواتر بوو بە هیندۆس (Hindus) و خواوەندەکانیان ناوی هیندۆئێرانییان هەبووە وەك: ئیندرا، ڤارونا، میترا، ناسایتاو جەنگاوەرەکانیان نازناوی (ماریا) یان لێنرابوو بەمانای (قارەمان) و لە سانسکریتیدا باوە. بەڵگەنامەکانیان گەلێ باس لە پیشەیەکی نموونەیی هیندۆو ئێرانی دەکات کە ئەسپ راگرتنە.

ئێمە دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کەوا هیکسۆسەکان بەبنەچە دەچنەوە سەر ئەم نەژادەو ئەمانە لەسەدەی هەژدەی پێش زایندا میسریان خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆیان. رۆژگاری ئەمڕۆ کەم کەس گومان لەوە دەکەن کە ئاریانەکان (Aryans)لەناو ئەوانەدا بە دیالێکتی گرووپی سێنتەم (Centum)ی هیندۆ ئەوروپایی قسە دەکەن هەر لەو دەمەدا بەشێك لەئاریانەکان دایان بەسەر بەشێکی بنەڕەتی قەوقازی ئەنەدۆڵداو دەسەلاتیان بەسەر شاری (بوغاز کۆی)دا سەپاند، کە پایتەختی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی هیتییەکان (Hitite) بووە.

هیکسۆس لەدەوروبەری ساڵی ١٨٥٠ی پێش زایینـدا دەسەلاتیان لە میسردا نەما، بەلام پاشاکانی هیتییە هیندۆ ئەوروپاییەکان تا سەدەی سیانزدەهەم هەر خاوەن دەسەلات بوون و لەوە بەدواوە( خەڵکانی دەریا) مەملەکەتەکەیان وێران کردن و بوونە مایەی هەڕەشە لە هێمنی میسر. فەرمانڕەوا هیندۆئێرانییەکانی میتانی سەدەیەك پێش ئامۆزاکانیان لە ئەنەدۆڵدا تێداچوون. ئەرستۆکراتییە بچووکەکانیان پێشتر کەوتنە بندەستی دەسەلاتدارەکانی قەوقاز، ئەمانیش چەشنی کاشیەکان زمان و نوسینیان قەوقازی بوو و پاش ئەوەی لەناو چوون پاشماوەیەکی فەرهەنگی هیندۆ ئێرانییان هەر لێبەجێما. بەهەر حاڵ هاتنی ئەمانە بۆ کەوانەی فورات بایەخێکی مێژوویی گەورەی هەبوو. پێدەچێت ئەمانە پاسەوانی بەر لەشکری ئەژمارێکی گەورەی ئەمان شەپۆلە کۆچ بووبێتن کەوا هاتوونەتە ئێرانەوە. لەکاتێکدا کەوا لە دەوروبەری ١٥٠٠ی پ.ز گەیشتوونەتە سنوری باکووری خۆرئاوای میزۆپۆتامیا. هەر لەو دەمەدا هاونەژادەکانیان لە خۆرهەلاتدا بەرەو هندستان بووبوونەوە. لێرەوە بەباشی دەتوانی گریمانەی ئەوە بکەیت کەوا بان و دەشتاییەکانی ئێران بە چەند سەدەیەکی بەرو دوای یەك لەلایەن خەڵکانێکەوە داگیرکراوە کەوا پێنج سەدساڵ دواتر چوونەتە ئەو قۆناغە مێژووییەوە کە بە میدییەکان و فارسی ئێران ناسراون. خەڵکی

قەرقازی تەنها لەناوچەکانی زاگرۆسدا سەر بە خۆیـی خۆیـان پاراسـتووە، ئـەم راسـتیەش ئاوابوون و دیارنەمانی ناوە هیندۆئێرانییەکان دەردەخـات لــە تۆمــارە مێژووییــەکانی فەرمانڕەوا ئاشوورییەکاندا کەوا تـا سـەدەی نـۆی پێـش زایـین ئـەم چیـاو ناوچانـەیان لـە بندەستدا بووە.

ئێمـە ئێسـتا ئاشـنای نـاوی هـەندێ لـەم ناوچە سەر بەخۆیانـەین، بەڵام ئەوانی تریان بەتــەواوی تــازەن. لــە سـنووری بــاکووری ئیلامەوە، هەر لە ساڵانی ٩٠٠ی پ.ز وەخاکی ئیلیپییــە (Ellipi) کــە چیــاو دۆڵــەکانی خۆرهەڵاتی باکووری دێر(Der) دەگرێتـەوە تا دەوروبــەری نــەهاوەندی ئــەمڕۆ و درێــژا دەکێشـێت تـا ڕێگـەی بـەغدا - کرماشـان- هەمەدان. لە باکووری ئێرەشەوە پاشماوەکانی گۆتی و کاشییەکان، کەلە قۆناغە بەراییەکاندا خەڵکەکەی بەلۆلۆبی (Lullubi) دەناسران و تا ئـەم دەمـەش نیشـتەجێی دەشـتی شـارەزوور بــوون و بەشــی بــاکووری ئــەو شــارەێ بازرگانییـەیان دەپاراست کەبـەو دەشـتەپان و فراوانەدا گـوزەری دەکـرد. هـەندێ جار نـاوی خاك و وڵاتـی نـامری (Namri) دێتـە پێشـەوە کـە گرێـدراوی نـاوی بێـت هەمبانـە (Bit Hamban) لـەو شـوێنەدا ڕووبـاری دیالـە لـە چیاکــان دەردەچێــت، بــەڵام بــەزۆری وا پێدەچێت نامری گوزارشێکی ئاشووری بێت بۆ ناوچەکانی خۆرهەڵاتی باشوور، لەکاتێکدا کـە نـاوی بـاوی ناوچـە کۆنینـەکانی لۆلۆبــی زامـوا (Zamwa)یـان بـەمازاموا (Mazamua) ناوی هـاتووە کە بووە بە ویلایـەتێکی وڵاتـی ئاشوور.

باکوری ئەم ناوچەیە، کە دەکاتە باشوور باشـووری خۆرهـەڵاتی گـۆلی ورمـێ، خـاکی ماننـای (Mannai) بووە، بەڵام لای خۆرئاوای گۆلەکەوە ناوچـەکانی پارسـوا (Parsua) یان پارســـواش (Parsuash) بـــووەو یەکـــەم وێستگەی ئێرانییەکان بووە بەرەو پارسوماش (Parsumash)و پاشانیش پارسا (Parsa).

ناوچەکانی ئیلیپی زامـوا بەنامری وڵاتـی لۆلۆبیشــەوە، ماننــای و پارســواش ڕێگــری ســـەرەکی بـــوون لەبـــەردەم دەســـەڵاتی ئاشـوورییەکاندا لەناوچـەکانی زاگرۆسـدا بـۆ ماوەی چەندین ساڵ و بەردەوام ئەم ناوچانە مـەیدانی جەنگـدان و پێکدادانـی ئاشـووری و ئێرانییەکان بووە.

پاشـای ئاشـووری ئـەداد - نـیراری دووەم (Adad - nairill) (٩١١-٨٩٠ پ.ز) باس لـەوە دەکات کەلەپشتی زنـی خواروودەوە تێپـەڕیوە بەسنووری لۆلۆبـی و زامـواداو بـەراڕاوەکانی نـامری دا گـوزەری کـردووە، بـەڵام ئەمـە تـا ســـەردەمی ئاشـــوور- ناســـرپاڵ (Ashurnasirpal) (٨٨٥-٨٦٠پ.ز) ڕووی نـەداوە، کـە هـەر پێشـڕەوییەك بـە زاگرۆسـدا ڕێگەی پێنەدەدرا. لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئـەمدا جـەنگاوەرە ئاشـوورییەکان زنجـیرە چیاکـانی هـەورامانیان خسـتە ژێـر ڕکێفـی خۆیانــەوە، کــە دەکەوێتــە خۆرهــەڵاتی شارەزوورەوە. لەپاش سێ پـەلامار ناوچەکە بەشـێوەیەکی پچڕپچڕ داگـیرکراو شـاری دور ئاشـوور (Dur Ashur) لەسـەر شـوێنەواری شارێکی دێرین، ئەتلیلا (Atlila)، دامەزرا وەك

مەڵبەندێك بۆ رایی‌كردنی كاروباری ناوچەیەكی پڕ لەدانەویڵە، یەكێك لە نەیارەكان ناوێكی سامی هەیە، نور-ئەداد (Nur-Adad) و ئەوانیتر: موساسینا- گیرتیارا - ئەمێكا- ئارشتوا - سابینا- ئانا- هەموو لەوناوانەن كە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بە ناوی گرووپە زمانەكانی قەوقازییان دابنێین. بەم پێیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە تێكەڵییەكی هیندۆئێرانی پەیدابووە لەگەڵ خەڵكە خۆماڵییەكەی ئەم بەشەی زاگرۆسدا، بەڵام هیچ شوێنەوارێكی لەساڵانی ٩٠٠پ.ز بەملاوە بەدیناكرێت.

فشاری هیندۆئێرنییەكان، یان لێرە بەدواوە راستتر وایە بە ئێرانییەكانی دەشتاییەكان ناویان بهێنرێت، لە پڕ كەوتە نێوشاخەكانەوە ئەمان لەمیانی پێشرەوییاندا بەرەو رۆژئاوا بەنێو زاگرۆسدا شارە شوورەدارەكانانیان لەدەست سەردارە خۆماڵییەكان دەسەندەوەو دەیانسەلماند كەوا ئەمانیش چەپیان لەوانی پێش خۆیان كەمتر نیە لە ترسناكیدا بۆ رووبەرووبوونەوە لەگەڵ جەنگاوەرانی ئاشووریدا. بۆ یەكەمجاریش ئەم حاڵەتە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شەلمانسەری سێیەمدا (ShalmanserIII) دەبینین.

لەساڵی ٨٥٦پ.ز ئەم سەربەخۆییە لە زاموادا لەئەستۆی دوو سەركردەی قەوقازیدا دەپارێزرا: نیكدیمە (Nikdime )و نیكدیارا (Nikdiara). لەساڵی ٨٤٤پ.زدا فەرمانڕەوایەك بەناوی ئیانزو (Ianzu) كە ناوەكەی وشەیەكی كۆنی كاشییە بەواتای (پاشا) دێت وەك ئەڵقە لە گوێیەكی ئاشوورییەكان لەنامری (Namri) دانرا. یاخیبوونی ئەم فەرمانڕەوایە لەساڵی ٨٣٥پ.زدا بەڵگەی پتر داگیركاریی ئاشوورییەكانە لە خۆرهەڵاتدا. نامری و پارسوا بوون بە وڵاتی ماد یان میدییەكان و بەرەنگاری ئاشوورییەكان بوونەوە لە نزیك سەقزی ئێستادا كەوا سەدو سی میلێك دەكەوێتە خۆرهەڵاتی ئەربیلاوە (Arbela) و لە باشووری گوڵی زرێبارەوە لەهەرهەر (Harhar) كە لێرە بەدواوە وەك قەڵایەكی سنوری ئاشوورییەكان ناوی دێت و پەیكەرێكی شاهانەی تێدا دروستكراوە بۆ پەرستن. هەروەها لەساڵی ٨٢٩پ.ز دا سوپاسالاری ئاشووری پێشڕەویی كردووەتە سەر ئواڵكی (Ualki)، وڵاتی مانییەكان لەنێوان ئێرەو پارسوادا، لە خۆرئاوای گوڵی ورمێوە بەرەنگاری ئەرتەساری (Artasari) بووەتەوە، كە ناوەكەی پێكهاتەیەكی باوی ئێرانییەوە دەردەخات كە چۆن رەگەزی نوێ هاتووەتە ناوچەكەوە. لەساڵی ئایندەدا پارسواو نامری هاتوونە ژێر ركێفەوە كەوا بوو ئێمە دەبێ لەوە دڵنیا بین كە تەواوی وڵاتی زاموا لەم سەردەمەدا لەژێر دەسەڵاتی ئاشوورییەكاندا بووبێت.

كاتێ كە یاخیگەرییەكەی وڵاتی ئاشوور كۆتایی بە سەردەمی شەلمانسەر هێنا، جارێكی تر ناوچەكانی خۆرهەڵات ئۆتۆنۆمییان بە دەستهێنایەوە. بەمجۆرە پارسوا لە خۆرئاوای گۆلی ورمێ چووە ژێر ركێفی دەسەڵاتێكی نوێوە لە بەرزاییەكانی

ئەرمینیا بەناوی هاڵدیاوە (Haldia) کە پاشاکەیان نەخشێکی یادرگاری (میلیك)ی بەجێشتووە لە دۆڵی کێلەشین (Keleshin) لە باشووری خۆرئاوای گولەکەوە. ئەم بارودۆخە لەلای ئاشورییەکان قبوولْ نەکراو هێزەکانی فەرمانڕەوای نوێ شەمشی- ئەدادی پێنجەم (Shamshi-Adadv) (۸۲۵-۸۱۲پ.ز) پێشڕەویی کرد بۆ ماننای و پارسوا هاوکات لەگەڵ میسو (Mesu)و گیزلبوندو (Gizilbundu)، کە ناوچە گەلێکن پێدەچێت کەوتبێتنە دۆڵی رووباری جەغەتی یەوە (Jaqhati River )کە دەڕژێتە گۆلی ورمێوە. لێرەدا رووبەرووی ئێرانییەك بووەوە کە (-piri shate)ی ناو بوو ئەگەر راست بێت و وەك هەواڵنامە مێژووییەکان باسی لێوە دەکەن کە پاشای ئەم وڵاتە بووە، بۆمان دەردەکەوێت کە گواستنەوەیەك هاتووەتە ئاراوە لە حوکمڕانانی قەوقازییەوە بۆ ئێرانی وئەم ناوانە : ئیر تیساتی، ساتیراتی، ئەرتاسیرلرۆ،، مامانیش پشتگیری ئەم ئەنجامە دەکەن و دەگەڕێنەوە بۆ پاشاکانی وڵاتی نایری (Nairi) بەدەم سنوری ئەرمینیاوە. بەهەر حاڵ کاتێ هێزە ئاشوورییەکان لە پارسواوە بەرەو خوار پێشڕەوییان کرد بۆ وڵاتی مادای یان میدیا و بە زۆری لە ناوچەی تەختی بەڵقیس ی بەبەفر داپۆشراو بەرەو رووی سەرۆکێك بونەتەوە بەناوی (Hansiruka)، کەناوەکەی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا قەوقازییە.لە ساڵی ۸۲۲پ ز بە دواوە ئیدی ئێرانییەکان دەست باڵا بوون لە زاگرۆسی باکووردا تا ئەم دەمەش جموجۆڵی ئێرانییەکان لەدەشتایی ئێرانەوە بەرەو چیاکانی زاگرۆس هێشتا تەواو نەبوو بوو.

شەمشی _ ئەداد لەساڵی چوارەمی فەرمانڕەواییدا پەلاماری خۆی بۆ سەر وڵاتی بابل دەست پێکرد بە تێپەڕبوون بە ئیبیدا(Ebih) کە لای باشووری زنجیرە چیای حەمرینەو شارەکانی میتورنات (Meturnat) و دیبینا (Dibina)ی گرت بەدرێژایی ئەو ناوچانەی ئیلام کە بە (- Shilhak Insushinak) ناو دەبرێن. لەساڵی پێنجەمدا ئاشوورییەکان زێی خواروو، چیای (Ebih) تورنات (Turnat) یان دیالە یان تێپەڕاندو بەرەو چیای هەشمار (Hashmar) پێشڕەویان کرد و چوونە دێرەوە (Der) (بەدرەی ئێستا) و تالآنیان کرد. دانیشتوانی دێر شارەکەیان چۆڵکردو چوون بۆ ئیلام. پاشان هەخامەنشییە ئێرانییەکانی تێدا نیشتەجێ بوو و هەر لە بیت بوناکی (Bit Bunakki )لە راسەری ئاوڕێژەی کەرخاوە (Karkhah) تا ئەو شوێنەی دەستیان گەیشتێ بەجارێ تالآن و برۆ و وێرانکاری و سووتان بوو. لە ئاخرو ئۆخری سەردەمی شەمشی - ئەداد دا هێزەکانی نامری لەگەڵ دوژمنانیدا یەکیان گرتەوەو ماوەی شەست و پێنج ساڵ لە وڵاتی ئاشور و جیابووەوە. لەو ماوەیەدا ئاشوورییەکان هەشت جار هێرشیان کردە سەرمیدییەکان، دوو بۆسەر ماننای وە چوار بۆ سەر نامری. ئەمانە هەمووی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو چونکە سەر لەنوێ ئەستێرەی هاڵدیا (Haldia) کەوتبووە درەوشانەوە. مینواش (Menuash) پاشا پارسوای گرت و

پاشان میلی سەرکەوتنی خۆی لەسەر تاش تەپە بەجێهێشت لەباشووری گۆلی ورمێ وە لە ولاتی ماننای. پاشای ئاشووری ئەداد _ نیراری سێیەم (Adad - NirariIII) (٨١٢-٧٨٢پ.ن) هەمان شێوازی جارانی گرتەبەر کاتێ کە ویستی ئیلیپی ، هەرهەر، ئارازیاش، مێسو،میدیا، گیزلبوندو، موننا یان ماننای، پارسواو ناوچەکانی تر داگیر بکات. ئەوانی دوای ئەو هاتن زۆر لەو لاوازتر بوون.

ئێستا وا گەیشتووینە دوا قۆناغی مێژووی ئاشوورییەکان بەهاتنە سەر تەختی تیگلات پلاسەری سێیەم (Tiglathpileser III) (٧٤٩-٧٢٨ پ.ن) و کاتێ کە تۆمارەکانی تاوتوێ دەکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە نەیارەکانی لە خۆرهەلات ئەو ناوانە هەلدەگرن کەوا تێکەلییەکی تەواوی نەژادەکانی کاشی و قەوقازی و ئارامی و ئێرانی دەگەیەنن. زیادکردنی دەسەلاتی ئەمەی دواییان بایەخێکی گەورەی هەیە چونکە بنەمای دروست بوونی ئیمپراتۆرییەتی ئێران بوو. لایەنێک لە پەرەسەندنی ئاشوورییەکان لەسالی دووەمی فەرمانڕەوایی تیگلاتپلاسەردا گێرانەوەی ناوچەی بەپیتی شارەزوور بوو بۆ بارودۆخی ویلایەتێک کە سالانی دواتر حوکمدارەکەی هاوکاریی لە راگواستنی چەند گرووپێکی دانیشتوانی شارەزووردا کردووە بۆ سووریا. ئەم ناوچەیە هێزەکانی سوموورزا و هەلپیو ولاتی بیت هەمبان (Bit Hamban) ی بۆ خۆی راکێشاوە. هێلی دووەمی هێرشەکە کەوتە راوەدوونان (مگاردە) لەنێوچیاکاندا و بەرەو گەلێ شوێنی دوور پەلی هاویشت و زەحمەتە بتوانن ئەو ولات و شارانەی ناویان هاتووە بەتەواوی دەست نیشانیان بکەین. زۆربەی ئەم ناوانە رەگ و ریشەی قەوقازییان هەیە و زۆر هێما بەخشن. هەندێک لەمانە کاکی (Kaki)، بیت زاتی (Bit zatti)، تواناکو (Tuanaku)، بیت ئابدەدین (Bit Abdadin)، میتاکی (Mitaki)، بەتتانو لە بیت کاپسی (Bitkapsi)، (Bisi- hadir) لە شاری کیشیاو و راماتیا لە ئەرازیاش.

لێکۆلینەوەیەکی وردی تۆپۆگرافی ئەم هێرش و پەلامارانە ئەگەری ئەوە پشت راست دەکاتەوە کەوا هێزە ئاشوورییەکان پێشڕەوییان کردووە بۆ ناوچەی دەوروبەری بانێ(Bane) و بیستان (Bistan)، نزیکەی سەد بۆ سەدو بیست و پێنج میلێک لە خۆرهەلاتی ئەربیلا بەسەر ناوچەیەکی سەخت و هەلەتدا. لەبێت ئابدەدین، کەوا چەندین سال بوو سەر بە ولاتی ئاشور بوو، پێویست بوو لەسەر Mannu-Kima-Sabe ی سامی کەوا سێ سەد تەلێنت لازوەرد ( نزیکەی دە تەن ئەگەر بڕوا بە تۆمارەکەی بکەین") و پێنجسەد تەلێنت مس رەوانە بکات.

لە سالی ٧٣٧پ.زدا گەورەترین پەلامار ئەنجام درا. ئوباش ی بیت کاپسی، کەوا ناوچەکەی کەوتبووە بندەسەلاتی ئاشوور، هەلات بۆ چیای ئەبیرۆس، کە رەنگە لووتکەیەکی پێنج - عەلی - داغ بووبێت باکووری خۆرئاوای هەمەدانی ئێستا. سەرۆکەکانی تری وەك (Tanus,Ushuru, Bur-Dada)بەهەمان شێوە خۆیان لەشەر پاراست (Iautarshi) کە ناوە ئێرانییەکەی

بەنگەی رەگ و بنەچەیەتی و لەنزیکی چیای (Rua)کە درێژ دەبێتەوە بۆ بیابانی خۆی و پێدەچێت چیای پێنج - عەلی - داغ خۆی بێت. ئەم سەرکەوتنانە بووبە هۆی ئەوەی کەوا شەریعەتی سەرۆك بەچاکی روونی دەکاتەوە کەوا پەلامارەکە لە راستیدا بۆ سەر وڵاتی ماد یان میدییەکان بووە، چونکە لەم هەموو ناوچانەدا تەنها میدییە ئێرانییەکان یەکیان گرتبوو لە شێوەی مەملەکەتێکدا. ئەو نەخشانەی پەیوەندییان هەیە وننەیەکی پێشڕەوییەکە دەگەیەنن ئەگەر چی بە وردییەکی کەمتر لە گێرانەوە مێژووییەکەی. لەمانەدا ئێمە وڵاتی پارسوا، شاری زاکروتی (Zakruti) میدییەکان، وڵاتی نیشای (Nishai) ولێرە ئێمە داواکاریی باج و خەراج دەخوێنینەوە کە خرابووە سەر وڵاتی میدیا و ئیلینی و لەسەرداری هەموو چیاکان تاوەکو چیای بیکنی (Bikni).

ناو هێنانی پارسوا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش دەرەوەی شوێنە تا لە پشتی ئەو ناوەوە چەندین گرووپی خەڵك دەبینین لە پارسواوە کۆچ دەکەن لە لێوارەکانی گۆلی ورمێوە رووەو باشووری خۆرهەڵات و بەرەو هەمەدان. شاری (Zakruti)تا ئێستاش جێی تەمومژە ئەگەر چی هەندێك بەتیرەی ساگارتیۆی ئێرانی دادەنێن، کە لەلایەن هیرۆدۆتسەوە باس کراوە.

نیشای زۆر ئاشناو ناسراوە بەو رەگەزە ئەسپەی لەوێ بەخێو دەکرا. (Ellipi)یش دەمێکە ناسراوە لەکاتێکدا چیای بیکنی (Bikni) دەمێ ساڵە بەچیای دەماوەند دەستنیشان کراوە بە بەراورد( بیکنی، شاخی لازورد) بەبەردی شینی بەناوبانگ بەدرێژایی چەرخ و رۆژگار بەسە بۆ سەلماندنی ناسنامەکەی بە لووتکەی سەر بەبەفری شینباویەوە کە دەڕوانی بەسەر تارانی پایتەختی ئێراندا. کەوا بوو پێویست بەوە نیە داواکارییەکەی تیگلات پلاسەر روون بکرێتەوە کە چۆن زیادە ڕۆییەکە ڕێی تێدەچێت. ئەمە زیاتر بۆ باج و خەراج و رەنگە کرینی کەلو پەلی بازرگانی و خەڵات و دیاری بێت بە خوایشت یان بەزۆر. کاتێ سەرگۆن (٧٢٢-٧٠٥پ.ز) هاتە سەرتەختی پاشایەتی وڵاتی ئاشوور بەرەو رووی کێشەی پاراستن و پەرەپێدانی رێکخستنی ویلایەت و ناوچەکانی زاگرۆس بووەوە، هەروەها بەرگری کاریگەریی ئیمپراتۆریەتی هاڵدی Haldian بۆ باکووری خۆرهەڵات. هەڕەشەو مەترسی یەکەمجار لەمەملەکەتی ماننای سەری هەڵدا، کەدەکەوێتە باشووری گولی ورمێوە، کەوا سەرکردەیەکی ئێرانی بەناوی میتاتی (Mitatti) لە وڵاتی زیکیرتو (Zikirtu) خەڵکی ئەو دەڤەرەی قەناعەت پێهێنابوو کە یاخی بن لە ئیرانزو (Iranzu)ی گەورەیان، ئەمیش پەنای بردە بەر سەرگۆن و یاخیبووەکانی لەساڵی ٧١٩ی پ.ز دەرپەڕاند،بەڵام سێ ساڵ لەوەو پاش پاشا تازەکە، کە ناوی ئازا (Aza)بوو، لەلایەن میتاتی و ئێرانییەکی تر بەناوی بەگداتی Bagdatti بڕوردرا. سەرگۆن دیسانەوە وڵاتەکەی گێڕایەوە ژێر دەست و ئەمجارە لە جیاتی ئازا برایەکی دانا بەناوی ئولوسونو (Ullusunu) بەڵام ئەمیش هەر

بەرگەی نەگرت. ئاشوورییەکان هێرشێکی تری بە پەلەیان کردەوەو دیسانەوە هێنایانەوە سەر تەخت و ئەمجارەیان ویلایەتی پارسواش (Parsuash) یان فراوان کردو شەش ناوچەیان خستە سەر و هەر هەر (Harhar)، کە بە شێوەیەکی کاتی بە کار شروکین (Kar sharukin) ناسرابوو، جارێکی تر کرایەوە بەپایتەختی ویلایەتەکە بەو شەش ناوچەیەشەوە کە خرایە سەری. ئێستا وایێدەچێت کە ئەم شارە کەوتبێتە باشووری خۆرهەلاتی شارەزوورەوە. دەبێ ئەوەش بوترێت کەوا مەملەکەتی (TaltaوEllipi)ی پاشا لەم یەکگرتنەدا ناویان هاتووە، بێجگە لەوەش سەرۆکی بیست و هەشت گوندی میدیا ملکەچی فەرمانڕەوای ئاشووری بوون.

جارێکی تر لە ساڵی ٧١٥پ.ز دا هێزەکانی هاڵدیا پێشڕەوییان کردە خاکی مانناییەوە و لەگەڵ فەرمانڕەواکەیدا دایاوکو (Daiaukku) کەوا کوڕەکەی بارمتە بوو لای هاڵدیا، پیلانێکیان رێکخست بۆ رووخانی (Ullusunu)و بیست و دوو قەلایان لەم وڵاتە گرت. ئەمجارەش وەك جارانی پێشوو سەرگۆن بە پەلە کەوتەوە خۆی. دایاوکۆ، ،کەلای گریکەکان وەك (Deioces) ناوی دێت، لەگەڵ خێزانەکەیدا بەندکران و دوور خرانەوە بۆ (Hamath) (حەما) لە سوریاو سەر لەنوێ ئاشتی باڵی کێشایەوە بەسەر ئەم وڵاتە پڕ لە ئاشووبەدا. هەر لەم ساڵەدا یاخیبوونێکی تریان لە شارەزووری خوارووەدا دامرکاندەوە و دوو ناوچەی تریش خرانە سەر ویلایەتەکە و شاری کارشروکنیش بەتەواوی بەمێژومەحکەم کرا بۆ رێگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم رووداوانە. هەواڵنامە مێژوویییەکانی ئاشووری زۆر بەگەرمی باسی نووسراوێك دەکات کە پەیوەندی بەو شەڕوشۆڕو رووداوانەوە هەیە و بەمەحکەم کردنی ئەو شارەوە و بە داگیرکردنی وڵاتی میدییەکانەوە. بەم پێیە ئەمە سەرچاوەیەکی راستەقینەیە لە بارەی سەرکردەکانی ئەو بیست و دوو شارەی میدیا کە چۆن دەست و دیاریی خۆیان هێناوە بۆ ئەم پایتەختە. وردو درشتی شتەکانی تر رەنگە لەو ریلیفانەدا بدۆزێتەوە کەوا رۆژگارێك کۆشکی سەرگۆنیان رازاندبووەوە. لەوێدا ئێمە گرتنی شاری (Kishesim) دەبینین لە ویلایەتی پارسواش، کە قەلایەك بووە بەسێ ریز دیواری شوورە دەورو دراووەو بورجی گەورە گەورەی لەسەر بووە. سیکریس (Sikris) لەکار شروکین شوورەی بەرزی هەبووە بە بورجی گەورەوە. (Kindau) کە راڕەوێکی بەرز بووە بەسەر گۆلاوێکدا و شارەکانی تریش بە خەنەکی ئاو دەورە دراون یان بە دیواری قەبەو زەبەلاح.

هەروەها ئەم نەخشانە وێنەی دانیشتوانی زاگرۆسیش دەکێشن لەو رۆژگارەدا، چ خەڵکە رەسەنەکەی یان ئێرانییەکان. ئەمانە قژیان بەکورتی براوە و بە عادەت لوولیش بووەو بەمێزەر یان سەرپێچێك بەستراوەو کلاوێك و سەرپێچێکی لەپێشەوە پان لەسەرکراوە. هەروەها ریشیشیان کورت و لوول بووە. پاڵتۆیەکی کەوڵە مەڕی قۆڵ کورت و درێژییەکەی تاسەر ئەژنۆ بووە لە بەرکراوەو پشتێنی لەسەر بەستراوەو لە ئاشتیدا بەسەر

شاندا شۆڕ بووەتەوەو لە پێشەوە کراوە بووە، بەلام لە شەڕدا رۆڵی پارێزگاریی جەنگاوەرەکەی بووە. لەجیاتی یەخەی چەرم و شەرواڵی کورتی ئاشووری. سەرکردەکانی زاگرۆس وەک نەیارەکانیان لە رۆشتندا پێیان پەتی بوو، بەلام بەشی بەرچاوی پۆشاک پێکهاتبوو لە پوتێکی بەرزی قەیتان دار، ئەوانە شیان کە لووتی پێلاوەکانیان بۆ سەرەوە بووە بە هیتییەکان (Hittite) دەژمێردرێن، بەلام لەناوچە شاخاوییەکاندا نەدەتوانرا دەسبەرداری بیت. لەبارەی چەکیشەوە ئەوانە هەرگیز تیرو کەوان و شمشێریان پێ نەبووە، بەلکو چەکی عادەتییان رمێکی درێژبووە بۆ بەرگری کردن لەگەڵ قەڵغانێکی لاکێشەییدا.

راپۆرتێکی دوورو درێژ لەسەر هێرش و پەلامارەکەی سەرگۆن لە ساڵی ٧١٤پ.ز دا گەڵ باس لەم وردەکارییانە دەکات. سەرگۆن و جەنگاوەرانی لە چیای کولار (Kullar)ی دۆڵی زێی خواروو لە باکووری شارەزوورەوە پەرینەوە بۆ وڵاتی ماننای (Mannai)و لەوێ لەلایەن (Ullusunu)پێشوازییەکی گەرم کران. لە وڵاتی پارسواش (Parsuash) فەرمانڕەواکانی نامری (Namri)، ئەوانەی وڵاتی میدییەکان و هی وڵاتانی تریش خێرا دیارییەکانی خۆیان ئامادەکرد کە (ئەسپی خۆشبەزو هێستری خۆشڕەوت و خێرا وحوشتری دوو کۆپارە) بوون.بۆ خوێنەری ئاسایی ناوی ئەم سەرکردانە گرنگییەکی ئەوتۆی نیە بەلام بۆ کەسانی شارەزاو لێکۆڵیار رێبەدێی رەگ و ریشەی ئێرانییان بۆ دەکات. لێرەدا ناوی تاڵتا (Talta)ی ئیلیپی دێت کە یەکێکە لە رەگەزە کۆنەکان لەگەڵ سێ سەرکردەی ئێرانیدا لە دەڤەرەکانی خواروو ، باشوورو خۆرهەلاتی شارەزوور کە ئوکساتار (Uksatar)و کەیئەخساری یەکەم (Cyaxares) دوریسی (Durisi) و ساتارەشوو (Satareshu). هەر ئەمانەش بەتەنها نەبوون سەرۆکەکانی تری زاگرۆس و دەشتی ئێران هەموو هاتبوون و دیاری خۆیان هێنابوو بۆ گەورەترین دەسەلاتداری خۆرهەلات، کە پاشای وڵاتی ئاشوور بوو. ئەو ناوانەی ئەوان لە دوو لیستدا پارێزراون یەکێکیان تەنها کورتەیەکەو ئەویتریان ناوەکانی تری بۆ زیادکردووە. لەم مێژووە درەنگەدا ئێمە سەرمان سوڕدەمێنێ لەو ژمارە زۆرەی فەرمانڕەوا قەوقازییە چەشنی (Mashdaiaukku وDaiaukku)کە ناوەکانیان وەک ئەوەی دایاوکوDeioces یان بە زۆری ئەو توخمانەی تێدایە کەلە دەقەکانی (Nuzi)دا هەن. ئێستا ژمارەی ئەو کەسانەی ئێمە ناوەکانیان بەهەندێک گومانەوە بەئێرانی دەزانین کەم نین Auar parnuکە توخمی Aura (بەواتای گەورە) بەرجەستە دەکات، کەلە رۆژگاری هەخامەنشییەکاندا هاتووەتە کایەوە وەک ناوی خوای گەورەی هەموو بوونەوەران. (خوای دانا) ئەورامەزدا Auramazda بەگبەرارنا (Bagbarana) وەک ناوی وڵاتی بیت بەگایا Bit Bagaia (ماڵی خوا) توخمی بەگا bagaی تێدایە زۆر ئاشنایە بەوشە ئێرانییەکانی سەردەمی کاشییەکان. Satar panu وەک (Satereshu) نوسخەیەکی

ئاشووری وشەی (Khshathra)یە کە لە وڵاتی فارسی کۆندا بۆ ((مەملەکەت)) بەکارهاتووە ئەشپابارا (Ashpabarra) کە لەوشەی (ئەسپ) و فەرمانی (بار هەڵگرتن )پێکهاتووە بە روونی مانای (ئەسپ سوار) دەگەیەنێ. ئەڵبەتە کەم توانایی بنووسی ئاشووری (ئاسخ) لە وێنەکردن و نواندنەوەی سامانی دەنگی ئێرانیدا لە سەر پەپکە قورینەکان وەك ئەوەی لەناوەکانی تردا گوێبیستی بووە چەشنی Ushrai، Hardukku ،Arbakku لە ئێمە شاراوەو پەنهانە، چونکە توخمە ئێرانییەکان بەشێوەیەکی لەبارو گونجاو دەرنەکەتووە . هیچ کام لە بەشدارانی هێرش و پەلامار نەیانتوانیوە پەی بەجیاوازی نێوان قەوقازی و ئێرانی ببەن لە رووی روخسارو پۆشاك و زمانەوە. ئێمە مەزەندەمان بۆ ئەوە دەچێت کاتێ کە مادەکانی نیشتەجێی میدیا لە هەواڵنامە مێژووییەکانی ئاشووریدا ناویان دێت بنووس (ئاسخ) بەمانای خەڵکێك لە گرووپی ئێرانییەکان لە قەڵەمیان دەدات بۆ گێڕانەوەو نووسینەکانی لەوەو پاش.

ساڵی نۆیەمی سەرگۆن باس و خواسی گەشتێکی کورتی ئەو پاشایەی تێدایە بۆ وڵاتانی ئیلیپی و میدیا لە خۆرهەڵات. ویلایەتێکی میدیایی لەسەر سنوری ئیلیپی، کەناوی بیت ئیلیە (Bit Ili) پێکەوە لەگەڵ دەڤەرەکانی دیکەی چیاکاندا تاخاکی ماندا Manda ملکەچ بوون. خەراج لەسەرۆکی چل و پێنج شاری میدییەکان و تاڵتای ئیلیپی وەرگیراوە. هێزە ئاشوورییەکان لە راستیدا پێشرەوییان کردووە بۆ ناوچەکانی پشتی هەمەدانی ئێستا و میلە هەڵکەندراوەکان باس لەوە دەکەن کە لەهەشمارەوە Hashmar تا سیماش Simash لەسەر سنووری خۆرهەڵاتی میدیایان داگیرکردووە. سماشیش وەك ئیلیپی لەسەر سنووری ئیلامییەکان (Elamite) بووە.

**سەرچاوە :**

کتێبی (History of Early Iran) (P138-155)

By : George G. Cameron

Chapter VIII

Indo- Iranians in the Zagros Mountains.

# لێکۆڵینەوەیەك لەسەر مرۆڤی نیاندەرتاڵ و بەراوردێکی زانستییانە لەسەر رەچەڵەکی مرۆڤی ژیر

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
کاروان عەبدولرەحمان عومەر

زۆربەی ئەو زانیارییانەی دەستمان کەوتووە لەبارەی مرۆڤی کۆنی (Homo sapiens، واتە مرۆڤی زیرەك) کە لەنەوەی مرۆڤی ( Homo erectus)ەوە پەیدا بوون، شوێنەواری دۆزینەوەکەیان ئەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی (نیاندەر) کە دۆڵێکە لەشاری (دۆسیلدۆرف)ی ئەڵمانیا کە تیایدا شوێنەواری ئێسکە پەیکەرێکی مرۆڤی کۆنی تێدا دۆزراوەتەوە، کە ناونراون بە مرۆڤی ئەشکەوتەکان لەرووی شێوەو هەڵسوکەوتیانەوە.ئەم مرۆڤانە بۆ کاتێکی درێژخایەن لە ئەوروپا و ئۆراسیادا نیشتەجێ بوون، کە توێکاری لەشیان واتە (تشریح) دەردەکەوێت لە کۆمەڵە ئەورووپیە کۆنەکاندا بەتایبەتی لەوانەی کە لەناوچەی (Atapuerca)ی وڵاتی (ئیسپانیا)دا بوون بەلایەنی کەم لەپێش (٣٠٠,٠٠٠)ساڵ لەمەوپێشەوە کە لەوێنەی (١) دا هەیە. مرۆڤی نیاندەرتاڵ هەتا ئێستا جێگای مشت و مڕێکی گەورەیە بەتایبەتی لە رووی سیفاتی فیزیاوی ئەنثرۆپۆلۆجییەوە. ئەنثرپۆلۆجی یاخود (علم الانسان) زانستێکە لە ئەسڵی رەسەنایەتی توخمی مرۆڤ ئەکۆڵێتەوە لە رووی گەشەو پێکهاتەو عادات و بیروڕای ئایینیەوە. هەندێ لەدانیشتوان وشەی (نیاندەرتاڵ)یان بەکارهێناوە بۆ وەسف کردنی مرۆڤی بێهۆشی ناشیرین کە شێوەیان لە (مەیمون) چووەو هەروەها سوکایەتیشیان پێکراوەو بە (کەڕولاڵ)یان داناون. ئەم بۆچوونە هەڵگەڕاوانە بۆ ئەم مرۆڤانەو



وێنەی (١)/ کەللەی مرۆڤێکی کۆنی جۆری ( Homo Sapiens) لە ناوچەی ( Atapuerla)ی وڵاتی ئیسپانیا



وێنەی (٢)/ کەللە سەرێکی کلاسیکی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ناوچەی
(Ka Ferrassie, France)

هەروەها بۆ ئەوانەی کە لەناو ئەشکەوتەکاندا جوڵەیەکی قورسیان هەیە واتە گورج و گۆڵ نین لەلایەن کەسێکی وێنەکێشی کارتۆنییەوە وروژێنراوە بەهۆی هەڵەکردن لەشیکردنەوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە لەساڵە سەرەتاییەکانی ئەم سەدەیەدا بووە.

لەراستیدا نیاندەرتاڵەکان جەستەیەکی بەهێزو ڕێکوپێك و راستیان هەبووە لەگەڵ چەند سیمایەکی کۆن بەدەم و چاویانەوە، لەکەللەی سەریاندا چاڵییەك لەناوچەوانیاندا هەیە لەگەڵ دەموچاوێکی دەرپەڕیودا، هەندێ جاریش برۆیەکی بەرزیان هەیە کاتێك کە لەگەڵ مرۆڤی ئێستادا بەراورد دەکرێن. لە لێکۆڵینەوەکاندا چەندین هۆ هەیە کە دەیسەلمێنێ کە ئەمانە شارەزاییەکی تەواویان هەبووە لە بواری ڕاوکردندا، بەڵام لە بواری بیرکردنەوەو لێکدانەوەدا توانایەکی سنورداری تەسکیان هەبووە. هەروەها لە رووی پێکهاتەی لەشیانەوە واتە (توێکاری یان تەشریح) لەگەڵ مرۆڤی ئێستادا جیاوازییەکی دیاریان هەیە، بەتایبەتی شێوەی کەللەی سەریان و دەم و چاویان کە شێوەیەکی دەرپەڕیوی هەبووە. وێنەی (٢).ئەو هۆکارانە بووە کە پۆلێن کراون بەمرۆڤە لەناوچووەکان کە لەزانستی بایلۆجیدا لەژێر ناوی (Homo sapiens)دا ریزکراوە نەك لەژێر ناوی (Homo sapien sapiens)کە ئەمەیان تایبەتە بە مرۆڤی ئەم سەردەمەوە. لە زانکۆی پەنسلڤانیا لە ئەمەریکا توانیان (DNA)ی دەستی یەکەمین مرۆڤی نیاندەرتاڵ دەربهێنن کە لە دۆڵی (نیاندەر)ی نزیك شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیاوە لەساڵی ١٨٥٦ دۆزرابووەوە.

(DNA) کورتکراوەی ناوی زانستی ترشی ناووکی: (Deoxy ribonucleic acid)ە ئەم پێکهاتەیەی ناو خانەی مرۆڤ کە لەژێر میکرۆسکۆبدا سەیر دەکرێت لەدوو شریتی لێك ئاڵاو بەشێوەی پەیژەیەکی لول پێچ دەبینرێت کەلە ساڵی ١٩٥٣دا لەلایەن هەردوو زانا (واتسن)و (کرێك) دۆزراوەتەوە وێنەی (٣و٤). ئیشی سەرەکی گەردی (DNA) لەناو لەشی مرۆڤدا بریتیە لە کرداری گوێزانەوەی سیفاتی بۆماوەیی (الصفات الوراثية) لە پشتێکەوە بۆ پشتێکی تر یان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.ئەم دوو شریتە لە رووی پێکهاتنی کیمیاییەوە لەیەکتر ناچن، بەڵکو هەریەکەیان لەچەند ریزێك لەتفتی نایترۆجینیجیاواز پێکهاتووە. کە کرداری گواستنەوەی سیفاتی بۆ ماوەیی بەشێوەیەك دەبێت کە هەردوو شریتەکەی (DNA) لەناوچەیەکی دیاری کراودا لێك دوور دەکەونەوەو لەناوخانەدا ئەنزیمی تایبەتی هەیە کە هەڵدەسێت بەکرداری لەبەرگرتنەوە




وێنەی (٢)/ وێنەی گەردی لولپێچی DNA لە بۆشایدا




وێنەی (٤)/ وێنەی بەندە کیمیاییەکانی گەردیلەی (DNA) کەلەشێوەی لولپێچ دایە و پێکهاتووە لە شەکر و کۆمەڵەی فۆسفات و تفتە نایترۆجینیەکان

(استنساخ)ی شریتەکەو بەمەش دانەیەکی دەقاو دەقی شریتە راستەقینەکەمان دەست دەکەوێت کە دەست دەگرێت بەسەر هەموو کردارەکانی دروست کردنی جۆرەکانی ئەنزیمات و پرۆتینندا کە لە لەشی مرۆڤدا بڵاودەبێتەوە و بەهۆی ئەم تەکنیکەوە دەرگایەکی زۆر فراوان کرایەوە لە چەندین گرێ کوێرکەی زانستی و هەروەها لە دواییدا توانرا چەندین جۆری تاوان بەهۆی بەکارهێنانی (DNA)ەوە بدۆزرێتەوە.

ریز بوون و پێکهاتنی هەردوو شریتی گەردی (DNA) لە چەند تفتێکی نایترۆجینی پێکدێت، کە بەشێوەیەکی رێك وپێك لە تەنیشت یەکترەوە ریزکراون و شێوەیەکی لولپێچیان وەرگرتووە. ئەو زانایانەی کەلەسەر ئەم جۆرە مرۆڤانە لێکۆڵینەوەی زانستییان کرد بوو هاتن برێکی دیاری کراویان لە پاشماوەی ئێسك هێناو پاش پاککردنەوەی ئێسکەکە لە دەفرێکی تایبەتیدا هارییان تاوەکو بوو بە تۆز ئینجا لە گیراوەیەکی تایبەتیدا توانیانەوە و توانیان بەکرداری کیمیاوی (Extraction) واتە استخلاص یان دەرهێنانی (DNA) مایتۆکۆندریا. مایتۆکۆندریا بەشێکە لەناو خانەدا کە کرداری بەدەست هێنانی وزەی تێدا روودەدات، بەهۆی کرداری بەیەکداچوونی (overlap)ی بەشێکی بڕاوی (DNA)ی نیاندەرتاڵیەکان و بەکارهێنانی تەکنیکێك لەکارلێکی کیمیاوی کە پێی دەوترێت (Polymerace chain reaction) واتە کرداری یەککگرتنی نێوان گەردەکان بەشێوەیەکی یەك لەدوای یەك کە لە کۆتاییدا وەکو زنجیر هەموو گەردەکان بەیەکترییەوە دەبەسترێنەوە و بەم رێگایەش تونرا چەند کردارێکی کۆپی کردن بۆ گەردەکان بکرێت.

زاناکان توانیان بەم رێگایە (٣٧٨) جوت تفتی نایترۆجینی یەك لەدوای یەك بدۆزنەوە کە بریتین لە بەردی بناغەی کرداری گواستنەوەی سیفاتی بۆماوەیی لە شوێنێکی دیاری کراوی سەر شریتی (DNA)دا، کەلەم شوێنەدا زۆربەی گۆڕانکارییەکان روودەدات بەسەر سیفاتە بۆ ماوەییەکاندا کە پێی دەوترێت (Hyper variable region 1).ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر (DNA)ی ئەو مرۆڤانە کراوە بە بەراوردکردنی لەگەڵ (DNA)مرۆڤی ئێستادا لەهەمان ناوچەی نیشتەجێ بوون بۆ (٩٤٤) مرۆڤی پشتاو پشت کە دانیشتوی کیشوەرەکانی (ئەفریقاو ئاسیا و ئوستراليا و ئەوروپا و ئەمریکا) بوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوەبوو (DNA)ی مرۆڤە نیاندەرتاڵیەکان بەشێوەیەك ریز بوون کە تفتە نایترۆجینیەکانیان جیاوازە لە (٢٧-٢٨) جوت تفتی نایترۆجیندا، بەڵام جیاوازی نێوان هەر نەوەیەك لە مرۆڤی نوێ تەنها (٨) جوت تفتی نایترۆجینی بووە. جیاوازی نێوان (DNA)ی مرۆڤی ئێستاو (DNA)ی مەیمونی شەمبانزی بریتییە لە (٥٥) جوت تفتی نایترۆجینی کە جیاوازییەکی گەورەیە، ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەش کە لە جینەکاندا کران (جینەکان لەناو خانەدا سیفاتی بۆ ماوەیی دەگوێزنەوە) گەیشتە بڕیاری کۆتایی کە نیاندەرتاڵیەکان و مرۆڤی ئێستا




وێنەی ( A٥ )/ ئێسکە پەیکەری نێرینەی مرۆڤی نیاندرتاڵ




وێنەی (B٥) ئێسکە پەیکەری نێرینەی مرۆڤی پێشکەوتوو

پەیوەندییەکی دووریان بەیەکەوە هەیە و دوو رەگ بوون لەنێوان ئەم دوو جۆرەدا روو نادات. ئەگەر مێژووی بڵاوبونەوەی مەیمونی شەمپانزی و مرۆڤ بگەڕێنەوە بۆ نزیکەی (٤-٥) ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، ئەتوانین ئەوە بڵێین کە نیاندەرتاڵیەکان پێش مرۆڤی ئێستا بڵاوبوونەتەوە بە (٥٥٠,٠٠٠-٦٩٠,٠٠٠)ساڵ. نیاندەرتاڵیەکان لە ئەوروپا و ئوراسیا گەشەیان کردووە وبەشێك لە خوارووی خۆرئاوای ئاسیا نزیکەی (١٥٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش هەتا (٣٢,٠٠٠)ساڵ. شێوە پێکهاتەکانی توێکاری لەشیان بۆ ماوەی (٥٠,٠٠٠) ساڵ جێگیر بووە پێش ئەوەی توێکاری لەشیان نزیکەی مرۆڤی پێشکەوتوی لێ بێت بۆ ماوەی (٥٠٠٠) ساڵ بەنزیکەی (٤٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر.نیاندەرتاڵیەکان گۆڕانکارییەکی گەورە یان بەسەر هات، بەڵام لەهەر شوێنێك بووبن شێوەی لەشیان لە رووی پەیکەر و توانای ئیشیانەوە لە مرۆڤی پێش کەوتووچوون. جیاوازی ئەوان لە ئێمە ئەوە بووە کە ئێسکی دەستیان گەورە بووە.، هەروەها کەمێك چەمانەوەیان لە ئێسکی ران و دەستدا هەبووە کە ئەمانە شێوەی زەبەلاحی و گەورەیی و بەهێزی ماسولکەکانیانی پێ بەخشیون (وێنەی(٥) باڵای نیاندەرتاڵیەکان بەرزو ماسولکەی بەهێزیان هەبووە، پێشینەکانیان لە چاخی کۆندا لەژێر ناوی (Homo sapiens europeans) بوون، کە لە ئەوانەوە سیفاتی بۆ ماوەیی بەهێزی و بەرگری زۆری سەرمایان بۆ ماوەتەوە، گۆڕانێك لە لەشیاندا رووی داوە کە بۆ ماوەی (١٠٠,٠٠٠) ساڵ زیاتر ماوەتەوە.

کەلتورو تەکنەلۆجی نیاندەرتاڵیەکان زۆر ئاڵۆز بووە و بۆ حاڵی خۆیان داهێنانیان بەدەست هێناوە پێش کەوتوتر بوون لە نەوەکانی پێشینیان لە (Acheulian). زۆربەی ئامێرە پێشەنگییەکان تەنها بۆ مەبەستێك بەکارهاتووە، بۆ نموونە ئامێری لە بەرد دروست کراویان بەکاردەهێنا بۆ دروست کردنی رم کە دەسکەکەی لە دار دروست کرابوو وێنەی (ژمارە ٦). بڕەر یان چەقۆی چەماوەیان بەکارهێناوە بۆ کاروباری رۆژانەیان وێنەی (ژمارە ٧). وەکو رەوشتی باوو باپیرانیان، ئەم مرۆڤانە پانتاییەکی فراوانیان لە دەڤەرێکدا داگیرکرووە، کە پشتیان بە بەروبوومی وەرزی بەستوەولە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر گەڕاون واتە سیفاتی گەرۆکیان هەبووەو بەگەڕانەوەی هەلومەرجی گونجاوی پێشتر دیسانەوەهاتوونەتەوە هەمان جێیان واتە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێیان بەدەستی خۆیان نەبووە بەڵکو هۆی سەرەکی بریتی بووە لە بوونی خۆراك و ئاژەڵی کێوی بۆ راوکردن و گونجاندنی باری سروشتی. نیاندەرتاڵیەکان لەڕاوکردندا زۆر وریاو بەتوانا بوون لە شوێنێکی چەپدا خۆیان حەشارداوە و رمەکانیان ئامادەکردووە بۆ هاویشتن و لە بەرکارهێنانی تیرو کەواندا زۆر شارەزا بوون وێنەی (٨)دا بەشی سەرەوە. ئەم مرۆڤانە بەهیچ شێوەیەك نەترساون لە گرتنی گیانەوەری ترسناك و زەبەلاح بۆ




وێنەی (٦)/ قۆناغەکانی گەشەی بیری مرۆڤ لە دروست کردنی ئامێری بەردین و ئێسقان بۆ پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی

نموونــە گیــانداری (مـــاموث)، گــا کێــوی ئــەمریکی، ئەســـپی کێــوی. زۆر لەتاقمـــە ئەوروپیە رۆژئاواییەکان لەناو ئەشکەوتەکان یان حەشارگە بەردەکاندا بۆ ماوەیەکی دوورو درێــژ ژیــاون وەکــو پارێزگارییـــەك لــەدژی سەرمای زستانی تونـدو تیـژ لـەکاتی وەرزی هاوینی کورتدا ئەوان تامەزرۆی گەڕان بوون بە دۆڵەکانداو لەناو کەپری دروست کـراودا ژیــاون وەکــو چادرگــە، و لــەم شــوێنانەدا خۆراکی رووەکیـان دەست کـەوتووە وێنـەی (٨) خوارەوە.مرۆڤە نیاندەرتاڵیەکان سیفاتی ئەو شوێنەوارەیان وەرگرتووەو پلانی ژیانیان دارشتووە سەبارەت بە چۆنیتی راوکردن ئایا ئەو گیاندارەی راوی دەکـەن چـۆن لێی نزیـك بکەونەوە و قەبارەی ئـەو گیـاندارە چـەندە و بەچ جۆرێـك هێرشـی بکەنـە سـەر. هـەر لـەو




**وێنەی (٧)/ پێکهاتەکانی جۆرەکانی رم کەلە بەرد دروستکراون کە ئەم جۆرانەن:**
١- جۆرێك کە دەسکەکەی دارەو بەشێوەیەکی توند بەند کراوە ٢- کەرستەی جۆراو جۆری رۆژانە کە بەکار هاتووە بۆ برین و هەڵکۆڵین



وێنەی (٨)/ ڕونکردنەوەی ژیانی مرۆڤی نیاندەرتاڵ کە خۆی ئامادەنەکات بۆ ڕاوکردن



وێنەی (٨)/ کرداری کۆکردنەوەی بەروبومی دارەکان و هەڵگرتنیان بۆ وەرزێکی تر

کاتەدا، مرۆڤەکان فێری هەڵگرتنی خۆراك بوون وبۆ ماوەی چەند مانگێکی کەم، زۆربەی ئەو گۆشتەی راویان کردووە ئاسکە کێوی جۆری رەنە بووە کە بەشێوەی پۆل بچووك هاتوچۆ دەکەن و شاخەکەشی بەکاردەهێنن بۆ کاروباری رۆژانەیان وێنەی (٦) زۆربەی هەڵس وکەوت وکەلتووری ئەم مرۆڤانە رەنگدانەوەی ئامێرەکانی ناوچەی (Mousterian)ی وڵاتی فەرەنسای پێوەدیارە کە کۆمەڵێك مرۆڤی نیاندەرتاڵی تێدا ژیاوە کە دەکەوێتە خواروی فەرەنساوە. مرۆڤە نیاندەرتاڵیەکان زۆربەی کەل وپەلەکانیان لەشێوەی تولێکی تەنکدا دروست کردووە بۆ مەبەستی پاککردن و کەولکردنی گیانداران، بەلام بلاوترین کەرەستەیان برێتی بووە لەسەرە رم و درەوش و بەردی تەنك و هەندێکیان لەچەند بەشێك پێکهاتبوو وەکو لەرمدا بۆ نموونە، کە سەرەکەی بەردێکی تیژەو داردەستەکەیان بەشێوەیەك هەڵکۆڵیوە کە جوت بێ لەگەڵ سەرە رمەکەدا، ئەم تەکنەلۆجییەیان شێوەیەکی ساکاری وەرگرتبوو پاش چەند سەدەیەك و پشت بەستن بەتوانای خۆیان توانییان گەشە بەم کەل و پەلانە بدەن وێنەی (٧) مرۆڤە نیاندەرتاڵییەکانی وڵاتی فەرەنسا کەرەسەی جۆراوجۆری جیاوازیان داهێناوە کە بە بەراوردکردن لەگەڵ وڵاتانی تردا جۆرە گۆڕانێکیان پێوە دیارە هەندێکیان ئاسان کارییان پێوە دیارە وەکو دروست کردنی دەسك، ئامێرەکانی برێتی تەنك، کە بەکارهێنراوە بۆ مەبەستی لەتکردنی گۆشت یان برینی دارو درەخت و گژوگیا. ئەم گۆڕانکارییانەی کەلوپەلەکان تەنها مرۆڤەکانی وڵاتی فەرەنسای نەگرتۆتەوە کە لە ناوچەی (Mousterian)دا ژیاون بەڵکو ئەوانەی ئەوروپا و خواروی خۆرئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقاشی گرتۆتەوە، جۆری مرۆڤی کۆنی (Homo sapiens)یش هەمان جور کەرەستەی دروست کردوە هەتاکو ئێستا کەس نەیزانیوە بەتەواوەتی هۆکاری سەرەکی ئەم گۆڕانکاریە زۆرە وابووە کە تواناو چالاکی تایبەتمەندی ئامێرەکانی دەرخستووە کە بۆ ئەو کاتە و رێژەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو مرۆڤانەی دیاری خستوە کە وردە وردە بەرەو ئالۆز بوون چوون نیاندەرتاڵیەکان و هاو کاتەکانیان کە لە شوێنی تردا ژیاون هەموویان بەدوای خواردندا ژیاون و پەیوەندەی کۆمەڵایەتیان بێهێز بووە چونکە هەر ئیرەیەو بەدوای ژەمە خۆراکی رۆژانەی خۆیدا گەڕاوە و ژیانیان وردە وردە بەرەو ئالۆزی گۆڕاوە. ئاسەواری یەکەمین بواری فکری و باوەڕی ئەم مرۆڤانە دیارە کە خۆیان خەریك کردووە لەناو ئەشکەوتەکاندا بە ژیانی ئێستاو داهاتوویان، زۆر لە مرۆڤە نیاندەرتاڵیەکان کە مردوون لەلایەن هاوڕێکانیانەوە نێژراون و داپۆشراون لەناو زەویدا، لەبری ئەم جۆرە مرۆڤانە بەشێوەیەکی رێك وپێك لەناو ئەشکەوت وپەناگە بەردییەکاندا نێژراوە. لەیەکێك لەپەنا گە بەردیەکان کەناوی (La ferrassie) نزیك شاری لیز ئایزیس لە وڵاتی فەرەنسا، پاشماوەی ئێسکی دوو مرۆڤی پێگەیشتوی

نیاندەرتاڵی و چوار منداڵ لێ دۆزراوەتەوە کە قـــەبرەکانیان لـــەنزیکی یەکتریــــەوە هەڵکەندرابوون. وە لەدواییدا کۆمەڵێك قەبری لـەم جـۆرە دۆزراوەتــەوە. نیاندەرتاڵیـەکان ئەوەشـیان زانیــوە کــە وا لــەدوای ژیــانی رۆژانـەی گـەرانیان بـەدوای خۆراکدا رۆژێـك دێت کە دەمرن لەدوای ژیانێکی پڕ ئاڵۆزی لە مرۆڤی نیاندەرتاڵی کۆن و نەوەکانی دواییان ئەتوانین تێبینی بنەڕەتی کـەلتووری مرۆڤی ئێستا بکەین کە لەوانەوە وە ریان گرتووە لە رووی بیرکردنــەوە، کۆمەڵگـــەو رادەی بــیرو باوەڕیان.

## رەچەڵەکی مرۆڤی ژیر

## (١٨٠,٠٠٠ -١٥٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش

مانای (Homo sapiens sapiens) بریتییە لـە مرۆڤــی ژیــر، مرۆڤــی ئێســتا لــەچاو ئــەو ســەردەمەدا زۆر زیرەکــترن، بــیرێکی تیژیــان هەیە، توانایـەکی میکانیکیـان هەیـە، هـەروەها فێربون بەپشت بەخۆبەستن، ئایا چی ئێمەی لــە مرۆڤـــە کۆنـــەکان جیاکردۆتـــەوە، سەرسوڕمانێکی زانستییە؟. بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە لە پلەی یەکـەمداو گرنگـترین جیـاوازی توانـای ئێمەیـە بــۆ قســەکردن بــەرەوانی و بەئاشکرایی. ئێمە پەیوەندیمان هەیە، توانای گێڕانەوەی مێژوومان هەیـە، ئێمـە بـەرێرەوی زانســتی بیرکردنــەوەمان هەیــە، هــەموومان لەژینگەیــەك دایــن بــەهۆی زمانــەوە لەیــەکتر دەگەین ، توانای دەربڕینی هەسـتمان هەیە، بەهۆی ئەم هۆکارانەوە توانای قسەکردنمان لە ئەوان جیاواز بووە. مرۆڤی کۆن توانای لێك نزیکبوونەوەیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە بەهۆی ئیشارەت کردنەوە یان هێماوە کە بەهۆیـەوە توانـای پـەیوەندیان هـەبووە بـەتاك وبـەکۆ. توانـــای قســـەکردنێکی رەوان، داهێنـــان و




**هێلکاری (١)**

**روونکردنـــــەوەی ئـــــەو بیردۆزانـــــەی کـــە باســـی رەچەڵـــەکی مرۆڤـــی ژیـــر دەکـــەن، کەهەریەکـــەیان بـــەهۆی بەڵگـــەی بەبـــەرد بوونەوە روونکراونەتەوە و لە چـەند شـوێنێکی جیـــاوازی جیهاندا.**

**هێڵە راستەکان بریتییە لە ئاراستەی ژیانیــان، بــەڵام هێڵە خاڵدارەکـان بریتـین لـە گواستنەوەی جینی نێوان ئــەو جۆرە مرۆڤانە.**

شارەزا لە دروستکردنی ئامێرو دەربڕینی هونەری و بیروباوەڕ، ئەمانە سیفاتی جیاکەرەوەی مرۆڤی (Homo sapiens sapiens)ە واتە مرۆڤی ژیر، بەهۆی ئەو توانایانەوە ئەم مرۆڤە ژیرانە هەوڵی خۆگونجاندنیان داوە لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سروشتدا، لە گۆی زەویدا بڵاوبوونەتەوە. لەگەڵ دەرکەوتنی شێوەی مرۆڤی ژیر ئێمە لێکۆڵینەوەی شێوەی تۆیکارییان دەکەین کە لەگەڵ ئێمەدا هاوشێوەیە لە توانای بیرکردنەوە بۆ ماوەی (١٠٠,٠٠٠) ساڵ، هەردوو جۆری مرۆڤی (Homo erectus) و مرۆڤی ژیر (Homo sapiens) بەردەوام لە ژیاندا بوون و گەشەیان کردووە لە رووی فکرییەوە بە ئەندازەیەکی چەند جارە، جیابوونەتەوە و ڕێڕەوێکی چون یەکیان گرتووە لە رووی فێربونەوە مرۆڤی کۆن نەیتوانیوە پردێك لەنێوان رووداوەکان و شێوەی دەربڕینیان بەشێوەیەکی دانەبڕاو دروست بکات و هەروەها مانای ئەو کردارانەی کردوویەتی، بەلام ئەم سیفەتە لەمرۆڤی ژیردا هەبووە. هەروەها لە مرۆڤی ئێستادا رای گشتی دەربارەی مەسەلەیەك دروست دەبێت و هەموو مرۆڤێك شوێنی لێپرسراوی تایبەتی خۆی هەیە کە لە مرۆڤی کۆندا نەبووە.

## بەردەوام بوون یان جێگرتنەوە؟

پێش دەستکردن بەلێکۆڵینەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی ژیر، دوو بۆچوونی دژ بەیەك لەسەریان دانرابوو هێڵکاری (١).

بۆچوونی یەکەم: ئەو جۆرەی کە ناوبراوە بە (candelabra) یان (Multi-regional) وا پێشبینی کراوە کە ئەمانە کۆمەڵی مرۆڤی (Homo erectus)بن کە کۆنترین جۆرن لە جیهاندا کە پەیدا بوون لە هیچ ڕەچەڵەکێکی ترەوە تێکەڵاوییان نەبووە کە لەپێش مرۆڤی (Homo sapiens)ەوە ئینجا دوای ئەمانە مرۆڤی پێگەیشتوو، واتە پێشکەوتوو پەیدا بووە. ئەم هێڵکاری بەردەوامیە نارەزاییەکی بۆ دەربڕینی ڕەچەڵەکی جۆری (Homo sapinens) دروست کردووە، بەلام جۆری (Homo erectus) دەرنەبڕیوە. جوگرافیای تازەی دانیشتوان جۆرەکانی مرۆڤی لە یەکتر جیاکردۆتەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، نزیکەی دوو ملیۆن ساڵ، لە ژێر ئەم سیناریۆیەدا، جینەکان واتە هەڵگری سیفاتی بۆ ماوەیی لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەشێوەیەکی گونجاو دەڕوات، بەلام دیاردەی ناشازی توێکاری (تشريح) بەخێرایی بڵاودەبێتەوە. بەم شێوەیە هەموو سیفاتەکانی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی هەموو توێکاری لەشیان بەهەمان هەنگاوی دروست بووندا دەڕوات تەنها شێوەی دەم و چاویان گۆڕاوە.

بۆچوونی دووەم: (Noah's ark or out of africa) ئەم بۆچوونە بەتەواوەتی دژی بۆچوونی یەکەمە، بەگوێرەی ئەم بۆچوونە (Homo sapiens) تەنها لەیەك شوێنەوە پەیدابووە، دوایی بە تێپەڕبوونی کات بەهەموو جیهانی کۆندا بڵاوبونەتەوە بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، وای دائەنێت کە دانیشتوان بەهۆی کۆچ کردنەوە لەخاڵێکی بنەڕەتییەوە بڵاوبوونەتەوە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە جوگرافیای دابەشبوونی دانیشتوانی نوێ ڕۆڵێکی رووکەشی هەیە بۆ

بڵاوبوونەوەی دانیشتوان. زۆربەی زانیاریەکانی زانستی مرۆڤایەتی پشتگیری ئەوە دەکەن کە مرۆڤ لە چەند ناوچەیەکەوە بڵاوبۆتەوە. وەکو ئەو کەرەستانەی دەستکردی مرۆڤ و ئەو بەبەرد بوانەی کە دۆزراونەتەوە لە ئەوروپا و خوارووی خۆرئاوای ئاسیا کە ئەوە دەسەلمێنێت و گەشەی بایۆلۆجی هێواش و کەلتووری جۆراوجۆر بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەمە روون دەکاتەوە. ئەمڕۆ هەرچەندە لێشاوێکی دۆزینەوەی خێرا ئەوە روون دەکاتەوە کە کۆمەڵی مرۆڤی کۆن (Archaic human) لەچاو مرۆڤی ژیردا جیاوازیەکی دیاری هەیە لە رووی مۆرفۆلۆجی‌یەوە واتە (تشريح).

## گەردیلەی بایۆلۆجی‌و مرۆڤی ژیر

## (Homo sapiens)

گەردیلە بایۆلۆجیەکان رۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە تۆمارکردنی هەنگاوەکانی گەشەی مرۆڤی کۆن و وەڵامی ئەو بازنەونبوانەی داوەتەوە کە تاماوەیەکی دووروودرێژ باسی ئەسڵی مرۆڤی ژیر (Homo sapiens) دەکات. لێکۆڵینەوە زانستیەکان لەسەر (DNA) ی مایتۆکۆندریایی (Mitochondrial DNA) بێ ئەنجام بووە، ئەم رێگایە باشترین هۆکارە بۆ تۆمارکردنی خێرایی گۆڕانی گیانداران چونکە ئەم تەکنیکە زۆر خێراترە لە خێرایی گۆڕان بەسەر (DNA)ی ناو ناوکی خانەدا. (Mitochondraial DNA)ی سیفاتی بۆ ماوەیی تەنیا ئەگوێزرێتەوە لە رێگای دایکەوە، ئەو بەهیچ شێوەیەك تێکەڵاو و رونکردنەوەی بەسەردا نایات و لەگەڵ (DNA)ی باوکدا یەکگرتنی بەسەردا نایات، بەمەش ئەم رێگایە تەنیا سیفاتی ئەو کەسە دەخوێنێتەوە کەهەیەتی. کاتێك ئەندازەی بۆ ماوەیی (الهندسة الوراثية) شیکردنەوەی بۆ (Mitochondrial DNA) ی (١٤٧) ژن کرد لە ئەفریقیا، ئاسیا، ئەوروپا، ئوسترالیا، گوایانای نوێ، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازییەکیان لەنێوان ئەم کۆمەڵانەدا دۆزییەوە کە زۆر بچوك بوو، لەبەر ئەوە، ئەوان دڵنیا نەبوون لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان، ئەو پێنج کۆمەڵە کاتێك کە بەراورد کران بینران کە لەهەمان رەچەڵەکی تازەن. ئەو جیاوازیانەی کە هەبوون کراوە بەدوو کۆمەڵەوە کە لەو نموونانە وەرگیراون لەنێوان تاکە ئەفریقیاییەکان و ئەوانەی تر کە لە کۆمەڵەکانی ترەوە هاتوون. ئەنجامی لێکۆڵینەوە بایۆلۆجییەکان ئەوە بوو کە هەموو مرۆڤە نوێیەکان لەیەك سەرچاوەوە داڕێژراون لەماوەی (٢٠٠,٠٠٠) ساڵ لە کۆمەڵگا ئەفریقیە کۆنەکانەوە. لەو کۆمەڵگایانەوە کۆچیان کردووە و نیشتەجێ بوون لەگەڵ کەمێك دوو رەگ بوون یان نەگۆڕان. ئەو بۆچوونانە ئاراستەی رەختەیەکی زۆر بوونەوە کە بۆتە هۆی دابەزینی بەهای ئەم بۆچوونانە. زۆربەی رەخنەکان بەجۆرێك بوون کە دژی حساب کردنی رێژەی گۆڕینی تازەکاری جینەکان بوون. ئەم رێگایە زۆر تازەیە بەشێوەیەکی ئاسان پیادە دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ زانیارییەکانی (٥٠٠٠)ی (Mitochondraial DNA)ی مرۆڤی نوێ بەڵگەی روون و ئاشکرا لە ئەفریقیەکاندا دەرکەتووە کە زۆر جۆری

جیاوازی (DNA)ی مایتۆکۆندریاریبیان هەیە لە مرۆڤی ئەم سەردەمە لە هەر شوێنێکی جیهاندا ؛ بەڵگەکان وا دادەنێن کە کاتێکی زۆر یان هەبووە بۆ گەشەکردن بەرامبەر بە گۆڕانکاری لە سیفاتی جینیدا. کە بەسەر کرۆمۆسۆمەکاندا دێت کە جیاوازە لە سیفاتی دایك و باوك. ئەم جۆرە مرۆڤانە لەسەر کرۆمۆسۆمەکانیان ریزبوونێکی رێك و پێکی ناووکی (DNA)یان هەیە کە هەڵدەسێت بەکرداری دروستکردنی (گرووپی خوێن) و (ئەنزیمەکان) کە زانیارییەکان بەشێوەیەکی کۆمەڵ دەگوێزرێنەوە.

لەنێوان مرۆڤە ئەفریقیەکان و نا ئەفریقیەکاندا جیاوازییەکی سەرەتایی هەیە، کە ئەم بۆچوونە پێشنیار دەکات کە وا مرۆڤی نوێ رەچەڵەکەکەی لە ئەفریقاییەکانەوە پەیدا بوون و دوایی بڵاوبونەتەوە لە ئەوێوە بۆ ئوراسیا و ئاسیا.

بەڵگەکان کە بەدەستمان گەیشتوون ئەوە روون دەکەنەوە کە کۆمەڵگا پێشینەکان ژیاون لە ئەفریقیادا پێش (١٠٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر. لەم کاتەدا خۆشبەختانە چەند بەڵگەیەکی شوێنەواری و بە بەرد بوو واتە (متحجر) هەیە کە بۆتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ دەرکەوتنی تونکاری مرۆڤی تازە لە (Sub - Saharan)ی ئەفریقیا.

بەگوێرەی زانای ئەڵمانی (گەنتەر براوەر) کە زانایەکی بەناوبانگی بواری زانستی مرۆڤایەتیە (عالم علم الانسان) کە وتویەتی: بەلایەنی کەمەوە سێ جۆری مرۆڤی ژیر (Homo sapiens) لە بەشەکانی ئەفەریقادا لە (Sub - Saharan)ە، وە لە مرۆڤی کۆن (Homo errctus)ەوە پەیدا بوون و کەللە سەرێکی گەورەتریان هەبووە کە لەرووی تونکارییەوە لەمرۆڤی ژیر دەچێت. لەپێش (١٥٠,٠٠٠-١٠٠,٠٠٠)ساڵ لەمەوبەر زانا (براوەر) بڕوای وابووە، کە مرۆڤی (Homo sapiens)ی ژیری سەرەتایی کۆمەڵگاکەیان گەشەی کردووە لەنێوان دانیشتوانی ئەفریقاداو شێوەی پێکهاتیان دارێژراوە لەنێوان هەردوو جۆری کۆن و ژیردا. براوەر بڕوای وابووە کە هەر لەسەرەتاوە تونکاری لەشی مرۆڤی ژیر واتە بەشێوەی زیندو بڵاوبوونەتەوە لە خۆرهەڵات و خوارووی ئەفریقادا لەماوەی (١١٥,٠٠) ساڵ لەمەوپێش. هەروەها بڕواشی وابووە کە گەشەی بایۆلۆجی کە رێگا دەدات بەدەرکەوتنی مرۆڤی ژیر لەنێوان (٧٠,٠٠٠-١٠,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر کە ناوچەکانی ئەورویا و شوێنەکانی تری جیهانی گرتۆتەوە. ئێمە ئێستا دڵنیا بووین کەوا (Homo sapiens) واتە مرۆڤی ژیر ژیاوە لە خوارووی ئەفریقا، بەم دواییانە شوێنەوارناسەکان توانیان ئاسەواری بەبەردبووی پەنجەی قاچێکی مرۆڤی ژیر بدۆزنەوە کە پارێزراو بوو بەهۆی بەبەرد بوونیەوە لەشاری (Langebaan lagoon) نزیکی شاری کیپتاون، لە وڵاتی خوارووی ئەفریقادا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١١٧,٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر.

سەرچاوە:

WORLD PREHISTORY, Brian M Fagan

1999. p.76-86

# ڕەچەڵەکی کورد*

نووسینی: هەژار محەمەد محەمەد ئەمین

## بەشی یەکەم

### زاراوەی کوردستان و سنوری جوگرافیا:

#### أ- زاراوەی کوردستان

زاراوەی کوردستان واتا نیشتمانی کورد، (فاسیلی نیکیتین) دەڵی کوردستان خاکی کورد ئەگرێتەوە کە وڵاتێکی سەربەخۆو خاوەن سنوری دیاری کراو نییە، نیشتمانی خەڵکێکە زۆربەیان خوێن و ڕەگەز و بنەچەو ڕەنگیان یەکە[1].

هەر لەم بارەیەوە (منذرالموصلی) ئەنوسێت وشەی کوردستان لە بواری جوگرافی و زمانەوانیدا خاکێکی دیاری کراوی نیشتمانێك ئەگەیەنێت کە نەتەوەیەکی دیار خاوەنیەتی (مەبەست میللەتی کوردە) کە زۆر لە مێژە تیایدا دەژی[2] هەروەها (جەلال طالبانی)یش دەڵی کوردستان ئەو وڵاتەیە کە کوردی تیا ئەژی لەگەڵ بوونی هەندێك نەتەوەی تر کە لە ناویاندا ئەژین[3].

سەبارەت بە بنەڕەتی ناوەکە (کوردستان) بیروڕای توێژەران بۆ دوو دەستە دابەش دەبێت، دەستەیەکیان پێیان وایە دەربڕینێکی کوردییە لە دوو برگە پێك دێت (کورد) و (ستان) کە مانای وڵاتی ئازاکان یان سوار چاکان دەگەیەنێ چونکە دەستەواژەی (کورد) لە فارسیدا مانای (ئازا) دەگەیەنێ[4].

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین جیاوازی نییە لە نێوان وڵاتی کوردان و ئازاکاندا چونکە سیفەتی ئازایەتی نیشانەیەکی دیاری کورد بووە لە قۆناغە مێژووییە جیاجیاکاندا و زۆر جاریش لەلایەن نووسەرانەوە بۆ ئاماژە کردن بە کورد بەکار هاتووە.

بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە (کوردستان) لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزەی زایینیدا بەکار هاتووە لە لایەن سولتان سەنجەری سەلجوقی (١١١٧-١١٥٧) کە دوا پاشای سەلجوقییەکان بوو ناوی کوردستانی بەسەر یەکێك لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بڕی کە پایتەختەکەی قەڵای شاری (بەهار) بوو لە باکوری ڕۆژئاوای شاری هەمەدان بەڵام گەریدەی ئیتالی (مارکوپولۆ) (١٢٥٤-١٣٢٣) یەکەم کەس بووە کە ناوی کوردستانی تۆمار کردووە و بە (کاردستان) ناوی بردووە[5].

#### ب- سنوری جوگرافیای کوردستان

سنوری جوگرافیای کوردستان ڕۆڵی زۆر گرنگی بینیوە لە ڕەوتی مێژووی کورد و

دیاری کردنی داهاتووی کورد دا، بەڵام لەسەر ئەم سنورە بۆچونێکی یەکگرتوو نییە لە نێوان نوسەران و توێژەران دا بەڵکو هەر یەکێك لەمانە بە جۆرێك باسی ئەم سنورەی کردووە، کوردستان وەك ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراو ئەگەر چی خاوەن کیان و سەربەخۆیی خۆی نەبووە بەڵام جوگرافیای تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە لەسەردەمە مێژووییە جیاجیاکان دا ئەم سنوورە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و زیاد و کەم کراوە لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە کە گرنگترینیان دروست نەبوونی دەولەتێکی کوردی سەربەخۆ بووە، جگە لەمەش شێواندنی سنوری کوردستان لەلایەن کاربەدەستانی ئەو دەولەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە و داگیریان کردووە ئەمەش بەراگواستنی کوردەکان و نیشتەجێ کردنی رگەزی خۆیان لە شوێنی کوردەکان.هەر لەم بارەیەوە کاربەدەستانی ئەم دەولەتە داگیرکەرانە ریگەیان نەداوە بە بڵاو کردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر سنوری کوردستان و بەپێچەوانەوە هەولیانداوە بە هەر شێوەیەك بێت سنووری کوردستان بچوك بکەنەوە ئەویش بە بڵاو کردنەوەی لێکۆڵینەوەی شوڤینی دوور لە بنەمای زانستی لەسەر مێژوو وسنووری کوردستان(٦) جگە لەم هۆکارانە کوردستان هەمیشە گۆرەپانی مل ملانێی نێوان هێزە داگیرکەرەکانی دەوروبەری بووە لەبەر ئەوە سنووری کوردستان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە ئەم هۆکارانەش بۆتە هۆی دروست بوونی بیرو رای جیاواز لەسەر سنوری جوگرافیایی کوردستان و نوسەران بە شێوەی جیاواز باسی ئەم سنورەیان کردووە و لێرەدا ئەتوانین باس لە بۆچوونی چەند نووسەرێك بکەین کە سنوری کوردستانیان دیاری کردووە رۆژهەلاتناسی فەرەنسی (تومابوا) بەم شێوەیە سنوری کوردستانی دیاری کردووە کوردستان ئەو وڵاتە بێ سنوورەیە کە کوردی تیا ئەژی بە تەواوی ئەکەوێتە ناوجەرگەی ئاسیایی بچوکەوە، بریتییە لە برپرەی پشتی رۆژهەلاتی ناوەراست، لەلایەکەوە بەشی زۆری ناوچەی شاخاوی نێوان دەریای رەش و بەری (نێوان دوو رووبار) ئەگرێتەوە،لە لایەکی ترەوە ئەنتی تۆرۆس و بەرزاییەکانی ئێران دەگرێتەوە، ئەم ناوچەیە بە گوێرەی بیرکردنەوە و خەیاڵ لە مانگ یان داس ئەچێت رووبەرەکەی بەقەدەر نزیکەی رووبەری فرنسایە ئەچێتە ناو بەشێکی زۆر لە خاکی تورکیاو عیراق و ئێران(٧). گەریدەی تورك (ئەولیا چەلەبی) یەکێك لەو کەسانەی هاتۆتە کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی گەراوە و سنوری کوردستانی بەم شێوەیە دیاری کردووە و سنوری کوردستان لە باکورەوە لە ئەرزروم دەست پێ دەکات و لە بەسرە کۆتایی دێت (وان و هەکاری و جزیرە و ئامێدی) لەناو ئەم سنورەدان(٨).

دکتۆر شاکر خەسباك یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبانەی کە دەمارگیر نییە بۆ نەتەوەی عەرەب و لێکۆڵینەوەی زۆری هەیە لەسەر کورد دەربارەی دەست نیشان کردنی سنوری

کوردستان باس لەوە دەکات ئەگەر لورەکان کورد بن وەك زۆر لە بەڵگە مێژوویی و زمانەوانەییەکان کورد بوونیان دەردەخەن سنوری کوردستان بە درێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس تاسەر کەنداوی فارس درێژ دەبێتەوە، هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات کوردستان وڵاتێکە سنوری سروشتی هەیەو دانیشتوانەکەی ڕەگەزێکی تایبەتیان هەیە هەرچەندە سنوری دەولەتیان نییە[٩].

ئەوانەی سەرەوە بەشێکە لە بۆچوونی نووسەرە بێگانەکان سەبارەت بە سنووری کوردستان کە جیاوازی لە بیروراکانیاندا هەیە، هەر لەم بارەیەوە کاتێك کەسەیری بۆچوونی نووسەرە کوردەکان ئەکەین ئەبینین جیاوازی لە نێوان بیروڕای ئەم نووسەرانەشدا هەیە ئەمەش بە پێی سەردەمە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، شەرەفخانی بەدلیسی کۆنترین مێژوونووسی کوردە کە سنووری کوردستانی دیاری کردووە و باس لەوە ئەکات سنوری کوردستان لەسەر لێواری دەریای (هورمز)ەوە کە لەسەر کەناری دەریای هیندە دەست پێ دەکات و لەوێوە بەخەتێکی ڕاست درێژ دەبێتەوە هەتا مەڵاتییەو مەرعەش، وولاتی فارس و عێراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستانی بچوك و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکوری ئەو خەتەوە، عێراقی عەرەب و موصل و دیار بەکر دەبێتە سنوری باشوری[١٠].

ئەمە کۆنترین دەست نیشان کردنی سنورە لە لایەن مێژوونوسێکی کوردەوە، دوای شەرەفخان نووسەرانی تری هەوڵیان داوە لە بەرهەمەکانیاندا سنوری کوردستان دیاری بکەن و چەند ئاماژەیەکی جیاواز بۆ سنوری کوردستان کراوە وەك ئەو بۆچوونەی پێی وایە سنوری کوردستان لە کوردا خەوە (سوریا) دەست پێ دەکات ڕوو دەکاتە باکور بەرەو دەریای ناوەڕاست[١١]، لەڕۆژهەڵاتەوە لە شارەکانی بابیورد و ئۆلتییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە سنەو کرماشان، لەباشوردا لە کوردستانەوە دەست پێدەکات و ڕوودەکاتە باکووری ڕۆژئاوا تا دەگاتە نزیك چیای حەمرین و لەوێ دا ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوا و درێژ دەبێتەوە و لەشاری تەرابلس و خۆرئاوای کورداخ نزیك دەبێتەوە تا لەسەروی ئەسکەندەروونە دەگاتە دەریای ناوەڕاست جگە لەوە بۆچونێکی تر باس لەوە دەکات سنوری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە واتە لە خۆرستانەوە دەست پێدەکات بۆ عێراقی عەجەم و هەمەدان و زەنگان و تەورێز تا ئەکاتە ڕووباری ئاراس،لە ڕۆژئاواوە ئەنادۆلە واتە ئایەنەو سیواس، لە باکورەوە ئەگاتەقەوقاس ولیوای لازستان، لە باشورو باشوری ڕۆژهەڵاتەوە ڕیزە خەتێکە لە خۆرستانەوە دەست پێدەکات و دەگاتە کێوی حەمرین و سنجار لەوێوە بۆ گرداغ تا ئەچێتە سنوری ئەسکەندەرونە[١٢].

هەر لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تر هەیە باس لەوە دەکات سنوری کوردستان لە باکوری ڕۆژهەلاتی لوتکەی ئاراراتەوەبە خەتێکی ڕاست دەست پێ دەکات بەرەو باشور بۆ بەشی باشوری زاگرۆس وپشتکۆ دێتە خوارەوە، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای

ڕۆژئاوا درێژدا دەبێتەوە هەتا دەگاتە شاری موصل لە عێراق لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا کە لە موصلەوە دەگاتە بەشی تورك نشینی ویلایەتی ئەسکەندەرونەو لەو خالەوە خەتێك بۆ لای باکوری ڕۆژهەلات درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەرزرۆم لە تورکیا پاشان لە ئەرز رۆم بەرەو ڕۆژهەلات دێ تا دەگاتە لووتکەی ئارارات[١٣].

جیا لەم نووسەرانە چەند نووسەرێکی ترمان هەیە کە بەشێوەی زانستی سنووری کوردستانیان دیاری کردووە یەکێك لەو نووسەرانە (فواد حەمە خورشید)ە کە باس لە سنوور دەکات ئەنوسێت کوردستان دەکەوێتە نێوان هێلی (٢٩-٤٠)پلە لە باکورەوە، هێلی درێژی (٣٧-٥٠) پلە لە خۆرهەلاتەوە،سێگۆشەیەکی شاخاوی پێك ئەهێنێت کە سەرەکانی بەندە بەیەکێتی سۆڤیەت لە باکورەوە کەنداوی عەرەب لە باشورەوە و دەریای ناوەراست لە ڕۆژئاواوە.

ڕووبەری کوردستان ٥٠٠ هەزار کم٢،هەرلەم بارەیەوە زەوی کوردستان دابەش دەکات بۆ دووبەشی سەرەکی:

١- بەشی باکور :- ئەم بەشە کوردستانی تورکیا وسوریاو سۆڤیەت و ئیرانی گرتۆتەوە و کەوتۆتە باکوری گومی (ورمێ)وە.

٢-بەشی باشور :- ئەم بەشە کوردستانی عیراق و بەشی باکوری گۆمی (ورمێ) ی ئیران دەگرێتەوە[١٤].

یەکێکی تر لەو نووسەرانەی کە پسپۆری ئەم بوارەیە (عبداللە غەفور)ە دەربارەی سنوری کوردستان نووسیویەتی کوردستان دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە، سنورەکەی لە باکورەوە لەگەڵ ئازربایجان و ئەرمینیاو تورکیادایە،لە باشورەوە ئیران و کەنداوی (فارسی-عەرەبی)یە، لە ڕۆژهەلاتەوە ئازربایجان و ئیرانە، لە ڕۆژئاواوە عیراق و سوریایە[١٥]. بەلام ئەکرێت بلێین دکتۆر ئازاد نەقشبەندی لە هەموو نووسەرانی تر زیاتر بە شێوەیەکی زانستی سنوری کوردستانی دیاری کردووە کاتێك نووسیویەتی کوردستان لە شێوەی سێگۆشەیەکی وەستاوی نارێك دایە، کەنداوی ئەسکەندەرونە و شاری لێنیکان و کەنداوی فارس هەرسێ سوچی ئەم سێگۆشەیە پێك ئەهێنن، کوردستان ئەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە لە نێوان هێلی پانی (٣٠-٤١) پلەی باکور و هێلی درێژی (٣٦-٥١) پلەی ڕۆژهەلات و بەسەر تورکیاو عیراق و ئێران و سوریاو ئەرمەنستان دابەش کراوە و ئەم شوێن و ناوچانە دەگرێتەوە :-

١- ڕۆژهەلات و باشوری ڕۆژهەلاتی تورکیا

٢- هەموو ڕۆژئاوای ئێران جگە لە خۆزستان

٣- باکور و باکوری خۆرهەلاتی عیراق

٤- سوچەکانی باکوری ڕۆژهەلات و باکوری ڕۆژئاوای سوریا

٥ - ڕۆژهەلاتی ڕووباری ئاچوریان لە ئەرمەنستان[١٦].

لە ئەنجامی خستنە ڕووی بەشێك لەو بیرو بۆچوونە جیاوازانەی دەربارەی سنوری جوگرافیای کوردستان دەربڕاوە ئەتوانین بلێین (د.ئازاد نەقشبەندی) بەو پێیەی کە

پسپۆڕێکی ئەم بوارەیە بۆچوونەکانی بنەمای زانستی هەیە و زیاتر گونجاوو زانستی‌یە کە بخرێتە پێش چاوو گرنگی پێ بدرێت.

**٢- دانیشتوانی کۆنی کوردستان :**

کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە لەسەردەمە کۆنەکانەوە مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی ئادەمیزاد بووە، ئەوەی ئەم ڕاستی‌یە ئەسەلمێنێ شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستانە کە چەندین پاشماوەی کۆنی ئادەمیزادی تیا دۆزراوەتەوە وەك دۆزینەوەی پاشماوەی مرۆڤی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانیدەر ئەمەش بەڵگەی بوونی مرۆڤی نیاندەرتاڵ بووە لەم ناوچەیەدا، هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵانی نێوان (٧٠-١٢) هەزار ساڵ پ.ز لە ئەشکەوتەکانی نیشتەجێ بوون و هەر لەم ماوەیەدا مرۆڤی نیاندەرتاڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات و دواجار مرۆڤی نوێ بەناوی(هۆمۆساپینس سەری هەڵدا لە ناوچەکانی ئەفەریقاو بە ناوچەکانی تری جیهان دا بڵاوبوونەوە و شەپۆلی ئەم کۆچ و ڕەوە گەیشتە چیاکانی زاگرۆس و هۆکاری ئەم کۆچەش ئاو و هەوا بووە[١٧] بێگومان هۆکاری نیشتەجێ بوونی مرۆڤی کۆن لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی چەندین ڕووبارو سەرچاوەی ئاو و هەروەها بوونی چەندین جۆر گیانەوەری کێوی کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە سوودیان لێ بینیوە بۆ درێژە دان بە ژیانی خۆیان.

سەبارەت بە دانیشتوانی کۆنی کوردستان کەلە سەرچاوە کۆنەکاندا تۆمار کراوە وەك سۆمەری و ئەکەدی بیرو ڕای جیاواز هەیە لەسەر چۆنیەتی و کاتی کۆچ کردنی خێڵ و نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە کە بە ئاری‌یان هیندو ئەورووپی ناسراون،یەکێك لەو بۆچوونانەی باس لەوە ئەکات ئاری‌یەکان نزیکەی ٣٥٠٠سال پ.ز لە باشووری ڕووسیاوە کۆچیان کردووە و هاتوون بۆ دەوروبەری ڕۆژئاوای ئاسیا. بەشێك لەمانە هەر لە دەشتەکانی باشووری ڕوسیاوە هاتوونەتە ڕۆژئاوای ناوەڕاست و ڕۆژئاوای نزیك تا باشوری هیند چوون، ئەو بەشەی کە بەرەو ئاسیا چوون لە تورکستانی ڕووسیا مانەوە ماوەی هەزار ساڵێك.پاشان ڕوویان کردە باشووری ئێران،ئەمانەش بوون بە دووبەشەوە بەشێکیان چوون بۆ هیندو بەشەکەی تریان بە ناو ئێراندا بڵاوبوونەوە ئەمانەش بەشێکیان جێگیر بوون بەشێکیان بە کۆچەرایەتی کەوتنە چیاکانی زاگرۆس و پەل پەل بوونەوە و(سوباری، لۆلۆ، گۆتی، کاشی،خوری،میتانی،نائیری،ئۆرارتۆ،مانی،مید ی،کاردۆخی ) لێ پێك هات[١٨].جگە لەوە بۆچوونێکی‌تر باس لەوە دەکات کە ئاریەکان ٣٤٠٠ ساڵ پ.ز لە ئەنجامی ڕووداوێك کە ڕوون نی‌یە دووچاری کۆچکردن و بڵاو بوونەوە بوون، بەشێك لەمانە بەرەو هیند چوون بەشێکی تریان ڕوویان کردە یونان و ڕۆمان و مەکەدۆنیان و بەشێکی تریان ڕووە و ڕۆژئاوای ئاسیا (ڕۆژهەڵاتی ئێران) کۆچیان کرد و بڵاوبوونەوە و بەشێکیان ڕوویان کردە ناوچەکانی ئازربایجان و لوڕستان و ئەرمەنستان و کوردستان جێگیر بوون تیایدا[١٩]. جگە لەوە بۆچوونێکی تر لەسەر دانیشتوانی کۆنی کوردستان ئەو بۆچوونەیە

د.كونتناف باسی ئەكات و پێی وایە ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز خەڵكانێك لە دەشتەكانی باشوری سیبریاو ڕووسیاوە كۆچیان كردووە بۆ كێوەكانی زاگرۆس و جێ گۆڕكێیان كردووە و بەوانە ئەڵێن ئاریای یان ئاسیای،ساڵی ٢٠٠٠پ ز لە هەمان شوێنەوە دەستەیەكی تر كۆچیان كردووە و گەشتوونەتە كێوەكانی زاگرۆس كە زانایان ناویان ناون شاری یان هیندۆ ئەوروپی هەردوو دەستەكە پاش پیكادان و شەڕو شۆڕ تێكەڵاوی یەكتری بوون میسپۆتامیایان داگیر كردووە[٢٠]. هەر لەم بارەیەوە بۆچوونێكی تر هەیە كە ئوژن پیتارسولاك و فون لوشان پێیان وایە ئاریەكان كە لە كوردستانی شورەوی ئەمڕۆ كۆبوونەتەوە ڕوویان كردە باشووری ئێران لێرەدا بوون بە دوو دەستەوە، دەستەیەكیان چوون بۆ كێوەكانی هیمالایاو هیندستان دەستەیەكی تریان لە ئێران مانەوە كە دوور نییە لە ساڵی ٢٥٠٠ پ.زهاتبنە ئێران، بەشێك لەمانە لە دەشت مانەوە و بوون بە فارس بەشێكی تریان ڕوویان كردە چیاكانی زاگرۆس و بە تایەفەی وەك لۆلۆ، گۆتی، كوسی، خاڵدی، كاردۆ، ماد، ناویان دەركرد و ناسران[٢١].

یەكێك لەو ڕاستیانەی كە تایبەتمەندە بە مێژووی كۆنی كوردستان ئەوەیە كە كۆنترین ئەو گەلانەی كە باسكراون لە نووسراوە بزماریەكان دا گوایە دانیشتوانی كوردستان بوون لە ڕەچەڵەك دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانەی دەكەوێتە ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوای دەریای (وان)ە وە ئەوەی ئەم ڕاستییە ئەسەلمێنێ دەقە مێخییە كۆنەكان كە نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو گەلانەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە دانیشتوانی كۆنی كوردستان بوون لە سەردەمە كۆنەكاندا ئەم نیشتمانەش بە پێی بۆچوونی شارەزایان لە دوو ناوچەی سەرەكی پێك هاتووە (ناوچەی سور،ناوچەی كردا) ئەم ڕاستییەش بە تەواوی لە نوسراوە مێخییەكانی یەكێك لە پاشاكانی وەچەی نوری سێهەم (٢١١١-٢٠٠٣) پ.ز دەردەكەوێت[٢٢]. لە ئەنجامی خستنە ڕووی بیرو بۆچوونە جیاوازەكان لەسەر دانیشتوانی كۆنی ئەم ناوچەیە ئەتوانین بڵێین ناوچە شاخاوییەكانی زاگرۆس كۆنترین مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی دانیشتوانی كۆنی كوردستان بووە لە هەزارەی چوارەم تا هەزارەی دووەمی پ.ز بەشێوەی كۆمەڵی جیاواز كۆچیان كردووە بۆ ئەم ناوچەیەو تیایدا نیشتەجێ بوون بە هۆی لەباریی ئاوو هەواو بوونی سەرچاوەكانی ژیان تیایدا لەو كاتەوە ئەم ناوچە یە بووە بە مەڵبەندی نیشتەجێ بوون و دانیشتوانەكەی بەردەوامیان بە ژیان داوە و ململانێ یان كردووە لەگەڵ هێزەكانی دەوروبەریان بەتایبەتی ئەكەدی‌و سۆمەری كە هەندێك جار ئەم خێڵ و هۆزانە جێگەی دەسەڵاتی زلهێزەكانی ناوچەكەیان گرتۆتەوە و سنوری دەسەڵاتیان زۆر فراوان بووە.

ئەتوانین بڵێین دانیشتوانی كۆنی كوردستان پێك هاتبوون لەمانەی خوارەوە :-

١- سوئیەكان (سۆبارییەكان) :-

کۆمەڵێکی دانیشتووی کۆنی کوردستانن کە باوەڕیان وایە دانیشتوانی ناوچەی (سور) کۆنترین دانیشتوانی کوردستانن ئەوەی ئەم ڕاستی یە ئەسەلمێنێ ناوی ناوچەکە (سوبار) کە بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی یەکێك لە کتێبەکانی (ای اناتم) لە ٢٤٧٠-٢٤٣٠پ.ز لە سێیەم پاشایی وەچەی لەکشی یەکەمە دەردەکەوێت[٢٣]. جگە لەمە بۆچوونێکی تر هەیە لەسەر سوباریەکان باس لەوە ئەکات ئەم ناوە بۆ یەکەم جار لە ڕووی بەردێکی نوسراوی سەردەمی فەرمانڕەوایی (لوگال ئانی مۆندو) پاشای سەدەی سێیەمی پ.ز بەشێوەی (سوبێر) بینراوە لە نووسراوەکانی سەردەمی (نارام سین) دا بە (سوبارنیم) نووسراوە،ئەم ناوە لە ڕۆژگاری ڕابردوودا مانای کیشوەرێکی فراوانی گەیاندووە لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای (ئیلام) تا چیاکانی (ئامانوس) بەڵام دوای ماوەیەك بە کۆمەڵێك لە کوردەکانیان وتووە کە هەمان کۆمەڵی سۆباری ئەگرنەوە[٢٤].

سەبارەت بە سنووری ناوچەی سوباریەکان تا ئێستا بە تەواوی دیاری نە کراوە و چەند بۆچوونێك هەیە لەم بارەیەوە،یەکێك لەو بۆچوونانە سۆباریەکان دەگرێتەوە بۆ ناوچەکانی بەشی خۆرئاوای چیاکانی زاگرۆس کە لە قۆناغی دواتر بە (مادە خۆرئاوا) ناسرا، کۆمەڵێك ژیاون بە ناوی (سوباری یان هوریان)[٢٥].

هەر لەم بارەیەوە بۆچوونێکی تر هەیە کە سنووری ناوچەی سوباریەکان دەگرێتەوە بۆ ئەو ناوچەی کە دەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆس لای ڕۆژهەڵات و ڕووباری خاپوور لای ڕۆژئاوا[٢٦].

بۆچوونێك هەیە لەسەر سوباریەکان کە باس لەو ئەکات سوباریەکان لە هەزارەی دووەمی پ.زلە بەرزاییەکانی ئاراراتەوەی بەرەو ناوچەکانی باکووری میسوپۆتامیا هاتوون و بە ناوچەکانی ئەرمەنستان و سوریای ئەمڕۆدا بڵاوبوونەوە زمانی تایبەت بە خۆیان هەبووە[٢٧].

لە کۆتایی دا ئەتوانین بڵێین ناوی سوباریەکان لە نووسراوە بزماریەکاندا بە چەند شێوەیەك هاتووە وەك (سۆبارتوو – سۆبار – شوبور – شۆبیر).

٢- لولوییەکان :

ئەمانەش کۆمەڵێکی تری نیشتەجێی کوردستانن لەسەردەمە کۆنەکان دا تا ئێستا بە تەواوی دەرنەکەوتووە ئەم کۆمەڵەیە زووتر لە سۆباریەکان هاتوونەتەکوردستان یان هاوچەرخی سوباریەکان بوون. سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێ بوونی لولوبیەکان دەکەونە ناوچەی دەشتی زەهاو دەشتی شارەزوور بە تایبەتی ناوچەی سلیمانی کە لە سەردەمی ئاشووریەکاندا بە وولاتی (زاموا یان مازاموا) ناسرابوو[٢٨]. بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە کە لولوبیەکان دەگرێتەوە بۆ ناوچەکانی بەشی باکووری زنجیرە چیایی زاگرۆس کە لە نێوان هەزارەی دووەمی پ.ز تا سەدەی نۆیەمی پ.ز توانییان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکانی باکوری زاگرۆس تا دەریاچەی ورمێ بسەپێنن[٢٩].

بەلاّم هەندێك لە مێژوو نووسان لەو بڕوایەدان كە شوێنی نیشتەجێبوونی لولوبییەكان زۆر لەوە فراوانتر بووە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كە دەكەوێتە نێوان ڕووباری سیروان و دەریاچەی ورمێوە لە كۆتاییدا ئەڵێن بەپێی ئەو پاشماوانەی كە بە جێماوەو دۆزراوەتەوە وڵاتی لولو زۆر ئاوەدان بووە و خاوەن گەلێ زاناو ڕۆشنبیر بووە جگە لەمانەش پیشەسازی پەرەی سەندووە لە ناویاندا[٣٠].

٣- گۆتییەكان :-

یەكێكی تر لەو كۆمەڵەو هۆزانەی دانیشتوانی كۆنی كوردستان كە لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز دەركەوتن و كەوتنە ناو لاپەڕەكانی مێژووە وە ڕۆلێكی گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە مێژووی كۆنی كوردستاندا (گۆتی) یەكان بوون. سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێ بوونی گۆتییەكان چەند بۆچوونێك هەیە (پرۆفیسۆر كامرن ) یەكێكە لە گەورەترین شارەزایانی مێژووی ئێرانی كۆن و لەو باوەڕەدایە باكووری شارەزوور مەلبەندی نیشتەجێ بوونیان بووە،(پیرانیا) باس لەوە ئەكات كە لە خۆر هەلاّتی زەهاو نیشتەجێ بوون، ( دیاكونوف ) پێی وایە كە لە ناوچەی ئازربایجان و كوردستان ژیاون (صەموئیل ) كریمەر لەو باوەڕەدایە لە خۆر هەلاّتی میسۆپۆتامیا بوون لە ناوچە شاخاوییەكانی سەرپێلی زەهاو[٣١].

بەلاّم بۆچوونێكی تر باس لەوە دەكات گۆتییەكان نیشتەجێی دەشتەكانی شارەزوور بوون واتە ئەو ناوچەیەی دەكەوێتە نێوان زێی بچووك و ڕووباری دیالە پایتەختەكەشیان (ئارابخا) كەركوكی ئێستا بووە[٣٢]. دوای ئەوەی گۆتییەكان دەسەلاّتی خۆیان جێگیر كرد دەستیان كرد بە هێرش و پەلاماردانی ناوچەكانی دەوروبەریان و تەنانەت پەلاماری ئیمپراتۆریەتی ئەكەد و سۆمەر و عیلامیان داو توانیان دەولەتێكی بەهێز دروست بكەن سنووری فەرمانڕەواییان زۆر فراوان كرد،لەم بارەیەوە بۆچوونێك هەیە باس لەوە ئەكات لەشكری گوتیەكان لە ٢٦٠٠پ.ز ڕوویان كردە جیهانگیری لە ئەنجام دا كیشوەری سۆمەر و ئەكەد و عیلامیان خستە سەر كیشوەری گۆتی و نزیكەی ١٢٥ساڵ و چل ڕۆژ ئەم دەولەتە گەورەیە كە بە ئیمبراتۆریەتی گۆتی ناو دەبرێت حوكمی كردو سنورەكەی بەم شێوەیە بوو :-

ڕۆژهەلاّت دەریای قەزوین و ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك تا دەریاچەی ئیجەو لێواری میترانە و باكوری دەریای ڕەش و باشوری دەریای سوور بوو[٣٣].

كۆنترین ئاماژە بە گۆتییەكان ئەوەیە كە یەكەمین پاشای گۆتی ناوی (ئانناتوم) بووە ئەم پاشایە لە سەدەی (٣١ پ.ز) ژیاوە و لەگەڵ ئیلامییەكاندا شەڕی كردووە و شاری (لاگاشی) كردووە بە پایتەختی خۆی، هەروەها ئاماژەش بەوە كراوە كە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی گۆتی بە دەستی ئۆتوهیگال پاشای ئور لە ناو چووە و گۆتییەكان بەرەو كەنارەكانی ئارارات كە وولاّتی پێشینی خۆیان بوو كشانەوە و لەگەڵ لۆلۆكاندا تێكەڵ

بوون و دواهەمین پاشای گۆتی کە ناوی (تێرگان) بووە[٣٤].

٤- کاشی‌یەکان :-

ئەمانەش کۆمەڵێکی تری نیشتەجێی کوردستان بوون لە سەردەمە کۆنەکاندا خاوەنی مێژوویەکی گرنگو بە ناوبانگ بوون بە ناوەکانی (کاس، کاسا، کاسو، کاشو) ناسراون تا ئێستا بە تەواوی روون نەبۆتەوە، بەڵام باس لەوە ئەکرێت لە ناوچەکانی باکوری ئیلامەوە هاتوون و دواتر بۆ ماوەی شەش سەدە دەستیان بەسەر میسۆپۆتامیا دا گرتووە تەنانەت لە سەردەمی سێ‌هەمین نەوەیاندا دەستیان بەسەر گۆتی‌یەکان و پادان و ئەلمان (حلوان) دا گرتووە[٣٥]. بۆچوونێکی تر باس لەوە ئەکات لە ناوچەی کرماشان دائەنیشتن و وردە وردە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی بابل تا رووباری دیجلەیان هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە[٣٦]. بەڵام هەندێك لە مێژوو نووسان لەو بیرو رایەدان کاشی‌یەکان لە چەند ناوچەیەکی جیاجیاوە هاتوون لە بەشی زاگرۆسی ناوەراست کۆ بوونەتەوە حوکمەتێکیان پێك هێناوە و پاشان بەرەو ناوچەکانی باکور و خۆر هەڵات تا سنووری هەمەدان چوون، جگە لەم بۆ چوونە هەندێك مێژوو نووسی تر لەو بروایەدان لە ناوچەیەکی باکوری ئیلامەوە هاتوون ناوی (کاش) بووە[٣٧]. کاشی‌یەکان بە هاوکاری لۆلۆگۆتی‌یەکان بەسەرکردایەتی (ئاگوم _کاکریمە) کەناسراوە بە (ئاگومی دووەم) ساڵی ١٥٩٥پ ز پەلاماری بابلیان داو داگیریان کرد[٣٨].

حوکمرانی کاشی‌یەکان لە بابل نزیکەی چوار سەدەی خایاند لە ١٥٩٥-١١٦٢ پ.زو کۆتایی هاتنیان لە مێژوودا بۆ ئەو کاتە ئەگەرێتەوە کە ئیلامی‌یەکان هێرشیان کردە سەر دەولەتی بابل و کۆتاییان بە دەسەڵاتی کاشی‌یەکان هێناوە، بەڵام ( شەتروك ناخەنتە)ی یەکەم لە شاڵاوێك دا شکستی گەورەی دووچاری کاشی‌یەکان و بابلی‌یەکان کرد لە ساڵی (١١٧٥ پ.ز) بەم شێوەیە ئیلامی‌یەکان شوێنی کاشی‌یەکانیان گرتەوە و دواتریش زنجیرەیەکی نوێی بابلیەکان پێك هات[٣٩].

٥- خوری‌یەکان :-

کۆمەڵێکی تری نیشتەجێی کوردستان لەسەردەمە کۆنەکاندا خوری‌یەکان بوون، شوێنی نیشتەجێ بوونیان دەگەرێتەوە بۆ ناوچەی باکوری دۆڵی رافیدەین کە درێژ دەبێتەوە لە نێوان چیاکانی تووروس لە نزیك کرکمیش بۆ نزیکی دەریاچەی وان[٤٠].

دەرکەوتنیان لە مێژوودا دەگەرێتەوە بۆ نیوەی هەزارەی سێیەمی پ.ز واتە لە سەردەمی ئەکەدی و سۆمەری‌یەکان، یەکەم پاشای خوری‌یەکان (کیکلب – اتل)ە ناوەندی حوکمەکەی ناوچەی (توکریش) بووە کە تا ئێستا بە تەواوی دەست نیشان نەکراوە، ماوەی حوکمرانی ئەم مەلیکە لە کۆتایی دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی ئەکەدی‌دا بووە و هاو کات بووە لەگەڵ دەسەڵاتی کوتی‌یەکان بەسەر عیراق دا[٤١].

ئەم بارو دۆخەش یارمەتی خوری‌یەکانی دا کە دەسەڵاتیان بە هێز بکەن و سنووری

فەرمانڕوا یەتیەکەیان فراوان بکەن و چەند دەولەتێکی بچووك دروست بکەن، بەڵام دەسەڵاتی خوری‌یەکان لە دەوروبەری سەدەی ١٥ پ.ز کۆتایی پێ‌هاتووە.

٦- میتانی‌یەکان :-

میتانی‌یەکان لە هەمان شوێنی نیشتەجێ بوونی خوری‌یەکان ئەژیان لە دەوروبەری سەدەی ١٥ پ.ز کۆنترین ناوی گەلی میتانی کە دۆزراوەتەوە بە شێوەی (مای - تی - نی) و (میتاناو) بووە ئەم دوو ناوە لەسەر پارچە چەرمێك نووسراوە کە لە خاکی دێرینی سۆباری‌دا دۆزراوەتەوە ئەم خاکە لە ڕۆژئاواوە چۆتە کەناری دەریای ئیجەو لە باشور گوروس و سوریای گرتۆتەوە[٤٢].

میتانەکان لە نێوان سالانی (١٥٠٠-١٣٦٠) پ.ز بە ئیمبراتۆریەت ناوی دەرکردووە و سنورەکەی لە باشور هەتا دەشتەکانی (ئارابخا) کەرکوك گەیشتووە، لە ڕۆژ هەلات تا بەرزایی‌یەکانی زاگرۆس و لە ڕۆژئاوا هەتا دەریای سپی ناوەراست بووە، ناوجەرگەکەشی لە ناوچەی خاپور بووە کە پایتەختەکەی(واشۆکانی) بووە و بیرو رای زۆر هەیە لەم هەرێمەدا دامەزرابێت[٤٣].

میتانی‌یەکان پەیوەندی‌یەکی باشیان لەگەڵ میسریەکاندا پەیدا کردووە و ئەرشیفی (تل العمارنە) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ژن و ژنخوازی لە نێوان خێزانی پاشایانی میسرو پاشایانی میتانی‌یەکان دا هەبووە لە سەردەمی توحتمسی چوارەم و ئامونحوتبی چوارەم (ئەخناتون) دا[٤٤].

٧-نائیری‌یەکان :-

ئەمانە کۆمەلێکی تر بوون لە کوردستاندا جێگەی سوباریەکانیان گرتۆتەوە و زۆربەی ناوچەکانی دەوروپشتیان دەست بەسەرداگرتووە و دانیشتوانی ڕۆژئاوای کوردستان بوون پێش هاتنی میدیەکان، نائیری‌یەکان لە ناو چەکانی خۆرئاوای ئێران بە شێوەیەکی ڕونتر لە بەشی خۆرئاوای کوردستان نیشتەجێ بوون و دواتر بۆ سنوری زێی گەورە کۆچیان کردووە و تا سەرچاوەکانی ئەم زێیەیان خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە[٤٥].

نائیری‌یەکان لە هەزارەی سێ‌یەم و دووەمی پ.ز بلاو بۆونەتەوەو لە گەڵ مێژووی گەلی ئاشوری شان بەشانی ئەوان ناویان هاتووە، لە پێش نائیریەکاندا سۆباری‌یەکان بازاڕی شارستانیەتیان گەرم بوو بەڵام کە نائیری‌یەکان دەرکەوتن ناوی سۆباری‌یەکان کپ بۆتەوە، بە باوەڕی زاناکان هەموو شارو دێهاتی خێڵی نائیری و نەهری و شەمدینی و جەزیرەو بۆتان هەموو نەوەی خێڵی نائیری نووسیویەتی کیشوەری گەورەی نائیری زۆر بەر بلاوە بووە نەك وا بزانرێت تەنیا بەشی باکوور و ڕووبا ری(زێ) بووبێت، ئەم کیشوەرەی نائیری لەسەرچاوەکانی ڕووباری دیجلەوە بگرە تا ناوەندەکانی دیجلە و فورات و ڕۆژهەلاتی دیجلە و فورات وڕۆژهەلاتی دیجلەو تا باکوری نیقاتس، ئامێد، دیاربکر،خرپوت،دەرسیم، کێوی بدلیس،کیوی گوروس.

سەرجەم ئەم ناوچانە خاکی کیشوەری نائیری بوون، بەڵام نائیری یەکان لە لایەن ئاشوری یەکانەوە کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتووە.

٨-ئورارتی یەکان :-

دەوڵەتی ئورارتو لە دەوروپشتی دەریاچەی وان سەری هەڵداوە لە هەزارەی یەکەمی پ.ز.بەشێك لە کۆمەڵەکانی گەلی کورد لە خاکی (ئاران) ئورارتو. لەسەدەی نۆی پ.ز دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند، خاکی ئورارتوو کەوتۆتە باکووری ڕۆژئاوای زاگرۆس و ئەم دەوڵەتە هاوزەمانی دەسەڵاتی ئاشوری یەکان بووە[٤٦].

بیرو ڕایەکی تر هەیە سەبارەت بە ئورارتی یەکان باس لەوە ئەکات لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٣پ.ز بە ناوچەی ئەرمینیا دەوترا (ئورارتو) کە ناوچەکانی نێوان ئەرمینیاو دەریاچەی (وان) ی ئەگرتەوە[٤٧].

دەوڵەتی ئورارتو لە دەوروبەری ساڵی ٦٢٥ پ.ز ئارامی گرت و وازی لە پەلاماردان هێنا لە سەردەمی یەکێك لە پاشاکانیان کە ناوی (چرمیا) بوو، بەڵام دوای دەسەڵاتی ئەم پاشایە ئورارتوو سەرگەرمی کێشەی ناوخۆ بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (ك) (کەی) کەوتە ژێر ئاڵای دەوڵەتی ماد تا شۆڕشی گەورەی گۆتی ٥٨٥ پ.ز دەوڵەتی ئورارتو ڕوخاوە[٤٨].

٩-مانی یەکان :-

مانی یەکان بەشێك بوون لە دەوڵەتی ئورارتو لە ناوچەیەکی سەربەخۆ دا بوون ئەکەوتە باشوری ڕووباری ئورمیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

زاراوەی ئەم دەوڵەتە لە مێژوودا بە شێوەی (مانا،ماننا، مننا، مناش) هاتووە بەڵام لە کتێبە پیرۆزەکان دا بە شێوەی (مننی) هاتووە[٤٩].

بەڵام لە نووسراوەکانی دەوڵەتی ئورارتو بەشێوەی (مانا،نی ئابانی) ئاماژە بە دەوڵەتی مانی کراوە و ئاشوری یەکانیش بە (مات - ماننانی) باسی کیشوەر و هۆزەکانی مانی کردووە[٥٠].

سنوری دەوڵەتی مانی لە باکور و باکوری ڕۆژئاواوە لەگەڵ دەوڵەتی ئورارتو بووە بەڵام لە باشوری ڕۆژئاواو ڕۆژئاواوە سنوورەکەی ئەچووە ناو دەوڵەتی ئاشوری یەوە و پایتەختەکەی شاری (ئیزر توزرتە) بوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،دەوڵەتی مانی بەهۆی ناکۆکی سیاسی ناوخۆوە و سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین لە ساڵانی ٦٦٠-٦٥٩ پ.ز بەرەو لاوازی چووە و ڕوخاوە و کۆتای بە دەسەڵاتی هاتووە لە مێژوودا[٥١].

١٠- میدیەکان :-

میدیەکان یەکێك بوون لەو نەتەوە کۆنانەی نیشتەجێی کوردستان بوون، کە توانییان ئیمپراتۆریەکی مەزن دروست بکەن و لەهەمان کاتدا کۆتایی بەدەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی وەك ئاشوریەکان بهێنن.

لەساڵی (٦١٢ پ. ز)، شاری (ئەکپاتان) هەمەدانی ئێستایان کردە پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان، بەگوێرەی وتەی (هیرودۆت) وڵاتی (ماد) لەسەرەتاوە لەژێر

دەسەڵاتی ئاشوریەکان دا بووە و دوای ئەوەی ئازاد بووە، خەڵکی (ماد) ماوەیەك دەوڵەت و فەرمانڕەوایان نەبووە، هەروەها باس لەوە ئەکات یەکەمین پاشای (ماد) کە شاری (ئەکپاتانی) دروست کرد و سەڵتەنەی مادی دامەزراند (دیوك – Deiokes) بوو ماوەی (٥٣) ساڵ حوکمی کرد[٥٢].

خاکی میدیەکان لەڕووی جوگرافی و مێژووییەوە ئەکرێت بەسێ بەشەوە:-

١- بەشی ڕۆژئاوا (مادی ئەترۆپاتین) کە لەروباری ئاراسەوە بۆ (روباری ئەلوەند) درێژ بۆتەوە.

٢- مادی بچوك کەوتبووە نێوان دوو زنجیرە چیاوە لەسەرەوە لکابوون بەچیای ئەلبورز، کە بۆ سەر دەریای خەزەر درێژبۆتەوە، لەخوارەوە کێوی ڕوود بەدرێژایی زنجیرە چیای زاگرۆس واتە لەباکوری ڕۆژئاواوە بۆ باشوری خۆرهەلاّت درێژ بۆتەوە.

٣- پارتاکنا کە ناوچەیەکی کۆنە و کەوتۆتە نێوان دوو ریزە چیای بەرامبەر یەك، لەسەرەوە کێوی ڕود، لەخوارەوە ریزە چیایەك کە لکاون بەزنجیرە چیای زاگرۆس[٥٣].

١١- کاردۆخیەکان :-

ناوی کاردۆخیەکان لەلاپەڕەکانی مێژوودا، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لەشکری (دە هەزار) سەربازە یۆنانیەکە بەسەرۆکایەتی (کەسنەفۆن) بەناوچەی کاردۆخیەکان دا تێپەڕیوە و کەوتونەتە شەڕەوە لەگەڵ کاردۆخیەکاندا لەدەوروبەری ساڵانی (٤٠٠ – ٤٠١)پ. ز، ناوی کاردۆخیەکان بە شێوازی جیاجیای وەك (کاردۆخی، کاردوخوی، کاردوئوی، کردوخی) هاتووە و پێ ئەچێت لەزاراوەی گۆتی یان (جودی) (کوردەکانی چیای ئارارات) سەرچاوەی گرتبێت و دواتر بۆ (کوتی، کوردی) گۆڕابێت و پەیوەندیان بە کۆمەڵگەی پێش خۆیانەوە واتە گۆتیەکانەوە هەبێت[٥٤].

سەبارەت بە کاردۆخیەکان ئاماژە بەوەکراوە کە نیشتەجێی باشوری روباری (بوتان سو) بوون لەکوردستانی تورکیا، ڕوباری دیجلە سنوری ڕۆژئاوا بوو بۆ کاردۆخیەکان، ئەم سنورە کۆتایی هاتووە لەباشور لەنزیك ناوچەی مەنصوریە، بەم شێوەیە ولاّتی کاردۆخیەکان ناوچەی (بۆتان)ی کوردی ئەگرێتەوە لەتورکیا[٥٥].

**٣- دەرکەوتن و گەشەکردنی کورد لەبواری زمان و نەتەوەدا :-**

مرۆڤ وەك بونەوەرێکی گرنگ لەسەر زەوی بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی خۆی بسەلمێنێ پێویستی بە سیستەمێك هەیە سەرەتایترین و کاریگەر ترین ئامراز بۆ ئەوەی سیستەمی کۆمەلاّیەتی و کۆمەڵگەی پێ دابمەزرێنێت (زمان)ە

ناکرێت گرنگی زمان لەسەردەم و گوزەرانی رابردوو ئێستا و داهاتوودا بەهەند نەگرین، بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بلێین زمان رۆڵی کاریگەر و راستەو خۆی بینیوە و دەبینێ لەبەرجەستەکردنی لێکحاڵی بوون و گوێزانەوەی ئەو شتانەی کە مەبەستە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.

کەواتە زمان لەپێویستی‌یە گرنگ و بنچینەییەکانە کە مرۆڤ پەی پێ بردووە لەسەرەتادا بەشێوەی دەنگ و هێما و ئیشارەت بەکاری هێناوە و دواتر بۆتە ووشە و ڕستە و زمانی تەواو، زمان لەو ئامرازە زیندوانەیە کە پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ هێناویەتیە کایەوە، بۆئەوەی سروشتی مێژووی خۆی و دۆزینەوە و داهێنان و ئەو کارانەی کە کردوویەتی و دەیکات، نەمری بکات و بیکاتە مێژوو، بۆئەوەی ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤ دروست بێت، چونکە مرۆڤ خۆی بەتەنها ناژی ئەمەش وای کردووە کە سیستەمی زمان وەك کۆڵەکەیەکی بنچینەیی بێت لەدروست بوونی ڕژێمی کۆمەلایەتی مرۆڤ و کۆمەڵ.

سەبارەت بەزمانی کوردی ئەتوانین بڵێین سەر بەکۆمەڵەی زمانە (هیند و ئەوروپییەکان)ە لەبەشی زمانە هیند و ئێرانیەکان کە بەبەشێکی زمانە ئێرانیە کۆنەکان دانراوە، کورد جگە لەوەی زمانی یەکگرتووی نییە، ڕێنوسی یەکگرتووشی نییە، چ لەکۆندا و چ لەئێستادا کە بە دوو ڕێنوسی (عەرەبی و لاتینی) دەنوسی، کە ئەمەش زیانی زۆری بەزمانی کوردی گەیاندووە.

سەبارەت بەمێژووی زمانی کوردی پێویستە بەپێی قۆناغە مێژوویەکانی گەشە کردن و پەیدابوونی باس بکەین و ئەتوانین بڵێین زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و لەسەرەتادا بەشێوەی زمانی (ئاڤێستای زەردەشتی) و زمانی مادەکان و گەلە کۆنەکانی زاگرۆس (گۆت و لۆلۆ و میتانی و ئورارتو، کاردۆخی....هتد). بووە ئەمانە بەسەرەتای مێژووی زمانی کوردی دادەنرێت. لەم بارەیەوە ئەتوانین ئاماژە بۆ ئەو بۆچوونە بکەین کە باس لەوەئەکات زمانی (ئاوێستا و زمانی کوردی) یەکێکە و بەتایبەتی زاری کوردی کۆن کە هەورامی‌یە، بەشێوەیەکی ڕوونتر واتە زارە کوردیەکان دەچنەوە سەر ئاوێستا[٥٦].

هەر لەم بارەیەوە (سپایزەر) باس لەوە دەکات هەر چوار هۆزەکەی زاگرۆس (لۆلۆ،گۆتی،کاسۆ،سۆبار) هەریەکەیان خاوەنی زمانی تایبەتی خۆیان بوون بەلام لەبەر ئەوەی لەیەکەوە نزیك بوون وەك بەشە جیاجیاکانی ئەمڕۆی کوردستان کە جل و بەرگ و زمانیان هەندێك جیاوازی تیایە، بەلام هەمووی یەك زمانە و پێی ئەوترێت کورد[٥٧].

دوای هاتنی ئیسلام بۆ ناوچە کوردیەکان هەولیان دا زمانی عەرەبی بسەپێنن و زمانی عەرەبی‌یان کرد بەزمانی نوسین و دەولەت بەشێوەیەکی ڕەسمی، بەلام ئەم شێوازە نەبووە هۆی لەناوچوونی زمانی کوردی و دوای ئەوە بەماوەیەك بابەتاهیری هەمەدان (٩٢٥-١٠١٠) زایین، بەهۆنراوەکانی بناغەی زمانی کوردی دانا بەلام بەلەهجەی (دیالێکتی لوڕی)[٥٨].

زمان وەك بونەوەرێکی زیندوو لەمردن وژیان دایە چونکە هیچ زمانێك لەماوەی نەك تەنها هەزار ساڵێك بەڵکو لەماوەی سەد ساڵیش دا وەك خۆی نامێنێتەوە و دەگۆڕێت. بۆ نمونە زمانی ئێستای ئێمە، جیاوازی تیایە لەگەڵ

ئەو زمانەی سەردەمی شێخ مەحمود دا. هەر چەندە مێژووی نەتەوەی کورد و فارس لەسەر زەوی ئێران هاوبەشە، بەڵام توێژەران و پسپۆڕانی زمانی کوردی بەزمانێکی سەربەخۆی لەقەڵەم ئەدەن، بەپێچەوانەی بۆچوونی زمانەوانە فارسە ناسیۆنالست و رەگەزپەرستەکان، کە زمانی کوردی بە لقێکی دواکەوتووی زمانی فارسی دا ئەنێن، هەرچەند (عەرەب و تورکیش) کورد دەبەنەوە سەر خۆیان و زمانەکەشیان هەر دەبەنەوە سەر خۆیان لەم بارەیەوە باس لەبۆچوونی (سیرسدنی سمیث) دانەری کتێبی ئاشور ئەکەین کە ئەڵێت: شتێکی راست نی یە زمانی کوردی بەزمانی فارسی لەقەڵەم بدرێت، چونکە زمانی کوردی خاوەنی گۆڕانکاری یەکی تایبەتی خۆیەتی و جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ زمانی فارسی کۆن دا و زۆریش لەو کۆنترە، هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات زمانی کوردی زمانی سەربەستی سەدەی (شەشەمی پ. ز) کە هێشتا زمانی پەهلەوی لەدایک نەبووە[٥٩].

هەروەها (مینۆرسکی) باس لەوە ئەکات زمانی کوردی لەبنەماڵەی زمانی (ئاری)یە کە پێك هاتووە لە: زمانی (ئێرانی و ئەفغانی و بلوچی و ئەسیتینی) و گەلێك زمانی کۆن و تازەی تریش، زمانی کوردی فارسی نی یە و کرابێت بەکوردی بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە و یاسای فۆنەتیك و سینەکسی تایبەتی خۆی هەیە![٦٠].

زمانی کوردی تا ئێستا شێوەیەکی ئەدەبی یەککگرتووی نی یە و ئێستا دوو شێوە زاری سەرەکی (کرمانجی و سۆرانی) هەیە، کرمانجی لەبەشەکانی باکور و باکوری رۆژئاوای کوردستان بەکار دەهێنرێت، کە زۆربەی کوردی تیا ئەژی و هەموو کوردەکانی کوردستانی تورکیا دەگرێتەوە. جگە لەدەوروبەری دەرسیم کە بەشێوە زمانی (زازا) قسە ئەکەن، جگە لەمەش کرمانجی لە(سوریا و موصل و باکوری ورمێ) بەکار دەهێنرێت[٦١].

سەرەڕای ئەوانە کۆی شێواز و دیالێکتە کوردیەکان کە بەزمانی کوردی ناسراوە، زمانێکی یەککگرتوو پێك ناهێنێت. هەرچەندە ئەم دیالێکتانە لەبنچینەدا دەچنەوە سەریەك و هاوڕیەیوەستن. بەڵام لەهەمان کاتدا هەریەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەوانیتر جیای دەکاتەوە و جیاوازی نێوان دیالێکتە کوردیەکان بەندە بە دووری و نزیکی ناوچە و هەریەکەیان لەیەکتری‌یەوە[٦٢].

(مینۆرسکی) زمانی کوردی بەسەر چەند شێوە زمانێکدادابەش کردووە:-

١-شێوە زمانی خوارو، کە زمانەکانی (کرماشان و سنە و....هتد)، دەگرێتەوە.

٢-شێوە زمانی رۆژهەڵات، کە زمانی (سلێمانی و سابڵاخە).

٣-شێوە زمانی رۆژئاوایی، کە تا ڕادەیەك لەسەرانسەری کوردستان دا بڵاوبۆتەوە[٦٣].

(د. جەمال رەشید) هەوڵی داوە لێکۆڵینەوەیەکی وورد بکات لەم بوارەدا و لەئەنجام دا، گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی زمانی کوردی کە مەرجێکی گرنگی نەتەوەی کوردە لەمێژوودا، بە بەراورد کردن لەگەڵ کارەساتە

مێژوویی و زمانەوانەکانی وڵاتی کوردەواری ئەوە دەردەخات کە سەرەتای ئەم زمانە لەپلەیەکی تایبەتیدا (هەزارەی دووەمی پ. ز). بناغەی خۆی چەسپاندووە هەرچەندە ناتوانرێت ناوی زمانی کوردی لێبنرێت، کە ئەم سەرەتایەش پاش تێکەڵاوبوونی بە زمانە ناوچەییەکان و کەوتنە بەر شەپۆلی (ماد و سکیپ و کیمری و)، ئەکرێت بەو ئەنجامە زمانەوانیەی کۆتایی (هەزارەی یەکەمی. پ، ز) کە دانیشتوانی کۆنی کوردستان پێی دوواون بووترێت شێوەکۆنەکانی کوردی.چونکە پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا هەیە(٦٤).

بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و بناغەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ (هەزارەی یەکەمی پ. ز) بەناو تاریکایی چاخە جۆر بەجۆرەکان دا هاتووە و لەگەڵ مێژوودا رێگەی پێشکەوتن و پەرەسەندنی خۆی بڕیوە، بەڵام گۆڕانی زۆری بەسەر هاتووە.دیارە هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد لەدوای ئایینی زەردەشتی و دەسەڵاتی میدیاوە نە ئایینێکی وای هەبووە کە هەموو کورد پەیڕەوی بکات و بەزمانی نەتەوەیی بێت و نە دەسەڵاتێکی وای هەبێت هەتا ئێستا قەوارەی نیشتمان و زمانەکەی تیا بپارێزرێت، چونکە وەك ئاشکرایە دوو بنەمای سەرکی زمان لەڕووی مێژوییەوە بۆ ئایندە ئەسەپێنێت، یەکەمیان، ئایینە، کە بەزمانی نەتەوەیی دەقەکان دادەبەزێت و بەهۆی پیرۆزی دەقەکانەوە زمانەکەش پیرۆز دەبێت. وەك زمانی (عیبری) لای جولەکە، بەڵام دووەمیان بەهۆی دەسەڵاتەوە دەچەسپێت، وەك چەسپاندنی زمانی ئینگلیزی لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بەم شێوەیە زمانی کوردی ئێستا دوو شێوە زاری ( کرمانجی ژوور و کرمانجی خواروو) پێی دەنورسرێت و دەخوێنرێتەوە. سەرەڕای ئەوانەش رێنوسی ئەم دوو شێوازەش جیاوازی کرمانجی ژوور و کرمانجی خوارو بەو پێیەی لەژێر دەسەڵاتی تورکیادایە بەپیتی لاتینی دەنوسرێت و کرمانجی خواروو بەپیتی عەرەبی دەنوسرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زمانی یەکگرتوو و رێنووسی یەکگرتوومان نەبێت، دیارە هۆکاری ئەم کێشەیەش ئەوە بووە، کە کورد بەردەوام لەلایەن هێزەکانی دەوروبەریەوە داگیر کراوە و دابەش کراوە بەسەر چەند نەتەوەیەکی جیاوازدا و کە تا ئەمڕۆش نوسین و قسەکردن بەزمانی کوردی لەنزیکەی(ملیۆنەها) کورد قەدەغەیە لەتورکیا و سوریا.

دوای باسکردنی لایەنی زمانەوانی کوردی پێویستە هەندێك باسی لایەنی نەتەوایەتی کورد بکەین و بزانین پێکهاتەی نەتەوایەتی کورد چۆنە و لەکەیەوە سەری هەڵداوە و وەك نەتەوە دەرکەوتووە، بەڵام پێشتر پێویستە بزانین چەمکی نەتەوە چییە و بنەماکانی بەنەتەوە بوون کامانەن و چۆن دێنە کایەوە و پێناسەیەکی گشت گیر بۆ نەتەوە بکەین، بڕیاران و روناکبیران لەوەڵامی پێناسەی نەتەوەدا چەندین وەڵامیان داوەتەوە. پێناسەی هەمە جۆر هەیە، لەسەر چەمکی

نەتەوە و یەکێك لەو بۆچوونانە بەم شێوەیە باس لەنەتەوە دەکات:-

( نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە کە لەڕەوتی مێژودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە ).

هەروەها هەندێك پێناسەی‌تر هەیە کە نەتەوە بەکۆمەڵە خەڵکێك ئەزانن کە زمان و مێژوو بەرژەوەندی گشتی و....هتد بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەم جۆرە پێناسەیە بۆ هۆز و خێڵ لەبارە و ئەگونجێ. ئەوانیش کۆمەڵێك خەڵکن و زەوی هاوبەش و زمان و مێژووی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئابوریەکی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، کەواتە پێویستە بزانین ئەم مەرجانە لەکوردا هەن و بەپێی ئەم تێڕوانینە کورد وەك نەتەوە سەیر بکەین.

پێویستە ئەوەش بزانین کە بیرۆکەی نەتەوە لەناوەڕاستی (سەدەی نۆزدە) دوو تەفسیری بۆ کراوە. یەکەمیان (تیۆری نەتەوەی هۆشمەند (القومیە الواعیە) تیۆری فەرەنسیەکان و دووەمیان تیۆری نەتەوەی ناهۆشمەندانەی (القومیە اللاواعیە)تیۆری فەیلەسوفەئەلمانییەکان[٦٥].

هەروەها پێویستە بزانین کە نەتەوە زۆر پێش سیستەمی سەرمایەداری هەبووە، بۆیە هەرگیز بەراست نازانرێت، کە بگوترێت نەتەوە دوای گەشەسەندنی بۆرژوازیەت و هەلوەشاندنەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەدایك دەبێت و گەشە دەکات بەڵکو لەو قۆناغەدا نەتەوایەتی لەدایك دەبێت. واتە هەستی نەتەوە دەبێ بەبیرو ئایدۆلۆژیا هەوڵ ئەدات لەپێناو دروستکردنی نەتەوەی سەربەخۆ[٦٦].

دەرکەوتنی کورد وەك نەتەوە و دەستنیشان کردنی سەردەم و زەمەنی ئەو ساتانە کارێکی سەخت و ئەستەمە و توێژینەوەی وردی ئەوێت و ئەبێت چاوێك بەمێژووی خاکی کوردستان دا بگێڕین پێش دەیان هەزار ساڵ تا ئەمڕۆ و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و لەو روانگەیەوە باس لەدەرکەوتنی کورد بکەین وەك نەتەوە و هەندێك لایەنی نەتەوایەتی کورد ئاشکرا بێت.

لەم بارەیەوە ئەتوانین بڵێین نەتەوەی کورد کە ئەمڕۆ گەلی کورد ئەگرێتەوە، ئەو گەلە بەشێوەیەکی کتوپڕ نەهاتۆتە سەر گۆڕەپانی مێژوو، بەڵکو لەئەنجامی توانەوەی کۆمەڵێك خێڵ و نەتەوەی ناوچەیی دروست بووە و هۆی ئەو پەرەسەندنە شارستانیەی لەکوردستانی کۆندا رووی داوە، نەتەوەی کورد دروست بووە یان بەشێوەیەکی روونتر نەژادی کورد لەروانگەی نەتەوەییەوە هەموو ئەو هۆز و نەتەوە و ناوچەنەیە کە دواتر گەلی کوردیان پێك هێناوە، وەك (سوباری و میتانی و حۆری و ئورارتی و.....هتد)[٦٧].

هەر لەم بارەیەوە (حیلمی عەلی شەریف) باس لەوە دەکات کە کورد لەگەل و نەتەوە هەرە کۆنەکانی خاوەن مێژوو شارستانیەتن لەسەر ئەم زەمینە و ئەو گەلانەی ئەمڕۆ دەسەلات و سەروەری سیاسیان لەناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە بەدەستەوەیە لەچاو کوردا هێشتا بەتەمەن کۆرپە و ساوان[٦٨].

باشترین بەڵگە بۆ ئەو بۆچونە، دۆزینەوەی ئاسەوارە کۆنەکانی ئەشکەوتی زەرزی و

گونـدی (چەرمۆیـە) کـە کۆنـترین گونـدی کشتوکالی‌یە لەجیهان دا و باشترین بەلگەیـە بـۆ ئـەوەی کـە کـورد هـەر لەبەرەبـەیانی مێژووەوە خاوەن شارستانیەت و ژیاری خۆی بـووە و سـیمای نەتـەوەی کـوردی تیـا پاراسـتووە و بەرجەسـتە بـووە. هـەروەها لەشـوێنێکی‌تر بـاس لـەوە ئـەکات کـە کـورد لەسەرەتای سەدەی بیستەوە وەك نەتەوەکانی ناوچـەی خۆرهـەلاتی ناوەڕاسـت و شـان بەشـانی ئـەوان مەرجـەکانی پێکـەوەنانی نەتەوایـەتی تیـا بـەدی کـراوەو وردەوردە بەهێزتری کردوون[٦٩].

بـەلام د. جـەمال ڕشـید لـەم بارەیـەوە بـاس لەوە ئەکات میللەتی کورد لە ئەنجامی تێکلاو بوونی حورییەکان بە میتانیەکان و مانی‌یەکان و ئورارتیەکان بە میدیەکان و سەکیسەکانەوە هـاتووە لـەدایك بـووە و بـاس لـەوە ئـەکات (سورباتو) ئەو لانکەیە کە بنەماکانی نەتەوەی کوردی تیا لەدایك بووە لـە مـاوەی هـەزارەی دووەم و یەکـەمی پ.ز و ڕەگـی نەتەوایـەتی کوردیان لەسوبارتودا داکوتاوە هەروەها باس لـەوە ئـەکات هـۆی دروسـت بـوون ولـەدایك بوونی ئەو ناوە نەتەوەییەی کورد لە هـەزارەی دووەمـی پ.ز لـە بـاکوری میسـوپوتامیا وەك مەرجێکی بنەڕەتی بۆ سەر هەلّدانی میللـەتی کورد لە ئەنجامی کۆبونەوەی ڕەگەزە ئاریەکان و ڕۆشنبیری و زمانیان لە هـەرێمی کورددای خوری لە ئارادا بوو[٧٠].

هەروەها لە شوێنێکی تردا باس لەوە ئەکات نەتـەوەی کـورد وەك نەتەوەیـەکی سـەربەخۆ لەسـەدەی دەیـەمی زاینـی هـەبووە ولەسـەر بنـەمکای نیشـتمانی ڕۆشـنبیری و زمـانی جیـاواز بوونـی هـەبووە نـەك لەسـەر بنـەمای ئاین[٧١].

بەلام هـەندێك لـە پسپۆڕانی ئەم بوارە لایان وایە نەتەوە و دەولەت پێویستی یـەکترن بە تایبـەتی ئەگـەر دەولـەت نـەبێت نەتـەوە پێك نایەت، د.جەمال نەبەز لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات کە نازانرێت لە کەیەوە کورد کەوتۆتە سـەر بـیری ئـەوەی دەولـەتێکی یـەکگرتوی ناسیۆنال بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن، بـەلام ئـەوەی گومـانی تیانی‌یـە دەولـەتی کـوردی سەربەخۆ لە شێوەی میرنشینیدا هەر لەکۆنەوە هەبووە کە هەر یەك لەم میرنشینانە بەشێك لە نەتەوەی کوردی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە[٧٢].

لـە ڕوانگـەی ئـەو بۆچونانـەی سـەرەوە ئەتوانین بلێین دروسـت بـوون و دەرکـەوتنی کورد وەك نەتـەوە زۆر کۆنـە و نـاتوانرێت بە تـەواوی سـەرەتای دەرکـەوتن و گەشـەکردنی دیاری بکرێت بـەلام ئەکرێت بلێین سـەرەتای نەتەوەی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ هـەزارەی دووەم و یەکـەمی پ.ز و لـە ئـەنجامی تێکـەلاو بوونـی خێـل و نەتـەوە ناوچەییـەکانی نیشـتەجێی کۆنی کوردستان وەك (گۆتی و لولو و سوباری و کاشـی .... ...هتـد) پێـك هـاتووە و ئـەم سـەرەتایەش بـو وبـە بناغەیـەك بـۆ دروسـت بوونی کورد وەك نەتەوە و دواتر لەسەر دەمی ئیسـلامدا وردەوردە بنـەماکانی نەتـەوەیی بەناوی کوردەوە دەرکـەوت بەلگـەش بـۆ ئـەم بۆچوونە ئەوەیە چەند کەسایەتیەك هـەبوون کە بە کورد ناسرا بون وەك (جابانی کوردی) ئەمـەش ئـەوە ئەگەیـەنێت کـورد وەك

نەتەوەیەکی جیا لەو سەردەمەدا هەبووە باسیان کراوە ، دوای ئەوەش کورد لەلایەنی نەتەوەییەوە وردەوردە گەشەی کردو ناوی چووە تۆمارەکانەوە و دوا تر لەسەدەی دوانزەی زاینی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی ناوی کوردستانی بۆ یەکێك لە هەریمەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی هەلبژارد کە ئەمەش مانای شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردەکان ئەگەیەنێت واتە وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ سەیر کروان لەو سەردەمەدا، هەروەها ناو هینانی کورد لەلایەن نوسەرانی ئیسلام و گەریدە ڕۆژئاوای یەکانەوە لایەنی نەتەوایەتی کورد دیاری ئەکات ولە دوای ئەم قوناغانە کورد کەوتە سەربیری نەتەوایەتی و گەشەی بەم بیرەدا بەشێوازی نوسین لای ئەحمەدی خانی و هەروەها دواتر بە شێوازی شۆرش و راپەرین کاری بۆ ئەم مەبەستە کردوەو هەولی داوە سەربەخۆیی نەتەوەی کورد بەدەست بهێنیت.

## بەشی دووەم

**١- رەچەلەکی کورد لە بۆچونی رۆژهەلاتناسەکاندا :**

رۆژهەلاتناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ رۆلی بەرچاو دەبینیت لە میژووی ژیاری و شارستانی هەر نەتەوەیەك و لە رۆژهەلات دا وەك بوارێکی سەربەخۆ مامەلەی لەگەلْ دا دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر سەرنجی سەرچاوەکان بدەین چەندین پیناسەی جیاواز بۆ رۆژهەلاتناسی بەدی دەکەین، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی ئەتوانین بلێین رۆژهەلاتناسی بریتی یە لە هەولْ و ماندوبوون و لێکۆلینەوەی زانستی لەلایەن گەریدە بیانی یەکانی روسی و ئەوروپی یەکانەوە ئەنجام دراوە دەربارەی فەرهەنگ و زمان و ئاداب و زانست و میژوو..... هتد لە بواری رۆژهەلات[٧٣]. بەلاّم رۆژهەلاتناس بە کەسێك ئەوترێت کە لیکولینەوەی کردوە لەسەر رۆژهەلات لەلایەنە جیاوازەکانەوە،لەهەمان کات دا پێویستە ئەوەش بزانرێت لێکۆلینەوەی رۆژهەلاتناسەکان لەسەر رۆژهەلات بۆچەند مەبەستی جیاواز بووە وەك مەبەستی ئاینی سیاسی،زانستی،.... هند، لیرەدا ئەتوانین بلێین

ئەو هەولْ و ماندوبون ولێکولیینەوانەی لەلایەن رۆژهەلاتناسەکانەوە ئەنجام دراوە لەبوارە جیاجیاکان دا تەنها خزمەت کردنی زانست و زانیاری و ئاشکراکردنی نهێنیە شاراوەکانی شارستانیەتی رۆژهەلاّتە.

لەئەنجامی ئەو لێکۆلینەوانەی لەسەر رۆژهەلات ئەنجام دراوە لە لایەن رۆژهەلاتناسەکانەوە گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی رۆژهەلات بیْ بەش نەبووە لەو لێکۆلینەوانە، شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە لەلایەنە جیاوازەکانی نەتەوەی کوردیان کۆلیوەتەوە و ئەمەش بووە بەهۆی سەر هەلْدانی بابەتی کوردناسی کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو لێکۆلینەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن رۆژئاواییە کانەوە ئەنجام دراوە

دەربارەی کورد لە بوارە جیاجیاکان دا، سەرەتای سەر هەڵدانی بابەتی ڕۆژهەڵاتناسی بەشێوەیەکی گشتی و کوردناسی بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شکستی هەڵمەتی خاچەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵات سالی ١٢٥٠[٧٤]. نەژادو ڕەچەڵەکی کورد یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەشێوەیەکی دیار بایەخیان پێداوە و لەم بوارەش دا بیروڕای جیاواز دروست بووە سەبارەت بە نەژادو ڕەچەڵەکی کورد هەندێك لەم ڕۆژهەڵاتناسانە کورد ئەگێڕنەوە بۆ نەتەوە کۆنەکانی نیشتەجێ ی زاگروس (گۆتی، لولو، سوباری، کاسی......هند) لە هەزارەی سێ یەم و دوەمی پ – ز وهەندێکی تریان کورد بە نەوەی میدیەکان دادەنین کە لە هەزارەی یەکەمی پ – ز دەسەلاتی سیاسی فراوانیان هەبوو، هەروەها هەندێکی تر لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کورد ئەگێرنەوە بۆ ئەو کاردۆخیانەی کە سنەفۆن توشیان بووە لەسالی ٤٠١ پ – ز جگە لەمانە چەندین بۆ چونی تر هەیە دەربارەی نەژادی کورد کە هەریەك لەم بۆچونانە جۆرێك لە ڕاستی تێدا بووە بەلام لەگەڵ ئەوەش دا هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کەوتونەتە هەڵەوە دەبارەی ڕەچەڵەکی کورد و بیروڕای خراپیان هەبووە لەم بوارەدا و کوردیان بە نەوەی یەکێك لەنەتەوە دراوسێ کانی کورد لەقەڵەم داوە وەك عەرب، تورك، فارس، سەرەتا بەو تێبینی یانە دەچینە ناو بابەتەکەوە کە مێژوو چەند ناوێکی بۆ ئێمە جێ هێشتووە

کە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندییەکی نزیکیان بە ناوی کوردەوە هەیە و ئەمەش ڕێگەی بۆ ڕۆژهەڵاتناسەکان خۆش کردووە کەشی کردنەوە و ڕونکردنەوەی جیاواز لەسەر ئەو ناوانە بکەن کە پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە وەك (گۆتی، کورتی، کیرتی، کاردۆخی، کاردا... هند)، لەم ڕوانگەیەوە واسیل نیکیتین باس لەوە ئەکات ئەگەر لێکۆلینەوە لەسەر هەندێك ناوی جوگرافی وەك (کوتایا – Kwtaia) بکەین کە هەندێك جار بە (بیت قاردۆ) ئەزانرێت و لەوانەشە (کورتیا – Kortaia) بێت و هەروەها هەندێك ناوی تری وەك (کورچنح، کوردۆخ – کوردیخ) لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکەین دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە (کورتیوبی یان کورد) بۆ بڵاوبونەوەی خۆیان هێلێکیان گرتووە لە ناوچەی ورمێ وە بۆ لای بوتان[٧٥]. هەر لەم بارەیەوە مینورسکی باس لەوە ئەکات لەکاتی بیستنی وشەی کوردستان دا باس لە زۆر ناو دەکرێت کە بەشێوەیەکی زۆر نزیك پەیوەندیان بە وشەی (کورد) وە هەیە و زۆر لە وشەی کورد ئەچێت، دواتر باس لەوە ئەکات تا ماوەیەکی زۆر بەشی زۆری بۆ چوونەکان دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد ئەوە بوو کە کوردیان بەنەوەی ئەو کاردۆخیانە دائەنا کە کەسنەفۆن لەسالی ٤٠١ پ. ز. توشیان بووە و پەیوەندی پیوەکردون[٧٦]. هەروەها هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان باس لەوە ئەکەن هەموو ئەو ناوانەی بۆ کورد هەیە هەموویان لەیەکەوە نزیکن و بەیەکەوە بەستراون

هەروەها باس لەوە ئەکەن لەوانەیە ئەو ناوانە هەموویان بۆ گەلی کورد بەگشتی بەکار هاتبێت یان هەر یەکە بۆ عەشیرەتێك چونکە کورد بەگشتی عەشایەر بوون[٧٧]. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو ناوانەی کە میژوو بۆی جێ هێشتوین و لە ووشەی کورد ئەچێت تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە کوردەوە هەیە و بنەماو رەچەڵەکی کورد پەیوەندییەکی زۆری بەو ناوانەوە هەیە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ یەك ناوی تایبەتی ناگەرێتەوە.

لە روانگەی بۆچونی ئەو رۆژهەڵاتناسانەی کورد ئەگێرنەوە بۆ نەتەوە کۆنەکانی نیشتە جێی زاگروس ئەتوانین ئاماژە بۆ بۆچونی (سپایزەر) بکەین کە لە کتێبی میللەتانی میسوپوتامیا باس لەوە ئەکات رەچەڵەکی کورد ئەگەرێتەوە بۆ (گۆتی) یەکانی نیشتە جێ ی زاگروس لە هەزارەی سێ یەم و دووەمی پ- ز[٧٨]. هەر لەم روانگەیەوە لویس ماسینون باس لەوە ئەکات ناوچەی شاخاوی (ئارارات) لە کۆنەوە وەك ئێستا جیگای ژیانی ئەو تیرەو هۆزانە بووە کە لە رەگەزو خوین و زمان و ئاکاری کۆمەڵایەتی دا وەك یەکن و ئەو تیرەوهۆزانە پیان ئەڵێن (کورد)[٧٩]. هەروەها فیلجفسکی باس لەوە ئەکات لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ. ز. و بە تایبەتی دوای پەرەسەندنی ئاژەڵ بەخیوکردن خەڵکێکی زۆر روی کردە ناوچە شاخاوی یەکانی زاگروس و دەوروبەری و نیشتە جێ بوون تیایدا و خێڵی شوانکارەی بە هیزو دەوڵەمەند دروست بوون (گۆتی، لولو ،سوباری.. هند) لە هەمان کات دا هەولیان دا دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەریان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئیتر لێرەوە پرۆسەی دروست بوونی میللەتی کورد دەستی پێکرد لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی ئەو خێڵانە و یەکێك لەو توخمانە کوردەکانی ئێستایان لێ پەیدا بوو[٨٠]. مێجەرسۆن باس لەوە ئەکات ئەگەر سەیری گۆتی یەکان بکەین کە لە نیوان سەدەکانی ١٥- ١٢ پ. ز.لەناوچەکانی کوردستان ئەژیان و هەر ئەم نەتەوەیە بوو لە دوای داناوەکەی گۆراو بوو بە کورد[٨١] هەروەها تویژینەوە ئەرکیولۆژی یەکانیش ئەوەیان سەلماندووە کە گۆتی یەکان ناوچەیەکی فراوانیان بەدەستەوە بوو یەك گەلیان پێك ئەهێنا ئەویش گەلی کوردە[٨٢]. هەر لەم بارەیەوە زانای ئەنترۆپولوژی ئەمریکی (کون ) (Coon) باس لەوە ئەکات کوردەکان پێك دێن لە دانیشتوانی چیاکانی زاگروس و خەڵکانی شەپۆلە ئاری یەکان کە لە هەزارەی دووەمی پ.ز کۆچیان کردووە بۆ ئەم ناوچەیە یان بە واتایەکی تر کوردەکان لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی دانیشتوانە رەسەنەکانی چیای زاگروس و خەڵکانی شەپولە ئاری یەکان هاتونەتە ئاراوە[٨٣].بەم شێوەیە ئەگەر سەیری بۆچوونی ئەم رۆژهەڵاتناسانە بکەین ئەبینین.هەموویان جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە دانیشتوانە کۆنەکانی ناوچە شاخاوی یەکانی زاگروس بە بناغەی دورست بوونی کورد دا ئەنرێت واتە هەر ئەم کوردەی ئەمرۆ بوون و بەڵام ناوەکانیان هەندێك جیاوازی تیایە لەگەڵ

ناوی کورد ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گۆرانکاریەدا بووە کە بەسەر ئەم وشانەدا هاتووە. کەواتە ئەو دانیشتوانە کۆنەی زاگروس پەیوەندییەکی پتەویان بە کوردەوە هەیە و ڕەچەڵەکی کورد ئەچێتەوە سەر ئەو هۆزو خێڵانە کە لە هەزارەی سێ یەم و دووەمی پ. ز.لە کوردستان نیشتە جێی بوون و ڕەگەزی بەهێزی ئەم خێڵانەیش گۆتی یەکان بوون کە دەسەڵاتێکی فراوان و بە هێزیان هەبووە و پەیوەندی پتەویان بەگەلی کوردەوە هەیە و زۆربەی سەرچاوە ڕۆژهەڵاتناسیەکانیش باس لە گۆتی یەکان ئەکەن.

جگە لەو بۆ چونانە هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان ڕەچەڵەکی کورد ئەگێڕنەوە بۆ خالدیەکان (خلدیەکان) کە لەسەردەمە کۆنەکان دا لەکوردستان نیشتەجێبوون و لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناس ڕاسیك (Rieske) باس لەوە ئەکات وشەکانی خالدی، کوردی، کورد لەگەڵ وشەی (کوردیای) چەند ناوێکی هاوسانن و یەك مانای هەیە[٨٤]. ئەم خالدیانە دەولەتێکی بەهێزیان دامەزراند لەسەدەی ٩ (پ.ن)و ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی( مار ) لەو باوەڕەدایە خالدیەکان کۆنترین ڕەگەزی نیشتەجێی ناوچەکەبوون[٨٥] هەر لەم بارەیەوە (لیرخ ) باس لەوە ئەکات کوردەکان نەوەی ئەو خالدیە ئێرانیو چیاییە بەهێزو جەنگاوەرە ئازایانەن کە لەهەزارەی سێیەمی (پ.ز) بۆ دەشتاییەکانی دیجلەو فورات دابەزین و خێڵە لاوازە سامیەکانی بابلیان ملکەچ کردووە[٨٦]. کەواتە خالدیەکان یان خلدیەکان کەلە سەردەمە کۆنەکاندا لەکوردستان نیشتەجێبوون ئەمانیش وەك نەتەوەکانی تری نیشتەجێی ناوچە شاخاویەکانی زاگرۆس پەیوەندی بەهێزیان بەکوردەوە هەیە بەڕەگەزێکی گرنگی کورد دائەنرێن و لەپرۆسەی دروستبوونی گەلی کوردا هاوبەشیان کردووە. هەر لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە هەندێك لە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەو بڕوایەدان کورد ئەگەڕێتەوە بۆ کورتی یەکان (کیرتییەکان)کە ئەمانەش کۆمەڵێکی نیشتەجێی کوردستان بوون و پەیوەندییان بەگەلی کوردەوە هەیەو جگە لەوەش ناوەکەیان زۆر نزیکە لەناوی (کورد)ەوە. لەم ڕوانگەیەوە بەپێی تیوریەکی تازە کە لەلایەن ویسباخ ( weissbach.H ) و ڕیناخ (Reinach )ی ئەلمانییەوە دانراوە دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد ئەو کاردۆخانەی کەسنەفۆن باسی کردون کوردەکان نین بەلکو باپیرانی گورجیەکانن کە لەدوایدا لەگورجستانەوە کۆچیان کردوەو بەپێی ئەم تیوریایە باپیرانی کورد کیرتی (K yrrtien )یەکان و مادەکانی برازای ئەوانن[٨٧] هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێت لەزمانی بابلی و ئاشوریدا وشەی (قوردو) واتە کوردانی پالەوان و لەم بارەیەشەوە مارتن هارتمان و تیودۆرنولدکە باس لەوە ئەکەن کوردو قوردو لەدوو ڕەگەزی جیاوازنین و لەو بڕوایەدان هۆزی کورتی لەمێژوو نوسە کۆنەکان بەهۆزی ماد و پارس ناویان بردون هەر ئەم کوردەی ئێستان[٨٨].هەر لەم بارەیەوە (درایڤەر ) باس لەوە ئەکات وشەی (کورتی) و (کاردا)

هەموویان ناون بۆ گەلی کوردی ئێستا[٨٩] جگە لەوە لەکتێبە کۆنەکانی ئێراندا کە بەزمانی پەهلەوی نوسراوە بەناوی (کورتی) باسی کورد کراوە و لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین ناوی (کورتی) لەو زمانەدا گۆڕاوە بۆ ئەم شێوەیەی ئێستا[٩٠]. سترابوونی جوگرافی ناس کاتێك باس لەوولاتی پارس ئەکات ناوی (٥) کۆمەڵ خەڵك ئەبات یەکێك لەوانە (کورتی)یەکانە کە سترابون بەخەڵکی چیانشینی زاگرۆس ناویان ئەبات وباس لەوە ئەکات کورتی‌یەکان هەمان کوردانی ئێستان[٩١]. بەڵام دەربارەی ووشەی کیرتی مینورسکی باس لەوە ئەکات ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وشەی کورمانجی‌و شی‌بکەینەوە لەسێ ڕەگ پێکهاتووە (کیرت + مارد ، یا ماندو + جی) هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات ئەو کاردۆخانەی کەسنەفۆن لەدۆلی بوتان توشیان بووە ئەو دوو نەتەوە ئاری نەژادەن (کیرت ، مارد) بەڵام ئەو کیریتانەی ڕیناخ بەکوردی زانیون لەسەردەمی کۆندا بە تەلار سازو ئەندازیاری سوپا ناسراون[٩٢]. کەواتە ئەم کورتی‌یانە (کیرتی‌یانە) وەك سەرجەم نەتەوەکانی تری نیشتەجێی کوردستان پەیوەندیان بەگەلی کوردەوە هەیەو بەیەکێك لەڕەگەزەکانی کورد دائەنرێت لەسەردەمە کۆنەکاندا.

بەڵام زۆربەی بۆچونەکان پێ لەسەر میدەکان دائەگرن دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردو کورد ئەگێڕنەوە بۆ میدیەکان (٧٠٠-٥٥٥) (پ.ز) کە ئیمپراتۆریەکی بەهێزو فراوانیان هەبوو لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی وەك ئاشوریەکان بهێنن لە ساڵی ٦١٢ی پ.ز و دەست بەسەر ناوچەکانیاندا بگرن.

ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسی مینورسکی یەکێك بووە لەو کەسانەی زۆر گرنگی بەکورد داوە گەلێك نوسراوی گرنگی دەربارەی کورد بۆ جێ هێشتوین و دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد باس لەوە ئەکات گەلی کورد لەسەرەتادا لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە بەرەو ڕۆژئاوا (کوردستانی ئێستا) کۆچیان کردووە و لەبەرە بەیانی مێژووە وە تیایدا نیشتەجێ بوون و ئەم بۆچونەی لە دائیرەی مەعاریفی ئیسلامی (مادەی کورد) بڵاوکردۆتەوە و دواتر لە کۆنگرەی بیستەمی ڕۆژهەڵاتناسی لە ساڵی١٩٣٨ لە برۆکسل لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کرد کە کوردەکان نەوەی میدیەکانن و لە ناوچەکانی دەورو بەری دەریای قەزوین ڕوە و باشور و ڕۆژئاوا بەرەو کوردستان کۆچیان کردووە لە هەزارەی یەکەمی پ.ز دواتر بە شێوەیەکی فراوان لە میسوپوتامیا بڵاوبوونەوە پاش ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ساڵی ٦١٢ پ.ز[٩٣].هەر لەم بارەیەوە (سیرولسن) باس لەوە ئەکات کوردەکان لە نەوەی میدیەکانن و گەلی میدی سەرچاوەیەکی زۆر نزیکە بۆ گەلی کورد[٩٤]. هەروەها مامۆستا (سایس) باس لەوە ئەکات گەلانی میدیا هۆز و تیرەی کوردن و لە ڕۆژهەڵاتی ولاتی ئاشوور نیشتەجێ بوون و زۆربەی ئەم گەلە لە نەتەوەی (هیندوئەوروپی)ن و بە ڕەگەز و خوێن

ئارین و زمانی میدیەکان زۆر لە زمانی کوردی ئێستا چووە[٩٥]. هەر لەم بارەیەوە (تومابوا) لە کتێبەکەیدا زۆر باسی میدیەکانی کردووەو دواتر باس لەوە ئەکات هۆی زۆر باسکردنی میدیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میدیەکان باپیری ڕاستەقینەی کوردەکانی ئەمڕۆن هەروەها (ا-سۆن) باس لەوە ئەکات لەبەر ئەوەی نزیکی یەکی زۆر هەیە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی میدیەکان دا و ئەو زمانانەی زەردەشت کتێبەکەی خۆی پێ نوسیوە (ئاڤێستا) پێی وایە میدیەکان کورد بوون[٩٦] هەر لەم بارەیەوە هەریەك لە زیروفسکی فرنسی و هانس کۆنتری ڕۆژهەلاتناس کوردەکان ئەگێرنەوە بۆ میدیەکان[٩٧].

بەلام ئەم بۆچوونە لە لایەن د.سافریستانەوە ڕەت کرایەوە و پێی وایە گەسنەفۆن ناوی میدیەکان و کوردەکان (کاردۆخیەکان)ی لە یەك کاتدا هێناوە و هەروەها باوەڕی وایە دەربڕینی میدیەکان دەربڕینێکی سیاسی یە و دەربڕینێکی ئەتنۆگرافی نی یەو باوەڕی وایە ولاتی میدیا کە ناوچەکانی ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوای ئێرانی گرتبۆوە لەچەند گەلێك پێك هاتبوو لەوانە کوردیشی تیا بوو[٩٨].

کەواتە میدیەکانیش یەکێکن لەو گەلانەی پەیوەندی نزیك و بەهێزیان بە کوردەوە هەیە و زوربەی سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەم پەیوەندیە ئەکەنەوە بەلام لەگەل ئەوەشدا ناتوانین بەتەواوی کورد بگێڕینەوە بۆ میدیەکان و بە سەرەتای سەرهەلدانی کوردیان لەقەلەم بدەین چونکە ئەو کاتە ئەبێت پەیوەندی نێوان کورد و نەتەوەکانی تری کوردستان کە پێش میدیەکان بوون بېڕین و هیچ پەیوەندیان بە کوردەوە نامێنێت کە ئەمەش هەلەیەکی گەورەیە چونکە ئەو نەتەوانە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد پەیوەندی پتەویان بەگەلی کوردەوە هەیە بەلام لەگەل ئەوەشدا نابێت گرنگی بە میدیەکان نەدەین دەربارەی ڕەچەلەکی کورد چونکە بە ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێن لە دروست بوونی گەلی کوردا.

جگە لە میدیەکان بەشێکی زۆری ڕۆژهەلاتناسەکان کورد بەنەوەی ئەو کاردۆخیانە دائەنێن کە کەسنەفۆن لەناوچەی بۆتان توشیان بووە و کەوتونە شەڕەوە لەگەلیاندا، ئەم کاردۆخیانە پەیوەندیەکی نزیکی زمانەوانیان هەیە لەگەل کورداو بە یەکێك لە پایەکانی دروست بوونی کورد دائەنرێن و لەم بارەیەوە سیر سدنی سمیس لە ژێر ناوی کوردستانی کۆن دا باس لەوە ئەکات هیچ گومانی تیا نیە ئەو کاردۆخیانەی کەسنەفۆن باسیان ئەکات هەر گەلی کورد بوون[٩٩]. هەر لەبارەی کاردۆخیەکانەوە میجەرسۆن باس لەوە ئەکات سالی ٤٠١ پ.ز کاتێك کەسنەفۆن گەلی کاردۆخی پێگەیشتن کوردستان بووە شوێنی نیشتەجێ بوونی گەلێکی کۆن کە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی بوو، ئەم گەلە خۆیان زمانەکەیان لە هەموو تێکەلیەك پاراستووە[١٠٠]. ئەگەر لێرەدا سەیری بۆچوونی کەسنەفۆن بکەین دەربارەی کاردۆخیەکان ئەبینین بەم شێوەیە باس لە ئەم

نەتەوەیە ئەکات و ئەیزانی کە کوردەکان (کاردۆخیەکان) دژی ئەردەشێری پاشای هەخامە نشیی بوون و هەولیان داوە لای ئەوان کەمێك پشوو بدەن بەڵام کاردۆخیەکان بۆ بەرگری کردن لە خاك و ژیانی خۆیان لەگەلیاندا کەوتونەتە شەڕەوە نزیکەی ١٢٠٠ کەسیان لێ کوشتون[١٠١]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کاردۆخیەکان هەمان ڕەگەزی میدیەکانیان کە بەدەستی فارسەکان کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتووە، هەروەها ئەوە دەردەخات کە کاردۆخیەکان لە ڕووی ڕەگەزەوە جیاوازن لەنەتەوەکانی تر، هەروەها باس کردنی زمانی کاردۆخیەکان ئەوە دەردەخات کە زمانەکەیان سەربەخۆ بوە و ئەو ڕاستیەش دەردەخات کە کوردەکان هەر لە کۆنەوە لە ناوچە شاخاویەکاندا ژیاون. ڕۆژهەڵاتناسی روسی (ن.یا. مار) هەولی داوە نەژادی کورد بەو کاردۆخیانەوە ببستێتەوە کە کەسنەفۆن باسی کردوون و بۆ ئەو مەبەستەش دوو بەلگەی هێناوەتەوە یەکەمیان ئەوەیە کە کورد بە میللەتی کوردێك ناوی هاتووە و بە ناوی کاردۆخیەکان دانراوە و دووەمیان (کارد-کورد) یەك ڕەگی هاوبەش بۆ ناوی کاردۆخ و خالد و کوردەکانی ئێستا[١٠٢]. کەواتە کاردۆخیەکانیش ڕەگەزێکی بنچینەیی کوردن و لە ڕەچەلەکی کوردا هاوبەشیەکی گەورەیان کردووە پەیوەندی بەهێزیان بەگەلی کوردەوە هەیە زۆربەی سەرچاوەکانیش باس لە پەیوەندی نێوان کورد و کاردۆخیەکان دەکەن لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی کەسنەفۆن کە لەسالی ٤٠١ پ.ز توشی ئەم گەلە بووە و کەوتۆتە شەڕەوە لە گەلیاندا.

هەر لەبارەی ڕەچەلەکی کوردەوە داستانێکی ئەرمەنی هەیە کە (چامچیان) دایرشتووە و باس لەوە ئەکات کاتێك دەسەڵاتی عەرەب کز بوو چەندین دەسەڵاتدار (میر) لە ناوچەکەدا دروست بوو یەکێك لەوانە گەلی سکیفیکان (سیت) بوون و ژمارەیەکی زۆریان بەرەو میدیاو فارس چوون و گەلێك ناوچەیان لێ داگیر کردن و زمان و ئاینی مادەکان و فارسەکانیان وەرگرت بەشێکی زۆریان لەگەڵ میرەکانی میدیا ڕێکەوتن و هێرشیان هێنایە سەر وڵاتی ئەرمینیاو وڵاتی کوردۆ(خ) و دەستیان بەسەردا گرت و داگیریان کرد و نیشتەجێ بوون تیایدا ئەمانە ئێستا ناویان کوردە[١٠٣]. بێگومان ئەم بۆچوونە هیچ بناغەیەکی زانستی نیە چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ڕەچەلەکی کورد زۆر لەوە کۆنترەو لە سەردەمە کۆنەکانەوە لەسەر خاکی کوردستان نیشتەجێ بووە و خاکی هیچ میللەتێکی داگیر نەکردووە. بۆچونی خۆرهەڵاتناسەکان دەربارەی ڕەچەلەکی کورد کە ئاماژەمان پێ کردبە شێوەیەکی گشتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیەو هەریەکە لەو گەلانەی ڕۆژهەڵاتناسەکان باسیان کردون لە درووست بوونی میللەتی کوردا هاوبەشی گەورەیان کردووە بە ڕەگەزێکی گرنگی کورد دائەنرێن و پەیوەندی بەهێزیان بەڕەچەلەکی کوردەوە هەیە.بەڵام لەپاڵ بۆچوونی ئەم خۆرهەڵاتناسانەدا کۆمەڵێك بۆچوونی ترمان هەیە دەربارەی ڕەچەلەکی کورد بۆچوونی

خراپ و دوور لە ڕاستی‌یەو کوردیان بەنەوەی تر لەقەڵەم داوەو لێرەدا باس لەو بۆچوونە ئەکەین کە لەسەدەکانی پێشوو هەتا کۆتایی سەدەی ڕابردوو باو بوو ئەویش ئەوە بوو کە کوردەکان ئەچنەوە سەر کلدانیەکان و گەریدەی ئیگالی مارکۆپولو جەختی لەسەر ئەم بۆچوونە ئەکردەوە چونکە سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردبوو باسی گەلێکی مەسیحی کردبووناوچەکەیانی‌بە(کاردستان) ناوبردبوو ئەوەی لایەنگری ئەم توێژینەوەیە ڕۆژهەڵاتناس (ڕیبلی)یە[١٠٤].

بەڵام توێژینەوە نوێکان ئەم بۆچونەیان ڕەت کردەوە چونکە زمانی کوردی بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بەزمانی کلدانی‌یەوە نی‌یە هەروەها گەلی کورد بە هیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر کلدانیەکان، جگە لەم بۆچوونە فیلجفسکی لە کتێبی (کورد-سەرەتایەك لە مێژووی ئەتنۆگرافیای گەلی کورد) کەوتۆتە هەڵەوە و ڕەچەڵەکی کورد بەعەرەب لەقەڵەم ئەدات و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بەڵگەی بێ بناغەی دور لەزانستی هێناوەتەوە[١٠٥]. هەروەها گیوڤانی کە یەکێکە لە نوسەرە ئیتالیەکان بە هەمان شێوە کەوتۆتە هەڵەوە و ڕەچەڵەکی کورد بە عەرەب لەقەڵەم ئەدات[١٠٦]. بێ گومان ئەم بۆچونانە هیچ گرنگی نی‌یەو دوورە لە ڕاستیەوە بەکاری زانستی دانانرێت چونکە توێژینەوە نوێکان هەموو ئەو بۆچوونە هەڵانەی بەمەبەستی تایبەتی دەربڕاون پوچ ئەکاتەوە و گرنگییان نامێنێت ئەو بۆچوونانە بە ویستی داگیرکەرانی کوردستان دەربڕاون بەمەبەستی شێواندنی مێژووی کورد.

دوای ئەو بۆچوونانە پێویستە بیروڕای هەندێك لە زانا ڕۆژهەڵاتناسە ئەنترۆپولۆژیەکان باس بکەین دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد لەم بارەیەوە (ڤۆن لوشان) باس لەوە ئەکات کوردەکانی ناوچەی ڕۆژئاوا سیمای میللەتی نۆردیەکانیان هەیەو (سوان) جیاوازی لە نێوان کوردەکانی باکور و باشور دەکات و باس لەوە ئەکات کوردەکانی باشور بە دەم و چاوی پان و ڕەنگی کراوە دەناسرێنەوە و ڕەنگیان وەك ڕەنگی ئەنگلۆ سەکسۆنیەکانە و کوردەکانی باکور بالایان بەرز و دەم بچوك و لوت درێژ و لاوازن، دەم و چاویان هێلکەی و چاویان شین و ڕەنگیان سپی‌یە و مامۆستا (کوون) لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات کوردەکان سەریان لاکێشەی‌یەو گەنم ڕەنگن هەندێکیان ڕەنگ زەردی مەیلەو قاوەین لوتیان ڕاست یان خوارە هەروەها کەللە سەری هەندێکیان پانە[١٠٧]. هەر لەم بارەیەوە (هادون) ئاماژە بەوە ئەکات بە دڵنیای‌یەوە ئەتوانین بڵێین کوردەکان سەر بە نۆردیە سەرەتایی‌یەکانن و نزیکەی ٥٠٪ ی کوردەکانی ڕۆژئاوا چاوشین و پرچ قاوەیین و کەللە سەریان هەندێك بەرەو پانی‌یەو کوردەکانی ڕۆژهەڵات سەریان پان یان بازنەی بەرزەو ڕەنگیان بەزۆری ئەسمەرو هەروەها (هنری فیلد) باس لەوە ئەکات کوردەکان لە عەرەبەکان کەمتر ئەسمەرن و پرچیان قاوەیی تۆخە یان ڕەشەو چاویان قاوەیی تۆخەو هەندێکیان چاویان ڕەنگاو ڕەنگە و نزیکەی ٢٪یان چاویان شینە ، لوتیان کەوانەیی یان ڕاستە لەگەڵ بونی گوێچکەی پان یان مام

ناوەندی ، بالآیان مام ناوەندی‌یەو قەدیان درێژەو هەندێك جار زۆر درێژن و قاچیان کورتەو ناوچەوانیان پانەو سەریان پان و خڕە دەم وچاویان مام ناوەندی یان درێژە(١٠٨).

بەم شێوەیە لەئەنجامی خستنە ڕووی بۆچوونی خۆرهەلآتناسەکاندا دەربارەی ڕەچەلەکی کورد ئەتوانین بلێین ڕەچەلەکی ئەم نەتەوەیە وەك سەرجەم گەلانی تری دنیا لەسەرەتاوە لەچەند هۆزو میللەتێك پێك هاتووەو ئێستا ئەم میللەتانە نەماوەو تەنها ناوەکانیان ماوە، لەم ڕوانگەیە ئەگەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین چەندین ناوی جۆر بەجۆری میللەتان ئەبینین بەلآم بە تێپەڕبوونی کات ئەم میللەتانە لەناوچوون و نەماون تەنها ناوەکانیان ماوە وەك ( سۆمەری، ئەکەدی، بابلی، فینیقی ......هتد) بۆیە ئەتوانین بلێین پرۆسەی دروستبوونی گەلی کورد پرۆسەیەکی مێژووکردەو بەدرێژایی مێژوو دروست بووە، نەك تەنها لەگەلێکی دیاری کراوی وەك گۆتی و لۆلۆو سوباری یان میدی یان کاردۆخی یان کیریتی یان هەر نەتەوەیەکی تر، بۆیە هەریەکە لەم کۆمەلآنە ڕۆلی خۆیان هەیە لەدروست بوونی گەلی کوردا لەچەند قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی‌دا، گەلی کورد لەئەنجامی ئاوێتە بوون و تێکەلّ بوونی دانیشتوانی کۆنی کوردستانی لەهەزارەی سێ‌یەم و دووەمی (پ.ز) ئەو کۆچ کردووە تازانەی لەسەردەمەکانی دواتردا هاتنە ناوچەکەو نیشتەجێ بوون و دەسەلآتێکی سیاسی فراوانیان هەبوو پێك هاتووە ، کەواتە هەریەکە لەو کۆمەلآنەی لەلایەن ڕۆژهەلآتناسەکانەوە باسکرا ڕۆلی خۆیان بینیوە لەپرۆسەی دروستبوونی گەلی کوردا.

**٢-ڕەچەلەکی کورد لەبۆچونی نوسەرە کوردەکاندا :**

وەك ئاشکرایە هەموو نەتەوەیەك خاوەنی سیمای تایبەتی خۆیەتی‌و جیاوازە لەنەتەوەکانی تر، هەر چەندە مرۆڤەکان لەشێوەدا چون یەکن بەلآم زمان و مێژوو نەریتی کۆمەلآیەتیان جیاوازەو مرۆڤ لەسەرەتادا بەتەنها ژیانی بەسەر ئەبردو لەژێر فرمانی سروشتدا کاریان ئەکرد بەلآم بەپێی تێپەڕبوونی کات تێکۆشاون و هەولیان داوە بۆ دەرباز بوون لەو ژیانە سەرەتایی‌یە ئەمەش بەهۆی پێویستیەکانی ژیان و هەروەها ترسی مرۆڤ لە دیاردە سروشتی‌یەکان بەم شێوەیە هەولیان داوە پالّ بدەنە یەکترو دۆستایەتی‌و خزمایەتی دروست بێت لەنێوانیانداو مرۆڤ لەکەسێکی گۆشەگیرو دورە پەرێزەوە بو بە مرۆڤێکی کراوەو هاوپەیوەند لەگەلّ تاکەکانی تری کۆمەلّ و دروستبوونی هۆزو خێلی سەرەتایی.

لەم ڕوانگەیەوە کورد وەك سەرجەم گەلانی دنیا بەو قۆناغە مێژوییانەدا تێپەڕیوەو تا سەرەنجام نەتەوەی کورد دروست بووە، سەبارەت بەڕەچەلەکی ئەم نەتەوەیە بیروڕای جیاواز هەیە بەتایبەتی لای نووسەرە کوردەکان و لەم ڕووانگەیەوە هەندێك لەنووسەرانی کورد پەنایان بردۆتە بەر ئەفسانە بۆشیکردنەوەی ڕەچەلەکی کورد کە ئەمەش نەك هەر لای کورد بەلکو زۆربەی گەلانی دنیا هەولیان داوە گرنگی بەئەفسانە

بدەن بۆ ئەم بوارەو چەندین ئەفسانەی جۆراو جۆریان بۆخۆیان دروستکردووە ئەمەش گرنگی ئەفسانە دەردەخات لە رووی مێژوویەوە[١٠٩].

سەبارەت بە ئەفسانەی مێژوو لە ناو کوردا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو ئەفسانەیە بکەین کە لە سەرەتای شەرەفنامەدا باس کراوە دەربارەی رەچەڵەکی کورد و بەپێی ئەم ئەفسانەیە ئەژدەهاك (زوحاك) یەکێك بووە لە پاشایانی پێشدادی و فەرمانڕەوای ئێرانیان کردووەو ئەم پاشایە نمونەی خوێن مژیو دلڕەقیو ستەمکاری بووەو دووچاری نەخۆشیەکی کوشندە بووە لە سەرشانەکانی دوو مار دروستبووەو ئازارێکی زۆری هەبووە هەرچی پزیشك و شارەزا هەبووە نەیان توانیوە چارەسەری ئەم نەخۆشیە بکەن و رۆژ بە رۆژ خراپتر ئەبوو، هەتا رۆژێك شەیتان لەشێوەی پزیشك دێتە لای و هەوڵ ئەدات رازی بکات هەموو رۆژێك مێشکی دوو کوڕی لاو بکاتە خۆراکی مارەکانی سەرشانی و بەوجۆرە نەخۆشیەکەی چارەسەر ئەبێت، بەم شێوەیە هەموو رۆژێك دوو لاوی بێتاوان سەر ئەبڕان و مێشکیان ئەکرا بەخۆراکی مارەکانی سەرشانی زوحاك، بەڵام چێشتلێنەرەکانی زوحاك (ئەرمائیل و کرمائیل) کە ئەرکی سەربڕینی لاوەکانیان پێ سپێرابوو دڵ نەرم و خاوەن بەزەیی بوون و هەموو رۆژێك یەکێك لەو دوولاوەیان ئەشاردەوەو لەجیاتی ئەوە ئەبوایە مەڕێك بهێنن و مێشکەکەی دەربهێنن لەجیاتی مێشکی لاوەکە بکرێتە خۆراکی مارەکان و ئەبوایە ئەو کەسەش لەشارەکە بچوایەتە دەرەوەو خۆی لەشاخەکاندا بشارێتەوە، بەم جۆرە ژمارەی ئەو کەسانە زیادی کردو ژن و ژنخوازی کەوتە نێوانیانەوەو لەئەنجامی ئەوەدا کورد دروست بووە[١١٠].

ئەم بۆچونە هەرچەندە هەندێك لەمێژوونوسان بەئەفسانەی کوردی ناوی ئەبەن بەڵام ئەکرێت وەك بەشێك لەمێژووی کورد ئەگەرچی ئەفسانەش بێت سەیربکرێت و ئەم ئەفسانەیە ئەگەر سەرنجی بدەین چەند شتێکی گرنگی تیایە گرنگترینیان ئەوەیە زوحاك هەوڵی داوە بەکوشتنی لاوان هێزی خاوەن تین و توانای راپەڕین بەتەواوی لەناو بەرێت و لەسەر زوڵم و زۆری خۆی بەردەوام بێت بەڵام بێ ئاگابوو لەوەی چێشتلێنەرەکانی هەموو رۆژێك یەکێك لەو دوولاوە ئازاد ئەکەن وەك ئاشکرایە ئەو دووکەسە ( ئەرمائیل و کرمائیل ) بۆ رزگارکردنی ئەو لاوانە ژیانیان لەمەترسیدا بوو ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەو دووکەسە کورد بوون و بۆ رزگارکردنی لاوانی کورد ژیانیان خستۆتە مەترسیەوە، هەروەها سەبارەت بە کۆچ کردنی ئەو لاوانە بۆ چیاکان و نزیکترین چیا لە شوێنی فەرمان رەوای زوحاك چیای زاگرۆسە کە ئەو لاوانە رویان تێ کردووە و ئەم ناوچەیەش بە نیشتمانی راستەقینەی کورد دائەنرێت، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت ئەم بۆچوونە هەرچەندە ئەفسانەیە بەڵام هەندێك راستی مێژوویی تیایە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین بڵێین بناغەی دروست بوونی کورد زۆر لەوە کۆنترە و پەیوەندی پتەوی هەیە بە نەتەوە کۆنەکانی

نیشتەجێی زاگرۆس وەك (گۆتی، لولو، کاسی...... هتد). بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە ئەتوانین ئاماژە بۆ بۆچونی ئەمین زەکی بکەین کە زۆر گرنگی بەرەچەلەکی کورد داوە و هەولی داوە بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان بگەڕێتەوە بۆ بناغەی دروست بوونی کورد و باس لەوە ئەکات کوردستان جێگای پەیدا بوونی رەچەلەکی دووەمی مرۆڤە لەسەرەتای مێژووەوە هۆزەکانی زاگرۆسی تیا بینراوە و ئەم هۆزانەش (لولو، گۆتی، کاسی، ..... هتد) بووە و لە باشووری رۆژهەلاتدا (ئیلام) هەبووە، بە گوێرەی هەندێك رووداو ونزیکی زمانەکەیان زۆربەی رۆژهەلاتناسەکان ئەلێن لە رەگەزی قەوقاسین، هەروەها باس لەوە ئەکات ئەم هۆزانە جگە لە (ئیلامیەکان) بە رەچەلەکی کۆنی کورد دائەنرێن، هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات شەپۆلی کۆچی هیند و ئەورووپی و ئارییەکان بۆ زاگرۆس کە لەسەدەی دەیەم و نۆیەمی پ.ز دەستی پێ کردووە دانیشتوانە کۆنەکەی زاگرۆسیان خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە و بەهێزترین رەگەزی ئەم شەپۆلە مادەکان بوون[111].

هەر لەم بارەیەوە محەمەد مەردۆخی باس لەوە ئەکات کە بە پێی سەرچاوە مێژوییەکان و پاشماوە دێرینەکان کورد لە نەژادی ئارییەو لە رەگەزی هیند و ئەورووپی یە کە لەسەردەمێکی نەزانراودا بەرەو کوردستان کۆچیان کردووە بەشەپۆلی جیاجیاو لەچەند کاتێکدا نەك بەسەر یەکەوە[112].

ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت ئەم شەپۆلی هاتنەیەك لەدوای یەك و بەپێی قۆناغ بووە لەچەند کاتێکی جیاوازدا نەك بەسەر یەکەوەو لەیەك کاتدا وە ئەوەش دەردەخات کە روون نی یە لەکوێوە هاتوون.

یەکێکی تر لە نووسەرانی کورد مامۆستا عەلادین سەجادی یە لەبارەی رەچەلەکی کوردەوە باس لەوە ئەکات کوردەکان ئەگەڕێنەوە بۆ ئەو ئارییانەی نزیکەی ٢٥٠٠سال ( پ.ن) لەناوچەکانی باشووری روسیاوە کۆچیان کردووەو شەپۆلی ئەو کۆچ رەوە گەیشتۆتە ناوەچەکانی ئێران و بلاوبونەوەو بەشێکیان لەشاخەکانی زاگرۆس بەرەوشی کۆچەرایەتی ماونەوەو ( گۆتیو لولو و کاسیو مانای و کاردۆخی .........هتد)یان لێ پێك هات و کوردەکان ئەچنە سەر بەرەی مادو زاگروس[113]. ئەمەش ئەوە دەردەخات کورد ئەگەڕێتەوە بۆ هۆزو نەتەوە کۆنەکانی نیشتەجێی زاگرۆس لەهەزارەی سێیەم و دووەمی (پ.ز)و ئەم بۆچونەشی لەناو مێژوو نووسە کوردەکاندا زۆر بەهێزەو تا رادەیەك بەشی زۆری مێژوو نووسان پێ لەسەر ئەم بۆچونە دائەگرن و هەر لەم بارەیەوە یەکێکی تر لەنوسەرانی کورد کەباسی لەم لایەنە کردووە عبدالرحمن قاسملو وە باس لەوە ئەکات کە زانست دەریخستووە کە کورد لەتیرەو هۆزەکانی زاگروسە (گۆتی و لولو .........هتد) کە لەرۆژگاری کۆندا لەمەلبەندی چیاکانی زاگروس نیشتەجێبوون و لەگەل تیرەو هۆزەکانی (هیندو ئەوروپی) کە لەهەزارەی

دووەمـی (پ.ز) هاتوونەتـە ئـەو مەڵبـەندەو تێکەڵاوبوون[114].

جگـە لەمانـە چـەندین بۆچونیتـر هەیـە دەربـارەی ڕەچەڵـەکی کـوردو نووسـەرانی کوردیش زۆر گرنگییـان بـە ئـەم بـوارە داوەو لێرەدا بـاس لەچـەند بۆچونێکیتـر ئەکـەین لەسـەر ڕەچەڵـەکی کـورد لەلایـەن نووسـەرە کوردەکانـەوە سـەرەتا بـاس لـەوە ئەکـەین سەرجەم کتێـب و شـوێنەوارە کۆنـەکان ئـەوە ئەسـەلمێنن ئـەو نەتەوانـەی لـەچیاکانی خۆرهەلاتی باشور نیشتەجێ بوون ( گۆتی و لولـو .........هتـد) کوردبـوون و ئـەکپاتان (هەمەدانی ئێستا) پایتەختی دەوڵەتی میدیا بـووەو کـوردی تیـا ژیـاوەو ئـەو کوردانـە لەنـەژادی (ئـاری)ن و هیـچ کـاتێك سـیماو ڕوخسـاریان لەتەتـەرو مەغۆلـەکان نـەچووە، هەروەها باس لەوە ئەکات سەلتەنەتی گەورەی ئاشـووریەکان کـە ئاسـەوارەکانی مۆزەخانـەکانی جیـهانی پڕکردۆتـەوە، کەیخەسـرەوی گـەورە بەسـوپاکەی کـە لـە کوردانی میدیابوو کوێری کـردەوەو کۆتـایی پیهێنا لەمێژوودا[115].

هـەر لـەم بارەیـەوە بۆچونێکیتـر هەیـە وەك بۆچونـی ئـەمین زەکـیو بـاس لـەوە ئـەکات کوردسـتان دائـەنرێت بەنیشـتمانی یەکـەمی ڕەچەڵەکی مرۆڤی دووەم ئەمەش دوای ئەوەی کۆمەڵانی مرۆڤ لەنیشـتمانە ڕەسەنەکەیانەوە کۆچیان کرد بۆ نیشتمانە تازەکەیان کە پێك هـاتبوون لـە (گۆتـیو لولـو و سـوباری و کالدیـەکان) کەهـەموویان لەگەڵ یـەك هاوبـەش بوون چونکە ئەم هۆزانە کۆمەڵە تیرەیەك بوون کـە هـەموویان گـەلێکیان پێـك ئـەهێنا و هـەموویان ئەگەڕێنـەوە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلانی (هینـدو ئـەورووپی)و ئـەم تیرانـە هـەموویان پێکەوە ڕەسەنی یەکەم و کۆنی گەلی کوردن، هـەر لـەم بارەیـەوە بـاس لـەوە ئـەکات ئـەو ڕاسـتییە زانسـتیانەی ئـەمڕۆ نـاتوانرێت چاوپۆشـی لـێ بکرێـت ئەوەیـە کـە کـورد لەڕەگەزدا دەچنەوە سەر گۆتیو میدیەکان کە لـە بەرەبـەیانی مێـژووەوە تیـایدا نیشـتەجێ بوو[116].

جیا لەم بۆچونانە بیروڕایەکی تر دەربارەی کورد لای نووسەرە کوردەکان ئەوەیە کە کورد وەك ئەفغان و فارس و تاجیك ئـاری نـەژادەو زمانی تایبـەتی خۆی هەیـەو ژیـانی ئـابووری سـەربەخۆو کلتـورو مێـژووی تایبـەتی خـۆی هەیە، لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك نابێت گەلی کـورد بەفارسـی یـان هـەر نەتەوەیـەکی تـر دابنرێت و لـەم بارەیـەوە ئـەبێت پڕوپاگـەندەی پـان ئێرانسـتەکان ڕەتبکرێتـەوە چونکـە لەڕاستیدا شـتێك نییـە پێـی بوترێـت گـەلی ئێران بەڵکو کۆمەڵێك گەل و نەتـەوەی ئێرانی هەیە[117].

ئەمـەش وەڵام دانەوەیەکە بۆ ئەو کەسـانەی کورد بەفارس یان هەر نەتەوەیەکی تر لەقەڵەم ئەدەن چونکە هـەندێك بۆچوون هەیـە لەسـەر ڕەچەڵەکی کورد کە شێواندنی مێژووی تیایە و بـۆ مەبەسـتی تایبـەتی دەربـڕاوەو لـەم ڕوانگەیـەوە بـاس لـەبۆچوونی ئـەبو قاسـم لاهوتـی ئەکـەین کە یەکێکـە لـە کوردەکـانی ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان و دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد باس لـەوە ئـەکات بەڵگـەی زمانـەوانیش

بەشێوەی گومان لێنەکراو ئەو ڕاستی‌یە ئەسەلمێنێت کە کورد بەرەچەڵەك ئێرانی‌یە (مەبەستی فارسە) ڕێزمانی کوردی وشەو ڕستەکانی وەکو ئەوانەن کە لەزمانی فارسی‌دا هەیە بەڵام هەندێك ووشەو زاراوەی زمانە دراوسێ‌کان وەك عەرەب ، تورك ، ئەرمەنی ......هتد هاتونەتە ناو زمانی کوردی‌یەوە[١١٨].

هەر لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە ئەتوانین ئاماژە بۆ بۆچوونی مێژوو نووسی کورد جەمال ڕەشید بکەین کە زۆربەی نووسراوەکانی دەربارەی مێژووی کۆنی کوردەو هەوڵێکی زۆری داوە ، بۆشیکردنەوەی ئەم لایەنەی مێژووی کوردو لەم بوارەشدا زۆر گرنگی بە میتانییەکان داوەو بەسەرەتایەکی گرنگی دائەنێت بۆ ڕەچەڵەکی کورد. لەنووسراوەکانی‌دا دەربارەی کورد باس لەوە ئەکات کورد بەیەکێك لەنەتەوەکۆنەکانی کیشوەری ئاسیا دادەنرێت و ناوچەکانیان لای سۆمەری‌یەکان بە (سوبێر – Subir ) و لای ئەکەدیەکاندا بە (سوپارتو – Subartu) ناسراوەو بەمانای ناوچەی بەرز هاتووە هەروەها لەمێژوودا بە (علیاتم ، کوهستان ، بلاد جبال) ناسراوەو لەوڵاتی سوبارتودا گۆتی‌و لولو و خوریەکان هەبوون و بەکۆنترین مرۆڤ ئەژمێرن کە ئەم وڵاتەیان لەسەرەتای مێژووەوە کردوە بە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان ، لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی (پ.ز) وڵاتی (کوردا) بەشێکی گرنگی ئەم وڵاتە بوو، هەر لەم ماوەیەداو لەنیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی (پ.ز) لەسەرخاکی ئەم ناوچەیە دەوڵەتی میتانی دامەزرا[١١٩]. هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات بەهۆی ڕوون نەبونەوەی قۆناغە کۆنەکانی مێژووی کورد ئەبێت پشت بەنوسراوەکانی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانی دەوروبەری کورد ببەستین وەك سۆمەری و ئەکەدی‌و ئاشوری و لەو نووسراوانەدا هەندێك ناوی کەس و ئیداری وا هەیە کە پەیوەستە بە مێژووی وڵاتی کوردەوە.

لەناو ئەو نووسراوانەداو هەروەها ئەو پاشماوانەی کە بەجێ‌ماوە بۆمان دەردەکەوێت میتانیەکان خەڵکێکی نیشتەجێ‌ی دێهات بوون و ئاین سەری هەڵداوە لەناویانداو بووە بە بناغەی کلتوری شارستانیەتی‌و ئەم ئاینە بەناوچەکانی تردا بڵاوبۆتەوە بەتایبەتی لەناوچەی میسر، هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات ئەو ناوانەی لەهەزارەی دووەمی (پ.ز) سەدەکانی دوای ئەودا هەبوون پەیوەستە بە وڵاتی کوردەوەو دەوریان هەبووە لەو گۆڕانە مەزنەی ڕوداوە مێژوییەکانی هەزارەی دووەمی (پ.ز)و پاشان کوردستان بوو بە مەڵبەندی بڵاوبونەوەی هۆزەکانی مادو پاشماوەکانیان بەناوی کوردەوە بەناو بانگە[١٢٠].

هەر دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد لەشوێنێکی تردا باس لەوە ئەکات ئەوەی تایبەتە بەدەرکەوتنی کورد لەکوردستاندا پەیوەستە بەو گۆڕانکاریەی مێژووی گەلانی ناوچەکە (گۆتی ، لۆلۆ ، خوری ، میدی ......هتد) کە کاریگەری دەرەکیان لەسەر بووەو ئەم ناوچەیە بەردەوام هۆزو تیرەی تر ڕویان تێکردووەو کۆنترین ناوچەی تایبەت بە

کوردەکان ناوچەی (سو) و (کردا)یە کە پێئەچێت لەدوایییدا بووبن بەیەك لەناوچەی (کردا) بەڵگەش بۆ ئەوە ناوی ناوچەی (سو) لەهەزارەی دووەمی (پ.ز) نەماوەو بووە بە (کردا)[١٢١].

بیروڕاکانی جەمال ڕەشید بەو پێیەی پسپۆڕی ئەم بوارەیەو لێکۆڵینەوەی زۆری ئەنجامداوە دەربارەی مێژووی کورد بەگشتی و مێژوی کۆنی کورد بەتایبەتی ئەکرێت گرنگی زۆری پێبدرێت لەناو مێژوو نووسە کوردەکاندا. یەکێکی تر لەمێژوونووسانی کورد کەمال مەزهەرە کە پێویستە لێرەدا باس لە بیروبۆچونەکانی بکەین دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردو گرنگی پێبدرێت بەو پێیەی پسپۆڕێکی بواری مێژووی کوردەو زۆر گرنگی بەمێژووی کورد داوە، کەمال مەزهەر دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد باس لەوە ئەکات وەك چۆن زۆربەی مێژوو نووسە بەناوبانگەکان ڕەچەڵەکی کورد ئەگێڕنەوە بۆ سەر میدەکان ئەتوانین بڵێین گەلێك بەڵگەی مێژوویی گرنگ هەیە بەتەواوی دەری‌دەخات میدەکان باپیرەگەورەی ئەم نەتەوەی کوردەی ئێستان و ئەو شارستانیەتە مەزنەی میدەکان دایان مەزراند، بوو بە بناغە بۆ دروستبوونی شارستانیەتی فارسەکان لە دوای ئەوان[١٢٢]. هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد باسی لەوە کردووە کە سەرچاوەی جیاوازو زۆر هەیە لەو بارەیەوەو لەهەموویان باشتر بۆچونەکەی محمد ئەمین زەکی‌بەگە بەشێوەیەکی زانستی بابەتەکەی هەڵسەنگاندووە، هەروەها باس لەوە ئەکات بۆچوونەکەی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (مینورسکی) دەربارەی ڕەگەزی کورد کە لەساڵی (١٩٢٧) لە ئینسکلوپیدیای ئیسلام دا بڵاوکردۆتەوە بەلاوە پەسەندە کە باس لەوە ئەکات میدیەکان باپیرە گەورەی کوردن، بەڵام لەهەمان کاتدا باس لەوە ئەکات کە بەر لەهاتنی میدیەکان بەهەزار ساڵێك گەل و نەتەوەی جیاواز لەکوردستاندا ژیاون وەك گۆتی و لولو و کاشی و ......هتد کە ئەمانەش بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبۆتەی میدەکاندا تواونەوەو بەهەموویان ئەم گەلی کوردەی ئێستایان دروستکردووە[١٢٣].

بێگومان ئەمەش بۆچونێکی گونجاوە دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد، هەر لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە ڕەشید یاسەمی کە یەکێکە لەنووسەرانی کوردو کتێبێکی هەیە دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد هەوڵی داوە کورد وەك فارس باس بکات و بۆ ئەم مەبەستەش چەند بەڵگەیەکی هێناوەتەوە بۆ سەلماندنی بۆچونەکانی‌و دوای ئەوەش باس لەوەئەکات ئەگەر ئەو بەڵگانەش کە هێناویەتیەوە نەی سەلماندووە کە کورد ئێرانی‌یە (مەبەستی فارسە) بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەبێت کورد بەکۆمەڵی نەتەوەی ئێران (فارس) دابنرێت[١٢٤].

بێگومان ئەم بۆچونانە هەمووی بۆ شێواندنی مێژووی کوردەو بۆ مەبەستی تایبەتی دەربڕاون و لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە پشتگیری لێ دەکرێ و جگە لەوەش ئەم بۆچونانە هیچ بنەمایەکی زانستی نی‌یە چونکە ئەمڕۆ زانست دەری خستووە

کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆو جیایە لەتورک و فارس و عەرەب و هەر نەتەوەیەکی تر بەلام لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە هەندێك کورد هەبێت خۆی بەنەوەی یەکێك لەو نەتەوانە دابنێت بەلام ئەوە بۆ مەبەستی تایبەتیو شێواندنی مێژووی کوردەو هیچ دەورێکی نییە و بەهەوڵی داگیرکەران دادەنرێت بۆ شێواندنی مێژووی کورد.

لەکۆتاییدا ئاماژە بۆ بۆچوونی م. ئاورنگ ئەکەین کە ئەویش یەکێکە لەکوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و دەربارەی رەچەلەکی کورد باس لەوە ئەکات دوای بەراوردکردنی وشەی کورد لەچەند زمانێکدا ئەو راستییەمان بۆ دەرئەکەوێت ئەم ناوە لەهەر زمانێکدا بەجۆرێك بەکارهاتووە، واتە خەلکی هەر ناوچەیەك ئەم ناوەی بەناوی تایبەتی خۆیەوە ناوبردووە کە هەموویان بۆ مانای ناوی کورد ئەگەرێتەوەو مەبەست لە هۆزی کوردانە، هەر لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات پێویستە ریشەی وشەی کورد لە (ئاڤێستا)وە دەربهێنرێت و ماناکەی بدۆزرێتەوەو باس لەوە ئەکات لە ئاڤێستا دا سێ وشەی (کرتە ، کرتی، کرتو) ئەبینرێت کەمانای چەقۆو شمشێر ئەگرێتەوەو باس لەوە ئەکات وشەی کورد لەو سێ وشەیەوە هاتووەو هەمان مانای هەیە چونکە ئەو وشانەو وشەی کورد زۆر لەیەکەوە نزیکە[١٢٥].

لەبارەی رەچەلەکی کوردەوە لەشوێنێکی تردا باس لەوە ئەکات کەنەژادی مادەکان ئارییەو کوردەکان لەبنەچەدا (ماد)ن یان لقێکن لە مادەکان و ئەوانیش بەرەگەز (ئاری)ن[١٢٦].

کەواتە لەروانگەی بۆچوونی نووسەرە کوردەکانەوە دەربارەی رەچەلەکی کورد ئەتوانین بلێین کورد پەیوەندیەکی پتەوی بە نەتەوە کۆنەکانی نیشتەجێ زاگروسەوە هەیە کە لە هەزارەی سێیەم و دووەمی (پ.ز) نیشتەجێبوون و پاشان تێکەلاو بوون بە شەپۆلێکی تری دانیشتوان کە لە هەزارەی یەکەمی (پ.ز) کۆچییان کردووە بۆ ئەم ناوچەیەو بەهەموویان بناغەی کوردیان دروستکرد، واتە (گۆتیو لولو و کاسی و سوباری و مانی ......هتد) دواتر (میدی و کاردۆخیەکان......هتد) بناغەی دروستبوونی میللەتی کوردن و لەسەردەمە کۆنەکانەوە لەکوردستاندا نیشتەجێ بوون و بەربەرەکانێی هێزەکانی دەوروبەریان کردووە.

### ٣-رەچەلەکی کورد لەبۆچوونی نووسەرە عەرەبەکاندا :

گێرانەوەی رەچەلەکی کورد بۆسەر عەرەب لە سەرچاوە ئیسلامیەکاندا زۆر گرنگی پێدراوەو ئەم بەعەرەب بوونەی کورد بۆیەکەم جار لەسەدەی هەشتەم لەنوسینە عەرەبیەکاندا سەری هەلداوە و (سەحیم بن حفص) (ابو الیقضان) دەربارەی ئەم مەسەلەیە نوسیویەتی و نوسەرانی تریش دوابەدوای ئەو درێژەیان بە ئەم باسە داوەو (ابو الیقضان) لەکتێبی (کتاب نسب الکبیر)دا باس لەوە ئەکات باپیرە گەورەی کورد

(کوردی کوڕی عومەر کوڕی عامر کوڕی سەعسەعە)یە[127].

ئەمەش بۆچونێکی هەڵەیە کە ڕەچەڵەکی نەتەوەیەك بۆ تەنها کەسێکی عەرەب یان بنەماڵەیەکی عەرەب بگەڕێتەوە. دوابەدوای ئەوە نوسەرانی تریش هەمان هەڵەیان دووبارە کردۆتەوەو (مسعودی)یش یەکێکی ترە لەو نوسەرانەو زۆر گرنگی بەڕەچەڵەکی کورد داوەو هەوڵی داوە بەهەموو شێوەیەك کورد بگێڕێتەوە بۆ سەر عەرەب و لەم بارەیەوە باس لەوە ئەکات لەسەرەتاوە خەڵك کێشەیان هەبوو دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردو هەندێك لە نوسەران لەگەڵ ئەو بۆچونەبوون کە کورد نەوەی (ڕەبیعەی کوڕی نزاری کوڕی معد کوڕی عەدنانن) و ئەوانە هەر لەدێر زەمانەوە پارچەپارچە بوون و چونە ناوچە شاخاویەکان و دۆڵەکان و لەو شوێنانە نیشتەجێبوون کە فارس و عەجەمی تیا ئەژیان و زمانەکەشیان لە ئەوان وەرگرتووە، لەبۆچونێکی تردا باس لەوە ئەکات هەندێکی تر لە نووسەران پێیان وایە کورد دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی (مضر بن نزار)و ئەوانە (کورد کوڕی مەرد کوڕی سەعسەعەی کوڕی هۆزانن) کە لەڕۆژگاری کۆندا بەهۆی ڕوداوێك لە نێوان هوزان و غەسانیەکاندا ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووەو ڕویان لە ناوچە شاخاویەکان کردووە، هەر لە بارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە چەند بۆ چونێکی تری دەربڕیوەو باس لەوە ئەکەن کوردەکان نەوەی ڕەبیعە و مضر کە لەناوچە شاخاویەکان خەریکی شوانکارەیی بوون.

یان باس لەوە ئەکات کوردەکان نەوەی جنۆکەن و خوا لێیان توڕە بووە خستونیەتە ناوچە شاخاویەکان. بەلام لەکۆتاییدا بۆچونێکی تر باس ئەکات و خۆی بەڕاستی ئەزانێت و زۆر گرنگی پێئەدات و کوردەکان دەگێڕێتەوە بۆ سەر ڕەبیعەی کوڕی نزار بەتایبەتی کوردەکانی شوهجان لەنێوان کوفەو بەسرە. ئەوانی تریش دەگێڕێتەوە بۆسەر مچری کوڕی نزار[128].

بێگومان ئەم بۆچونەی نووسەری عەرەب (المسعودی) نەك هەر شێواندنی ڕەچەڵەکی کوردە بەڵکو زمانەکەشی بە زمانی فارسی لەقەڵەم داوە، ئەو ناوانەی بۆ ڕەچەڵەکی کوردی هێناوەتەوە هیچ پەیوەندی بە کوردەوە نی یە.

هەر لەم بارەیەوە هەندێك لەسەرچاوە عەربیەکان کورد ئەگێڕنەوە بۆ (کوردی مەردی کوڕی عومەر و کوڕی سەعسەعە کوڕی معادویە کوڕی بەکر کوڕی هوزان) یان (کورد کوڕی عمروی کوڕی مەزیقیا کوڕی عامری ماو سماو) یان بۆ بنەماڵەی حەمید کوڕی تاریق کە ئەگەڕێتەوە بۆ (حەمید کوڕی زوهیر کوڕی ئەسەد کوڕی عبد العزە کوڕی قصی کوڕی کلاب) کە ئەم هۆزانە ئەگرنەوە (الکورانیە، بنوکوران، هڤبانیە، الزرزاریە، شاهنجانیە..... هتد)[129].

(المقریزی) یەکێکە لەو نوسەرانەی بنەماڵەی مەروانی کوردی بەعەرەب لەقەڵەم

ئەدات و ئەیانگێڕنەوە بۆ( مەروان بن حەکەم بن ابی عاصی) هەروەها هەندێك لە هەکاریەکانی گێڕاوەتەوە بۆ (عتبە بن ابوسوفیان صخر بن حرب)[١٣٠].

هەر لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە (فیروز ابادی) باس لەوە ئەکات باپیرە گەورەی کورد (کوردی کوڕی عمرو کوڕی مەزیقیا کوڕی عامر کوڕی ماء السماو)[١٣١].

(ابن منظور) یش لەم بارەیەوە کوردەکان دەگێڕنەوە بۆسەر خەلکی یەمەن و پارچە هۆنراوەیەکی دەربارەی ڕەچەڵەکی کورد نوسیوە:-

لعمرك ماکرد من ابناء فارس
ولکنه کردَ بن عمر و بن عامر[١٣٢]

یەکێکی تر لە نووسەرانی عەرەب محەمەد ئالوسی ئەفەندیە لە (تفسیر روح المعانی) دا باس لە ڕەچەڵەکی کورد ئەکات و بە گوێرەی قاموس زنجیرەی کورد وا نیشان ئەدات (کرد بن عمر و مزیقیا بن عامر ماء السماو) یان (عامر بن حارثة الغطریف بن امرئ القیس البطریق بن الثعلبة بن مازن بن الازد بن العوث بن نبت بن مالك بن زید بن کهلان بن سبا بن یشجب بن یعرب بن قحطان بن عامر) یان (سالح بن ارفخشد بن سام بن نوح)[١٣٣]

(ابن الجوانی)ش لە (تاج العروس)دا باسی ئەوەی (شالخ کوڕی ئەرفخشر) ئەکات و فارسان کوڕی ئاهلو کوڕی ئارفخشر بووە و کوڕێکی هەبووە بەناوی (اکراد) کە بابە گەورەی کوردەکانە، هەر لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە (ابن الجوانی) باس لەوە ئەکات زۆربەی ئەو کەسانەی باس لە ڕەچەڵەکی کورد ئەکەن بەم جۆرە ئەیان بەستن بە (قەیس)ەوە (کرد کوڕی مەرد کوڕی عمرو کوڕی سعسعە کوڕی معاویە کوڕی بکر کوڕی هوزان کوڕی منصور کوڕی عکرمە کوڕی حضفە کوڕی قیس کوڕی عیلان کوڕی مضر کوڕی نزار کوڕی معد کوڕی عدنان)[١٣٤].

هەر لە تاج العروس)دا باس لەوە کراوە کوردەکان نەوەی (کرد کوڕی عمرو)ن (عمرو) یش پێیان ووتووە مزیقیا چونکە هەر ڕۆژە کراسێکی لەبەر کردووە و شەو دڕاندویەتی بۆ ئەوەی کەسێکی تر لەبەری نەکات، یان لە شوێنێکی تردا باس لەوە کراوە کورد نەوەی (کرد کوڕی کەنعان کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نوح)[١٣٥]، کە ئەمەش لە نەژادی کوڕەکانی نوحدا نییە.

ئەم بۆچوونانە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هیچ بنەمایەکی نییە و ئەو کەسانەش کە دیاری کراوە لەو بۆچوونانەدا بۆ ڕەچەڵەکی کوردهیچ پەیوەندیان بە کوردەوە نییە و تەنها بۆ شێواندنی ڕەچەڵەکی کورد دەربڕاوە.

(ابن الاثیر) یەکێکی ترە لە نوسەرانی ئیسلام و کاتێك باس لە ڕەچەڵەکی (ئەردەشێری بابکان) دەکات بەم جۆرە شی دەکاتەوە، ئەردەشێر لە گوندێکی ناوچەی (اصطخر) بە ناوی (طروزدة) لە دایك بووە باپیری ئەردەشێر (ساسان) پیاوێکی ئازاو جەنگاوەرێکی ڕەشید بوو، ژنی ئەردەشێر (مبهشت) لە ڕەچەڵەکی شایانی مەلبەندی فارسە کە بە کوردانی زەنگەنە ناسراوە. ئەردەشێر دوای ئەوەی چەند ناوچەیەك داگیر

دەكات و نامە بۆ هەندێك لە پاشایانی تریش دەنێرێت كە بێنە ژێر دەسەڵاتیەوە نامەیەكی هەرەشەو گازندەی لەلایەن (ئەردەوانی پێنجەم) پێ ئەگات كە لە تۆمارەكەیدا نووسراوە (ئەی بەرەچەڵەك كوردی گەورە بوو لە رەشماڵی كوردان، پێت لە بەرەی خۆت زیاد راكێشاوە كاتی مردنت نزیك بۆتەوە)[١٣٦].

ئەمەش بەڵگەی كورد بوونی ئەردەشێر و ساسانیەكانە كە رێگەیان پێ نەدراوە حكومڕانی ناوچەكە بكەن.

جگە لەوانە هەندێك لە نووسەرانی عەرەب هەر بەوە نەوەستاون كە رەچەڵەكی كورد بۆ عەرەب بگێرنەوە بەڵكو هەندێكیان بە رەگەزێكی توركیان لەقەڵەم داون وەك (محمد فريد وجدى) كە باس لەوە دەكات كوردەكان گەلێكن رەگەزی توركیان تیایە بەڵام لە روی زمانەوە پەیوەندیان بە گەلانی ئێرانەوە هەیە كۆمەڵ كۆمەڵ ئەژین لە سنووری ئاسیای بچوك و وولاتی فارسدا[١٣٧]. ئەم بۆچوونەش وەك سەرجەم بۆچوونەكانی تر كە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ كرد دورە لە راستی‌یەوە و هیچ پەیوەندیەكی رەچەڵەكی لە نێوان كورد و تورك دا نی‌یە بەڵام ئەم بۆچوونانەی سەرەوە درێژەیان نەبوو بۆ میژو نوسینی هاوچەرخ بۆیە ئەبینین زۆر لە مێژوو نووسانی هاوچەرخی عەرەب دەربارەی رەچەڵەكی كورد بۆچونیان وایە كورد لە كۆنترین گەلانی ئێرانن كە لەناوچە شاخاویەكانی كوردستان نیشتەجێ بوون[١٣٨].

بێ گومان بۆچوونی ئەو نوسەرە عەرەبانەی رەچەڵەكی كوردیان بەعەرەب یان هەر گەلێكی تر لەقەڵەم داوە هیچ بنەمایەكی زانستی نی‌یەو گرنگی پێ نادرێت، چونكە نەتەوەیەكی گەورەی وەك كورد بە هیچ شێوەیەك ناچێتەوە سەر كەسێكی عەرەب یان بنەماڵەیەكی عەرەب چونكە بە گەڕانەوە بۆ بنەماو پێك هاتە زمانەوانیەكانی كورد و لایەنی سوسیولوژی و بایەلۆجیەكانی مرۆڤی كورد ئەم راستیە روون ئەبێتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونانە بۆ مەبەستی تایبەتی دەر بڕاوە و هیچ پەیوەندیان بە بواری لێكۆڵینەوەی رەچەڵەكی كوردەوە نی‌یە لەوانەیە هەندێك لە كوردەكان لەو سەردەمەدا خۆیان بەعەرەب لەقەڵەم دابێت دیارە هۆكاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت دوای سەردەمی خەلیفەكانی راشدین گەیشتە ئاستێكی وا كە تا رادەیەكی زۆر لە بنەماكانی ئاینی ئیسلام دوور بوو لە رووی كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی‌یەوە.

لە رووی كۆمەڵایەتیەوە عەرەبە موسولمانەكان وەك چینی سەردەست ئەیانڕوانیە موسولمانە نا عەرەبەكان كە بە (موالی) ناسرا بوون و مامەڵەی كۆیلەیان لەگەڵدا دەكردن، ئەمەش نەتەوە نا عەرەبەكان بە گشتی و كوردەكانی بەتایبەتی ناچار كرد پەنا بەرنە بەر هۆز و تاكە عەرەبەكان بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بپارێزن لە چەوساندنەوەی بەردەوامی هۆزەكانی تری عەرەب بۆیە بە رەچەڵەك بنەچەی هۆزە عەرەبەكانەوە خۆیان دەناساند.

لە رووی ئابوری‌یەوە دوای ئەوەی زۆربەی نەتەوە نا عەرەبەكان بە هۆی گرانی باج و

جزیەوە بوون بە موسولمان بڕوایان بە ئاینی ئیسلام هێنا، ئەم هەڵوێستەش بوو بە هۆی بەتاڵ بوونی خەزێنەی دەولەت ئەمەش پاڵی بە دەسەلاتدارانی خەلافەتەوە نا کە باجی جزیە لەهەموو ئەو موسلمانانە وەربگرن کە ناعەرەبن ئەمەش گرفتێکی تری بەردەمی کوردەکان بوو لەو سەردەمەدا و ناچاربوون خۆیان ببەستنەوە بە بنەماڵەیەکی عەرەبەوە.

لەڕووی سیاسی‌یەوە دەسەلاتی خەلافەت تەنها پشتی بە ئەو کەسانە ئەبەست کە عەرەب بوون ئەمەش لەگەڵ ڕابردووی شارستانیەتی گەلانی نا عەرەب بەگشتی و کوردەکان بەتایبەتی نەدەگونجا، هەر بۆیە بۆ بەشداری‌کردن لەپرۆسەی سیاسی‌و بەڕێوەبردندا بەتایبەتی لەناوچەکانی خۆیان بە بنەماڵەو هۆزە عەرەبەکانەوە خۆیان دەناساند.

ئەمانە هەمووی گرفتی بەردەمی کوردەکان بوو لەو سەردەمەدا کە ناچار بوون هەندێکیان خۆیان بەعەرەب لەقەڵەم بدەن کە ئەمانەش ژمارەیان زۆر کەم بووە لەچاو ئەوەی کە بەرەنگاری ئەو سیاسەتانەیان کردۆتەوە لەبەر ئەوە کورد هیچ پەیوەندیەکی ڕەچەڵەکی لەگەڵ عەرەبدا نی‌یەو بەهیچ شێوەیەك ناچێتە سەر عەرەب یان هەر گەلێکی تری دراوسێ‌ی کورد وەك تورك یان فارس.

□ □ □

**پەراوێز:**

* ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا لە کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ سالی ٢٧٠١-٢٧٠٢ ی کوردی بەرامبەر ٢٠١-٢٠٠٢ ی زایینی بەسەرپەرشتی د.نەبەز مەجید ئەمین.

١- کورد و کوردستان، وەرگێڕانی خالیدی حسامی، ل١١١

٢- لە سلیمان عبدالله : چەمك و سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژمارە (١٤)،ل٥ وەرگیراوە

٣- کردستان والحرکە القومیە الکردیە، ص٣٨

٤- لە سلیمان عبدالله : چەمك و سنوری........، ل٥ وەرگیراوە.

٥- د.ئازاد نەقشبەندی : دەربارەی دەست نیشان کردنی سنوری کوردستان، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژمارە (٢)، ل٦٢

٦- د. ئازاد نەقشبەندی : دەربارەی دەست نیشانکردنی سنوری کوردستان، ژمارە (٢)،ل٨-٩.

٧- ژیانی کوردەواری، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم،ل١٣

٨- لە عەبدول عەزیز یا مولکی : کوردستان و را بەر ینەکا نی کورد ، ل ١٨ وەرکیراوە

٩- لە د. ئازاد نەقشبەندی : دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان، ژمارە (٢)،ل١٢ وەرگیراوە.

١٠- شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، ل٢٩.

١١- د. عەزیز شەمزینی :جووڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان،وەرگێڕانی فەرید ئەسەسەرد،ل ١٥.

١٢- عەلادین سجادی :مێژووی ڕاپەڕینی کورد،ل١٠

١٣- د.عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدللە حسن زادە،ل١٢.

١٤- کورد- کورتە لێکۆلینەوەیەکی زانستی‌یە، وەرگێڕانی صالح سەعید دەلۆی، ل١١.

١٥- جوگرافیایی کوردستان، ل(٢٥٤-٢٦٨).

١٦- دەربارەی دەست نیشانکردنی سنوری کوردستان،گۆڤاری سیاسەتی دەولی ژمارە (٢)،ل(٢٠-٢٣).

١٧- هورمزی بیگلەری : چیانشینانی زاگرۆس، وەرگێرانی حەمەی حەمە سەعید،لا٢٢

١٨- عەلاالدین سەجادی : مێژووی راپەرینی کورد،لا٥-٦.

١٩- محەمەد مەردۆخی :مێژووی کورد و کوردستان، وەرگێرانی عبدول الکریم محەمەد،لا٤٦.

٢٠- لە عەلاالدین سەجادی :مێژووی ئەدەبی کوردی،لا٣٥وەرگیراوە.

٢١- لە ئیحسان نووری پاشا :مێژووی رەگ و رچەلەکی کورد، لا١٠ وەرگیراوە.

٢٢- د.جمال رشید و د.فوزی رشید :تاریخ الکرد القدیم،لا٣٩-٤٠.

٢٣- د.جمال رشید د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٤١

٢٤- م. ئاورنگ :کورد ناسی،وەرگێرانی بورهان قانیع،لا٤٩.

٢٥- هورمز بیگلەری :چیانشینانی زاگرۆس،٦٩.

٢٦- د.جمال رشید د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٤٢.

٢٧- هورمز بیگلەری :چیانشینانی زاگرۆس،لا٦٩.

٢٨- د. جمال رشید د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٤٣

٢٩- هورمزی بیگلەری :چیانشینانی زاگرۆس،لا٣١

٣٠- محەمەد مەردۆخی :مێژووی کورد و کوردستان،لا١٠٨.

٣١- لە هورمز بیگلەری :چیانشینانی زاگرۆس،لا٤٣ وەرگیراوە.

٣٢- د.جمال رشید ود.فوزی رشید :،تاریخ الکرد القدیم،لا٥٣.

٣٣- رشید شێخ عبد الرحمان :مێژووی زاگرۆس،لا٢٣٩

٣٤- م.ئاورنگ : کوردناسی، لا٤٣-٤٥.

٣٥- هورمزی بیگلەری : چیانشینانی زاگرۆس،لا٥٩.

٣٦- م.ئاورنگ : کورد ناسی،لا٤٧.

٣٧- هورمزی بیگلەری : چیانشینانی زاگرۆس،لا٥٩.

٣٨- م.ئاورنگ : کورد ناسی،لا٤٧.

٣٩- هورمزی بیگلەری : چیانشینانی زاگرۆس،لا٦٢.

٤٠- د.جمال رشید و د.فوزی رشید:، تاریخ الکرد القدیم،لا٦٧.

٤١- د.جمال رشید و د.فوزی رشید :، تاریخ الکرد القدیم،لا٦٧.

٤٢- رشید شێخ عبد الرحمان: مێژووی زاگرۆس، لا٢١٠.

٤٣- د.جمال رشید ئەحمەد : لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، لا٢٠٨

٤٤- د.جمال رشید ئەحمەد : هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠-٢٠١.

٤٥- هورمزی بیگلەری :چیانشینانی زاگرۆس، لا٦٧.

٤٦- رەشید شێخ عبد الرحمان :مێژووی زاگرۆس،لا١٥٦-١٥٧.

٤٧- د.جمال رشید فوزی د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٧٩.

٤٨- رەشید شێخ عبد الرحمان :مێژووی زاگرۆس،لا١٥٨- ١٥٩.

٤٩- د.جمال رشید د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٨٣.

٥٠- ئی.م.دیاکونوف : میدیا،وەرگێرانی بورهان قانیع،لا٢٥٢.

٥١- د.جمال رشید فوزی د.فوزی رشید : تاریخ الکرد القدیم،لا٨٣-٨٦.

٥٢- لە ئی.م.دیاکونوف-میدیا، لا٤٠ وەرگیراوە

٥٣- هەمان سەرچاوە ، لا(١٢٧-١٣٠).

٥٤- هورمزی بیگلەری: چیا نشینانی زاگرۆس، لا٦٨.

٥٥- د.جمال رەشید و فوزی رەشید: تاریخ الکرد القدیم، لا٨٨.

٥٦- محەمەد ئەمین هەورامی: زمانەکەمان لە کوێوە هاتووە، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١١)، لا١٥.

٥٧- لە محمد مەردۆخی: مێژووی کورد و کوردستان، لا٨٣ وەرگیراوە.

٥٨- عەلائەدین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، لا١٧٠-١٧٨.

٥٩- لە محەمەد مەردۆخی: مێژووی کورد و کوردستان، لا٨٦ وەرگیراوە.

٦٠- کورد، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم، ل٨٣.
٦١- د. عەبدولڕەحمان قاسملو: کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبداللە حەسەن زادە، ل٣٠.
٦٢- کورد لە ئینیسکلۆپیدیای ئیسلام، وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، ل١٤٣.
٦٣- کورد، وەرگێڕانی حەمە سەعید حەمە کەریم، ل٨٤.
٦٤- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، ل٤٣٧.
٦٥- کامەران مەنتك: نەتەوایەتی و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، گۆڤاری نیشتمان، ژمارە (٣)، ل٤.
٦٦- هەمان سەرچاوە ل٥.
٦٧- محەمەد عەبدولا: بنەچەی کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١١)، ل٩٨
٦٨- دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٦.
٦٩- هەمان سەرچاوە، ل٧٤
٧٠-تێڕوانینێکی مێژوویانە دەربارەی کورد و کێشە نیشتمانیەکەیان و پێشهاتەکانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٦) ل٢١-٢٢
٧١- د. جەمال ڕەشید : تێڕوانینێکی مێژویانە دەربارەی ....، ل٢٧.
٧٢- بیری نەتەوەی کوردی نەبیری قەومیتی ڕۆژهەلاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی یە سوید، ١٩٨٤، ل٣١-٣٢.
٧٣- إدوارد سعيد : الاستشراق، ل ٧٢.
٧٤- شيخ فؤاد كاظم المقدادي : الاسلام وشبهات المستشرقين، ل٨ ٣.
٧٥- کورد و کوردستان، ل ٨١.
٧٦- کورد، ل ٤٥.
٧٧- لە عەلادین سوجادی : میژوی ئەدەبی کوردی، ل ٣٢ وەرگێراوە
٧٨- لە ئیحسان نوری پاشا : میژوی ڕەگ و ڕەچەلەکی کورد، ل ٦ وەرگیراوە.
٧٩- لە واسیل نیکیتین : کوردو کوردستان، ل ٣٢ وەرگێراوە
٨٠- نەژادی کورد، ل ٧٨- ٧٩.
٨١- لە عەلادین سوجادی : مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٢٩ وەرگیراوە.
٨٢- شاکر خەسباك : گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ل ١٢
٨٣- لە هەمان سەرچاوە، ل ١٢ وەرگێڕاوە.
٨٤- لە م. ئاورنگ: کوردناسی ، ل ٢٩ وەرگێڕاوە.
٨٥- لە شاکر خەسباك: گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ، ل ١١ وەرگیراوە.
٨٦- لە فیلچفشکی: نەژادی کورد ، ل ١٣٧ وەرگیراوە.
٨٧- کوردو کوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاوایی‌یەوە ، ل (١٢٣).
٨٨- لە ڕەشید یاسەمی: مێژووی نەژادو پەیوەستەگی کورد ، ل ٦٨ وەرگیراوە ، واسیل نیکیتن: کوردو کوردستان ، ل٥٥.
٨٩- لە عەلادین سوجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی ، ل ٣٠ وەرگیراوە.
٩٠- سەرهەنگ عەبدولوەحید: کوردو نیشتمانەکەی ل ٣١.
٩١- م. ئاورنگ: کوردناس ل (٢٠) وەرگیراوە.
٩٢- کورد و کوردستان لەنیگای چەند گەریدەیەکی ڕۆژئاوایی‌یەوە ، ل (١٢٣).
٩٣- لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریکورد، بەرگی یەکەم، ل٥٥٢ وەرگیراوە.
٩٤- لە عەلادین سوجادی: مێژووی ئەدەبی کورد، ل٢٩ وەرگیراوە.
٩٥- لە فواد حەمە خورشید: کورد-کورتە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی‌یە، ل٥١ وەرگیراوە
٩٦- لە عەلادین سوجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، ل٥٤ وەرگیراوە
٩٧- لە هەمان سەرچاوە: ل٥٤-٥٥ وەرگیراوە.
٩٨- لە شاکر خەسباك: گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ل١١ وەرگیراوە.
٩٩- لە د. کمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد (بەشی یەکەم) ، ل١٧ وەرگیراوە.
١٠٠- لە هەمان سەرچاوە، ل١٩ وەرگیراوە.
١٠١- فەرهاد پیربال: زیری ناو زبڵ، ل١٦
١٠٢- لە فیلجفسکی: نەژادی کورد، ل١٣٩ وەرگیراوە

١٠٣- لە واسیل نیکتین: کورد و کوردستان، لا٩٧وەرگیراوە، فلیجفسکی: نەژادی کورد، لا١٣٩٧
١٠٤- لە شاکر خەسباك: گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، لا١٢ وەرگیراوە.
١٠٥- لە کوردۆیڤ: هەندێك بیرو باوەڕی هەڵە لە بارەی زمان و مێژووی کوردەوە. لا١٢٥ وەرگیراوە
١٠٦- لە میرلاگەلێتی: کوردوکوردستان لە نوسراوەکانی ئیتالیادا، لا٦٤ وەرگیراوە
١٠٧- لە خەلیل ئیسماعیل محەمەد: اقلیمکردستان العراق، لا٢٢ وەرگیراوە
١٠٨- لە شاکر خەسباك: الاکراد ل ( ٤٢٩ – ٤٣٠ ) وەرگیراوە
١٠٩- ئەفسانە هەندێك قسەی‌خەیالی‌یە بۆ ئەو کارەساتانەی کە لەمێژوودا ڕوویداوە یان بەشێوەیەکی تر ئەفسانە نیشانەیەکە بۆ ئەو شتە دەرونی‌و ئاکاریانەی کە لە ئادەمیزادا هەیە.(عەلاالدین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی،لا ١٠٤ ).
١١٠- شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار لا( ٢٥).
١١١- خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان،لا٤٩-٥٠
١١٢- شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار لا ( ٢٥)
١١٣- مێژووی ڕاپەڕینی کورد، ل (٥-٦).
١١٤- کوردستان و کورد، ل (٣٩)
١١٥- عبدالعزیز یامولکی: کوردستان و ڕاپەڕینەکانی کورد. ل (١٨)
١١٦- فوئاد حەمە خورشید: کورد – کورتە لێکۆلینەوەیەکی زانستی، ل (٤٤-٤٥)
١١٧- د. عەزیز شەمزینی: جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی، ل (٢٧)
١١٧- کوردو کوردستان ، وەرگێڕانی د. جەبار قادر ، ل (٢٠-٢١)
١١٩- تێڕوانینێکی مێژویانە دەربارەی کوردو کێشە نیشتمانیەکەیان و پێشهاتەکانی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٦) ل (١٣-١٤)
١٢٠- لێکۆلینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وولاتی کوردەواری ل (٤٤٠-٤٤٢)
١٢١- تاریخ الکرد القدیم ، ل (١٣٥).
١٢٢- چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی گەلی کورد ( بەشی یەکەم )، ل (١١)
١٢٣- شیلان ئەحمەد: چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کمال مەزهەر ، گۆڤاری ڕەهەند ، ژمارە (٧) لا (٢٦١)
١٢٤- لەقەناتی کوردۆ: هەندێك بیروباوەڕی هەلە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە، لا (٥٩) وەرگیراوە
١٢٥- لەقەناتی کوردۆ: هەندێك بیروباوەڕی هەلە لەبارەی زمان و مێژووی کوردەوە ، ل (٥٩) وەرگیراوە.
١٢٦- هەمان سەرچاوە ل (٧)
١٢٧- لە د. ئارشاك پولادیان: کورد لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا، ل (١٥٣) وەرگیراوە
١٢٨- المسعودی: مروج الذهب ومعاون الجوهر، مجلد ٢ / جزو ٢/ ص ١٢٢-١٢٤
١٢٩- د. ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر: الکرد فی کتابات المسلمین الاوئل، ص٣٤٢
١٣٠- اسلوك لمعرفه دول الملوك، ج١/ص١٠١
١٣١- قاموس المحیگ، مجلد١/ص٣٢٣
١٣٢- لسان العرب، مجلد٥/ص٣٨٤٩
١٣٣- لە ئەمین زەکی: خولاصەی تاریخی کوردو کوردستان، لا٤١ وەرگیراوە
١٣٤- لە م. ئاورنگ: کوردناسی، لا٦٨ وەرگیراوە
١٣٥- لە هەمان سەرچاوە، لا٧٢ وەرگیراوە.
١٣٦-الکامل فی التاریخ، ج١/ص٢٤٥٤-٢٤٧
١٣٧- دائره المعارف القرن العشرین، مجلد ١٥، ص١١٦
١٣٨- ابراهیم حرکات: المجتمع الاسلامي ُسلطة فی عصر الوسیط لا٣٧ د.احمد تاج الدین الاکراد تاریخ الشعب وقضیة الوطن لا. ٦٠-٦١

# مادەکان و دەولەتی ماد

بەشی یەکەم

**لە کتێبی (مێژووی ئێرانی کۆن)**
**وەرگێڕانی لەفارسییەوە:**
**حەسەن عەبدولکەریم**

**پێشەکی:** مادەکان خەڵکانێکی رەگەز ئاریایی بوون کە لەسەرەتای سەدەی حەوتەم یا کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش عیسادا دەوڵەتی (ماد)یان دامەزراندووە. دەڵێین رەگەز ئاریایی ، چونکە (ئوپیر)ی خۆرهەڵاتناسی فەرەنسایی لای وا بوو مادەکان (تورانی ئالتایی)ن، بەڵام ئێستا روون بووەتەوە کە ئەو بەهەڵەدا چووە و ئەو بەهەڵەدا چوونەشی لەوەوە هاتبوو کەوایەزانی نووسینەکەی داریوشی یەکەم کە لەسەر شاخی بێستون هەڵکەندراوە و بەچەند زمانی جیاجیا نووسراوە، نووسینی دووەمیانی بەزمانی مادی داناوە لەبەرئەوەی کەهەندێ وشە لەو نووسینەدا لکێنراون بەیەکەوە (وەك لەنووسینی تورانیدا) و گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە مادەکان تورانی بوون، بەڵام پاشتر روون و ئاشکرا بوو کەزمانی دووەمی نووسینەکەی داریوش زمانی عیلامییە نەك مادی، لەگەڵ روونبوونەوەی ئەمەدا بۆ چوونەکەی (ئوپیر) خرایە لاوە، ئێستا هیچ کەسێك گومانی لەوەدا نەماوە کە مادەکان بەشێکن لەرەگەزی ئاری. هیرودۆت یش نووسیویەتی کەمادەکان لەسەردەمی کۆندا خۆیان بەئاریایی داناوە.

دەربارەی مادو دەوڵەتی مادەکان ئەو زانیارییانەی لەبەردەستماندایە زۆر کەمە، تەنانەت دەتوانین بڵێین کە لەدەوڵەتە گەورەکانی سەردەمی کۆندا هیچ دەوڵەتێك نییە کە زانیاری دەربارەیەوە بەئەندازەی مادەکان کەم بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوەی لەئاسەوار، نووسینی ئاشووری و بابلییەکان و ئەوانی ترەوە هەروەها ئەوەی لەتەورات و کتێبی مێژوونووسە کۆنەکان و لێکۆڵینەوەو بەدوادا

چووندا کەوتبێتە بەردەستمان لێرەدا باسی بکەین، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا مێژووی مادەکان بەگوێرەی پێویست روون نییە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا هەر ئەوەندەمان لەبەردەستدایە ناچارین بەو زانیارییانە رازی بین، بەتەمای ئەوەی لەداهاتوودا لەرێگەی پشکنین و هەڵکەندنی شوێنەواره مێژووییەکانەوە زانیاری زیاترمان بکەوێتە بەر دەست دەربارەی مادەکان.

### ئەوەی لەنووسینی ئاشوورییەکانەوە کەوتووتە بەر دەست

ناتوانین وەڵامێکی راستی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێ مادەکان لەکەیەوە هاتوونەتە بیابانی ئێران؟ واتە مێژووی راستەقینەی هاتنی مادەکان وەك مێژووی هاتنی ئارییەکانی تر بەتەواوی نەزانراوە، لەبەر ئەوەی پێشتر ئەوەی کە پێویست بووبێ باسکراوە، ئێستا دەچینە سەر ئەو نووسینانەی ئاشوورییەکان کە باسی مادەکانیان کردووە.

تیکلات پلاسەری یەکەم، کە لەدەوروبەری (١١٠٠)ی پێش عیسادا، فەرمانڕەوایی کردووە، لەشکرکێشی کردووە بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە پاشتر بەبەشێك لەخاکی ماد دانراون و لەزاگرۆس یا شاخەکانی کوردستانەوە رەتبووە، بەڵام ئەو هیچ ناوی مادەکانی نەبردووە و ئەو زانیارییانەی کە ئەو بڵاوی کردوونەتەوە تەنیا خشتەیەك بووە بەکورتی ناوی چەند شوێنێکی تێدا بووە کە داگیری کردوون،پاش ئەو شەلمەنەسەری دووهەم لەساڵی (٨٤٤)ی پێش عیسا دا چووەتە ناو خاکی (نەمەری)یەوە کە ئێستا پێی دەگوترێ کوردستان. ئەم ناوچەیە پێش هاتنی ئەو لەژێر دەسەڵاتی بابلییەکاندا بووەو میرەکەیان ناوی (مەردوك مەودەیك) بووە هەر کە ئاشوورییەکان لەو ناوچەیە نزیك دەبنەوە ئەو میرە رادەکات و وڵاتەکە بەجێ دەهێڵێ و چی دارایی و سامانێکی هەبووە دەکەوێتە بەر دەستی داگیرکەران، پاشان شەلمانسەری دووەم (یانزو) ناوێك کە لەکاسییەکان بووە دائەنێ بەمیری ناوچەکە. بەڵام چونکە (یانزو) یاخیبوو لە ئاشوورییەکان لەساڵێ (٨٣٨) دا جارێکی تر شەلمانسەری دووهەم هێرشی کردەوە سەر ناوچەکە و هەموو یاخیبووەکانی راونا بۆ جەنگەڵ و دارستانەکان و هێرشی کردە سەر ناوچەیەکی دراوسێشیان کە پێی دەگوترا (پارسوا) یا *پارسواش) و بیست و هەشت میرو شای ناوچەکەی بەدیل گرت. پاش ئەوە هاتەوە بۆ وڵاتی (ئامادای) و خور خور (هەندێك لایان وایە کەدوایین شوێنی کرماشانی ئێستایە) و لەئەنجامدا (یانزو)ی دەسگیر کردو بردی بۆ ئاشوور، ئەمە یەکم جارە کە ناوی مادەکان لەنووسینی ئاشوورییەکاندا هاتبێ و هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە مەبەست لە (ئامادای) هەر مادەکان بووە. چونکە پاشتر پاشاو فەرمانڕەواکانی ئاشوور لە نوسینەکانی خۆیاندا هەر بەم جۆرە ناوی مادەکانیان هێناوە. بەڵام دەربارەی پارسوا بەتەواوی دەرناکەوێ کە

مەبەست فارسەکانە یا خەڵکانێکی تر.

(شەمشی ئەدەد) جێنشینی شەلمەنەسەر ناوی مادەکانی هێناوە و گوتوویەتی کە وڵاتەکەی ئەوانی داگیر کردووەو سەرانەو باجی لێوەرگرتوون.

لەمەوە کە هێرشی یەك لەدوای یەك کراوەتە سەر ئەم وڵاتە و ئاشوورییەکان شار گەلێکی زۆریان وێران کردووەو لەژمارەی زۆری دیلەکان و تاڵانی بێ ئەندازەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەم وڵاتی مادە زۆر ئاوەدان و خەڵکێکی زۆری تێدا ژیاوە.

(ئەدەد نیراری سێهەم) لەساڵی (٨١٠)ی پێش عیسادا هێرشی کردووتە سەر مادەکان و ناوچەی خۆراوای بیابانی ئێرانی داگیر کردووە. ژنەکەی (تومورامات) بەشازادە خانم ی بابلی ناو دەبرا و هەندێك لایان وایە دوورنیە (سەمیرامیس) شاژنی داستانەکانی ئاشوور هەر ئەم ژنە بووبێ.

تیگلات پلاسەری چوارەم لەساڵی (٧٤٤)ی پێش عیسادا هێرشی کردە سەر مادەکان و بەهۆی ئەو ناکۆکییانەوە کە هەبوو لەناو خێڵەکاندا کردنیەوە بەگژ یەکداو ئەنجا یەکەیەکە شکستی پێ هێنان و ئەو بەشەی وڵاتی ماد کەنزیك بوو لەخاکی ئاشوورەوە خستیە سەر وڵاتەکەی خۆی و زیاتر لە شەست هەزار نەفەری لێ بەدیل گرتن لەگەڵ برێکی زۆر لە رەوە گا گەل و مەڕو هێستر و حوشترو بەرەو پایتەختی ئاشوور (کالخ) بردنیان. پاشتر یەکێك لەسەرکردەکانی ئاشوور خاکی مادیان بەجێ هێشت و گەیشتنە بیکنی یا شاخی ئەڵماس کە ئێستا پێی دەڵێن (دەماوەند). ئاشوورییەکان لایان وابوو کە ئەو شوێنە کۆتایی جیهانەو سەرکردەی سەرکەوتوو پێشوازییەکی گەرمی لێکراو رێزێکی زۆری لێ نرا و هەرچی گەورە و سەرکردەکانی ئاشوور هەبوو چوون بەپیریەوە. لەساڵی (٧٣٧)ی پێش عیسا جارێکی تر وڵاتی ماد کەوتەوە بەر هێرش و پەلامار و تاڵان و بڕۆی ئاشوورییەکان، بەجۆرێك کە مادەکان هیچ شتێکیان بۆ نەمایەوە پێی بژین. لەم هێرشە تازەیەدا ناوچە دور دەستەکانی مادو شاخەکان کە پەناگای ئاسایی خەڵك بوون لەدەستدرێژی و تاڵان کردنی ئاشوورییەکان بێبەش نەبوون و برێکی زۆر لەمادەکان بەدیل گیران. بەگشتی دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کەوا ئاشوورییەکان گرنگییەکی زۆریان دەدایە ژمارەی دیلەکان، چونکە لەوڵاتی ئاشووردا دروستکردنی کۆشك و شارو ساختمانەکانی تر بەوان دەسپێردرا، زۆرترین ساختمانەکانی بەشی زۆری وڵاتی ئاشوور بەشان و باڵی دیلەکان دروستکراوە.

سارگۆنی دووهەم لەساڵی (٧٢٢)ی پێش عیسادا کەوتە شەڕکردن لەگەڵ فەلەستینییەکانداو شاری (سامرە)ی گرت و ژمارەیەکی زۆری لەجولەکەکان بەدیل گرت و بردنی بۆ وڵاتی ئاشوور. وەك لەتەوراتدا باسکراوە ئاشوورییەکان دیلەکانیان برد بۆ شاری کالح و خابور (لەسەر رووباری جوزان) و شارەکانی مادو لەو شارانەدا نیشانی

خەڵكیان دەدان (كتێبی دووهەم، پاشاكان، بەشی ١٧-١٨) لێرەدا مەبەست لەشارەكانی ماد ئەو شارانەیە كە لەسەردەمی تیگلات پلاسەری چوارەمدا لكێنران بەوڵاتی ئاشوورەوە.

سارگۆنی دووهەم پاش چەند ساڵێك لەگەڵ خەڵكی (مەنناي ) كەوتە جەنگ كردن و پاشاكەیان كەناوی (دەیائوكو) بوو بەدیل گیرا، خەڵكی ئەو وڵاتە لە ئازربایجان لەلای باشووری دەریاچەی ورمێ وە دەژیان و خزمایەتیان هەبوو لەگەڵ مادەكاندا. ئەم پاشا دیلە بەپێچەوانەی رەوشتی ئاسایی ئاشوورییەكانەوە بەرامبەر بەدیلەكان بەزیندوویی هێشتیانەوەو بۆ شارێك لەشام كەناوی (حماە) بوو دووریان خستەوە. هەندێك لەلێكۆڵەرەوەكان ئەم (دەیائوكو)یەیان لەگەڵ یەكەم پاشای مادەكانداكە هیرۆدوت بەدیوكس ناوی بردووە بەیەك كەس داناوە ئەم بەهەڵەدا چوونەش لەوەوە هاتووە كە ئەو دوو ناوە لەیەك دەچن و هەروەها ئاشوورییەكان ویلایەتی (دەیائوكۆ)ی مادیان پاش دوورخستنەوەی دەیائوكوی بۆ وڵاتی شام بە (بیت دیائوكو) واتە ماڵی دەیائوكو ناو دەبرد.

پاش ئەم رووداوە (٢٢) كەس لەمیرو گەورەكانی ماد كەوتن بەسەر دەست و پێی پاشای ئاشووردا و سوێندی وەفاداری و لایەنگرییان بۆ خوارد. لەنووسینە ئاشوورییەكاندا ئەوە بەرچاو دەكەوێ كە لەسەردەمی پاشایەتی سارگۆنی دووەمدا (٧٢٢-٧٠١)ی پێش عیسا سەنحاریب كە جێنشینی باوكی بوو لەیەكێك لە ناوچەكانی باكووردا لەنامەیەكدا بۆ باوكی دەنووسێ خەڵكێكی زۆر لە باكوورەوە گوشاریان خستووەتە سەر مەملەكەتی وان و (ئەرگیشتی دووهەم) پاشای وان بەزەحمەت ئەتوانن بەرەنگاریان ببنەوە. كاربەدەستەكانی تری ئاشوور ئەم خەڵكەیان بە (گامەیرا) ناو بردووە لەتەوراتدا بە (جۆمەر) و مێژوونووسەكانی یۆنان بە (كمیریی) ناویان بردووە. سەرهەڵدانی ئەم خەڵكە بەهێزو جەنگاوەرانە كە لەكەناری دەریای (ئازوق) و لەرێگای قەفقازەوە هاتبوونە نزیكی بیابانی ئێران وەك لەتەوراتدا هاتووە ترس و سامێكی لەرادەبەدەری لەو سەردەمەدا دروستكردبوو. ئەشعیا دەڵێ: (كتێبی یەكەم بەشی پێنجەم) ((لەبەرئەوە رقی خوا لەسەر میللەتەكەی هاتە جۆش و دەستی خۆی بەسەریاندا درێژ كرد، ئەوانەی گرفتاری بەڵا كرد، شاكان كەوتنە لەرزین و لاشەی ئەوان لەناو كۆڵانەكاندا وەك پاشەڕۆی لێهات، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا توورەیی و رقی ئەو دانەمركایەوەو لەوپەڕی زەوییەوە شاوریان بۆ لێدەداو ئەوانیش بەپەلە دێن. تیرەكانیان تیژو كەوانەكانیان پاك كراوەتەوە، سمی ئەسپەكانیان وەك بەردی سەخت و گالیسكەكان وەك خۆڵ زۆرن، نركەیان وەك نركەی شێری مێیەو وەك شێر هەڵمەت ئەبەن، ئەگەر یەكێك سەیری زەوی بكا تاریك و تەنگە بەرەو روناكی ئاسمان بووە بەتاریكی))، لەبەرئەوەی كیمرییەكان

خەڵكانێكی ئاریایی بوون، هاتنی ئەوان بۆ ئاسیای خۆراوا بەشێك بوو لەو لافاوی ئاریاییە كە لەباكوورەوە بەرەو ئاسیای خۆراوا پێش چەند سەدەیەك دەستی پێكردبوو تا ئێستاش هەر بەردەوامە. لەنووسینی ئاشوورییەكانەوە وا دەرئەكەوێ كە مادەكان پێش كیمرییەكان هاتوونەتە ناوچەكانی دراوسێی وڵاتی ئاشوور. لەسەرەتادا پاشای وان (ئەرگیشتی) بەماندووبوونێكی زۆر توانی وڵاتەكەی خۆی لەپەلاماری كیمرییەكان بپارێزێ. پاشان هەندێك لەوانە بەرەو ئاسیای ناوەڕاست رۆیشتن و هەندێكی تریان روویان كردە ناوچەی باشوور لە (مان) جێگیر بوون و لەوێدا دەوڵەتێكیان دامەزراند كە تەورات بە (ئاشك نان) ناوی بردووە، چونكە (ئاشكۆن) یان بەكوڕی (جۆمەر) دەزانی لەنووسینەكانی ئاشووردا ناوی ئەم خەڵكە بە (ئەشكۆزا) نووسراوە، پاشتر وەك لەنووسراوەكانی دەوڵەتی (وان)ەوە دەردەكەوێ رۆسای دووەمی كوڕی ئەرگیشتی بۆ پاراستنی وڵاتەكەی لەهێرش و پەلاماری كیمرییەكان شوورەیەكی دروستكرد بۆ وڵاتەكەی (ئەم زانیارییانە لەئەنجامی كنەو پشكنینی گرووپێكی ئەڵمانییەوە بەدەست هاتووە لەشوێنەواری ناسراو (توپراخ قەلعە). شانشینی وان بەهۆی هەوڵ و ماندووبوونی شاكانیانەوە لەپەلاماری كیمرییەكان بەدوور بوو، بەڵام پاش ئەوە سەرە گەیشتە سەر ئاشوور و لەسەردەمی پاشایەتی ئەسەرحەدون لەدەوروبەری (٦٧٢) پێش عیسا. وڵاتی ئاشوور پڕ بوو لەشەڕو شۆر لەگەڵ ئەو خەڵكە ئاریانەدا كە بەردەوام گوشاریان خستبووە سەر نەینەواو دەیان ویست ئاشوور وێران بكەن. مێژوونووسەكان گوشاری ئەو خەڵكە ئاریانە بۆ سەر وڵاتی ئاشووریان چواندووە بەو گوشارەی ئەڵمانییەكان بۆ سەر ئیمراتۆری رۆمە خۆرئاواییەكانی یانزدە سەدە لەوە پاشتر، ئەنجامەكە لەهەردوو حاڵەتەكەدا هەر یەك بوو، ئاشوورییەكان لەساڵی (٦٠٦) پێش عیسا بەرەو نابوت بوون رۆیشتن و لەناو چوون وەك چۆن ئیمپراتۆری رۆمەكان لەساڵی (٤٧٦) پاش عیسادا لەناو چوون.

(ئەسەرحەدون) كەوڵاتی میسری خستە ژێر دەستی خۆی و لەهەموو ناوچەی ئاسیای خۆرهەڵاتدا تاكە فەرمانڕەوا بوو (نیوەی یەكەمی سەدەی حەوتەمی پێش عیسا) لەترسی ئەم خەڵكانە لەرزی لێهات و داوای یارمەتی لەخواكانی ئاشوور دەكرد. لەسەرەتادا بەهۆی جیاوازی ئەم خێڵە ئارییانە لەیەكتر سوودی لەبارودۆخەكە وەرگرت و تا شاخی دەماوەند نەوەستایەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ئارییەكان یەكیان گرت و سەركردەیەك لەناویاندا پەیدا بوو. (كەشاتریت)ی مادی لەگەڵ گرووپێك لەمادەكان، كمیرییەكان، ماناكان، سكاكان، هێرشیان بردە سەر قەڵای (كیشاشو) كە كەوتبووە ناوجەرگەی ناوچەی (پارسوا). مادەكان لەژێر سەركردەی میری خۆیان

کـەناوی (مـامی تیـارش) بـوو سـکاکان بەسەرکردەی (سپاگا) ناوێك سکاکانی تر کە لـەخێڵی سـاپاردا بـوون لـەژێر سـەرکردەی کەسێکدا بوون ناوی (دوو ساننا) بوو لەگەڵ سکاکانی تردا یەکیان گرت. لەتـەوراتدا ئـەم خێڵی ساپاردایە بە سنارت ناوبراوە (کتێبی ئۆبدیا- ئایەتی ٢٠). ئەسەرحەدون کە هێزو توانـای ئەمانـەی بینـی لەسـەرەتادا ترسـی لێنیشـت و ویسـتی بـەگفتوگۆ هێوریـان بکاتـەوە، بـەڵام (کەشـاتریت) چونکـە خـۆی بەخاوەن هێز و توانا دەزانـی پێشنیارەکانی پاشای ئاشووری پەسەند نەکرد و دەستیان بەشەڕ کرد لەشەڕدا بەرەی (کەشاتریت) شکا. چونکـە هێشـتا هەلومـەرجی لـەناوچوونی دەوڵـەتی ئاشـوور نـەهاتبووە پێشـەوە. لەئەنجامی ئەم شکانەدا (٦٧٢) پێش عیسا، یـەکێتیی خێڵـە ئارییـەکان لەبـەر یـەك هەڵوەشایەوە. (ئاسەرحەدون) سـوودی لـەم شکانە وەرگـرت و سـکاکان کەلەئازربایجاندا دەوڵەتێکیان بۆخۆیان دامەزراندبوو رایکێشان بـەلای خـۆیداو کچێکـی خـۆی دا بەپاشـای ئەوان کە ناوی (بارتـاتووی) بوو. (هیرودۆت) ئەم پاشایەی بە (پروتوسییوس ناو بردووە). بـەهۆی ئـەم یەکگرتنـەوە ئاشـوورییەکان توانییان بەری کیمرییەکان بگرن و ئەوانیش بەرەو لای ئاسیای بچووك رۆیشتن.

لەم باسانەی سەرەوە بەروونی دەرئەکـەوێ کە لـەنیوەی یەکـەمی سـەدەی حـەوتی پێش عیسـادا لەناوچـەی یەکـەمی بـاکووری خۆرئاوای ئـێران دەوڵـەتی مـادی و دەوڵـەتی سکایی هەبوون، ئەم دوو دەوڵەتە هەندێ کات دژی ئاشـوورییەکان دەوەسـتان، بـەڵام ئاشوورییەکان دوو بەرەکی خستە ناویانـەوە ئەمـەش بـووە هـۆی دواکـەوتنی لـەناوچوونی ئاشوورییەکان.

سـەبارەت بەوشـەی (کەشـاتریت) وا دێتـە پێش چاو کە ئەم وشەیە ناو نـەبووە بـەڵکو بەهەموو پاشایەکی مادیان وتووە کەشاتریت. چونکـە داریوشـی یەکـەم لەنووسـینەکەی بێستووندا لەباسی شۆڕشی مادەکان دەڵێت: ((فرەوارتیش نـاوێك یـاخی بوو بەخەڵکەکـەی دەوت مـن کەشـاتریتم لەبنەماڵـەی هـورەخ شـەتەر)) (سـتونی دووەم برگـەی پێنجـەم، نووسـینە گەورەکـە). لەنووسـینەکانی ئاشووریشەوە هەروەها دەرئەکەوێ کەلەساڵی (٦٧٤)ی پێش عیسـادا ئەسـەرحەدون بـەرەو رۆژهـەڵات پێـش رەوی کـردو مـیرێکی ناوچەکـەی لەگـەڵ دەسـت و پێوەندەکـەیدا بـەدیل گـرت. پاشـان لەئـەنجامی ئـەم سـەرکەوتنەدا میرەکـانی تـری مـاد لەگـەڵ دیارییـەکی زۆردا کـە بریتـی بـوو لەئەسـپی مادەکان و ئەڵماس بەرەو نەینەوا رۆیشتن و داوای ئەوەیان کرد لەپاشای ئاشوور کە بیان پارێزێ. لەمە بەدواوە سنووری وڵاتی ئاشوور لـەخاکی مـاد تـێ پـەڕی و گەیشـتە ناوچـە دراوسێکانی وڵاتی مـاد لـەلای رۆژهەڵاتـەوە. لەبەڵگەکانـەوە وا دەردەکـەوێ کـە سـنووری وڵاتـی ئاشـوور لـەو سـەردەمەدا لـەلای رۆژهەڵاتـەوە گەیشـتۆتە کـەناری بیابـانی گەورەی (لوت) کە ئاشوورییەکان لایان وابوو

ئەوە کۆتایی جیهانە.

لەم سەردەمەدا کەبەشی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە هێشتا دەوڵەتی گەورەی ماد دانەمەزرا بوو، سنووری ئەو شوێنانەی کە مادەکان نیشتەجێ بوون تیایدا بەگوێرەی ئەو زانیارییانە کە لەنووسینی ئاشوورییەکانەوە دەرکەوتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە بووە: ویلایەتی هەمەدان، ئازربایجان، بەشێك لەکوردستان و کرماشان. بەم پێیە دراوسێی ماد لە لای باکووری خۆرئاواوە دەوڵەتی ئارارات بووەو پایتەختەکەشی وەك لەسەرەوە باسکرا پێیان وتووە (وان)، لەلای باشووریشەوە مادەکان لەگەڵ کلدانییەکان و عیلامییەکاندا، یا ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەستی ئەوان دا بووە دراوسێ بوون، دواتر کە دەوڵەتی ماد بەهێز بوو سنوورەکەی خۆی زیاتر فراوان کرد وەك لەمەولا باس ئەکرێ، لەمێژووی بابل و عیلامەوە دەردەکەوێ کەناوچە گەلێك لەبەشی خۆراوایی بیابانی ئێراند لەژێر دەسەڵاتی بابلییەکان دا بووە، کاتێك کە ئاشوورییەکان هێز و توانیان پەیدا دەکرد ئەم ناوچانە دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە. لێرەوە دەردەکەوێ کە ئەم بەشانەی بیابانی ئێران لەماوەی چەندین سەدەدا لەگەڵ رەوشت و داب و نەریتی شارستانییەتی بابل و ئاشوورییەکاندا شارەزایی پەیدا کردووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریانەوە. بۆ تێگەیشتن لەهەندێك لەو جیاوازییانەی کە لەسەدەکانی دواتردا هاتە کایەوە لەنێوان ئارییە خۆراوای و خۆرهەڵاتییەکاندا ئەم خاڵە گەلێك گرنگەو دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە شاخ و شوێنە سەختەکانی ناوچەی خۆراوای ئێران پەناگەیەك بوون بۆ مادەکان و هی تریش کەلەزوڵم و ستەمی ئاشوورییەکان رزگاریان بووە. هەر کاتێکیش هەلێکیان دەست کەوتبێ لەدژی ئاشوورییەکان راپەڕیون، لەشکرکێشییە یەك لەدوای یەکی ئاشوورییەکان بۆ سەر ئەو ناوچەیە، کاولکردنی شارەکان، تەفرو توناکردنی دانیشتوان، بردنی دیلێکی زۆر بۆ وڵاتی ئاشوور بۆ ئەوە بووە کە دانیشتوانی وڵاتەکە بێ دەسەڵات و بێ توانا بکەن، لەئەنجامی ئەم گوشارو ستەمەی ئاشوورییەکان مادەکانی هێنایەوە سەرخۆیان و داوای لێکردن یەك بگرن. هەر لەم کاتەوە دەوڵەتە بچووکە خێڵەکییەکانی ماد پاڵیان دا بەیەکەوەو دەوڵەتی گەورەی مادیان دامەزراند.

# رەچەڵەکی کۆمەڵگا ئاڵۆزەکانی

# باشووری خۆرئاوای ئاسیا

بەشی یەکەم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
تەحسین تەها محەمەد

پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر کاتێك کە گەلانی جیهان تەنها خەڵکێکی رەش و رووتی سادەو جوتیار یان راوکەر بوون، کاتێکیش خەڵکانی جیهانی تازە چەند سەدەیەك لە ژیانی لادێ بەدوور بوون، بابل و ناوچەکانی دەوروبەری شارێکی جیهانی هەمە رەگەز بوو، خاوەنی چەندین کتێبخانە، خوێندنگا، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێودەوڵەتیبوو: رێگاو بان ، باج و پەرستگاو چەندین شتی تر بوو کەوەك پێکهێنەرێکی شارستانی تەماشا دەکرێن. لە راستیدا زوربەی ئەو خەڵکانەی کە ئەمڕۆ ژیانێکی شارستانی دەبەنە سەر پێشتر ئەو ژیانە لەلایەن خەڵکانی شارەکانی خوارووی خۆرئاوای ئاسیاوە گەشەی پێ دراوە.

لە راستیدا مێژووی کەلتوری باشووری خۆرئاوای ئاسیا ئەوەندە دەوڵەمەندو کۆنە کە تەنانەت چاوپیاخشاندنێکی کورت دەمانباتە ناو قوڵایی مێژوویەکی چڕوپڕەوە:

پێش ئەم شەڕانەی دوایی، ئەکرا گەڕان یان هاتووچۆ لە خۆرهەڵاتی دەوروبەری بابل لەنزیك بەغدا لەعێراق - دڵی کۆنترین شارەکانی جیهان تا باکووری خۆرهەڵاتی (سوسا) یەکەمین پایتەخت لە جیهاندا کە لە (ئەنجیل)دا باسی لێ کراوە وەك شوێن ژینگەی دانیاڵ و ئێستەر، ئینجا بەرەو باکوور بەناو یەکەمین کێڵگە لە جیهانداو بەدرێژایی شاخەکانی زاگرۆس و لە ئێران و سوریا لەگەڵ دامێنی شاخەکانی تۆڕۆس لە تورکیا. پاشان لە باکووری سوریاوە تا بەناو تورکیا تێدەپەڕێت بەهەمان گردو دۆڵ کە (گەزنەفۆن) بۆ مان ئەگێڕێتەوە کە جەنگاوەرەکانی یۆنان پیایدا تێپەڕبوون بەبیانووی جەنگان تا بگەنە دەریای رەش و لەوێشەوە بە کەشتی بەرەو یۆنان بکەونەڕێ. دواتریش لە باشووری تورکیا بەرەو سوریا بەدرێژای کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست بەنزیك ئەو رێگایەی کە خاچ پەرستە ئەوروپییەکان گرتیانە بەر پاش هەزار ساڵ کە تیایدا گەورەترین پێکدادانی ئیسلام و خاچ پەرستان روویدا ( وێنەی ١).

لەئەنجامی لەناوچوونی هەزاران ساڵی ئەم شارستانیانە، خوێندنگاکان دەستیان کرد

بەرێکخستنی زۆربەی لایەنەکانی بارودۆخی ئادەمیزاد. سەرەڕای هەموو شتێک ئەم ناوچەیە بە جەرگەی مەزنترین ئایینی جیهان دادەنرێت شان بەشانی سەرهەڵدانی نووسین و شارو دەرهێنانی ماددە کانزاییەکان لەگەڵ چەندین لایەنی شارستانی تر کە هەر لەم ناوچەیە بۆ یەکەمجار سەری هەڵدا، ئەمەش لە خۆیدا ئەو پرسیارە ئەهێنێتەکایەوە: بۆچی لەم ناوچەیەدا؟ بۆچی بەشێوەیەکی یەکجار هاوتا بوو بۆ پێش کەوتنەکانی دوایی کەلە چین و میسر و سۆمەرییەکان و هەندێ شوێنی تر سەری هەڵدا؟

## ئیکۆلۆجیای ناوچەکە:

بۆ شیکردنەوەی مێژووی کلتوری باشووری خۆرئاوای ئاسیا، لێدوان لەسەر دوان لەپێکهێنەرە ئیکۆلۆجیەکان زۆر گرنگن:

یەکەمیان : بەرهەمی کشتوکاڵی هەمە جۆر لە ناوچەکە.

دووەمیان: کارلێکردنی رازاوەی جۆراوجۆری کلتورییان و کردنەوەیان بەڕووی کارلێکردنی کلتوری هەرێمی و جیهانیدا هەروەك (نیکولاس پۆست گەیت) ئەڵێ:

میسر بەهۆی پێگەی جوگرافی ناوچەکەی کە ئەکەوێتە نێوان زنجیرەیەکی تەسکی دۆڵی نیل لە خۆرئاوای ئاسیا دابڕاوەو ئەو ئاسنامە بەرزەی هەیەتی لە ڕێگای سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ترەوەیە وە بەهیچ جۆرێك شێوازی قسە کردن و نووسینیان یان هەر شێوازێکی تری هونەرییان بڵاونەبۆتەوە تەنها (نوبە) نەبێت کە دەکەوێتە باکووری نیل.

بەڵام میزۆپۆتامیا زیاتر کراوەو مشەخۆرتر بوو لەسەر هەردوو لایەنی بیابان و شاخەکان وەشێوازی نووسینی مێخی بەهەزاران میلدا بڵاوبۆتەوە یەکەمین دەوڵەت و بەدوایدا چەندین شار بۆ یەکەمین جار لە ناوچەیەکی بچوکی باشووری ئێران و عێراق سەری هەڵدا. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ بەپیتی ناوچەکە کە لەشێوەی کەرتە مانگەو بە (میزۆپۆتامیای مەزنتر) ناسراوە (وێنەی ١).

ئەم ناوچە بەپیتەی کەلەشێوەی کەرتە مانگێکە شوێنی گەشەی گەنم و جۆی سروشتی بووەو ڕێژەیەکی زۆر مەڕومالاتی تێدا لەوەڕاوە. ئەم شوێنە لە رابوردوودا بەگیایەکی سەوزی زۆر داپۆشرابوو لەگەڵ دارستانی فستق و دار بەڕوو. بگرە هەتا سەدەی ١٩ ژمارەیەکی زۆر لە مەڕومالات لە شینایی لەوەڕگای ناوچە شاخاویەکانی لەوەڕیون وەکاتێك مەڕەکان براون لە بازاڕەکانی ناوچەکانی باشوور فرۆشراون خوری مەڕەکان بەڕەنگی سووری گوڵاڵە سورەی لەوەرگاکانی باکوور سوور بووە، بەڵام ئەمڕۆ زۆربەی زۆری دارستانەکان لەناوچوون و فەوتاون.

لەسەرەتاکانی ژیاندا لەناوچە لیتاوییەکانی باشوور، خەڵکی بازرگانییان بەچەند ماددەیەکەوە ئەکرد بگرە تەنانەت شەڕیشیان لەپێناویدا دەکرد ئەو مادانەش وەك ئاڵتون و زیو و قوڕقوشم و مس و بەرد و گەنم و مەڕومالاتی ناوچە شاخاوییەکان. ئەمڕۆ باشترین ڕێگا بۆ بەستنەوەی باکوور لەگەڵ باشووری ناوچەکە هەمان ڕێگەی بازرگانی




وێنەی (١): باشوری خۆرئاوای ئاسیا، یەکەم کۆمەڵگای ئاوێتە بوو لە جیهان لە دەشتە لیتەییەکانی رووباری دیجلە و فرات و لقەکانیان دەرکەوت، بەڵام رەسەنایەتی خۆیان هەبوو لەم کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەرەتاییانەدا.

کۆنە کە گیراوەتە بەر کە شوانەکانی ناوچەکانی باشوور مەڕومالاَتی خۆیان دەبرد بۆ لەوەڕگاکانی شاخەکان بۆ شیر و گۆشت و خوری کە دواتر بیگۆڕنەوە بە بەرهەمەکانی ناوچەکانی باشوور لەناوچەکانی بناری شاخەکانی (زاگرۆس و تۆرۆس) یەکەمین دێی کشتوکاڵی بەدی ئەکرێت لەمێژوودا. کێڵگەکانی (نیۆلیسیك) لەم ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە کە ناوچەیەکی بارانی وەهایە دەست بدات بۆ چاندنی گەنم و جۆ بەڵام گەر بەرەو خوارتر بێت لەناوچەکانی باکووری بەغداو بەشێکی وشك لەناوچەی میزۆپۆتامیا بەدی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێژی ئاوی دیجلەوفورات کە کارێکی وای کردووە دیاردەی ئاودێری پێویست بە هەڵکەندنی چەند کەناڵێکی ئاودانی ئاڵۆز بکات. بەڵام

بەهۆی ئاودێری لەپاڵ بەپیتی خاکەکە کارێکی وای کرد کە ئەو ناوچەیە ببێتە سەرچاوەی خۆراکی گەورەترین و کۆنترین ئیمپراتۆریەت. یەکەم شاریش لە جەرگەی ئەم ناوچە کشتوکاڵییانە هەر لەم بارە یەوە (ارنۆلد توێنبی)ی مێژوونووسی گەورە ئەڵێت کەوا شارستانییەت یەکەم جار بەهۆی بارودۆخی گرانی ناوچەکانەوە سەری هەڵدا کە بەرەنگاری دانیشتوانی ناوچەکان دەبووەوە دانیشتوانیش لە رووبەڕووبونەوەی ئەو بارودۆخە گرانانەو ناهەمواری کەشدا شارستانیەتێك بۆ خۆیان پێك دەهێنن. هەر بۆیە هەمیشە بیری لە باشووری میزۆپۆتامیا دەکردەوە. ئەوەی سەرنجیشی راکێشا لەم ناوچەیەدا ئەوە بوو کە هیچ لەو پێکهێنەرانەی شارستانی لەو ناوچەیەدا بەدی ناکرێت کە

بەڵگەیەک بێت بۆ تیۆرە مێژوویەکەی ئەو ناوچەیەی باشووری میزۆپۆتامیای بەدی کرد وەک خاکێکی گەرم کە هیچ بەردێک یان کانزایەکی بەسوودی تیادا نییە لەگەڵ چەند درەختێک و کەشێکی یەکجار گەرمی شێدار کە جێگەی باسی سەرەکی پشتاوپشتە، بەڵام زوربەی شارستانیە کۆنەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ چەند سیستەمێکی رووباری گەورە، ئەوەش بەتایبەتی میزۆپۆتامیا دەگرێتەوە چونکە میزۆپۆتامیا لای یۆنانیەکان بەمانای (نێوان دوو رووبار) دێت. لە میزۆپۆتامیا هەردوو رووباری دیجلەو فورات زەمینەیەکی بەپیتی خولقاندوە سەرەڕای لافاوی ساڵانەی ئەم دوو رووبارە کە خلتەیەکی بەپیت ئەهێنێت لەگەڵ خۆیدا، و هەروەها دانیشتوانی ناوچەکە چەند دێراوێکیان تیا دروست کردووە کە کاری کشتوکاڵی ئاسانتر کرد لێرەدا. ئەو زەوییە شێدارە پڕ لیتەیەی کە رووبارەکان پێکی ئەهێنێت زۆر بەسودە بۆ پێگەیشتنی هەندێ رووەک کە سودی لێ وەردەگیرێت لە ژیانی رۆژانەدا وەک کەتان بۆ چنین و قامیشیش بۆ دروست کردنی سەبەتە، سەروو هەموو شتیکیش ئاوی ئاودانی کێڵگەکان دابین ئەکات. لە هەمو شیان پێویستر ئەوەیە کە رووبارسەرچاوەیەکی باشە بۆ ماسی، هەروەها لە کۆندا کاری کشتوکاڵ کارێکی ویستە نەبووە بەڵکو کارێکی پێویست بووە بۆ گۆڕینی پرۆتینی رووەکی بۆ پرۆتینێکی ئاژەڵی. کە هەمیشە بەردەست نەکەوتووە لەم رووبارانەدا ژمارەیەکی بی شومار ماسی تێدا بووە تیورەکانیش ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ هۆی یەکەمین نیشتەجێ بوون لەناوچەکەدا: کاری بیناسازی بۆ نموونە ئەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی پێنجەم پێش زایین پەرستگاکان داپۆشراون بەچەند چینێک لە ئێسکی ماسی یەک بەسەریەکدا. لەسەرێکی ترەوە رووبارەکانی میزۆپۆتامیا رێگایەکی سەرەکی ئاوی‌یە بۆ گواستنەوە هەر چەندە رووبارەکانی‌میزوپۆ تامیا بە کەڵکی‌گواستنەوە نەدەهاتن وەک رووباری نیل بەڵام بەهۆی دروستکردنی کەشتی بەهێزەوە سوپاکان یان کاری بازرگانی دەیان توانی لە دامێنی شاخەکانی تورکیاو سوریاوە بەرەو باشوور بێن بەناو جەرگەی میزۆپۆتامیا. کەش و هەوای میزۆپۆتامیاش هەر لە سەرە تای مانگی ئایارەو هەتا مانگی ئەیلول پلەی گەرما تیایدا دەگاتە (٤٠)پلەی سەدی (F ١٠٤°) لەپاڵ هەوایەکی گەرم کە خاکی ناوچەکە تا مەترێک وشک هەڵ ئەگەڕێنێت و ئاسمانیشی تاریک هەڵدەگەڕێ بە پەڵە هەوری تۆزاوی و خنکێنەر.. بەڵام کەشی ترسناکی هاوین هاوسەنگ دەبێ بەکەشێکی کراوەی خۆشی و گەرمی پایزو زستان و بەهار. لەگەڵ بارانێکی تەواو بۆئاودانی کێڵگەکان . کێڵگە دەولەمەندەکانی میزۆپۆتامیاش بەباشی پاداشتی ئەوانە ئەدەن کە کاری جوتیاری تێدا ئەکەن هەر بۆیە ناوچەکە بەدرێژایی مێژوو بەچەند بەرهەمێکی کشتوکاڵی ناسراوە وەک : شوتی‌وپرتەقاڵ خورماو گەنم و جۆو زەیتون و نیسک و پیازو چەندین بەرهەمی تریش.

بەشێک لە جەرگەی کشتوکاڵی میزۆپۆتامیا

دەوری دراوە بەبیابانی نزیك سوریاو سەرێكی تریشی نزیك دەبێتەوە لە دورگەی عەرەبی پاشان كۆچەرییەكان لە زوربەی ناوچەی میزۆپۆتامیا نیشتەجێ بوون كەلە زووربەی كاتەكاندا رێگا بازرگانییەكان بەناویاندا تێدەپەڕی. كەش و هەواو بارودۆخی جغرافیای باشووری خۆرئاوای ئاسیا هەمان بارودۆخ و كەشە لە نزیكەی (٩٠٠٠)ساڵەوە تا ئێستا لەگەڵ هەندێك جیاوازی نەبێت لەكاتێكدا بزووتنەوەی بیناسازی لە میزۆپۆتامیا جارێك لەناوچە بەرزەكان بووە و هە ندێ جار لەناوچە نزمەكان بوە هەروەها ئاستی ئاوی كەنداوی فارسی كەلە خۆیدا بەشێكی زۆر قوڕو لیتەی لەهەندێك شوێن بەجێ هێشتووە، ئەم دوو هۆیە كارێكی وەهای كردووە كە دەستنیشان كردنی خەتی كەناری ئاوەكان لە (١٠,٠٠٠) ساڵی رابوروودئەركێكی گران بێت. بۆ نمونە هەندێك رووبەر كە لەچەند هەزارەی رابوردووردا كێڵگەی كشتوكاڵی بووە ئێستا كەوتووەتە ژێر ئاوەوە ئەوەی شایانی باسیشە كە هەندێ بەشی گرنگی تۆمار كراوی زانستی دێرین زانی ئێستا دەست هەلگرتنی لە رێگای رووبارەكان و وازهێنانیان لە دارستانەكان شان بە شانی گۆڕان لە كە شی ناوچەكەدا كارێكی وای كردووە كە شێوازی سروشتی ناوچەكە بەجۆرێك گۆڕاوە كە ناتوانرێت وێنەی رابردووی باشووری ئاسیا بهێنینە بەرچاو لە سەرەتای دەست پێكردنی شارستانی ناوچەكە.

## بنچینەكانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا و تۆماری دێرین زانی:

گەلانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا بۆ ماوەی (٩٠٠٠) ساڵ لە گوندەكاندا ژیاوون. هەر بۆیە پارچە زەویەك لەم ناوچەیەدا بەبێ پاشماوەی كۆنی ئامێرە بەردیینەكان و ئێسك نییە. بگرە چەندین كەناڵی ئاودێری كۆنی ئەو كاتە بەدی دەكرێت لەم ناوچەیەدا سەرەڕای ئەوە باوترین شوێن بۆ شیكردنەوەی دێرینزانی لە باشووری خۆرئاوای ئاسیا ئەو ناوچانەن كە بەشێوەی گرد دەردەكەون یان ئەو شوێنانەی كە عەرەبەكان بە (تل) ناوی دەبەن و فارسەكانیش بە (تەپە). لەم گردانەدا ئەو ئەنجامەمان بەدەست دەكەوێت كە بنیاتنان و ئاوەدان كردنەوەی لادێكان لەهەمان شوێندا هەر بەردەوام بووە ( وێنەی ٢) بۆ هەزاران



وێنەی (٢): وێنەی دیوارێك كە چەند جارێك چاكسازی بەخۆیەوە بینیوە لە شاری جەرمۆ، چینەكانی بریتییە لە ریزە بەردی لەسەر یەك هەڵچنراو.

ساڵ گەلانی ناوچەکە خشتی قوریان بەکارهێناوە وەك كەرەسەیەکی بیناسازی سەرەکی هەروەها شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەشێوەی کۆمەڵەی بچووکی لاکێشەی بنیات کراوە پاشان خانووەکانیان دوای چەندین سالی ئەرووخا. رووبەڕی زەوی (تا رووبەری کشتوکالی کەم نەکاتەوە) دەچوون خانوەکانیان لەسەر پاشماوەی خانووە کۆنەکانیان دروست دەکردەوە. بەمەش خانویەکی بەرزیان دروست دەکرد کە لە مەترسی هێرشی لافاو دەیپاراستن. هەر بۆیە نیشتەجێ بوون شێوەی (گرد)ی گرتەبەر چونکە هەمیشە لەسەر پارچە رووخاوەکانی پێشتر خانوویان دروست دەکردەوە.

سەدەها هەزار لەو گردانە بە زەوییەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیادا بڵاوبوونەتەوە. هەندێکیان تا بەرزایی (٥٠) مەتر لە ئاستی زەوی بەرزبوونەتەوە لەکاتێکدا ئەوانەی کە بۆ چەند سەد ساڵێك دروست کراوە کەمێك لەئاستی زەوی بەرزترن و لەشوێنی خانووەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە ئامێرە بەردینەکان و ئێسك و پارچە گلینە بڵاوبۆتەوە لەگەڵ خشتی شکاوی دیوارە رووخاوەکان، لەگەڵ تەنووری لەقوڕ دروستکراو و چەندین کانزای ژەنگاوی. دەسکەوتنی پاشماوەی ئاژەڵەکان لەپاڵ بیرەکانی ئاوداو ریزبوونی خانووەکان بەسەریەکدا، یارمەتی زانایانی شوێنەوارناسی داوە کە ماوەی نیشتەجێ بوون لەو شوێنانەدا دەست نیشان بکات بەلێکۆڵینەوەی ئەو ئامێرە دەست کردانەی کەبەجێ ماون لە زوربەی ئەو شوێنانەشدا هەندێك لە پاشماوەی ئێسکەکان ماونەتەوە، بەڵام لەهەندێك شوێنی تر بەتایبەتی شوێنە ئاوسوێرەکان کە رادەیەکی زۆر سوێری لە ئاویاندا هەیە، پاشماوەکانی تەنانەت سیرامیکەکانیش بەباشی نەماونەتەوە و هەندێکیشیان فەوتاون. دیارترین دیاردەی شوێنەواری لەنزیك گردی نیشتەجێیانەی باشووری خۆرئاوای ئاسیا دێراوەکانی ئاودانی کێلگەکانە. بەڕاستی ئەمەش خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی سەیرە کە دێراوێکی ئاودێری بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بمێنێتەوە کە کەنارەکانی بەبەرزی دوو تا سێ مەتر بەرزە. چونکە بەهۆی کات و گرنگی هەڵدانەوەی شوێنەوارەکان و رووخاندنی زۆربەی شوێنەوارەکانی کەمتر لە (٥٪)ی شوێنەکان کە دۆزراونەتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠٠-٢٣٥٠)پ.ز، بەڵام چونکە دۆزینەوەو هەڵدانەوەی شوێنەوارەکان بەردەوامە، هەر بۆیە بۆچوونی شوێنەوارناسەکان زۆر جار شێوازێکی کاتی دەبێت لەلایەکی ترەوە پاشماوە شوێنەوارییە دەوڵەمەندەکان هەلێك دەرەخسێنێت بۆ تاقی کردنەوەی تیۆرەکان و پێش کەوتنیان بەهۆی بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان و رووپێوی سەر زەوی پاشانیش شیکردنەوەی هەرێمی شوێنەوارناسەکان توانای دەستنیشانکردنی ماوەی نیشتەجێ بوونی خەڵکی ناوچەکەو ساڵەکەیان هەیە.

بۆ دەست نیشانکردنی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا، چەندین نەوەی شوێنەوارناس بەدوای روبرت م.س. ئادەمس (Robent me

adams)دا هاتن بۆ رووپێوکردنی ناوچەکە زۆربەشیان وێنەگرتنی (ئارێلی)یان بەکارهێناوە لەگەڵ نەخشەی دەستنیشانکردنی جێگاکان، پاشان هەستاون بەنەخشە کێشانی ناوچەکان و شوێنەکان بەوردی و دوایی کۆکردنەوەی ئەو سیرامیکانەی لەلایەن دانیشتوانی رابوردووی ناوچەکە دروستکراوە تا شتێك لەمێژووی کلتووری ناوچەکە تێبگەن، بەلام ناوچە شوێنەوارەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا ئەوەندە زۆرو بەربلاون کە سەدەها لەگرد و ناوچە شوێنەوارییەکان هەلنەدراونەتەوەو لەلایەکی تریشەوە سەدەها لەو شوێنەوارانە تێکدراون بەهۆی گەشەسەندنی کاری کشتوکالی و بە پیشەسازی بوونی ئێستای ناوچە جیاجیاکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا.

## بنەرەتی چەرخی بەردینی نوێی باشووری خۆرئاوای ئاسیا

(٧٠٠٠-٦٠٠٠پ.ز):

پێش (٧٠٠٠پ.ز) ژیان لەناوچەکانی ئاسیاو دێکانی هەبووە. هەر لە ئەفغانستانەوە تا خۆرئاوای تورکیا نیشتەجێ بوون لەو شوێنانەدا هەبووە بەتایبەتی کە بارانـاوی بووە تا کشتوکالی گەنم و جۆی تیابکرێت بەبێ پێویستی سیستەمێکی دێراوی ئالۆز لەزوربەی ناوچەکانیش شێوازی ژیانە. ساکارەکەی لادێکان وەك خۆی بەردەوام بووە تا چەند هەزار ساڵێکی کەمی پێش زایینی، بەلام لەناوچەکانی تر شێوازی ژیان دەستی بە

گۆڕان کرد لە سەرەتای (٧٠٠٠) ساڵی پ.ز بەلام پاش ٧٠٠٠ساڵ پ.ز خەلکی ناوچەی (جەرەش) لە ئەردەن دەستیان کرد بەدروستکردنی دیوار لەبەرد و چەند بینایەکی تردا کە ئەمەش لە خۆیدا نموونەیەکە بۆ گۆڕانی بەڕێوەبردنی کۆششەکانیان بەرێگایەکی تەواو جیاواز لە زوربەی گەلانی تر. وەك دەرئەکەوێت لەکاری وەچەکانی (جەرەش) لە ئەردەن هەستاون بەلکانی ئێسکی کەلەسەر بە قوڕو چەندین شێوەیان بەم شێوەیە دروستکردووە کە لەشێوەی مرۆڤ یان ئاژەڵ بێنە بەرچاو وەك (عین الغزال) لەئەردەن کە گوزارشت لە گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەلایەتی و ناوەڕۆکی خەلکانی لادێ ئەکات، هەندێك لەو بەلگە دراماتیکییانە بۆ گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەلایەتیدا لەناوچەی (چەتەڵ هیویوك) لە تورکیا دۆزراوەتەوە (جەیمس میلارت)ی شوێنەوارناس کە زۆر لایەنی ئەم شوێنەوارەی هەلداوەتەوە ئەلێ: لەوانەیە زیادەڕەوی لەوەدا نەبێ گەر بلێین (ئاناتۆلیا) بۆ ماوەیەکی زۆر وەك هاوسێیەکی بەربەری بووە بۆ ناوچە بەپیتەکەی (هلال الحصيب) بەلام ئێستا پاش دەرکەوتنی چەند راستییەکی نوێ دەرکەوتووە کە (ئاناتۆلیا) پاش ماوەیەك بووە بەچەقی پێش کەوتن لەناوچەکانی نزیك خۆرهەلات. شارستانی نوێی چەرخی بەردینی کەلە (چەتەڵ هیویوك) دەرکەوت وەك ئەستێرەیەکی پرشنگداری نێوان هەموو شارە کشتوکالییە هاوچەرخەکان بووە. وا دیارە شوێنەوار ناسەکان تا ئێستا

نەیانتوانیوە هەموو لایەنە مەزنەکانی (چەتەڵ هیویوك) دەربخەن، بەڵام یەکێك لەهەرە شوێنە سەرنج ڕاکێشەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا (چەتەڵ هیویوك)ە کە دەکەوێتە باکووری سەنتەری (ئاناتۆلیا) لە تورکیا، وە یەکەمین نیشتەجێبوون تیایدا لە نزیکەی (٦٢٥٠)پ.ز بوو بەدرێژایی ئەو ماوەیە باڵی کێشا بەسەر چەند هێکتارێکدا و دانیشتوانیشی نزیکەی ٤٠٠٠-٦٠٠٠ کەس بوون ئەمەش لە خۆیدا سێ ئەوەندەی خەڵکانی شوێنەکانی تر بووە لەو کاتەدا، بەڵام وا دیارە کە ئاگرێك هەڵگیرسابێت لەناوەڕاستی مێژووی (چەتەڵ هیویوك)دا کە زۆربەی شوێن نشینەکانی لەناوبرد بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت خۆش بەختانە ئاگرەکە ئاستە سەرەتاییەکانی نەفەوتاندووە. ئەوەی شایستەی ئاماژەیە کە پرۆژەی کنەو پشکنینی (چەتەڵ هیویوك) تەنها یەك هێکتاری لێ هەڵداوەتەوە پێش تەواو بوونی پرۆژەکە بەیەك جاری بەهۆی چەند ناکۆکیەکی سیاسی و چەند کێشەیەکی ترەوە.

(چەتەڵ هیویوك) کۆنترۆڵی بەدەستکەوتنی سەرچاوە بەنرخەکان دەکات لە سروشتدا ئەمەش بەهۆی شوێنی جوگرافیای کە دەکەوێتە بەرامبەر یەکەم زنجیرەی شاخەکانی (تۆرۆس)، بۆ نموونە ماددەی (ئۆبسیدی) لە سەرچاوە بورکانیەکانی (حەسەن داگ) چونکە هەر (ئۆبسیدی)ێك پێك هاتەیەکی کیمیایی جیاوازی هەیە. ئێستاش برێکی زۆر لە (ئۆبسیدی) کە لەناوچەی (چەتەڵ هیویوك) هەیە لە (ئاناتۆلیاو لیڤانت و قوبرس) بەدەست دەهات (وێنەی ٣)، پاش (٧٠٠٠)پ.ز چەند وەستایەکی دەست ڕەنگین




وێنەی (٣): سوڕی گواستنەوەی بەردی ئۆبسیدی لەنێو ناوچەکانی باشووری خۆراوای ئاسیا کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشکەوتنی پێکهاتەی ڕامیاری و ئابووری.

لە (چەتەڵ هیویوک) دەرکەوتن کەلەسەر (ئۆبسیدی) کاری هونەریان ئەنجام ئەدا، بەڵام هیچ دوو کانێك بۆ (ئۆبسیدی) دەرنەکەوتووە لەو بەشەی کە هەڵدراوەتەوە لە شوێنەوارەکە. هەر لە (چەتەڵ هیویوک)دا (١٥٨) شێوەی جیاوازی پێکهاتە دۆزراونەتەوە کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ پێکهاتە هاوچەرخەکانیان لەناوچەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا: خانووەکانیان زوربەی لە قورەو لە چەند ژوورێکی لاکێشەیی پێك هاتووە کە دیوارو زەوییەکانیان سواغ دراون. هەروەها زوربەی خانووەکانی نزیکەی (٢٥)مەتر دووجایە، خانووەکانیش بەبەرزی دروستکراون و نزیك لەیەکتر بەشێوەیەك بەیەکدا لکاون لەهەندێك کاتدا نەبێ کە خانووەکان لەوانەیە بەهۆی گۆڕەپانێك لەیەکتر دابڕابن. لەناو زۆربەی ژوورەکاندا دوو سەکۆی بەرز بەدی دەکرێت کە بۆ خەو بەکار هاتوون، بەڵام بەپێچەوانەی کۆمەڵگاکانی ئەو کاتەوە، چوونە ژوورەوە بۆ ناو خانووەکانی (چەتەڵ هیویوک) تەنها بەهۆی پەیژەوە بوو لە رێگای سەقفەکەوە، بەڵام هیچ دەرگایەك بەدی نەکراوە لەخانووەکانیاندا، خانووەکانیش بەشێوەیەك دروستکراون کە هەر جموجولێك هەبێت لەهاتووچۆکردن لەنێوان خانووەکاندا تەنها لەرێگای سەقفەکانەوە بووە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا رەنگدانەوەیەکە بۆ پێویستی دانیشتوانی شوێنەوارەکە بۆ بەرگری کردن و خۆپاراستن، چونکە بەلابردنی پەیژەی بەر سەقفەکە ئیتر کارێکی گرانە هێرش بردنە سەر خەڵکانی ناو ژوورەکان، شوێنی نیشتەجێ بوونی ناوچەکانی تری باشووری خۆرئاوای ئاسیا دیواری هەبووە، بەڵام زوربەی لەشێوەی گوندی بچوك و بێ شورا بوون. هەر لەنێوان پێکهاتەکانی (چەتەڵ هیویوک) (٤٠) گۆڕ دۆزراونەتەوە کە هەمان شێوەی پێکهاتەی هەیە لەگەڵ شێوازی بیناسازییەکانی تر، بەڵام ئەم (٤٠) گۆڕە خاوەن دیوارێکی رازاوەو پرشنگدارن. دیوارەکانی ئەم (٤٠) گۆڕە بەنەخش و نیگار رازاوەتەوەو چەند نەخشێکی هەڵکەندراو کە چەند بیرۆکەیەکی سروشتی دەردەبڕن کە زۆر لە هونەری کۆندا باو بووە وەك (بەپیتی و مردن) لەگەڵ شێوەی داڵێك کەسەری لاشەیەکی مردووی ئادەمیزاد هەڵ دەکەنێت یاخود وێنەی ئافرەتان کە لەبری منداڵ رەشەوڵاخیان دەبێت و بەسواری پڵنگەوەن لەگەڵ چەند هێمایەکی تر وەك مەمکی ئافرەت، داڵ، گاو زۆرکردنی سوپا. لەهەندێك لە ژوورەکاندا رێکخستنێکی ئاڵۆز هەیە بەئێسکی رەشەوڵاخ و شاخەکانیان وێنەی (٤) دیوارەکانیش رەنگ دەکران پاش سواغ کردنیان، باوەڕیش وایە دیوارەکان پاش ماوەیەك بەشێوازێکی تازە رەنگ دەکرانە یاخود هەڵ دەکۆڵدران و نەخش دەکران. یەکێك لەدیوارەکان (٤٠) جار سواغ کراوەتەوە و وێنەی تازەیان لەسەر کردووە، بەڵام وادیارە ئەم گۆڕانە خەرجییەکی ئەوتۆی پێویست نەبووبێت هەروەك چۆن لەماوەکانی رابردوودا کە هەندێ شتیان بنیات دەنا بۆ بیرەوەری، بگرە هیچ شتێکی بەنرخیان لەناو



وێنەی (٤): دروستکردنەوەی پەرستگای چەتەڵ هیوییوك، گرنگی ئاژەڵ دەردەخات.
هەموو کۆمەڵگا ناوێتە بووە کۆنەکان بایەخێکی سروتی و ئاینیان بەم بوارە داوە وەکو دامەزراوێکی رێکخەر.

گۆڕەکاندا هەڵنەگرتووە تا جیاوازی سامانی خۆیانی پێ دەربخەن، ئەوە نەبێت کە چەند راستییەکیان سەبارەت بەکێشەکان خستۆتە بەرچاو لەگەڵ حەزو ئارەزووی خزمایەتی و دۆستایەتی یەکتر کردووە لە کۆمەڵگا ساکارەکەی خۆیاندا، ئەم بۆچوونەش پتەوتر دەبوو گەر چەند شێوازێکی جیاوازمان لەناشتنی لاشەی مردووەکانیان بەدی بکردایە وا دەرئەکەوێت هەندێك لەلاشەی مردووەکانیان بردبێتە دەرەوەی خانووەکانیان تا بخرێتە بەردەم باڵندە گۆشت خۆرەکان تا گۆشتەکەی تەواو دەخۆن و پاشان ئێسکی مردووەکانیان لە ژووی خانووەکان ئەناشت، هەر بەم شێوەیەش پیاو و ژن و منالیان ناشتووە پاش مردنیان ئێسکەکانیان کۆ دەکردەوەو لەناو سەبەتەیەکدا پاشان دەنێژران یاخود بەساکاری دەخرانە چاڵێکەوە، زوربەی گۆڕەکان هیچ کەرەسەیەکی تایبەت بە مردووەکانیان تیا نەبووە، بەڵام گۆڕی هەندێ لەمندالْ و ئافرەتان چەند شتێکی تریان لەگەڵ نێژراوە وەك: ملوانکەی بەردی و بازنی قۆڵ،

پوزەوانە، هەندێ جاریش هەندێ لەکەلوپەلی خۆ رازاندنەوە لەگەڵ لاشەی پیاوەکانیشدا دەنێـژران وەك سەری سەولەجان و یان خەنجەری بەردە ئەستێ و سەرە تیر و مۆری تایبەتی خۆی و هەندێ شتی تایبەت بەمردووەکە.

لەیەکێك لەژوورەکان کە بە (مەزاری داڵ) ناسراوە شەش لاشە نێـژراوە لەگەڵ چەند شتێکی بەنرخدا کە گۆڕەکانیان دەولەمەند تر کردووە لەچاو گۆڕەکانی تردا، بەڵام لە (چەتەڵ هیویوك) تەنانەت گۆڕی منداڵانیش کەم تەرخەمی پێوە دیار نییە لەوەی کە ژمارەیەك شتی باش و گونجاویان لەگەڵ نێژرابێت، گۆڕەکانیش بێ کێلن و هیچ بەردێکی تر نییە کفنی لاشەکە بشارێتەوە. خەڵکی (چەتەڵ هیویوك) وەك زوربەی گەلانی تری چەرخی نوێی بەردین لەسەر راوکردن و بەروبومی کشتوکاڵی وەك گەنم و جۆو پۆلکە ژیاون، جگە لەکۆکردنەوەی میوەی درەختەکان. ئاژەڵە ماڵییەکانیان سەرچاوەی گۆشت و شیرو خۆ داپۆشین بوو بۆیان جگە لەوە کە هۆیەك بووە بۆ بارکردن و راکێشان، بەڵام تا ئێستا ئاشکرا نەبووە کەی گاسن بۆ یەکەم جار لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەکار هاتووە، بەڵام بێ گومان ماڵیکردنی ئاژەڵ پێش کێڵان کەوتووە بەهەزار یان دوو هەزار ساڵ.

بازرگانی لە (چەتەڵ هیویوك) هەمە چەشن و بوژاوە بووە بەشێوەی بڕی جۆراو جۆر و کەم بۆ ئەو کەلوپەلانەی کەلە وڵاتانی تر بەدەست ئەکەوتن. لە ناوچەی (مێدیتێدانیت - کە ١٦٠کم لە چەتەڵ هیویوك)ەوە دوورە بەردەئەستێی (سوری) لێ دۆزراوەتەوە، دوور نییە ئەو کەلوپەلانە لەرێگای بازرگانییەوە هاتبێتە چەتەڵ هیویوکەوە لەگەڵ کەرەستەی دروستکراو لە بەردی ئۆبسیدی گۆڕابێتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك بەدەست نەکەوتووە سەبارەت بە قەبارەی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی بەروبوومی کشتوکاڵی یاخود سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنێکی ئۆبسیدی بەبڕی زۆرو گەورە. هەروەها هیچ شوێنەوارێك بەدی نەکراوە وەك عەمبار و دوکان بۆ فرۆشتن و هەڵگرتنی کەلوپەلی لە بەردی ئۆبسیدی دروستکراو یان هەر تەکنەلۆجیایەکی ئاڵۆز.

نیشتەجێ بوون لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ٧٥٠٠-٦٠٠٠پ.ز هەروەها بەڵگەی نیشتەجێ بوون لەچەند شوێنێکی تردا بەدی کراوە وەك (ئاناتۆلیا) بەڵام هەموویان شێوەیەکی سادەی کۆمەڵگایەکی جوتیارن کە خاوەن ئەندازەیەکی بیناسازی سەرنج راکێش نین و نیشتەجێ بونیشیان لەشێوەی گروپی بچوکدا بووە خاوەن شێوازێکی مردو ناشتنی وەهانین کە جیاوازو سەرنج راکێش بێت.

ناوچەی چەرمۆ لە کوردستانی عێراق نموونەیەکی کشتوکاڵی بەپیتە کە (میلارت Mellaart) بەراوردی دەکات بەناوچەی (چەتەڵ هیویوك)، یەکەم نیشتەجێ بوون لەناوچەی چەرمۆ ئەگەڕێتەوە بۆ پێش ٦٧٥٠پ.ز پاشان بەشێوەیەکی پچڕپچڕ نیشتەجێ بوونی تیا بووە تا ٥٠٠٠پ.ز بەم شێوەیە ناوچەی چەرمۆی کوردستانی عێراقی

۱۰۰۰ساڵ بەدوای (چەتەڵ هیویوك)دا دێت. بەڵام ناوچەی چەرمۆ لانەی كەمتر لە ۲۰۰كەس بوو و ناوچەكە لەكاتی خۆیدا لە چەندماڵێكی لە قوڕ دروستكراو پێكهاتبوو. ناشتن لە چەرمۆ هاوشێوە بوو هەرچۆن كەلو پەلی ناو ماڵەكانیان هەر لە یەكچووە ناوچەی چەرمۆ خاوەن دیوارێكی بەهێزی پارێزگاری كەری نییە، چەند بینایەكی نیشتەجێ نەكراو هەروەها تەكنەلۆجیایان تەرخان كردبوو بۆ كاروباری كشتوكاڵی و پرۆسەی چاندنی خۆراك. لەكاتێكدا لە (چەتەڵ هیویوك) هەمە چەشنی بەوێنەی سەر دیوارەكانیدا بەدی ناكرێت لەگەڵ چەند كارێكی دەستكردی لە ئۆبسید دروستكراو چەند شێوەیەكی ئافرەتی سك پڕ كە لە قوڕ دروستكراون هەروەها چەند شێوەیەكی ئاژەڵ، بەڵام بەدیارترین جیاوازی لەنێوان ئەم دوو شوێنە ئەوەیە كە خەڵكانی (چەتەڵ هیویوك) سوودیان لە سەرچاوە سروشتییەكانی ناوچەكە كردووە، بەڵام ناوچەی چەرمۆ بە پێچەوانەوە.

شان بەشانی چەرمۆ لە ناوچەكانی (زاگرۆس) لە باكووری میزۆپۆتامیاو لەناوچەكانی دەشتی ئێراندا زۆربەی كۆمەڵگاكانی ناوچەكە لە ساڵانی نێوان ۸۰۰۰-۶۰۰۰پ.ز بەدەركەوتن. ئەم كۆمەڵانەش كۆمەڵگایەكی گوند نشینی جوتیاری بوون كە خاوەن چەند شێوەیەكی ئەندازیاری بیناسازی كەمن، بەڵام پەیرەوی شێوازێكی تایبەتی بوون لە ناشتنی مردووەكانیاندا، هەروەها نیشتەجێ بوونیان تەرخان و تایبەتمەند كردووە هەر لەم بارەیەوە (چارلس رێدمان) چەند دەست بۆچوونێكی هەیەو ئەڵێ:

(چەتەڵ هیویوك) نموونەی ئەو كۆمەڵگایانەیە كە هەستاون بە چەند دەست پێشخەرییەكی سەخت كە رێگەی بەرەو شارستانیەتیە، بەڵام بەهۆی چەند هۆیەكەوە نەبۆتە كۆمەڵگایەكی شارستانی پێشكەوتوو، لەسەرێكی ترەوە پێویستە دانیشتوانی (چەتەڵ هیویوك) وەك كۆمەڵگایەكی ئاڵۆزی بریسكەداری پێگەیشتوو سەیر بكرێت كە بەهەزار ساڵ پێشكەوتوو تر بووە لەكاتی خۆی.

ئەو شوێنەوارانەی كەلە ناوچەكانی (جیرۆچۆر)و (چەتەڵ هیویوك) و (چەرمۆ) كنەو پشكنینی تیا كراوە وێنەی چەند جۆرە كۆمەڵگایەكن كە راستەوخۆ لە پێش بەشارستانی بوون پەیدا بوون لەناوچەكانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا هەرچەندە چەندین لایەنی ئەو وێنانەمان بەردەست نەكەوتووە.

## پێكهاتەی كلتووری سەرەتا

## (۶۰۰۰-٤۰۰۰ پ.ز)

نیشانە سەرەتاییەكان دەریدەخەن كە گۆڕانی كۆمەڵایەتی كشتوكاڵی لە باشووری خۆرئاوای ئاسیادا كاری كردۆتە سەر شێوازی گلێنەسازی و بەشێوەیەكی سەربەخۆ لە چەند ناوچەیەكی باشووری خۆرئاوای ئاسیا سەری هەڵدا، هەر لەو شوێنانەی كە تیایدا قوڕ بەدرێژایی چەند سەدەیەك بەكار ئەهات بۆ مەبەستی شێوەكاری و دروستكردنی ژووری عەمبار، دروستكردنی

شتومەکی سیرامیکی و خێرایی بڵاوبوونەوەی لەدوای ٦٥٠٠پ.ز سەری هەڵدا بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە ئابووریان لەسەر کشتوکاڵە – کە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاو بەکار دەهێنرا و خواردنی تێدا لێ دەنرا و دەخورا.

لەو ماوەیەدا هەر زوو کوپەی سیرامیکی هاتە کایەوە بۆ بەکارهێنانی گشتی لە گشت ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا. یەکەمین شێوازی ئاڵۆزی کوپەی سیرامیکی لە ٥٠٠٠پ.ز دەرکەوت کە بریتییە لەدوو شێوازی جیاواز: (سامەراو حەلەف) (وێنەی ٥) گلینەکانی سامەرا لەشێوەدا سادەترن وەك لە گلینەکانی حەلەف و بە رەنگێکی زبر رەنگ کراون. بەڵام گلینەکانی حەلەف ساف و لووسن شێوە سیرامیکەکانی سامەراو حەلەف شان بەشانی گرنگی هونەری چەند گرنگییەکی تریان هەیە. چونکە یەکەمین شێوە ئاڵۆزی هونەری دەست کردە کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە. ئەم جۆرە سیرامیکە شێوە بەرزانە یەکەمجار بە چەرخ و گۆزە دروست ئەکرا کە بریتیبوو لە پارچە تەختەیەك لەسەر داریکی باریکی خڕ قایم دەکرا، سەرەکەی تری دارەکە دەخرایە چاڵێکەوە بەدەوری تەختە شتایگەرەکە بەدەست دەخولایەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا پێش کەوتنێکی گەورە بوو بەسەر ئەو کۆسپانەی کە بەدەست دروست ئەکران. ئەو تۆڕنیتانەش یارمەتی کوپە دروستکەرەکانی دەدا بەسوڕانی دەفرە لە قور دروستکراوەکان بۆ دروست کردن و رەنگ کردنیان شێوە خەزەفیەکانی ساماراو حەلەف ئەوەندە وردو ئاڵۆزو ناسکن بەجۆرێك وەك کاری بەرهەم هێنراوی پسپۆڕان وایە. لەهەمان کاتدا (فرانك هۆڵ Frankhole) ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە کاری دەستکردی خەڵکانی لادێکان بەچاوی کەم تەماشا نەکەین، نمونەش بۆ داواکاریەکەی فەرشی بەدەست چنراوی فارسەکانە کە نمونەیەکی ئاڵۆزو دەست رەنگینی خەڵکە سادەکەی لادێکانی فارسە سەرەڕای بەرفراوانی بڵاوبوونەوەی گلینەی ساماراو حەلەف بەسەر رووبەرێکی جوگرافیای بەریندا، هێشتا بەڵگەی بەرهەم هێنان و بەڕێوەبردنی سیرامیك لەناوچەیەکی سەنتەری دیاریکراوەوە زۆر کەمە. هەروەها راستی رەنگدانەوەی ئەم سیرامیکانە بۆ جۆری گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان نەزانراوە و هێشتا بەڵگەیەکی ئەوتۆ نییە سەبارەت بەوەی کە ئەم سیرامیکانە دەگەڕێنەوە بۆ چەند کاتێکی جیاواز یان چەند کۆمەڵگایەکی کۆمەڵایەتی جیاواز، بەڵام خەڵکانی گەلی حەلەف سیرامیکە رازاوەکانیان بەسەر دووری ١٠٠٠کم بڵاوکردۆتەوە هەرچەندە باوەڕێکی گرانە گەر بڵێین ئەم بڵاوبوونەوە بەربڵاوە ئەنجامی کاری سوود وەرگرتن و خۆگونجانە بەهۆی زۆری پێویستییەکان بۆ دەفر لەبەکارهێنانی کاروباری رۆژانەدا. پرسیاریش لێرەدا ئەوەیە کە کەلوپەلە سیرامیکییەکان کێشەیەکی قورسیان هەبووەو بەئاسانیش دەشکان لەکاتێکدا دەکرا لەهەر مادەیەکی ناوخۆی هەموو ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای ئاسیا دروست بکرایە، بەڵام بۆچی



وێنەی (٥): شێوازی گلێنەی حەلەف و سامەڕا، کە بڵاوبۆوە لەناوچەیەکی فراوان لەهەزاری شەشەمی پێش زایین لەمیزۆپۆتامیادا.

بەبڕێکی وا زۆر لە حەلەفەوە نێردراوە بۆ ناوچە دوورەکانی تر؟ وا دیارە بڵاوبوونەوەی سیرامیکە نەخشییەکانی حەلەف بەڵگەیەك بێت بۆ گەشەسەندنی هەستی سۆزی باری کۆمەڵایەتی و رامیاری چونکە لەهەندێ کاتدا لەشارستانییە کۆنەکاندا دەستە بژێران توانای دەست بەسەرا گرتنی کەلوپەلی بیانیان هەبووە بەمەبەستی شانازی بەهێز و توانای خۆیانەوە لەوانەش شێوازی سەرەتای ئەو سیرامیکانە نیشانەی سەرەتایی سەرهەڵدانی ئەو پرۆسەی دەستە بژێرە بێت.

هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سیرامیکی سامەراو حەلەف، رووبەری چاندنی زەوییە بیابانەکانی میزۆپۆتامیا کە بەپێی بۆچوونەکانی سیستەمی ئاودێری دەستکردی ئەمرۆ درێژەی ئەو کارە ئاسانانەی ئەو کاتە بێت، بۆ نموونە لەناوچەیەکی وەك ( چۆخە مامی Chogu mami) لە خۆرهەڵاتی بەغدا خەڵکی کەناڵەکانی ئاودێرییان بەکاردەهێنا بۆ چاندن و گەشەکردنی دانەوێڵە و کەتان. ناوچەیەکی تری سەرنج راکێش ناوچەی (تل الصوان Tel Al swan) کە دەکەوێتە باکووری ناوەڕاستی عێراق لەناوچەی نێوان دەشتە بەربڵاوەکانی باکوور لەگەڵ ناوچەی دەشتە لیتەییەکان.

هەڵدانەوەی سەرەتاکانی شوێنەوارەکانی (تل الصوان) دەریخستووە کە ئەم ناوچەیە شوێنگەی چەند سەد کەسێك بووە لە ٦٠٠٠- ٥٠٠٠پ.ز کە زۆربەی خەڵکەکەی بەدێراوی سادەوە سەر قاڵ بووە بۆ ناوچەی کێڵگەکانی دانەوێڵە و کەتان هەروەها خەڵکی ئەم ناوچەیە بزن و بەرخ و راوی چەند جۆرە ئاژەڵێکی تریشیان کردووە وەك ئاسك و کەری کێوی و ماسی و سەدەف یان لە ئاوی دیجلە کۆکردۆتەوە کە نزیکە لە شوێنەکەوە.

بەهەموو شێوەیەك نیشتەجێ بوون لەو شوێنەدا هاوشێوەی لادێ کشتوکاڵییە سەرەتاییەکانە، لەناوچە کراوەکانی دەوروبەری ناوچەکە چەند عەمبارێك و تەنور بۆ قوڕ سوورکردنەوە بەدی دەکرێت هەروەها چاڵێکی گەورە بەدەوری شوێنەکەدا هەڵکەندراوە بەجۆرێك کە بەردە جیاوازەکانی دەرکەوتوون بەدرێژاریی دیواری چاڵەکە. هەر لەم چاڵەدا چەندین قوڕی خڕکراوەی توندی لەشێوەی تۆپی هاویشتن دۆزراوەتەوە هەر ئەمەش هۆی باوەڕی شوێنەوارناسانە کە ئەم چاڵەی بەدەوری شوێنەکەدا هەڵکەندراوە بۆ مەبەستی بەرگری ئامادە کرابێت کە بەشوراکەی جێرچۆ دێتە بەرچاو.

ئەندازیاری بیناسازی لە (تل الصوان) تا رادەیەك جیاوازی هەیە لەگەڵ شوێنەکانی ئەوکاتە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە چەند کۆشکێك کە بە بنچینەیەکی لەبەرد بنیادنراو دروستکراوە لەگەڵ شێوە لاکێشەی لە قوڕ دروستکراو بەڵام جیاوازی لە قەبارەی خانووەکان و شێوەی دەرەوەیان هێشتا هەر کەمە. بەلایەنی کەمەوە ١٢٨ لاشەی نێژراو لە (تل الصوان) دۆزراوەتەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ٥٥٠٠پ.ز، ئەم گۆڕانە چەندین کەلوپەلی هەمەچەشنی تیا دۆزراوەتەوە کە بەنرخترین کەلوپەلی ئەو کاتە ئەژمێردرێت، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری باشووری

خۆرئاوای ئاسیا. لە لێکۆڵینەوە جیاجیاکانی کەللەسەرەکاندا دەرکەوت کە ٥٥ یان منداڵن و ٦٠هەرزەکارو ١٣گەورەن، گۆڕەکان کەمێك جیاوازییان هەیە لە رووی رازاندنەوەو شوێنی دروست کردنەوە، زوربەی لاشەکان لە چاڵێکی تەسکی شێوە هێلکەیی نێژراون لە ناو ژووری خانووەکاندا بەشێوەیەك رووی لە خۆرئاوا بێت، هەریەك لە گۆڕەکان یان گۆزەیەك یان ئیشێکی دەستکردی تێدایە کەلە بەردی بەنرخ دروست کراوە، سەرەڕای ئەوەی ژوورەکان چەند لاشەیەکیان تیا نێژراوە (یەکێکیان ٢٣لاشەی تێدایە) یەکێك لە ژوورەکان تەنها لاشەی گەنجێکی تیا نێژراوە کە بەنرخترین کەلوپەلی لەگەڵدایە کە بەلگەی پلەوپایەی خاوەنەکەیەتی، بەلام لە نێژراوەکانی (تل الصوان)دا هیچ رەنگدانەوەیەك بۆ پلەو پایەو سامانی مردووەکە دیار نییە. لێکۆڵینەوەکان لەسەر جێگەو شوێنی مردووەکان بارودۆخی کۆمەلایەتی پێوە دیارە، هەروەها لە شارستانییە سەرەتاکاندا لە رێگای مردوو ناشتنیانەوە پلەو پایەی کۆمەلایەتی ئەو کەسە دەردەکەوێت، کاتێك گۆڕی منداڵێك دەبینرێت برێکی زۆر سامان و شتومەکی بەنرخی تێدایە لە هەموو شارستانیە کۆنەکاندا بەشێوەیەکی گشتی سامان و پلەو پایە بارودۆخی خاوەنەکەی دەردەخات هەرچەندە هەندێ نیشانەی جیاواز هەیە بۆ سامانی خاوەن گۆڕەکانی (تل الصوان)، بەلام هێشتا بەلگەیەك نییە بۆ ئەوەی ئەم سامانە بۆ ماوەی خەلکانی پێشتر بێت. (تل الصوان) یەکێکە لەو شوێنانەی لەو ماوەیەدا شان بەشانی حەلەف و سامەرا لەگەڵ بلاوبوونەوەی شێوازی کوپە و سیرامیکەکان کە لە رێگایانەوە گرنگی پێشکەوتن لەو کاتەدا گوێزرایەوە بۆ ناوچە لیتەییەکانی میزۆپۆتامیا. ئەو شوێنانەی دەکەونە سەر دەشتە لیتەییەکان مێژوویەکی کۆنتریان هەیە وەك لە مێژووی راستەقینەی خۆیان. زوربەی ئەو شوێنانە تێکەلی شوێنی گەورەتر بوون. کۆنترین شوێنەواری ناسراو لە دەشتە لیتەییەکاندا نزیك رێژگەی کەنداوی فارسە هەرچەندە راستی ئالۆزی ئەو کەلتورە ئێستا لەژێر ئاوەدایە، بەلام هەندێك بەلگە هەیە کە لە کۆتایی چاخی بەستەلەکی پلایستۆسین کەناری کەنداوەکە تا دووری ١٨٠کم هەلچووە. کەش و هەوای میزۆپۆتامیا لەنێوان ٥٥٠٠و٣٥٠٠پ.ز مام ناوەندی بووە، پاشان گۆڕاوە بۆ کەشێکی ساردو وشك لەدوای ٣٥٠٠پ.ز. کەواتە گۆڕانی کەش و هەوای ناوچەکە کارێکی گەورەی کردە سەر مێژووی نیشتەجێ بوون لەو ناوچەیەدا و کێلگەکانی ئەو ناوچەیە کە پشتیان بە باران دەبەست بۆ چاندنی دانەوێلە گۆڕانکاری بەسەردا هات. هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا مانای ئەوە دەبەخشێت ئەو ناوچانەی کە پێشتر بوون بەژێر ئاوی بارانەوە ئێستا بوونە بە شوێنی نیشتەجێ بوون، هەر لەم بارەیەوە فرانك هۆڵ ئەلێ:

(پێویستی ئابووری بەهۆی گۆڕانکارییە کتوپڕەکانی کەش و هەوا بووە هۆی شوێن گۆڕین لەناوچەکانی میزۆپۆتامیا لە ماوەکانی

سەرەتای نیوەی دووەهەمی هەزارەی شەشەمی پێش زایین کە درێژەی خایاند تا هەزارەی چوارەم، هەر لەوکاتەدا چەند کۆمەڵگایەکی خۆرهەڵات بەدەوری ناوچە شارستانییەکانی میزۆپۆتامیا دروست بوو. ئەم رووداوە سروشتیانە بوونە هۆی لەدەستچوونی شوێنەکان و کەم بوونەوەی دانیشتوانەکانی (چەند شوێنەواری کەمی لێ دەرچێت) لەگەڵ بەردەوام بوونی رژانی خەڵکانی ئاوارەی ناوچەکانی تر، توانرا سیستەمێکی کشتوکاڵی گەورەترو زیاتر متمانە پێ کراو بنیات بنرێت.

ئەگەر بۆ چوونەکانی (هۆڵ) راست بێت ئەوا سەرهەڵدان و گەشەسەندنی شارستانی لەسەر بنچینەی فاکتەری کەش و هەوا بووە. هەر بەو شێوەیە چەند پێشکەوتنێك بەهۆی فاکتەرەکانی کەش و هەواوە روویداوە و چەند شێوازێکی ئاڵۆز و گۆرانکاری لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەرەو پێش چووە، بەدەست هێنانی هۆی ژیان لەناوچە لیتەییەکاندا زۆر گرانترە وەك لەناوچە بەرزە شاخاویەکاندا، لەناوچە تەختە لیتەییەکان پێویست بەماوەیەکی زۆر دەکات کە چۆن سوود لە وەرزی لافاو وەربگیرێت و کۆنترۆڵ بکرێت، پاشان چۆن سیستمێکی ئاودێری تەواو دروست بکرێت بۆ کێڵگەکان و لەوەڕاندنی مەڕو ماڵات و بگرە هەتا راوکردنی ماسی، چونکە راوکردنی ماسی تاڕادەیەك وەرزیە و پێویست بەچەند خۆئامادەکردنێك دەکات تا بەتەواوی سوود لە وەرزەکە وەربگیرێت تەنانەت زوربەی ئەو بەردانەی بۆ کاروباری کێڵان و کشتوکاڵ بەکاردەهێنرا لەو ناوچانەدا بەدەست نەدەکەوتن دەبوایە ماوەیەکی زۆر بڕۆن بۆ ناوچە شاخاوییەکان دوور لە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان.

ئەگەر ناوچەی (علی کۆش Alikosh) نمونەی میزۆپۆتامیای ئێران بێت ئەوا بەجێ هێشتنی بەرەو دەشتە لیتەییەکان شێوازی سەرتاسەریە، چونکە لەوێ زوربەی زۆری خواردەمەنیەکان چاوپۆشی لێ دەکرێت بۆ زیاتر بەدەست هێنانی دانەوێڵە و گەنم و جۆ، خواردنی بەیانیانیش کەشك ونان و پەنیر خورمایان خواردووە.

## سەردەمی عوبێد ٦٠٠٠ -٣٧٠٠ پ.ز

بەپێی بۆچوونەکانی سۆمەرییە کۆنەکان سەبارەت بەدروست بوونی جیهان، شاری (ئەریدۆ Eridu) یەکەم شارە سەری هەڵدا بێت و بە یەکەم ناوچەی نیشتەجێ بوون دادەنرێت لەناوچەکانی باشووری میزۆپۆتامیای دەشتە لیتەییەکان کەلە دەوروبەری (٤٧٥٠) پ.ز دامەزراوە، بەڵام لە دەوروبەری (٥٧٠٠)پ.ز چەند کۆمەڵگایەکی بچوکی جوتیار لە باشووری دەشتە لیتەییەکانی میزۆپۆتامیا ژیاون. ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییانەی ناوچەی باشوور سەر بە سەردەمی عوبێدن کە خاوەن جۆرێکی سەرنج راکێش و شێوازێکی تایبەتین لە کاری دەستکردی گلێنەیی تەنانەت خەڵکی ئەو ناوچەیە بە شێوازی دروستکردنی کوپەو گۆزەی تایبەت بەخۆیان ناسراون، بەڵام لەراستیدا شتێکی زۆر لە کاری سیرامیکی گرانتر کردووە: بەیەکەم




وێنەی (٦): نەخشەی بڵاوبوونەوەی گلێنەی سامەڕاو حەلەف، یەکێك لە پێوەرەکانی کۆمەڵگای ئاڵۆزی پێشکەوتوو لەڕێگای بڵاوبوونەوەی شێوازی گلێنەی تایبەت بوو بە سەر پانتاییەکی فراواندا.

---

کۆمەڵگا دەبژێردرێن لەدامەزراندنی ئابوورییەکی بەرهەم هێنەر لەسەر پرینسیپەکانی ستراتیجیەتی جوتیاری میزۆپۆتامیا، ئەم ستراتیجییەش دامەزرا بوو لەسەر بنچینەی دانەوێڵە بەتایبەتی (جۆ و سەوزەو میوە و بەتایبەتی خورما) لەگەڵ شیرو گۆشتی مەڕو بزن. ئەم کۆمەڵگایەی کە لەدوایدا پەرەی سەندو زیادی کرد سەرەتا لە چەند خەڵکێکی کەمەوە کە ژمارەیان لە (٥٠)کەس دەبوو پاشان زیادی کرد بۆ چەند هەزارێك، بازرگانیان بەچەند بەرهەمێکی کەمەوە کردووە بەشێوەیەکی گشتی توانای بەرهەم هێنانی چەند ماددەیەکیان کە بەهۆیەوە کیمیای کلتوری شارستانییەت بەرهەم دەهێنێت یاخود ئەو دیاردەیەی کە پێی دەوترێت (الفائض الاقتصادی) (زیادەی ئابووری). ئانترۆپۆلۆجیەکان گفتوگۆی زۆریان کردووە دەربارەی راستی بەکارهێنانی وشەی (زیادە) بۆ سیستەمێکی ئابووری سەرەتایی لەو شێوەیەی کە کێڵگەکانی (عوبێد) باو بووە لەوەش گرنگتر کاتێك کە ئابووری کشتوکاڵی ناوچەی دەشتە لیتەییەکان دامەزرا ئەگرا زیاتر بکرێت بەشێوەیەك کە پشتگیری خەڵکانێکی زیاتری پێ بگیرێت یاخود وزەو کەلوپەلی وەهای لێ وەربگیرێت کە بەشی بنیاتکردنی گردێك بکات یان بەشی جەنگێك، گفتوگۆکان بەردەوامە سەبارەت بەرەچەڵەکی رەگەزی

خەڵکانی عوبێد لەوانەیە عوبێدییەکان ئەو خەڵکانە بن کە لەئێرانەوە کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی شیوی نێوان دوو رووبار، پاشان لەوێ هەستاون بەماڵیکردنی مەڕوبزن و کۆکردنەوەی دانەوێڵەو گەنم وجۆ تا خۆیان رابهێنن لەگەڵ باری ناوچەکە پاشان گۆڕانی کەش و هەواو باری رووبار لەناوچەکە بووە هۆکاری پەرەپێدان و گونجاندنی ناوچەکە بۆ کاروباری جوتیاری سادە.

ئەگەر تەماشای تۆمارە شوێنەوارەکانی عوبێد بکەین بۆ یەکەمین نیشانەی ئەو گۆڕانکارییە سەرەکیانە، تەنها کەمێك رەنگدانەوەی ناراستەوخۆمان دەست دەکەوێت.

یەکێك لە کۆنترین و ناسراوترین پاشماوەی عوبێد (تل العالی)یە نزیك ناوچەی (لارسا) کە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٣٠٠) پ.ز. هەڵدانەوەی شوێنەوارەکانی ئەم دواییە کە تاقولآیی شوێنەواری وەرکا Uruk چووە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە چینەکانی ژێرەوەی شوێنەواری عوبێد تێکەڵ بەیەك بوون.

لە شاری وەرکا پەرستگایەك دۆزرایەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٠٠٠)پ.ز و لەسەر شوێنی پەرستگایەکی سەردەمی عوبێد دروستکراوە ئەمەش نیشانەیەکە بۆ بەردەوامی و تەواوکەری رێو رەسمی ئایینی لە شاری ( ئەریدۆ Eridu) یەکەمین بینا پەرستگا بووە هەر چەندە رەخنەیەکی زۆر هاتۆتە سەر شوێنەوارناسەکان کەوا هەر پێکهاتەیەك گەورەو بەرز وەستا بێت ناوی پەرستگایان لێ ناوە، بەلآم ئەو پێکهاتە سەرەتاییانەی (ئەریدۆ) بەپێی ناوەڕۆك و بەڵگەکانی پەرستگان، شێوەی پەرستگاکان لەشێوەی ژوورێکی بچووکی (٣,٥)م بە (٤,٥)م لەگەڵ مینبەرێك کە رووی لەدەرگای چوونە ژوورەکەدایە و سەکۆیەکیش لەناوەراستی ژوورەکەدایە، بەم تایبەتمەندیانەوە پەرستگا تاڕادەیەك لە پەرستگاکانی سەردەمەکانی دواتر دەچن، ئەو گلینانەی لێرەدا بەدی کران هاوشێوەی گلینەکانی حەلەف و سامەڕا بوون، بەلآم ژمارەیەکی کەم لەکاری دەستکردیان تیا دۆزراوەتەوە. ئەو پەرستگایانەش لەوانەیە بەڵگەیەك بێت بۆ نزمی ئاستی کۆمەلآیەتی هەر چەندە گۆمەڵگا گەورەکانی عوبێد کە خاوەن چەند خانوویەك بوون لە خشتی قوڕ دروست کرابوون، بەلآم زۆربەی خەڵکەکانی ئەو سەردەمەی عوبێد لەوە ئەچێت گۆمەڵگایەکی جوتیاری سادە بووبن، چونکە هیچ بەڵگەیەك نەدۆزراوەتەوە لەو شوێنانە کە نیشانەی سامان و هێز بێت یان پلەو پایە، بەلآم لەناوچەکانی دامێنی زاگرۆس لە (٤٥٠٠)پ.ز چەند نیشانەیەك بۆ گۆڕانی کلتووری هەیە بەرەو ناوچە تەختە لیتەییەکان، ئەم گۆڕانەش لەناوچەکانی دامێنی شاخی زاگرۆس و دۆڵەکانی دەوروبەری روویداوە. (هنری رایت) سەبارەت بەم ناوچەیە چەند تێبینییەك ئاشکرا دەکات و ئەڵی: چەند سەنتەرێك هەبووە کە خەڵکەکانی نزیکەی (١٠٠٠-٣٠٠٠) کەس ئەبوو خاوەن کارو چەند پیشەیەك بوون، هەڵدانەوەی زۆربەی ئەو سەنتەرە گەورانە

دەریخست کەوا چەند شۆستەیەك هەیە لە پشت بینا ئاییینیەکان لە خانوەکانی تر جیا دەکاتەوە لەو پێکهاتانە کە لەخۆیدا نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی گۆڕستانەکان لە کۆمەڵگای خەڵك.

هەروەك (رایت) تێبینی ئەکات و ئەڵێت: بەڵگە هەیە کە چەند سەنتەرێکی گەورە دەرکەوتووە هەروەها لێرەش، هەر چۆن لەسەرەوە باس کرا سەبارەت بە (چەتەڵ هیویوك)، هیچ شێوازێکی یەك لەدوای یەك بەدی ناکرێت بەرەو زیاد بوونی ئاڵۆزی. لەراستیدا مێژووی سەرەتای ئاڵۆزیی زۆر پەرش و بڵاو دیارە، هەرچەندە کە چەند ماوەیەکی درێژخایانی بەخۆیەوە دیوە بەرەو ئاڵۆزی. بەتەنیشت شیوی نێوان دوو رووبار لە عێراق دۆڵی (سوسیانا) لە باشوری خۆرئاوای ئێران سەنتەرێکی سەرەکی پێشکەوتن بوو بەرەو ئاڵۆزی، لەوانەشە بەهۆی باری کەش و هەوای ناوچەکە ئەتوانن هەردوو کشتوکاڵی باران و جوتیاری ئاودێری لێرە ئەنجام بدەن. هەروەها بەهۆی رێگەی بازرگانی لە کەنداوەوە بۆ ئێران بە ناو (سۆسیانا)دا تێئەپەڕێت لەدەوروبەری (٤٥٠٠)پ.ز لەوانەشە زووتر چەند سەنتەرێکی ناوچەکانی دەوروبەر بووبن بەخاوەن دەسەڵاتێکی زاڵ لەرووی رامیاری و ئابووری. خەڵکی ئەو چەرخە چەند کوپەیەکی شێوە جوانیان دروست کرد و بەدەست




وێنەی (٧): یەکەم کۆمەڵگای ئاوێتەبوو لە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا چڕ بۆتەوە، بەهۆی بوونی رووبارەکان کە کاریگەرییان هەبوو لە سەرهەڵدانی چالاکییەکی کشتوکاڵی مەزن لەناوچەکە.

ڕەنگیان کرد بە ژمارەیەکی زۆر و بەشێوەیەکی وها لە یەکچوو کە شارستانی پێوە دیار بێت.

سەبارەت بە بەڵگەکانی (سوسیانا) (گریگۆری جونسن) تێبینی کردووە ئەڵێ:

بەپێچەوانەی ئەو دێ بچووکە پەرش و بڵاوانەی ماوە، (چوگامش) لەدەشتی (سوسیانا) لە (٤٣٠٠)پ.ز دا ڕووبەرێکی بەنزیکەی (١٥) هیکتار داگیر کردبوو زۆرینەی کاری بیناسازیان لەشوێنی نیشتەجێ بوون پێکهاتبوو لەگەڵ تەنووری سیرامیک دروستکردن کۆمەڵگاکەش خاوەن بینایەکی مەزن بوون. ئەو پێکهاتە (١٠بە١٥)یەی دیوارەکانی ناوەوەی (١-٢) مەتر ئەستوورن و لەچەند ژوورێکی ناوەکی پێك دێن یەکێك لە ژوورەکان چەند کوپەیەکی پێوە لکێنراوە بۆ عەمبارکردن یەکێکی تریان ئاشکرایە بۆ کاری بەردە ئەستێ بەکارهێنراوە کەلە تەنیشتیەوە شوستەیەك لەخشتی قوڕ دروستکراوە. لە (سوسیانا) و هەندێ شوێنی تر لەو ماوەیەدا کاروبارەکان خرانە قالبێکی ڕەسمی یەوە و دەفرەکان مۆری لەقوڕ دروستکراویان بەخۆوە هەڵگرتبوو.

جونسن درێژە بەتێبینییەکانی ئەدا سەبارەت بەو لێکچوونە زۆرەی لە شێوە دروستکردنی سیرامیك بەدی دەکرێت لەسەرتاسەری ناوچەکەدا کەوا هەموو کەسێك کاری سیرامیکی نەکردووە، بەڵکو لەوە دەچێت بەرهەمەکانیان سەر بەیەك ناوەند بوو بێت، ئەو بەڵگانەش وای لێ کرد بڵێت:

ئەو کارە سیرامیکیانە سەرسامیان کردم کە بەڵگەیەکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەو ڕاستیەش هەیە کە ناسراوترین و گەورەترین کاری بیناسازی (چۆخە مامیChogaMamy)ە بەهۆی ئاگر بەربوونەوە خەڵکەکەی ئەو ناوچەیان چۆڵکرد.

لێکدانەوەی (فرانك هۆڵ) بۆ کلتووری کۆمەڵایەتی (سوسیانا) جیاوازە لەوەی (جونسن)، بەلای (هۆڵ)ەوە هەتا بەرەو کۆتایی هەزارەی پێنجەمی پێش زایین خەڵکانی ناوچە جیاجیاکانی (سوسیانا) تاڕادەیەك بە چەند بەندێکی لاوازی بازرگانی ئایینی هەرێمەکە بەیەکەوە بەسترا بوون. ناوەندی ئەو ئایینە لە سوس (Susa) بوو کە خەڵکەکەی و پیاوە ئایینیەکانیان خۆبەخشانەو خۆیان تەرخان کرد بوو بۆ بەرهەم هێنانی بەربووبومی کشتوکاڵی.

بەرەو خۆرئاوای (سوسیانا) لەناوچەکانی ناوەندی میزۆپۆتامیا سەردەمی عوبێد لە پاش (٤٥٠٠)پ.ز چەند نیشتەجێ بوونێکی بەدوای یەکی بەخۆوە دی لەلایەن خەڵکانی لادێوە. لە (٤٣٥٠)پ.ز کلتووری عوبێدی تەواو زاڵ بوو بەسەر زوربەی دەشتە لیتەییەکاندا، هەموو نیشتەجێ بووکان لەوە دەچێت لەنزیك سەرچاوە ئاوییەکانەوە بووبێت کە ڕووبەرەکانیان کەمتر لە (١٠) هێکتار بوون (هەندێکیان تەنها ١-٢ هێکتار بوون).

**سەرچاوە:**

ROBERT J. WENKE. PATTERNS IN PREHISTORY. New York , 1999, p.368-402.

# وڵاتەکانی دەوروبەری ئێلامونیا

نووسینی : فاضل قەرەداغی

تێبینی: ئەم باسە لە ئەسڵدا بە زمانی ئینگلیزی نووسیبووم بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارێکی بیانیدا بەڵام تا ئێستا ڕەوانەی هیچ شوێنێکم نەکردووە باسەکە لە بارەی هەندێك لەو ناوچانەی دەوروبەری ڕووباری زێی گەورەیە ( کە پێی دەوترا ئێلامونیا) و پێنج ناوچەم هەڵبژاردووە: وڵاتی ئێلامونیا خۆی و موصری و کومانی ومێخری. پێنجەمیشیان شاری بارزانی ( Barzani )یەکە لەم باسەدا بە باشم زانی بەشەکەی سەربەو وەرنەگێڕم ئەویش لەبەر هەندێك هۆ کە پەیوەندیان بە گۆڤاری (هەزارمێرد)ەوە نییە.

### ١- ئێلامونیا: زێی بادینان

لە ڕێگەی پادشای ئاشوری سارگۆنی دووەمەوە (٧٢١-٧٠٥پێش زایین) ئەوە دەزانین کە ئەو ڕووبارەی کە ئاشوورییەکان پێیان دەووت زێی سەروو (زابو ئێلو) لای خەلکی ناوچەکە بە ئێلامونیا Elamunia ناسرا بوو.

پادشای ئاشوری لە میانەی لەشکرەکەشیی هەشتەمیدا (٧١٤ی پ.ن) و دواتر شەڕەکەی دژی موصاصیر ناوی زێی سەروو دەهێنێت و دەڵێت ئەو ڕووبارەی کە خەلکی کیرخی (خابخی) نائیری پێی دەڵێن ئێلامونیا[١].

ئێلامونیا هەروەها ناوی کێوێکە، بەڵام بە شێوەیەکی ئێلامونی Elamuni هاتووە ئەویش لە لایەن پادشای ئاشوری تیگلات پلاسەری یەکەم (١١١٥- ١٠٧٧پ.ن) لەشکرکەشی دژ بە وڵاتی موصری Musri کە لە ساتەکانی یەکەمی فەرمانڕەواییدا بەئەنجامی دابوو. پادشا ناوی کێوی ئێلامونی دەهێنێت کە یەکێکە لە چیاکانی وڵاتی موصری. پادشا ساڵێك پێش ئەوە ناوی وڵاتی ئالامون Almun دەبات کە یەکێکە لە چەند وڵاتێکی نەیار. پادشا لەو ساڵەدا دژ بەوڵاتی سوگی Sugi دەجەنگێت. ئەو وڵاتە بە وتەی پادشای ئاشور چۆکی بۆ دانەدابوو. سوگی لەناو وولاتی خابخی Habhiدا بوو واتە بەشێك بوو لێی. ئەمەی دواییان وڵاتێکی فراوان بوو و لەباکوور و باکووری ڕۆژهەلاتی ئاشوردا بوو. پادشای ئاشور لە میانەی باسەکانیدا دەڵێت کە دژ بە ٦٠ هەزار جەنگاوەری وڵاتەکانی خیمێ Hime و لوخی Luhi و ئاریرگی Arirgiو ئالامون و نیمنی Nimni هەروەها وڵاتی پان و بەرینی کورطییەکان Kurte ( خوێندنەوەی نوێی

ناوەکە: بابخی Babhi[٢] یە) لەکێوە سەختی خیریخی Hirihi کە لوتکەکەی وەکو خەنجەر وایە.

پادشای ئاشوری، بە وتەی خۆی، وڵاتی سوگی بە پانی و بە درێژی گرت و ٢٥ لە خوداوەندەکانی بردو وولاتەکەی وێران کردو هەموو شارەکانی سووتاند ئەو جەنگاوەرانەی مابوونەوە خۆیان دا بەسەر پێی پادشا ئەویش لەوان خۆش بوو و باج و سەرانەی خستە سەریان[٣].

بەم شێوەیە هەر سێ ئێلامونیا و ئالامون و ئێلامونی هەن کە هاوشێوەی یەکن و پێی دەچێت لە یەك ناوچەدا بن.یەکەمیان ناوی رووبارەو دووەمیان وڵاتەو سێیەمیان چیایە. ناوی چوارەمیش هەیە ئەویش ئولمانیا Ulmania کە ناوی وڵاتەو لەلایەن ئاشور ناسیرپالی دووەمەوە هاتووە لە لەشکرکەشیی ساڵی ٨٨٣ی پێش زایینی (یەکەم ساڵی فەرمانڕەوایی) کە زیاتر گەشتێکی سەربازی بوو.

پادشای ئاشور دەڵێت کە لەووڵاتی توممێ Tumme دەرچوو بەرەو وولاتی کیروری Kiruri، سەرانەی لەو وڵاتەو چەند وولاتێك وەرگرت ئەوانیش سیمێسی Simesi، سیمێریا Simera، ئولمانیا، ئادائوش Adaush هەروەها خارگاییەکان و خارماسییەکان[٤].

ناوچەی کیروری یان کیرروری Kirruri ڕۆژهەڵاتی هەولێر بوو و دەروازەیەکی گرنگ بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تر. لە کیروورییەوە ئاشورییەکان دەچوونە ڕۆژهەڵات و لەوێوە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری زێی بادینان سەردەکەوتن یان بۆ ناوچەکانی باکورو زێی بچووك دادەبەزین.

ئادائوش کە پادشا ناوی هێناوە هەروەها لەلایەن تیگلات پلاسەری یەکەمەوە باس کراوەو[٥] لە باسەکانی ئەمیان گومان لەوەدا نییە کە کەوتبووە باکوری زێی بچووك. (سیمێریا)ش پێدەچێت هەمان سیمیرریا Simirria بێت کە سارگۆنی دووەم ناوی هێناوەو کە[٦] ئەمەیان ناوی کێوێکی بەرزەو شوێنەوارناسان وای بۆدەچن کە کێوی قەندیل بێت. کەواتە گەشتەکەی پادشا لە نێوان هەردوو زێکە بووە و ئولمانیا کە ناوی بردووە نزیك دەکەوێت لە ڕووی جوگرافییەوە لە ئێلامونیا وەك چۆن لە ڕووی شێوەی پێك هاتەکەیەوە هەروەها لێوەی نزیکە. دیار نییە کام لەو چوار شێوەیە ڕاستترە: ئێلامونیا، ئالامون، ئێلامونی، ئولمانیا. ڕەنگە جیاوازییەکە بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی ناوچەکان بە جۆرێك کە هەر پادشایەك ناوەکەی لەزاری خەڵکی ناوچەیەکەوە وەرگرتبێت بەڵام هۆی ئەو جیاوازییە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆمارکردنی ناوەکان لەلایەن ئاشورییەکانەوە دەقاودەق نەبووەو بەپێی زمانی خۆیان ئەو ناوانیان ووتووە و ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە و هیچ نەتەوەیەك ناتوانێت ناوەکانی نەتەوەیەکی تر بە شێوەی ئەسڵی خۆی بڵێت، ئاشورییەکانیش لەم یاسایە بەدەرنین و نووسەرە ئاشورییەکان زەحمەتیان دەبینی لە نووسینی ناوە بێگانەکان.

گۆڕانـی دەنگـی یەکـەم لـە چوارناوەکـە شایستەی تێبینییە. دەنگەکە لە نێوان ( ئا) و(ئو) و(ئێ)دایە و پێی دەچێت دەنگەکە (ع) بێت یان (ە).

## ٢- موصری و کومانی

لە سـەرەتاکانی مـاوەی حوکمیـدا، تیگلات پلاسـەری یەکـەم (١١١٥ - ١٠٧٧ پ.ز) دژ بـە ژمارەیـەکی زۆر ولات جـەنگا. یـەکێك لەوانـە موصری Musri بوو. زۆریش ئیحتماله کە ئەو وڵاتە لە بـاکوری ڕۆژهـەڵاتی وڵاتـی ئاشـوردا بووبێـت. پادشـای ئاشـور لـە نـاو چیاکـانی ئیلامونـی و تـالا Tala و خاروسـا Harusa دەروات و وڵاتـی موصـری، خـۆی وتـەنی بـەپانی و بـەدرێژی دەگرێـت، شـارەکانی (هەروەها گوندەکانی) وڵاتەکە وێران دەکات، وڵاتەکـە وێـران دەکـات و دەیـان سـوتێنێت. لەوکاتـەدا لەشـکرەکەی وڵاتـی کومـانی Kumani دێت بۆ کۆمـەکی موصـری شـەڕێك لەناو کێوەکاندا بەرپا دەبێت و پادشا باس لە بەزاندنیان دەکـات[٧]. پادشـای ئاشـور نـاوی شاری ئارینی Arini دەبات لە قەد پاڵی کێوی ئائیسا (ئایسا) Aisa بوو. پادشا دەڵێت ئەوان خۆیـاندا بـە دەسـتەوە و کەوتنـە سـەرپێی، دواتریـش بـاس لـە بەخشـینی شـارەکە و هێشتنەوەی و وەرگرتنـی بارمتـەو سـەرانە. پادشا دواتر دەڵێت کە هـەموو خەڵکی وڵاتی کومـانی کـە بـۆ کۆمـەکی موصـری هـاتبوون هەموو خەڵکی وڵاتەکەیان بانگ کردو خۆیان بۆ شەر ئامـادەکرد.[٨] پادشـا دەڵێت کـە دژ بـە ٢٠ هـەزار جـەنگاوەر لـەکێوی (تـالا)دا شـەڕی کرد، ئەوانەی بەزاندن و وردو خاشی کردن و تا کێوی خاروسا شوێنیان کەوت. کێوەکە بە وتـەی پادشا بەرامبـەر (لـە دەقەکـەدا: پێـش) وڵاتی موصری بوون. پادشا شارە مەزنـەکانی گرت و سووتاندی[٩]. دواتریش پادشا دەڵێت کـە قـەڵاو پەناگـەی ئـەوانی گـرت کـە نـاوی خونوسـا Hunusa بـوو و کـە سـێ شـورای گـەورەی هـەبوو کەلـە خشـتی سـوورەوەکراو دروسـت کرابـوون و ڕیـزە چرەکـانی لـە شکرەکەیانی لەناو شارەکەو لە ناو چیاکاندا بـەزاند و (جـەنگاوەرەکانیانی لـە ناوەڕاسـتی گردەکاندا فرێدا و سەرەکانیانی بڕی)[١٠].

پادشـا شـارەکەی گـرت و سـووتاندنی و تالانیکرد و سێ شورا مەزنەکەی شـارەکە و هەموو شارەکەی وێران کرد بێ ئەوەی لەیادی بچێت باس لـە ڕەفتـاری تونـدو تیـژی خـۆی لەگەڵ خەڵکەکە بکات[١١].

پادشا خانوویـەك بەخشـتی سـوورەوەکراو بنیات دەنێت و یادگارێك (لـەوحێکی برۆنـز) لەبارەی دەستکەوتەکانی (تالانییـەکانی) ئـەو وڵاتـەی دادەنێـت. دوای ئـەوەش گـەمارۆی شاری پادشایانەیان (واتە پایتەختەتە کەیان ) دەدات کە ناوی کیبشونا Kibshuna [١٢] بوو. پادشای کومانی بەوتەی پادشا دەترسێت و خـۆی بەسـەرپێی پادشـای ئاشـوودا دەدات ئەویش هیچی لێ ناکات. تێگلات پلاسەریش فەرمانیان بۆ دەردەکات کە شورا مەزنـەکانی شـارەکە کـە لەپایـەی خشـتی سـوورەوکراوە دروست کرابوون بروخێنن. لەوێشدا سـەدان خانەوادەی یاخی هەبوون کە لەوێدا دەژیان و خۆیان بەدەستەوە نەدابوو. پادشا ئەمانەی بۆ

ئاشوور برد. پادشا بارمتە و باج و سەرانەی لەولاتەکە وەرگرت[١٣].

سەبارەت بەو ناوانەی بینیمانن دەتوانین کەمێك بەراوردی بکەین، بەلام بێ ئەوەی بەتەواوی لەئەنجامەکانی ئەو بەراوردییانە دلنیابین. سەرەتا ئەگەر ناوی موصری لەگەلْ ناوی ناوچەو خێلی (مزوری)دا بەراورد بکەین هەلەیەکی گەورە ناکەین لەرووی جوگرافییەوە، چونکە دوو شوێنەکە نزیکن بەیەك مەگەر ئەو راستییە نەبێت ناوچەی ئەمرۆی مزوری ماوەیەك دوورە لەزێی بادینان، بەلام ئەمە زیان بە بەراوردییەکەمان ناگەیەنێت چونکە موصری ولاتێکی پان و بەرین بوو هەروەها ناوچەکان هەرگیز لەسنووری کۆنی خۆیان نامێنن تا بلێین سنوورەکانی مزووریی ئەمرۆ دەبێت هاوجووت بێت لەگەلْ ئەوانەی موصریی جاران.

ناوێکی نزیکیش لە شاری (خونوسا)ی کۆن هەیە ئەویش گوندی (خەنەس)ە کە زۆر لەو دەوروبەرە دوور نییە. ناوی شاری (ئارینی)ش کە لە بنی چیای ئایسا بوو نزیکە لەناوی گوندی (هرن) کە لەقەدپالی چیای پێرێس کە دەڕوانێتە سەر زێی بادینان. ناوی (هرن)یشم وەها لەنەخشەدا بینیوە و نازانم خوێندەکەی راستە یان نا، چاوەڕێی راستکردنەوەیەکم لە هەر برایەکی شارەزا.

بەپالْ ئەم موصرییە موصرییەکی تر هەیە کە شالمەنەسەری سێیەم (٨٥٨-٨٥٤پ.ز) باسی کردووە. ئەم پادشایە ناوی فیل و مەیموون .... وەکو سەرانە دەبات کە لەموصرییە بۆی هاتبوون[١٤]. واتە ئەمەیان (میسر)ە نەك موصرییەکی خۆمانە، ئەمانەش دیاری بوون نەك سەرانە و پادشا خۆی هەلکێشابوو.

بەر لەوەی شتی تریش لەبارەی کومانی بلێین پێویستە ئەوە بلێین کە دەکرێت موصری هەروا بەموزری بخوێنرێتەوە[١٥].

کومێنی هەروەها (بەلام بەشێوەی کومانێ) لەلایەن ئادادنیراری دووەمەوە هاتووە. پادشا دەلێت (کومانێی فراوان تا مێخری و سالوا Salua و ئورادری Uradri (ئورارتو) ... [١٦].

ناوێکی نزیك لەکومانی لەکاتی توکولتی نینورتای یەکەمدا (١٢٤٤-١٢٠٨پێش زایین) هەیە ئەویش ئوقومێنو(یان ئوکومێنو) Uqumenu. پادشا ئەم ولاتە وەکو بەشێك لەولاتی گوتییەکان (قوتو) لەقەلەم دەدات. پادشا هەروەها ناوی شاری قومێنو Qumenu دەهێنێت کە لەسەرچاوەی زێی سەروودایە. ئەم ناوەی دواییان لەگەلْ گوندی (کومانە)ی نزیك ئامێدی بەراورد کراوە[١٧]. بێگومان ناوی تریش هەن لەم ناوە بچن وەکو چۆمان کە لەسەر لقێکی زێی بادیناندایە کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی ئەو زێیە، بەلام چۆمان ناوێکی نوێیەو لەکوردیدا واتای هەیەو ئەم جۆرە ناوە کوردییانە کەمتر پشتیان پێوە دەبەستێرێت.

توکولتی نینۆرتا دەلێت کە دژی ولاتی ئوقومێنو کە لەولاتی گوتییەکانە شەڕی کردو ئەو ولاتەی کردە تەپۆلکە (وێرانە) و ئەو میرانەی گرت کە سەر بە ئابولی...) ... Abuli، پادشای ئوقومێنو بوون. پادشا ئەم میرانە دەباتە ئاشوور ولەوێدا سوێندیان پێ

دەخوات کە سەر بەو بن و پاشان بەرەڵایان دەکات[18].

۳-مێخری

ئادادنیراری دووەمی ئاشووری (۹۱۱-۸۹۱پێش زایین) ناوی وڵاتی مێخری Mehri دەهێنێت کە تیایدا یادگارێکی تیگلات پلاسەری یەکەمی بینی، وشەی مێخرو Mehru ناوی درەختێکی بەنرخ و بەکاربووە. توکولتی نینۆرتای یەکەم دەڵێت سەربازەکانی (قوتو)ی بەکار هێنابوو بۆ برینی پارچەی گەورەی تەختە (کۆڵەکەی تەختە) لەوڵاتی مێخرو. دواتر ئەم کۆڵەکانەی بردە شاری ئاشوور تا لە کۆشکەکەی خۆی بەکاریان بهێنێ[19]. پادشا ئاماژە بەوە دەکات کەوا ئاشوور و خواوەندی تر یارمەتییان دابوو بۆ ئەوەی ئەو گوتییانە بخاتە ژێر دەستی خۆی).

پادشای ئاشوور ناوی هەردوو وڵاتی مێخری و شاری شارنیدا Sharnida دەبات لەدەقێکدا کە یارمەتی ئەوەمان نادات شوێنەکە دەست نیشان بکەین.

جگە لەناوی وڵات، مێخری وەك ناوی چیا لەسەردەمی تیگلات پلاسەری یەکەمدا دەبیستین. پادشا دەڵێت: کە وڵاتی (کومانی)ی تا چیای مێخری گرت. واتە دەبێت ئەم چیایە لەسەر سنووری وڵاتی کومانی بووبێت. ئیتر نازانین ئایا ناوی چیاکە لەناوی وڵاتەکەوە هاتووە (یاخود بەپێچەوانەوە) یان ناوی چیاکە لەناوی درەختی مێخرو وەرگیراوە.

ئاداد نیراری دووەم پەلاماری وڵاتی فراوانی خابخی Habhi (کە پێشتر لەلایەن شوێنەوارناسانەوە بەکیرخی Kirhi دەخوێندرایەوە) دا، ئەم شارانەی گرت: بازا Baza، سرابلییا Sirablia (شێوەی تر: سیرابلیا Sirablia)، دیدوالا Diduala و شارەکانی سەر قەراغی رووباری روورو Rûru لەوڵاتی مێخریدا. پادشان دەڵێت: لەو ناوچەیەدا (لێرەشدا دەقەکەی شکاوە)... و باس لە یادگارەکەی تیگلات پلاسەر دەکات کە دەبێت بەتەئکید تیگلات پلاسەری یەکەم بووبێت. سەبارەت بەرووباری روورو ئاشکرا نییە ئایا رووباری شەمدینانە کە لقێکی زێی بادینانە یان لقەکەی باشوورتری زێکە بێت واتە روکوچوك.

پەراوێزەکان:

1-D.D Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia (ARAB), Chicago, II, 1927,S171.
2-Reallexikon der Assyrelogie, I, 1932,S.328.
3-ARAB, I, 1926. S 233.
4-ARAB , I, S 440.
5-ARAB, I, S 325+A. K Grayson; Assyrian Royal Inscriptions , (ARI) 1, 1972, S 23.
6- ARAB, II, S 142.
7-E.A W-Bugde, L.W.King, Annals of Kings of Assyria , vol.1 , London, 1902, (AKA) , p.75.
8-AKA, p.76.
9- AKA, p. 77.
10-AKA, p.78.
11-AKA , P.79.
12-AKA, p.80.
13-AKA, p.81-82.
14-ARAB, I, S 591.

۱۵- دوو هێمای us هەیە کە هەردووکیان وەك نوس و نوص و نوز دەخوێندرێنەوە و لەبەرئەوەی دەقی مێخی نووسراوەکم لا نییە نازانم کامیانە و ئایا ئو خوێندنەوەیە بۆ سەردەمی پادشا دەشێت یان نا.

16-ARAB, I, S 360.

۱۷-نامەی ماستەری کاك کۆزاد محەمەد ئەحمەد لەبارەی نووسراوێکی توکولتی نینورتای یەکەم، بەغدا ، ۱۹۲۳، لاپەرە ۱۱۰.

18-ARI, I, S689a
19-ARI, I, S691.

# بیبلۆگرافیای

# گۆڤاری هەزارمێرد

## ژ(١-١٢)

## ساڵی ١٩٩٧ - ٢٠٠٠

ئامادەکردنی
شوان سلێمان بابە

## ناوەرۆك

بابەت

پێشەکی
١- ناوەرۆك
٢- چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئیندێکسە.
(بەشی کوردی)
٣- لیستی سەرباسە هەواڵەکراوەکان
٤- ئیندێکسی بابەت.
٥- ئیندێکسی نووسەران.
٦- ئیندێکسی ناونیشان.
٧- پێرستی کەسەکان.
(بەشی عەرەبی)
٨- قائمة رؤوس الموضوعات و الاحالات.
٩- کشاف الموضوعات.
١٠- کشاف المؤلفین.
١١- کشاف العناوین.
١٢- فهرست الاعلام.

## چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئیندێکسە

ئیندێکس بریتییە لە لیستێکی ڕێك و پێکی زانیاری، کە بەهۆیەوە دەتوانین زۆر بەئاسانی بگەینە ئەو زانیارییانەی کە لەناو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بابەتەکانی تری ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا بڵاودەکرێنەوەو، هەمیشە ئیندێکس بەپێی پیتی هێمایی ڕێك دەخرێت، بۆ ئەوەی خوێنەرو لێکۆلەران لەکاتی پێویستییاندا کاتیان بەفیڕۆ نەڕوات، چونکە گەڕان بەدوای ئەم زانیارییانە کاتێکی زۆری دەوێت، ئەگەر ئیندێکس نەبێت، خوێنەران و لێکۆلەران دەبێ زۆربەی کاتی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ کاری بەدوگەڕان تەرخان بکەن، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەسەردەمی خێرایی ناو دەبرێت، لەلایەکی ترەوە گرنگیی

ئیندیکس لەوەدایە کە تەمەنی ئەم بڵاوکراوانە زیاتر دەکات و لەفەوتان دەیانپارێزێ، چونکە ئەگەر ئیندێکس نەبێ زوتر دەفەوتێن و لەناو دەچن.

ئەم ئیندێکسەی بەردەستتان بریتیە لە رێبەرێکی رێك و پێکی ئەم وتارو لێکۆڵینەوانەی کە لەماوەی سێ ساڵدا (ئابی ١٩٩٧ - حوزەیرانی ٢٠٠٠) لەگۆڤاری هەزارمێرد بڵاوکراونەتەوە، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچێت، ئەم گۆڤارە، گۆڤارێکی وەرزی زانستییە و لەشوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ، گرنگی بەم بوارە دەدات.

بۆ زیاتر دەرخستنی رۆڵی ئەم گۆڤارە و سوود لێوەرگرتنی، لەلایەن سەرنوسەری ئەم گۆڤارەوە داوام لێکرا کە بۆ (١٢) ژمارەی گۆڤارەکەیان ئیندێکسێکیان بۆ ئامادە بکەم، بۆیە منیش زۆر بەخۆشحاڵییەوە رەزامەندی خۆم پێشانداو ئەوانیش هەموو جۆرە پێداویستیەکانیان خستە بەردەستم و بۆ سەرخستنی کارەکەشم هەموو جۆرە هاوکارییەکیان کردم، رێکخستنی ئەم ئیندێکسە بەرێگایەکی زانستی کراوەو رەچاوی هەموو لایەنەکانی زانستی ئیندێکسی کراوە.

## چۆنیەتی رێکخستنی ئەم ئیندێکسە

ئەم ئیندێکسە لە سێ بەش پێك هاتووە:-

١- بەشی کوردی.

٢- بەشی عەرەبی.

٣- بەشی ئینگلیزی.

١- بەشی کوردی لە چوار بەش پێك هاتووە:

**بەشی یەکەم:**

بریتییە لە ئیندێکسی سەرباسەکان کە ئەو بابەتانە بەخۆوە دەگرێ کە لەدوو توێی گۆڤارەکەدا هاتوون و بەپێی هێمایی رێکخراوە، هەروەها لەژێر هەر سەرە باسێکیشدا، دووبارە ناونیشانەکان بەپێی هێمایی رێکخراونەتەوە.

روونکردنەوەی ژمارە (١)ی رێکخستنی زانیارییەکانی ئەم بەشە:

**ئەشکەوتی هەزار مێرد**

لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی ئەشکەوتی هەزارمێرد کەمال نوری مەعروف، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل ١٢-١٨.

| | |
|---|---|
| ١- بابەت | ٤- ژمارە |
| ٢- ناونیشان | ٥- ساڵ |
| ٣- نووسەر | ٦- لاپەرە |

**بەشی دووەم:**

تایبەتە بەئیندێکسی ئەو نووسەرو وەرگێرو دانەرانەی کەوتارو لێکۆڵینەوەیان لەم گۆڤارەدا هەیە و پیتی هێمایی رێکخراوە، لەژێر ناوی هەر نووسەرێکیش دیسان بەپێی پیتی هێمایی رێکخراوەتەوە.

روونکردنەوەی ژ(٢)ی رێکخستنی زانیارییەکانی ئەم بەشە

**عەبدولرەقیب یوسف**

تابلۆکانی شەرەفخانی بەدلیسی، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨، ل ١٠٧-١١٤.

١- نووسەر
٢- ناونیشان
٣- ژمارە
٤- ساڵ
٥- لاپەڕە

**بەشی سێیەم:**

هــەرچی بەشــی سێیەمیشــە بریتییــە لەناونیشانی ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی کە لەم گۆڤارەدا هاتووەو بەپێی هێمایی ڕێکخراوە.

ڕوونکردنــــەوەی ژ(٣)ی ڕێکخســــتنی زانیارییەکانی ئەم بەشە

هونــەری بیناســازی و نــەخش و نیگــاری ناوچــەی کــەرکوك ، ســەردەمە مێژووییــەکان، ب٢ ، ئەژی ژ (١٢)ی حوەزیرانی ٢٠٠٠ ، ل ٧ -٣٦.

١- ناونیشان
٢-بەرگ
٣- نووسەر
٤- ژمارە
٥- ساڵ
٦- لاپەڕە

**بەشی چوارەم:**

پێرستی کەســەکان بەبەشــی پێنجــەمی ئــەم ئیندێکســە دادەندرێــت، لیســتێکی هێماییــە نــاوی ئــەو کەســایەتییانەی تێدایــە کــەناویان لەناونیشــانی وتارەکــاندا هــاتووە، بــەڵام لەئیندێکســی نووســەران ناومــان نــەهێناون، لیستەکە لــەژمارەی لاپــەڕە پێــك هــاتووە، کــە لاپەڕەی بەشی ناونیشان دەنوێنێت، کەتیایدا ناوی ئەو کەسە هاتووە.

ڕوونکردنــــەوەی ژ (٤)ی ڕێکخســــتنی زانیارییەکانی ئەم بەشە.

**سەعید تەتەر**

ل

لەبەشی ناونیشان ناوی هاتووە:

ســەعید تەتــەری نەناســراوی کوردایــەتی، ســەدیق ســاڵح، ژ (١٠)ی ك١ ١٩٩٩، ل ٨٣- ٨٧.

## هەواڵە بەکار هاتووەکان

هەواڵە بەکار هاتووەکان لەبەشی ئیندێکسی بابەتەکاندا بەکار هێنراون بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر ڕێنوێنی بکرێــت لەبابەتــەکاندا، لــەدوو بەش پێکهاتووە:

١- هەواڵــەی (بڕوانــە) بــەم جــۆرە بــەکار هاتووە: لەســەر باسێکی بــەکار نــەهاتووە بۆ سەر باسێکی بەکار هاتوو ، وەکو:

مێژووی ڕاپەڕینی بەدلیس

بڕوانە: ڕاپەڕینی بەدلیس - مێژوو

٢- هەواڵــەی (هــەروەها بڕوانــە) بــەم جــۆرە بەکار هاتووە: لەسەر باسێکی بەکار هاتوو بۆ سەر باسێکی بــەکارهاتووی تــر، کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بەبابەتەکەوە هەیە، وەکو:

شوێنەواری چەرموو - مێژوو

هەروەها بڕوانە: چەرموو - چاخی بەردین

٣- بەشی عەرەبی ، هەروەکو بەشی کوردی ڕێکخراوە.

٤- بەشی ئینگلیزی تەنیا ژ (١ ، ٢) بابەتی تیا بڵاوکراوەتەوە بەم جۆرە:

ژ (١) یەك بابەت

ژ (٢) تــەنیا کورتــەی باســەکان بــەزمانی ئینگلیزی نووسراوەتەوە.

هیــوادارم توانیبێتــم خزمــەتێکی بچووکــی کتێبخانەی کوردیم کردبێت..

## لیستی سەر باسە هەواڵەکراوەکان

### زنجیرە

( ئـ )

١- ئاشــــــوورییەکان - سیاســــــەتیان لەکوردستاندا.

٢- ئایین لە کوردستاندا.. بڕوانە: ئایینی زەردەشتی - مێژوو.
٣- ئایینی زەردەشتی - مێژوو.
٤- ئەژدەهاك لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا
٥- ئەشکەوتی باشوون - برادۆست - قاپە گڵینەییەکانی.
٦- ئەشکەوتی دیان - برادۆست - قاپە گڵینەییەکانی.
٧- ئەشکەوتی شانیدەر - پەیکەری نیاندەرتاڵ.
٨- ئەشکەوتی شانیدەر - پشکنینی کەللە سەری ژ(١)
٩- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردین.
١٠- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردینی کۆن.
١١- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردینی ناوەڕاست.
١٢- ئەشکەوتی شانیدەر - دۆزینەوەی پەیکەری نیاندەرتاڵ.
١٣- ئەشکەوتی شانیدەر - کەلتوری نیاندەرتاڵەکان.
١٤- ئەشکەوتی شانیدەر - گەڕان و پشکنین.
١٥- ئەشکەوتی شانیدەر - مرۆڤی پێش مێژوو.
١٦- ئەشکەوتی گوندۆك - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.
١٧- ئەشکەوتی هەزارمێرد - شوێنەوار.
١٨- ئانو بانینی - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.
١٩- ئێرانی کۆن - شوێنەوار.

( ب )

٢٠- بەردەپەلکە - شوێنەوار.
٢١- بەردەوامی ئایینی زەردەشت. بڕوانە : ئایینی زەردەشت - مێژوو.
٢٢- بەرکەل - شوێنەوارەکانی.
٢٣- بەهەشتی عەدەن لە سەرچاوە مێخییەکاندا.
٢٤- برادۆست - ئەشکەوتەکانی.
بیبلۆگرافیای گۆڤاری هەزارمێرد بڕوانە: گۆڤاری هەزارمێرد بیبلۆگرافیا.

( پ )

٢٥- پەیکوڵی - شوراکانی.
٢٦- پەیکوڵی - شوێنەوار.
٢٧- پەیکوڵی - شوێنەوارەکانی.
هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - شووراکانی.
هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - شوێنەوار.
هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - گۆڕەکانی.
هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - نەخشە هەڵکۆڵکراوەکانی.
هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - نووسینەکانی.
٢٨- پەیکوڵی - گۆڕەکانی.
٢٩- پەیکوڵی - نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانی.
٣٠- پەیکوڵی - نووسینەکانی.
٣١- پردێ (ئاڵتون کۆپری) - مێژوو.

( ت )

٣٢- تاقوسان - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

( چ )

٣٣- چەرموو- چاخی بەردینی نوێ.

٣٤- چەرموو - شوێنەوارە.

(خ)

٣٥- خورشید رەشید وانلی - ژیاننامە.

٣٦- خورماڵ - شوێنەوار.

٣٧- خۆر ئاوای ئاسیا - ئاژەڵیکراوەکانی - مێژوو.

٣٨- خۆرهەڵاتی نزیک - سەرهەڵدانی کشتوکاڵی ئاژەڵداری.

(د)

٣٩- دانیشتوانی خوارووی ئێران پاش سەردەمی نیشتەجێبوون.

بڕوانە - ئاینی زەردەشت - مێژوو.

٤٠- دەربەندی باسەرە - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

دەربەندی بێلولە - شوێنەوار.

٤١- دەربەندی گاور - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

٤٢- دەشتی شارەزوور - پاشماوەی دانەوێڵەی کۆن.

٤٣- دەشتی کۆیە - شوێنەوار.

هەروەها بڕوانە : گوندی سوێرەڵە - شوێنەوار.

٤٤- دووەم حکومەتی کوردستانی باشوور - بەڵگەنامە.

٤٥- دوێنی ئەرمەنستان - مێژوو.

٤٦- دوێنی هەولێر - قەڵاوشوراکانی.

بڕوانە: دوینی هەولێر - گۆرستانەکان.

بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.

بڕوانە: شاری کۆنی (دوین)ی هەولێر - مێژوو.

٤٧- دوینی هەولێر - گۆرستانەکان.

٤٨- دۆڵی چەرمەگا - شوێنەوار.

(ڕ)

٤٩- ڕاپەڕینی بەدلیس - مێژوو.

٥٠- ڕەواندوز - ئەشکەوتەکانی.

٥١- ڕەواندوز - گەڕان وپشکنین.

٥٢- ڕەواندوز - هێرشی عوسمانی - ئێرانی.

٥٣- ڕێنوس - نووسینی مێخی.

(ز)

٥٤- زاوی چەمی شانیدەر - باڵندە چنگدارەکان.

٥٥- زەردەشت - بیروباوەڕی ئاینی زەردەشت.

٥٦- زەردەشت -ژیاننامە.

٥٧- زەردەشت - مێژوو.

٥٨- زەقورەی عەگەرگوف - هونەری بیناسازی.

٥٩- زمانەوانی - زمانی ئاسووری.

٦٠- زمانی کوردی - بەکارهێنانی دیالێکتی کوردی لە قەزاکانی موسڵدا.

(ژ)

٦١- ژیاننامەی ناوداران.

بڕوانە: خورشید رەشید وانلی - ژیاننامە.

بڕوانە: زەردەشت - ژیاننامە.

بڕوانە: سەعید تەتەر - ژیاننامە.

بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.

بڕوانە: شەرەفنامە - سەلاحەدینی ئەیوبی.

بڕوانە: کامیل حەسەن - ژیاننامە.
بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی - ژیاننامە.
بڕوانە: ناز خاتوون - ژیاننامە.

( س )

٦٢- ساسانیەکان - نەخشەی هەڵکۆڵدراوەکانی.
سەرچاوەی سوریانی - مێژووی کەرکوك.
٦٣- سەردەمی کۆن - ئەسپ وئەسپ سواری.
٦٤- سەعید تەتەر - ژیاننامە.
٦٥- سەلاحەدینی ئەیوبی
بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - ژیاننامە.
بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.
بڕوانە: شەرەفنامە - سەلاحەدینی ئەیوبی.
٦٧- سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.
٦٨- سوپا لە ئێرانی کۆندا - سەردەمی ئاوێستاییەکان.
بڕوانە: سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.
سوپا لە ئێرانی کۆندا - سەردەمی ئەشکانیەکان.
بڕوانە: سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.
سوپا لە ئێرانی کۆندا - سەردەمی ساسانییەکان.
بڕوانە: سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.
سوپا لە ئێرانی کۆندا - سەردەمی مادەکان.
بڕوانە: سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.
سوپا لە ئێرانی کۆندا - سەردەمی هەخامەنشینەکان.
بڕوانە - سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.

٦٩- سوپا لە ئێرانی کۆندا - مێژوو.
٧٠- سیاسەتی ئاشوورییەکان لە کوردستاندا.
بڕوانە : ئاشوورییەکان - سیاسەتیان لەکوردستاندا.
بڕوانە : کوردستان -سیاسەتی ئاشوورییەکان.

( ش )

٧١-شاری سلێمانی - بۆردومانی ساڵی ١٩٢٤.
٧٢- شاری کەرکوك - مێژوو.
٧٣- شاری کۆنی (دوین)ی هەولێر - مێژوو.
٧٤- شاخی پیرەمەگرون - شوێنەوارە دێرینەکانی.
٧٥- شاخی سووورداش - شوێنەوار.
٧٦- شەرەفنامە - ئافرەتی کورد.
٧٧- شەرەفنامە - بەراوردێکی کوردیەکەی هەژار.
٧٨- شەرەفنامە - بەرگی دووەمی شەرەفنامە.
٧٩- شەرەفنامە - بنەچەی میرەکانی کورد.
٨٠- شەرەفنامە - تابلۆکانی شەرەفخانی بەدلیسی.
٨١- شەرەفنامە - تەسەوف.
٨٢- شەرەفنامە - دانیشتوانی کوردستان.
٨٣- شەرەفنامە - رەچەڵەکی کورد.
٨٤- شەرەفنامە - سەلاحەدینی ئەیوبی.
٨٥- شەرەفنامە - لێکۆڵینەوە.
٨٦- شەرەفنامە - یەکەم وەرگێڕانی شەرەفنامە.
٨٧- شوێنەوار - وتار.

٨٨- شوێنەواری چەرموو - مێژوو.
هەروەها بڕوانە : چەرموو - چاخی بەردین.
هەروەها بڕوانە : چەرموو - شوێنەوار.
٨٩- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران - مێژوو.
٩٠- شێوەی گۆڕ - سەردەمی پێش ئیسلام.

( ع )

٩١- عەبدولعەزیز یاموڵکی - بیرەوەرییەکانی.
٩٢- عەشیرەتی هەمەوەند - بەڵگەنامەی دەوڵەتی عوسمانی.
٩٣- عێراق - خاکناسییەکان.

( ف )

٩٤- فۆلکلۆر و نوسینی مێژوو
بڕوانە : مێژوو - ڕۆڵی فۆلکلۆر.

( ق )

٩٥- قزقاپان - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.
٩٦- قەڵای جوڵوندی - شوێنەوار.
٩٧- قەڵای شیلە - شوێنەوار.
٩٨- قەمچووغە - ئەشکەوتەکان.
٩٩- قەمچووغە - شوێنەوار.

( ک )

١٠٠- کاشییەکان - مێژوو.
١٠١- کامیل حەسەن - ژیاننامە.
١٠٢- کامیل حەسەن - کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان.
١٠٣- کامیل حەسەن - کۆمەڵی سەربەرزی کورد.
١٠٤- کەرکوك - مێژووی هونەری بیناسازی.
١٠٥-کەریم شالووم - ژیاننامە.
١٠٦-کەریم شالووم و ڕۆژنامەی بانگی کوردستان.
١٠٧- کەریم شایەر - شوێنەوار.
١٠٨- کتێبی ئاڤێستا
بڕوانە : زەردەشت - بیروباوەڕی ئاینی زەردەشت.
١٠٩- کفری - بازاڕ و کاری بازرگانی.
١١٠- کفری - بنەماڵەکانی.
١١١- کفری - تیرە وهۆزەکانی.
١١٢- کورد - مێژوو.
١١٣- کوردستان - چاخی کۆن -ماڵیکردنی ئەسپ.
١١٤- کوردستان - سیاسەتی ئاشوورییەکان.
١١٥- کوردستانی عێراق - گوندە کشتوکاڵییەکان.
١١٦- کوردی تورکیا - بەڵگەنامەی ئینگلیز.
١١٧- کوردی تورکیا - مێژوو.
١١٨- کوردی عێراق - مێژوو.
١١٩- کۆمەڵە کوردییەکان - زانیاری
بڕوانە : کامیل حەسەن - کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردان.
بڕوانە : کامیل حەسەن - کۆمەڵی سەربەرزی کوردان.
بڕوانە : کۆمەڵەی تەعالی کوردستان - مێژوو.

( گ )

١٢٠- گردی بازمۆسیان - شوێنەوار.
١٢١- گردی چراغ - دەشتی شارەزوور- پاشماوەی دانەوێڵەی کۆن.

١٢٢- گوندی سوێرەڵە - شوێنەوار.

١٢٣- گوندی عامورە - شوێنەوار.

١٢٤- گوندی میری سوور - شوێنەوار.

١٢٥- گوندی یاسین تەپە - کنە و پشکنین.

١٢٦- گۆڕستانەکان - کنە وپشکنین.

گۆڤاری هەزارمێرد - بیبلۆگرافیا.

١٢٧- گۆڤاری هەزارمێرد - وتار.

( م )

١٢٨- مادەکان - مێژوو.

١٢٩- مادەکان شوێنەوارە پیرۆزەکانی.

١٣٠- مادەکان - کەلەپوور وکەلتوریان.

١٣١- مادەکان - هونەری بیناسازی.

١٣٢- مەعلە ثایا - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

١٣٣- مەلا سەلیم - سەرکردەی ڕاپەڕینی بەدلیس.

بڕوانە: ڕاپەڕینی بەدلیس - مێژوو.

١٣٤- محەمەد ئەمین زەکی - ژیاننامە.

١٣٥- مردوو ناشتن - سەردەمی پێش ئیسلام.

١٣٦- مستەفا پاشای یاموڵکی - ژیاننامە.

١٣٧- مۆزەخانە - گرنگی زانستی مۆزەخانە.

١٣٨- میتانییەکان - زمانی ئاشوری.

١٣٩- میرنشینی سۆران - هۆکارەکانی ڕووخانی.

١٤٠- مێژوو -ڕۆڵی فۆلکلۆر.

١٤١- مێژووی پردێ

بڕوانە: پردێ (ئاڵتون کۆپری) - مێژوو.

١٤٢- مێژووی ڕاپەرینی بەدلیس

بڕوانە: ڕاپەرینی بەدلیس - مێژوو.

١٤٣- مێژووی کورد - ڕاستکردنەوەیەکی مێژووی ئێستا.

١٤٤- مێژووی کورد - شانشینی شێر.

١٤٥- مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا.

١٤٦- ناز خاتوون - ژیاننامە.

١٤٧- ناوچەی بازیان - ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکان.

١٤٨- ناوچەی ڕانیە - شوێنەوار.

١٤٤- ناوچەی قەرەداغ - ئەشکەوتە هەڵکەندراوەکانی.

١٤٩- ناوی کوردی لەکتێبی شەرەفنامە.

١٥٠- وڵاتی زامو - لەشکرکێشییەکەی ئاشورناس - پاڵی دووەم.

١٥١- وێنە - شاخی هەورامان.

١٥٢- وێنە - کەل وپەلی کۆن.

١٥٣- وێنە - گردی یەڵخی - حەمرین.

١٥٤- وێنە - گۆڕەکۆنەکان.

١٥٥- وێنە - هونەری بیناسازی.

١٥٦- وێنە - هونەری ساسانیەکان.

١٥٧- وێنە - هەخامەنشییەکان.

١٥٨- وێنە - ناوداران.

١٥٩- وێنە - نەخشە.

١٦٠- وێنە - نووسراوی کۆن.

١٦١- وێنە - شاعیران.

١٦٢- هونەری میدییەکان.

١٦٣- یاداشتی محەمەد ئەمین زەکی بۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم و مەندوبی سامی.

## ئیندێکسی بابەت

١- ئاشوورییەکان - سیاسەتیان لە کوردستاندا.

سیاسەتی ئاشوورییەکان لە کوردستانی کۆندا، کۆزاد محەمەد ئەحمەد، ژ(١)ی ئابی ١٩٩٧. ل١٧-٢٢.

٢- ئایین لەکوردستاندا.

بڕوانە: ئایینی زەردەشت - مێژوو.

٣- ئاینی زەردەشت - مێژوو.

- ئاگری پەرستگای زەردشتی سپی لە قەڵای شیلە، شوێنەوارناسێك، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل١٤٢-١٥٨.

- چاوگێرانێك بەڕابردووی مێژووی زەردەشتدا، بەشی یەکەمی بەرگی دووهەمی کتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل١٢٦-١٣٧.

- زەردەشت پەیدابوون و ژیان و مردنی، وەرگێڕانی زەردەشت، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل٦٠-١٥.

- زەردەشت و ئاینەکەی لە ئاسۆی مێژوودا، هاشم حەمە عەبدوڵڵا، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٩٧-١٠٦.

- زەردەشت و پەیامەکەی، ئیدیث پۆرادا، وەگێڕانی سالار سەرهەنگ، ژ(١٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠. ل٦٢-٦٩.

٤- ئەژدەهاك لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا.

- ئەژدەهاك لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل٧٣-٩١.

٥- ئەشکەوتی باستوون - برادۆست - قاپە گڵینەییەکانی.

- سواڵەتی ئەشکەوتەکانی برادۆست، فوئاد سەفەر، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە دانا عومەر عەلی، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٤١-٤٥.

٦- ئەشکەوتی دیان - برادۆست - قاپە گڵینەییەکانی.

٧- ئەشکەوتی شانیدەر - پەیکەری نیاندەرتاڵ.

- نیاندەرتاڵەکەی شانیدەر (٣) ئێسکە پەیکەرە تێکشکاوەکەی ئەشکەوتی شانیدەر لە سەرووی عێراق (کوردستان)،ب١، ئیریك ترنیکەس،تی. وێل سیتورات، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە رزگار عومەر عەلی، ژ(١٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠. ل١١٥-١٤٠.

٨- ئەشکەوتی شانیدەر - پشکنینی کەللە سەری ژ(١).

- لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە سەر ئێسکی کەللە سەری ژ(١)ی مرۆڤی ئەشکەوتی شانیدەر، T.DSTEART، وەرگێڕانی لە ئیگلیزییەوە ئاسۆ، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل١٤١- ١٤٨.

٩- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردین.

- ئەشکەوتی شانیدەر، شوێنێکی چاخی بەردین لە کوردستانی عێراق و پەیوەندی بەردەوام بوونی چاخی بەردین لە عێراقدا، رالف.س. سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە دانا عومەر، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل٤-٣٨.

١٠- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردینی کۆن.

- شوێنەوارێکی چاخی بەردینی کۆن لە شاخەکانی زاگرۆسی کوردستانی عێراق، ڕاپورتێك لە سەر ئەشکەوتی شانیدەر، ڕالف.س. سۆلکی، (و/ لە ئیگلیزیەوە)، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٧٩-١٤٥.

١١- ئەشکەوتی شانیدەر - چاخی بەردینی ناوەڕاست.

- ڕاپۆرتێکی سەرەتایی لە سەر کۆمەڵی ئاسەواری چاخی بەردینی ناوەڕاست لە ئەشکەوتی شانیدەر، تاکیرو ئاکازاو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شیروان. ژ (٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٨٠-٨٤.

١٢- ئەشکەوتی شانیدەر - دۆزینەوەی پەیکەری نیاندەرتاڵ.

- چیرۆکی دۆزینەوەی ئێسکی پەیکەری سێ لاوی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانیدەر لە کوردستانی عێراق، ب١، ڕالف.س.سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕزگار عومەر عەلی، ژ(٤)ی حوزەیرانی ١٩٩٨.ل١٣٣-١٤٩.

- چیرۆکی دۆزینەوەی ئێسکی پەیکەری سێ لاوی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانیدەر، ب٢، ڕالف.س.سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕزگار عومەر عەلی، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل٥٦-٧٢.

١٣- ئەشکەوتی شانیدەر - کەلتوری نیاندەرتاڵەکان.

- نیاندەرتاڵو کەلەپووری کەلتورییان، د. جەواد عەبدولجەلیل جەواد، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە کۆزاد محەمەد، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٤-١١.

١٤- ئەشکەوتی شانیدەر - گەڕانو پشکنین.

- گەڕانو پشکنینی ئەشکەوتەکانی ناوچەی ڕەواندوز لە کوردستانی عێراق، ڕالف.س.سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە کوردستان، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٣٣-٤٠.

١٥- ئەشکەوتی شانیدەر - مرۆڤی پێش مێژوو.

- شوێنەوارێکی چاخی بەردینی کۆن لە شاخەکانی زاگرۆسی کوردستانی عێراق، ڕاپۆرتێك لەسەر ئەشکەوتی شانیدەر، ڕالف.س.سۆلکی. ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٧٩-١٤٥.

١٦- ئەشکەوتی گوندۆك - نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

- ئەشکەوتی گوندۆكو نەخشە هەڵکەندراوە دەرکەوتوەکانی، کەمال نوری مەعروف، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە محەمەد یاسین قادر، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٤٦-٥٤.

١٧- ئەشکەوتی هەزارمێرد - شوێنەوار.

- لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە سەر پاشماوەکانی ئەشکەوتی هەزارمێرد، کەمال نوری مەعروف، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل١٢-١٨.

١٨- ئانوبانینی- نەخشە هەڵکەندراوەکانی.

- نەخشە هەڵکەندراوەکانی ئانوبانینی، تیشکی مێژوو، کەمال نوری مەعروف، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٩-١٧.

١٩- ئێرانی کۆن - شوێنەوار.

- پاشماوەی هەڵکەنراوە بەردیینەکانی ئێرانی کۆن، نیلسن سی دیبڤۆیز، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ڕزگار عومەر عەلی ، ژ(٢)ی ك١ ١٩٩٧. ل٥٣-٥٧.

- چیرۆکی ٣٥٠٠ ساڵەی تەمەنی ئێران، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە زەردەشت کەمال، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٦٧-٨٢.

- مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەر نەخشە هەڵکەندراوە بەردینەکان لە ئێراندا، جەعفەری مەهرکەمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(٤)ی حوزەیرانی ١٩٩٨. ل٩٥-١٠٣.

٢٠- بەردە بەڵکە - شوێنەوار.

تیرۆژە تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری بەردەبەلکە، کەمال نوری مەعروف، ژ(٧)ی ئاداری ١٩٩٩. ل٣٣-٥٢.

٢١- بەردەوامی ئایینی زەردەشت.

- بڕوانە: ئایینی زەردەشت - مێژوو.

٢٢- بەرکەل - شوێنەوارەکانی.

- شوێنەوارەکانی پەیکوڵی و بەرکەل، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٥٥-٧٨

٢٣- بەهەشتی عەدەن لە سەرچاوە مێخییەکاندا.

- بەهەشتی عەدەن لە سەرچاوە مێخییەکاندا، د.بەهنام ئەبولسوف، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە هاشم حەمە عەبدوڵڵا، ژ(١٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠. ل٧٠-٧٧.

٢٤- برادۆست - ئەشکەوتەکانی.

- سواڵەتی ئەشکەوتەکانی برادۆست، فوئاد سەفەر، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە دانا عومەر عەلی، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٤١-٤٥.

٢٥- بیبلۆگرافیای گۆڤاری هەزارمێرد.

- بڕوانە: گۆڤاری هەزارمێرد - بیبلۆگرافیا.

٢٦- پەیکوڵی - شووراکانی.

- شوێنەوارەکانی پەیکوڵی و بەرکەل، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٥٥-٧٨.

٢٧- پەیکوڵی - شوێنەوار.

- شوێنەوارەکانی پەیکوڵی و بەرکەل، عبدولرقیب یوسف، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٥٥-٧٨.

- شوێنەواری پەیکوڵی، نووسینەکانی، هاوار ئەنوەر، ژ(٢)ی ك١ ١٩٩٧. ل٧-١٤.

- نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانییەکان لە پەیکوڵیدا، هیلمۆت هەمباخ و پردۆس ئوسکیرڤ، تێبینی و لێکدانەوەی پردۆس ئوسکیرڤ. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح توفیق، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٤٥-٦١.

٢٨- پەیکوڵی - شوێنەوارەکانی.

هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - شووراکانی.

هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - شوێنەوار.

هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - گۆڕەکانی.

هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانی.

هەروەها بڕوانە: پەیکوڵی - نووسینەکانی.

٢٩- پەیکوڵی - گۆڕەکانی.

- شوێنەوارەکانی پەیکوڵی و بەرکەل، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(٥)ی ئیلولی ١٩٩٨. ل٥٥-٧٨.

٣٠- پەیکوڵی - نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانی.

- نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانییەکان لە پەیکوڵیدا، هیلمۆت هەمباخ و پردۆس ئوسکیرڤ، تێبینی و لێکدانەوەی پردۆس

نوسـكيرف، وەرگـێڕانی لـە ئینگلیزییـەوە محەمـەد حەمـە سـاڵح توفیـق، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٤٥-٦١.

٣١- پەیکوڵی - نووسینەکانی

- شـوێنەوارەکانی پـەیکوڵی - نووسـینەکانی، هـاوار ئـەنوەر، ژ(٢)ی ك١ ١٩٩٧. ل٧-١٤.

٣٢- پردێ (ئاڵتون کۆپری) - مێژوو.

- ئاڵتون کۆپرو، ئاڵتوون کۆپری - پـردێ، توفیق وەهبـی، وەرگـێڕانی لـە عەرەبییـەوە محەمـەد سـاڵح سـەعید، ژ(٣)ی ئـاداری ١٩٩٨.ل٨٥-٩٦.

٣٣- تاقوسان - نەخشە هەڵکۆڵدراوەکانی.

- نەخشـە هەڵکـەندراوە بەردینـەکانی تاقوسـان، جیـهانگیر کۆرجـی کوبـاجی، وەرگـێڕانی لـە فارسـییەوە حەسـەن عەبدولکەریم، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨.

٣٤- چەرموو - چاخی بەردینی نوێ.

- لێکۆڵینەوەیـەکی سـەرەتایی لـە سـەر پاشماوەکـانی شـوێنەواری قـەڵا چـەرمووی چـاخی بـەردینی نـوێ لـە ڕووی ئـابووری و کۆمەڵایەتییـەوە، زەردەشـت کـەمال، ژ(٧)ی ئاداری ١٩٩٩. ل٤ -١٤.

٣٥- چەرموو - شوێنەوار.

- پرۆژەی کوردستانی عـێراق - چـەرمووی پەیمانگای خۆرهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆ ١٩٥٤ - ١٩٥٥، Robert.J.Braidwood، وەرگـێڕانی لـە ئینگلیزییەوە شیروان ئەحمەد، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل١٩-٣٢.

٣٦- خورشـید ڕەشـید وانلـی - ژیاننامە.

- خورشید ڕەشید وانلی، پێشمەرگەیەکی ون، سـەدیق سـاڵح، ژ(٥)ی ئـەیلولی ١٩٩٨. ل١٦٠-١٦٥.

٣٧- خورماڵ - شوێنەوار.

- باسـێك لـە سـەر شـوێنەوارە دەرکەوتووەکانی گونـدی (عـامووره)و (مـیری سوور) لە ناوچـەی خورمـاڵ لـە پارێزگـای سلێمانی، کەمال نوری مەعروف، ژ (٢)ی ك١ ١٩٩٧. ل٧٦-٨٣.

- خورمـاڵ و شـوێنەوارە دێرینـەکانی، مێژوونوسـێك، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل١٣٥-١٤٢.

٣٨- خـۆر ئـاوای ئاسـیا - ئاژەڵـە ماڵیکراوەکان - مێژوو.

- مێژووی کۆنی ئاژەڵە ماڵیکراوەکانی لە خـۆر ئـاوای ئاسـیا، juliet Clattonbrock، وەرگـێڕانی لـە ئینگلیزییـەوە. ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل١١٢-١٢٠.

٣٩- خۆرهـەڵاتی نزیـك - سـەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

- سـەرهەڵدانی کشـتوکاڵی و ئـاژەڵداری لـە خۆرهەڵاتی نزیکدا لەڕوانگەی زانستی نوێـی کۆنناسییەوە، عەباس عەلی زادە، وەرگـێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٥-٢٠.

٤٠- دانیشـتوانی خـوارووی ئـێران پـاش سەردەمی نیشتەجێبون.

- بڕوانـە: ئـایینی زەردەشـتی - مێژوو.

٤١- دەربـەندی باسـەرە - نەخشـە هەڵکەندراوەکانی.

– نەخشــە هەڵکەندراوەکــەی دەربــەندی باســەرە، کــەمال نــوری مــەعروف، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل٦١-٦٧.

٤٢–نەخشــە هەڵکەندراوەکــەی ئانوبــانینی تیشکی مێـژوو، ژ(٣)ی ئـاداری ١٩٩٨. ل٩-١٧.

٤٣– دەربەندی بێلوله – شوێنەوار.

– تیشکێك بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربــەندی بێلولــە، کــەمال نــوری مــەعروف، ژ(٩)ی ئەیلولی ١٩٩٩. ل٥-١٧.

٤٤– دەربــــەندی گــــاور – نەخشــــە هەڵکەندراوەکانی.

– تیشکێك بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەند گاور، کەمال نوری مەعروف، ژ(٤)ی حوزەیرانی ١٩٩٨.ل٤-١٤.

٤٥– دەشـــتی شـــارەزوور – پاشمـــاوەی دانەوێڵەی کۆن.

– پاشمـاوەی دانەوێڵـە کۆنـەکان دەشـتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق، هانی هەلبك، وەرگـێڕانی لـە ئینگلیزییـەوە کوردسـتان، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٧٦-٧٩.

٤٦–دەشتی کۆیە – شوێنەوار.

– بــــەردە ئەســـتێکانی شــــوێنەواری سەرمەیدانی گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە، عەلی نوری، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل٦٨-٧٦.

– شــوێنەواری ســەرمەیدان لــەگوندی ســوێرەڵەی دەشــتی کۆیــە، کــەمال نــوری مەعروف و هاشم حەمە عەبدوڵڵا، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل١٥٩-١٦٦.

– دەشتی کۆیە – شوێنەوار

– هــەروەها بڕوانــە: گونــدی ســوێرەڵە – شوێنەوار.

٤٧– دووەم حکومەتی کوردستانی باشوور – بەڵگەنامە.

– بەڵگەنامەیــــەکی دووەم حکومــــەتی کوردستانی باشـوور، سەدیق ساڵح، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل١٢٠-١٢٥.

٤٨– دوینی ئەرمەنستان – مێژوو.

– ســەلاحەدینی ئــەیوبی خــەڵکی دوینــی ئەرمەنســـتانە نـــەك (دوینـــی)ی هـــەولێر، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل٣٧-١١٥.

٤٩– دوینی هەولێر – قەڵاو شوراکانی.

– بڕوانە: دوینی هەولێر – گۆڕستانەکان

– بڕوانـــە: ســـەلاحەدینی ئـــەیوبی – لێکۆڵینەوە.

– بڕوانە: شاری کۆنی (دوینی)ی هەولێر – مێژوو.

٥٠– دوینی هەولێر – گۆڕستانەکان.

– ســەلاحەدینی ئــەیوبی خــەڵکی دوینــی ئەرمەنســـتانە نـــەك (دوینـــی)ی هـــەولێر، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل٣٧-١١٥.

٥١– دۆڵی چەرمەگا – شوێنەوار.

– دژێکـی (قەڵایـەکی) کیـانی لـە بـاکووری سـلێمانی، توفیـق وەهبـی، وەرگـێڕانی لـە عەرەبییـەوە جـەمال عـەبدول، ژ(١)ی ئـابی ١٩٩٧. ل٥-١٦.

٥٢– ڕاپەڕینی بەدلیس – مێژوو.

– بەسەرهاتێکی مێژوو، ڕاپەڕینی بـەدلیس بەســەرکردەی مــەلا ســەلیم، لاو ڕەشــید،

وەرگێڕانی لە تورکی عوسمانییەوە شێرزاد کەریم، ئامادەکردنی سەدیق ساڵح، ژ(٤)ی حوزەیرانی ١٩٩٨. ل٨٨-٩٤.

٥٣- ڕەواندوز - ئەشکەوتەکانی.

- گەڕان و پشکنینی ئەشکەوتەکانی ناوچەی ڕەواندوز لە کوردستانی عێراق، س.سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە کوردستان، ژ(٥٩)ی ئەیلولی ١٩٩٨. ل٣٣-٤٠.

٥٤- ڕەواندوز - گەڕان و پشکنین.

- گەڕان و پشکنینی ئەشکەوتەکانی ناوچەی ڕەواندوز لە کوردستانی عێراق. ڕالف.س.سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە کوردستان، ژ(٥)ی ئەیلولی ١٩٩٨.ل٣٣-٤٠.

٥٥- ڕەواندوز - هێرشی عوسمانی - ئێرانی.

- ڕووخانی میرنشینی (سۆران١٨٣٦) هێرشی عوسمانی - ئێرانی - کەوتنی ڕەواندوز، هۆکارەکانی کەوتنی، کامەران جەلال، ژ(٧)ی ئاداری ١٩٩٩. ل١٣٢-١٤٥.

٥٦- ڕێنوس - نووسینی مێخی.

- کردنەوەی گرێی هێماکانی نووسینی مێخی، د.لوتس کیلهامر، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە هاشم حەمە عەبدوڵلا، ژ(١)ی ئابی ١٩٩٧. ل٧٦-٨٤.

٥٧- زاوی چەمی شانیدەر - باڵندە چنگدارەکان.

- لێکۆڵینەوەیەك لە سەر پاشماوەی باڵندە چنگدارەکان لە شوێنەواری زاوی چەمی شانیدەر، ڕالف.س. سۆلکی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە زەردەشت، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل١٠١-١١١.

٥٨- زەردەشت - بیروباوەڕی ئایینی زەردەشت.

- زەردەشت و ئاینەکەی لە ئاسۆی مێژوودا، هاشم حەمە عەبدوڵلا، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٩٧-١٠٦.

٥٩- زەردەشت - ژیاننامە.

- زەردەشت پەیدابوون و ژیان و مردنی، وەرگێڕانی زەردەشت، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل٦-١٥.

٦٠- زەردەشت - مێژوو.

- ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لە قەڵای شیلە، شوێنەوار ناسێك، ژ(٦)ی ك١ ١٩٩٨. ل١٤٢-١٥٨.

- زەردەشت و ئاینەکەی لە ئاسۆی مێژوودا، هاشم حەمە عەبدوڵلا، ژ(٣)ی ئاداری ١٩٩٨. ل٩٧-١٠٦.

- زەردەشت پەیدابوون و ژیان و مردنی، وەرگێڕانی زەردەشتی، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩.ل٦-١٥.

- زەردەشت و پەیامەکەی، ئیدیث پۆرادا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە سەرهەنگ سالار، ژ(١٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠. ل٦٢-٦٩.

- چاوگێڕانێك بەڕابووردوی مێژووی زەردەشتدا، بەشی یەکەمی بەرگی دووەمی کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت)، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل١٢٦-١٣٧.

٦١- زەقورەی عەگەرگوف - هونەری بیناسازی.

- هونەری بیناسازی لە زەقورەی عەگەرگوف دا، هاشم حەمە عەبدوڵلا، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل٣٠-٣٦.

٦٢- زمانەوانی - زمانی ئاشووری.

- زمانی ئاشووری لە ئیمپراتۆریەتی میتانیدا، فولفرام ڤۆن زودن، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە هاشم حەمە عەبدوڵلا، ژ(٩)ی ئەیلولی ١٩٩٩. ل١٨-٢٢.

٦٣- زمانی کوردی - بەکارهێنانی دیالێکتی کوردی لە قەزاکانی موسڵدا.

- محەمەد ئەمین زەکی دوو تەقەلای بێسوود، لێکۆڵینەوەو پێشەکیو پەراوێز بۆ کردنی سەباحی غالیب، ژ(٤)ی حوزەیرانی ١٩٩٨. ل٤٦-٨١.

٦٤- ژیاننامە ناوداران.

- بڕوانە: خورشید رەشید وانلی - ژیاننامە.

- بڕوانە: زەردەشت - ژیاننامە.

- بڕوانە: سەعید تەتەر - ژیاننامە.

- بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.

- بڕوانە: شەرەفنامە - ژیاننامە.

- بڕوانە: کامیل حەسەن - ژیاننامە.

- بڕوانە: محەمەد ئەمین زەکی - ژیاننامە.

- بڕوانە مستەفا پاشا یامولکی - ژیاننامە.

- بڕوانە: ناز خاتوون - ژیاننامە.

٦٥- ساسانییەکان - نەخشەی هەڵکۆڵراو.

- نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانییەکان لە پەیکولیدا، هیلمۆن هەمباخو پردۆس ئوسکیروڤ، تێبینیو لێکدانەوەی پردۆس ئوسکیروڤ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح توفیق، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٤٥-٦١.

٦٦- سەرچاوەی سوریانی - مێژووی کەرکوك.

- مێژووی شاری کەرکوكو ماد لە سەرچاوەییەکی سوریانیدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەسەن عەبدولکەریم، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل٨٦-٩٦.

٦٧- سەردەمی کۆن - ئەسپو ئەسپ سواری.

- ئەسپو ئەسپ سواری لە سەردەمی کۆنەکاندا، وەرگێڕانی لە فارسیو لەگەڵ دەسکاری وکورتکردنەوەدا حەسەن عەبدولکەریم، ژ(٨)ی حوزەیرانی ١٩٩٩. ل١٢١-١٣٩.

٦٨- سەعیدی تەتەر - ژیاننامە.

- دیسان سەعیدی تەتەر، سەدیق ساڵح، ژ(١٢)ی حوزەیرانی ٢٠٠٠. ل٧٨-٨٦.

- سەعید، تەتەری نەناسراوی کوردایەتی، سەدیق ساڵح، ژ(١٠)ی ك١ ١٩٩٩. ل٨٣-٨٧.

٦٩- سەلاحەدینی ئەیوبی.

بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - ژیاننامە.

بڕوانە: سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.

بڕوانە: شەرەفنامە - سەلاحەدینی ئەیوبی.

٧٠- سەلاحەدینی ئەیوبی - لێکۆڵینەوە.

- سەلاحەدینی ئەیوبی خەڵکی دوینی ئەرمەنستانە نەك (دوینی)ی هەولێر، عەبدولرەقیب یوسف، ژ(١١)ی ئاداری ٢٠٠٠. ل٣٧-١١٥.

